


# دادگایی ئەبراهام

{دادگاییکردنی یەکەم پەیامبەر لەمێژوودا}

وەرگێڕانی: سامی سعید

# دادگایی ئەبراهام

## (دادگاییکردنی یەکەم پەیامبەر لەمێژوودا)

وەرگێڕانی: سامی سعید

# دادگایی ئەبراهام

# دادگایی ئەبراهام

**شوێن: ناوەندی شاری ئور، ٤٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا**

- هەموو هەستنە سەر پێ!

ئەمە قسەی کارگوزاری دادگا بوو کە داوایکرد لە جەماوەری ئامادەبوو هەموو هەستنە سەرپێ و هەموو خەڵک دوای ئەوە بە پێوە ڕاوەستان. ئەندامانی دەستەی دادوەری دادگا هاتنە ناو گۆڕەپانەکە و لە جێگاکانی خۆیان دانیشتن، جگە لە خەڵک ئەنجوومەنی راوێژکاری دادگا و دەستە دادوەریەکانی تریش ئامادە ببوون و دوای دانیشتنی دەستەی دادوەری ئەوان و هەموو ئامادەبووان لە شوێنی خۆیان دانیشتنەوە و ژاوە ژاوە و دەنگە دەنگ لەهەموو لایەکەوە بەرزدەبۆوە و پاشان هێمنیەک باڵی کێشا بەسەر هەمواندا.

**ئاراک وەک سەرۆکی دەستەی دادوەری ووتی:**

- هێمنی گۆڕەپانەکە بپارێزن. وەک دەزانن ئەمە دادگایەکی گشتیی و جەماوەری ئاشکرایە و لەبەردەم زەقورەی ئەم شارەدا پێکهاتووە. ئارامی و ئاسایش تیایدا ڕاگرن بۆ پاراستنی پرۆسەی دادگاییکردن و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی خۆتان و بەدیهێنانی دادپەروەریدا.

خۆتان ئاگادارن زۆربەی ئێوە لە گشتپرسیەکدا ئێمەتان هەڵبژاردووە بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی وەک تۆمەتبار لێرەدا ڕادەگیرێن. ئەنجامی گشتپرسیەکە و نزیک بە نیوەی واژووەکان لە بەردەستی مندایە، لەبەرئەوەی کەمینە دەبێ ملکەچی زۆرینە بێت، بۆیە ئەم دادگاییکردنە بە ناوی زۆرینەوە، بەڕێوەدەچێت، ئەگەر بەم دەستە دادوەریەی دادوەران ڕازی نین، هەموو ئەوانەی دەنگیان داوە دەتوانن تۆمارێکی دەنگدانی نوێ بخەنە بەردەست کە سێ یەکی ئێوە

واژوو یان دەنگی لەسەر دابێت ئەوکات هەلبژاردن بۆ دەستەیەکی دادوەری تر ئەنجام دەدرێت و دەتوانن لە نێو دادوەرە کاندیدەکاندا کەسانی تر هەڵبژێرن بۆ ئەوەی دەستەیەکی نوێ بۆ ئەم دادگایە پێکبهێنن. بۆ وەبیرهێنانەوەی هەموان ئەم دادگایە کە بە هەڵبژاردن و دەنگدانی گشتی دروستبووە رەوایەتی هەیە و بەهاوکاری و راوێژی ئەنجوومەنی راوێژکاری بریاردەردەکات و بریارەکانی شیاوی جێبەجێکردنن. ئەگەر لەسەر دەستەکە کێشە نەبوو ئەوکات دێتە سەر بریارەکان. ئەگەر بە بریاری ئەم دەستەیەی دادگا ڕازینەبوون، دەتوانن تانەی لێبدەن و جارێکی تر لەهەمان شوێن و بە سەرپەرشتی پێنج دادوەری تر لە دادوەرانی هەڵبژێردراو لە بری ئەم سێ ئەندامەی ئێستا دادگاییەکی تر بەڕێوەبچێت و ئەوکات بریارەکانی پلەی بنبڕ وەردەگرێت و بۆ تانەلێدان ناشێت.

دوای ئەم پێشەکیە ئاراک زیاتر باسی ئسوڵ و بنچینەکانی دادگاییکردن و چۆنێتی بەڕێوەچوون و پرۆسەی دادگاییکردنەکان بۆ ئامادەبوان خستەڕوو. لە لای ڕاستی ئاراک خاتوو **"ئان"** و لەلای چەپی **"سۆمار"** دانیشتبوو. ئەندامانی ئەنجوومەنی راوێژکاری دادگا بەشێوەیەکی نیمچە بازنەیی لە پشت و لەتەنیشتی راست و چەپی دەستەی دادوەریەوە دانیشتبوون و تێکڕا شوێنەکانیان وەک سەکۆیەک بەرزتربوو لەوانی تر. هەرچەند گۆڕەپانەکە شوراکرابوو بەڵام هەزاران کەسی لەخۆدەگرت و لەڕێگەی چەند دەرگایەکەوە چوون و هاتن و دەرچوونی خەڵک بەشێوەیەکی ئازادانە رێکخرابوو. لەو بەیانیە بەهاری و کەش و هەوا ساماڵەدا ئامادەبووان دەتووت لەوێستگەیەکدان و بە بێدەنگی ڕاوەستاون تاکو بگەن بە وێستگەیەکی شوێنێکی نەبینراو و چاوەروان نەکراو.

**ئاراک وەک سەرۆکی دادگا:**

- تۆمەتبارەکە بێننە ژووری!

پاش کەمێک تۆمەتبارەکەیان هێنا و لە لای ڕاستی دەستەکەدا ڕایانگرت. لە ناو ئاپۆڕەی جەماوەرەکەوە دەنگی جیاواز بەرزبۆوە، هەندێک دەیووت ئازادی کەن،

هەندێکی تر دەیووت توندترین سزای بدەن، چەند کەسێکیش دەنگیان بەرزکردەوە و دەیانووت دادگا شەرعیەتی نیە و ئەم کارە ڕاگرن و....تاد.

**ئاراک:**

- هەموو بێدەنگ بن تاکو بتوانین هێمنی بپارێزین و پرۆسەکە بەبێ خەوش بەڕێوەبچێت.

**ئاراک ڕوویکردە تۆمەتبار:**

- تۆمەتبار ئەبراهام لە دیوی ناوەوە گوێت لێبوو باسی ئەم دادگایەمان بۆ هەموو ئامادەبوان کرد. تۆ کە ناسراویت بە "ئیبراهیمی پەیامبەر"، زۆرینە واژووی کۆکردۆتەوە بۆ دادگاییکردنت بەپێی کۆمەڵە بڕگە و ماددەیەکی بنەما و کۆدە شارستانیەکان کە تایبەتن بە پاراستنی پەیوەندیە مرۆییەکان و پاراستنی سامانی گشتی و پاراستنی هاوژیانی مرۆڤ و ئاژەڵان دوو تۆمەتت ئاراستەدەکرێت، تۆمەتی یەکەم بەپێی خاڵی نۆیەم دەبێت و لێرەدا بۆ تۆ و بۆ هەموان دەقەکەی وەکخۆی دەخوێنمەوە:

"هەر کەسێک لە شاری ئوردا بەهەر هۆکار و پاساوێک بە ئەنقەست زیان بگەیەنێت بە بەرانبەرەکەی، بە جەستە و ماڵ و سامان و کەل وپەل و کەرەستەکانی، یان زیان بگەیەنێت بە ماڵی گشتی یان دەستی بەسەردا بگرێت ئەو کارەی بە تاوان ئەژماردەکرێت و سزادەدرێت".

لەسەر ئەم بنچینەیەوە تۆمەتت ئاراستە دەکەین و گەر لەم پرۆسەیەدا بێ تاوان دەرچوویت ئازاد دەکرێیت، گەر تاوانەکانت بەسەردا ساغبۆوە بەپێی حوکمەکانی ئەو کۆدە سزا دەدرێیت و خاڵەکانی ١٥ و ٢٠ جۆری سزاکانی دیاریکردووە. ئەگەر ئاراستەی دادگا بۆ سووککردنی سزاکان بێت مافت پێدەدات لە نێوان سزا دیاریکراوەکاندا یەکێکیان هەڵبژێریت.

هەروەها جگە لەو تۆمەتەی سەرەوە تۆمەتێکی تریشت ئاراستەکراوە کە بریتیە لە هەوڵدان بۆ تێکدانی هاوژیانی مرۆڤ و ئاژەڵان و زیانگەیاندن بە سامانی ئاژەڵیی. هەرچەند لەم شارەدا مرۆڤەکان ئازادکراون لە قوربانی پێشکەشکردن بۆ خوداکان هەرکەسە و بەپێی توانای خۆی، بەڵام بەپێی ئەو سکاڵایەی

لەبەردەستماندایە تۆ تەنها چەند جۆرێک ئاژەڵی ماڵیت دیاریکردووە تا وەکو قوربانی پێشکەشی خودا بکرێت و هەستاویت بە سەربڕینی مەڕێک بۆ هەمان مەبەست، بۆیە سکاڵات لەسەر تۆمارکراوە لەبەرئەوەی بەمکارەت زیانت گەیاندووە بە سامانی ئاژەڵە ماڵیەکان و هەوڵ بۆ سەربڕینیان هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوە و لەناوچوونیان.

ئاشکرایە ئەگەر کەسێک بەهۆی کارێک یان کۆمەڵە کارێکەوە زیان بگەیەنێت بە سامانی ئاژەڵیی و ببێت بە هۆکار بۆ کەمبوونەوە و لەناوچوونیان بەهەر هۆکار و بیانوویەک ئەنجامی دابێت بە تاوان ئەژماردەکرێت و کۆدی ژمارە ١١ی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.. دەقی کۆدەکە بەم شێوەیە:

"هەرکەسێک بە ئەنقەست بە کردەوەیەک یان بە چەند کردەوەی جیایا زیان بگەیەنێت بە ئاژەڵە ماڵیەکانی خۆی و کەسانی تر، یاخود زیان بگەیەنێت بە سامانی ئاژەڵی گشتی، وە ببێت بە هۆکار بۆ کەمبوونەوە و لەناوچوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە ناویاندا، وە بەهەر کردەوەیەکی ببێت بە هۆکار بۆ تێکدانی هاوژیانی نێوان مرۆڤ و ئەو جۆرە ئاژەڵانە سزا دەدرێت و کردەوەکانی بە تاوان ئەژماردەکرێت."

وە کۆدەکان بە ژمارە ٢١ و ٢٢ و ٢٥ سزای بۆ ئەو جۆرە کردەوانە دیاریکردووە. بۆیە لەسەر ئەم بنەمایانە ئەو تۆمەتەت ئاراستەدەکەین.

دوای ئەوەی کۆدەکان خرانەڕوو، وە مافەکانی تۆمەتبار خوێندرایەوە، بەهەموان ڕاگەیەنرا دادگاییکردنەکە بە ئامادەبوونی دەستەیەک بۆ بەرگریکردن و پارێزگاریکردن لە ئەبراهام و دەستەیەکی تر لە سکاڵاکاران بۆ تۆمەتبارکردن و تاوانبارکردنی بەڕێوەدەچێت. ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاریش هەیە کە دادگا لەم کێشەیەدا بۆ دیاریکردنی سزای گونجاو ڕاوێژیان پێدەکات و بۆ بڕیاردانی کۆتایی ڕایان وەردەگرێت..

دەستەی سکاڵاکاران لە نۆکەس پێکهاتبوون و لەلای چەپی دەستەی دادوەریەوە ئامادەبوون. هەرچی دەستەی بەرگری بوو ئەوانیش لە ٧ کەس پێکهاتبوون و لەلای ڕاستی دەستەی دادوەریەوە جێگەیان گرتبوو.

دادگا پەڕاوە ئامادەکراوەکانی هەڵدایەوە و بەشێک لەو بەڵگانەی بەرزکردەوە بۆ هەموو ئاپۆرای جەماوەری ئامادەبوو، یەک یەک ووتەکان و هەموو ئەو بەڵگانەی لە پەڕاوەکەدا هەبوون خوێندرایەوە. هەروەها ناوی ئەو کۆمەڵە گەواهیدەرەی خوێندەوە کە هەم وەک گەواهیدەرەی بەرگری تۆمەتبار و هەم وەک گەواهیدەرەی تاوانبارکردن ئامادەبوون.

**ئاراک** داوای لە کارگوزاران کرد ئەو کەرەستانە بۆ دادگا و بۆ خەڵک بخەنەڕوو کە تاوانەکانی پێ ئەنجام دراوە.. پاشان ڕوویکردە یەکێک لە کارگوزارەکان:

**ئاراک:**

- تەور و چەکوش و چەقۆکەتان هێناوە؟

وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ بەڕێزان ئامادەیە و ئێستا نیشانی هەموانی دەدەین.

پاش ئەوە دووکەس لەسەر مێزێک تەورێک و چەکوشێکی گەورە و چەقۆیەکیان هێنا و خستیانە سەر ئەو مێزەی لە پێشی دەستەکەدا دانرابوو..

**ئاراک** ڕوویکردە ئەبراهام:

- ئەوانەی لەوێ دانراون کەرەسە و ئامرازی تۆ بوون؟

**ئەبراهام:**

- بەڵێ هەموویان هی منن.

پاشان دادگا ڕووی کردە ئامادەبوان:

**ئاراک:**

- بەهۆی بوونی بەڵگەکانەوە بڕیارماندا سکاڵاکە لەڕووی شێوەوە قبووڵبکەین و بچینە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکانەوە. وەک دەزانن ئەم دادگاییکردنەکە نائاساییە و پرۆسەکەی زۆری پێدەچێت، ڕەنگە چەند هەفتەیەکی پێ بچێت، چونکە دەمانەوێت هۆکار و پاڵنەرەکان زیاتر بۆ هەموان ڕوونبێتەوە و لە پرۆسەکەدا دیالۆگێکی کراوە و هەمەلایەنە سەبارەت بەم بابەتە ئەنجام بدرێت.

پاشان دەستكرا بە وەرگرتنی ووتەی سكاڵاكاران بۆ ئەم مەبەستە..

**ئاراك ڕوویكردە دەستەی سكاڵاكاران:**

- فەرموون دژی ئەم تۆمەتبارە ووتەكانی خۆتان پێشكەشی دادگا بكەن. ئێوە بۆچی سكاڵاتان لە دژی هەیە؟ بە كورتی سكاڵانامەكەتان بخەنەڕوو.

هەموو دەستەكە هەستانە سەرپێ. كەسێك لەوان بە ریشە درێژ و قژە ماش و برنجیەكەیەوە كەمێك قوڕگی پاككردەوە و وەك **"لۆگاڵ"** خۆی ناساند. لەبری ئەوانی تر سكاڵاناكەمەی بەرزكردەوە و نیشانی هەموانی دا، پاشان دەستیكرد بە خوێندنەوەی تیانوسەكە:

**بەڕێز سەرۆك و ئەندامانی دەستەی دادوەری**

- ئێمە سكاڵامان هەیە لە دژی "ئەبراهام" كە ناسراوە بە ئیبراهیمی پەیامبەر لەبەرئەوەی هەستاوە بە هێرشكردنە سەر كۆمەڵە سومبولێك كە مرۆڤەكان وخەڵكە جیاوازەكانی شاری ئور وەك كۆمەڵە خواوەندێكی خۆیان لە پەرستگای گشتی شاردا دایانناوە و زیانی پێگەیاندوون، ئەو هەستاوە بە شكاندن و تێكدانی هەموو ئەو سومبولانە و بە ئاشكرا ڕایگەیاندووە ئەوانەی دانراون بۆ كاری بتپەرستیە نەك خوداپەرستی، پاشان داوای لە خەڵك كردووە هەموو ئەو سومبولانە لەناوبەرن و تەنها یەك خودای تاقانە بپەرستن كە ئەو دەیناسێ و بێ هاوتایە و هیچ پەیكەر و سومبولێكی نیە. وە ئەو كارەی بۆ بڵاوكردنەوەی پەیامی یەكتاپەرستی بەكارهێناوە و بانگەشەی ئەوەی كردووە و ووتوویەتی من نێردراوی ئەوم، خۆی وەك پێشەوا و پەیامبەر ناساندووە و هیچ بەڵگەیەكیشی نەخستۆتەڕوو لەبارەی بوونی خوداكەی یان دەربارەی پەیامبەربوونی خۆی. تاكو ئێستا ئەمە یەكەمین كەسە كە بانگەشەی پەیامبەری و نوێنەرایەتی تاكخودایی و یەكتاپەرستی بكات، ئەگەر خەڵك بە قسەی ئەو بكەن و باوەڕ بە پەیامەكەی بهێنن ئەوكات فرەخودایی نامێنێت و هەموو مرۆڤەكانی تر دەبێت دوای بكەون و خودایەكی نەناسراو بپەرستن كە خەڵكی ئەم شارە و هیچ شارێكی تریش پێی ئاشنا نەبوون و نایناسن. بانگەشەكە بەجۆرێكە گەر خەڵك دوای ئەو و پەیڕەوكارانی تری هاوشێوەی بكەون ناچارن هەم خۆی و هەم خودا نادیارەكەی بپەرستن! ئەگەر

پێش هاتنی ئەو هەرکەس خودای خۆی دەپەرست و کڕنۆشی بۆ دەبرد، دوای ئەم کارە دەبێت هەموو خەڵک یەکخودا بپەرستێ کە نازانرێت کێیە و لە کوێیە و چ جۆرە ناوێک و سومبولێکی هەیە. لەوەش خراپتر ئەوەیە بۆ ئەوەی بگەین بەو خودایە کە گوایە نەمرە و نامرێت، دەبێت شوێن ئەبراهام بکەوین و ئەو بکەین بە پێشەوا و ببێت بە نێوانگر لە نێوان ئێمە و ئەو خودایەدا. ئەمەش وادەکات نەک هەر خودا بەڵکو بە پلەی یەکەم ئەو بپەرستین، چونکە زانیاریەکان و پەیامەکانی ئەو خودا تاک و تەنهایەی باسی دەکات هەر لای خۆیەتی و خۆی تەنها سەرچاوەی ئەو کارەیە. ئێمە لەلایەن پەرستگای گشتیەوە ڕاسپێردراوین تا سکاڵامان هەبێت لە دژی تۆمەتبار چونکە ئەو هێرشەی ئەنجامیداوە تاوانە و ئەو بانگەشانەی دەیکات تاوانی تری بەدوادا دێت و گەر پێشی پێ نەگیرێت خوداپەرستی نامێنێت و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بە یەکترو بە خوداکانیانەوە دەگۆڕێت، چونکە لە یەکتاپەرستیدا پەیوەندی ڕاستەوخۆ نامێنێت بە خوداکانەوە و نێوانگر دێتەناوەوە. دەبێت پێشەوایەک هەبێت یان دەقێک یان پەیڕەوێک یان کۆمەڵە ووتەیەکی ئەو بکرێت بە بنەما و چوارچێوەی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ تاکە خودایەکدا. ئەم کارە نەک هەر خوداپەرستی و پەیوەندی مرۆڤ و خوداکانی تێکدەدات بەڵکو بە دیوێکی تردا وێرانکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانیشە. پێشەواکان و پەیامبەرەکان هەرچەند مرۆڤێکی ئاسایی وەک ئێمەن و هیچیان لە ئێمە زیاتر نیە پلەیان بەرزدەبێتەوە و پیرۆزدەکرێن و تەنانەت دەبن بە جێگرەوەی خوداکان و خەڵک ئەگەر ئەو خودا تاک و تەنهایەی لای ئەوان بپەرستێ ناچارە ببێت بە بەندەی ئەوان، نەوە لە دوای نەوە شوێنیان بکەوێت و ئەوانیش بپەرستێ. تۆمەتبار بەم کردار و پەیامەی مرۆڤەکان ناچاردەکات ببن بە بەندەی مرۆڤەکانی تر، وە پەرستنی پەیامبەرەکان دەست پێدەکات و ئەوان بە ناوی پێغەمبەرایەتیەوە پێشەوایەتی و پەیامبەری وەک میراتی بۆ نەوە دوای نەوەیان دەمێنێتەوە و بۆ خەڵکیش پاشکەوتوویی و شوێنکەوتوویی.

بە پێی کۆدە یاساییەکانمان ئەگەر پەرستنی خودا کارێکی ڕەوا و قبووڵکراو بێت ئەوە پەرستنی مرۆڤی تر هەر ناوێکی هەبێت ناڕەوایە و جۆرێکە لە بەندێتی و

کۆیلەیەتی. بەم مانایە ئەو کارەی ئەبراهام کردوویەتی و پاشان هاوەڵەکانی دەیکەن دەچێتە خانەی تاوانەوە، تێکدانی ژێرخانی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە و گۆڕینێتی بە پەیوەندیەکی هیرارکی بەندخوازانە. چی تر مرۆڤەکان یەکسان نین و نابن، بەڵکو هەندێک پلەیان بەرزتردەبێت و هەندێکی تر پلەیان نزمتر. بۆ دادگای بەڕێز روون و ئاشکرایە گەر خوداپەرستی رەوابێت ئەوە مرۆڤپەرستی تاوانە.

لەلایەکی ترەوە تۆمەتبار تاوانێکی تریشی ئەنجامداوە، پەیوەندی مرۆڤ و ئاژەڵی لەم شارستانیەتەدا تێکداوە، پێشتر مرۆڤ و ئاژەڵ لەم شارستانیەتەی ئێمەدا وەک یەکتر پیرۆزبوون و پیرۆزکراون، تەنانەت سومبولی خوداکانی ئێمە زۆریان لە شێوەی ئاژەڵدا دروستکراون و ئەوەش نیشانەی پیرۆزبوونی ئاژەڵە لە نەریت و کلتوری ئێمەدا، بەڵام تۆمەتبار هاتووە بە ناوی پیرۆزی مرۆڤ و مرۆڤخوازیەوە ئاژەڵانی لە پیرۆزی خستووە. داوایکردووە مرۆڤ خۆی نەکات بە قوربانی خوداکان، بەڵکو تەنها ئاژەڵی ماڵی بەرهەمدار بکات بە قوربانی. لەبەرئەوەی هیچ خودایەک ئەو داوایەی نەکردووە تەنها خوداکەی ئەو نەبێت بۆیە دەبێت خەڵکی ئاژەڵە ماڵیەکانیان بکەن بە قوربانی و پێشکەشی بکەن بە خوداکەی ئەو. ئەگەر خەڵک بەدەم ئەم داوایەوە بچێت ئەوکات هەموو قوربانیەکان تەنها پێشکەش بە پەرستگای خوداکەی ئەو دەکرێت و بەم کارەش بە ناوی دین و ئاینەوە سامانێکی زۆری ئاژەڵی لەلای ئەو کۆدەبێتەوە و لەسەر حسابی خەڵک خۆی دەوڵەمەند دەکات. ئەمەش تاوانە و بازرگانیکردنە بە ئاینەوە و هاوکات تێکدانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکانە.

لای دادگا و هەموو خەڵک روون و ئاشکرایە کە ئاژەڵە ماڵیەکان بەشێکن لە سامانی ئەم شارستانیەتە و بەرەنج و ماندووبوونێکی زۆر بەرهەمهاتوون. بۆیە کاری هەموان بریتیە لە بەرهەمهێنانی زیاتر و پاراستنیان لە ئاژەڵە دڕندەکان و سوودوەرگرتنە لە بەرووبوومەکانیان نەک لەناوبردنیان لە پێناوی ئاینێکدا. ئەو ئاژەڵانە پیرۆزکراون و هەموو کەس دەبێت پابەندی ئەو پیرۆزیانە بێت نەک بێت و بە بەرچاوی خەڵکەوە پەلاماریان بدات و سەریان ببڕێت بە بیانووی ئەوەی قوربانی دەکات. تاکو ئێستا خوداکانی ئێمە ئەو جۆرە قوربانیەیان وەرنەگرتووە و

بەشیاوی نازانن و هەرکەس چی لە توانادا هەبووبێت ئەوەی پێشکەش بە خوداکان کردووە. بۆیە نازانین بۆچی خوداکەی ئەبراهام ئەو جۆرە داواکاریەی هەیە و تەنها ئەو جۆرە قوربانیانە وەردەگرێت !

پاڵپشت بە هەموو ئەو بەڵگانەی لەبەردەستی دادگای بەڕێزدان و خوێنرانەوە ئێمە سکاڵامان لە دژی ئەبراهام هەیە و بەڵگەی پێویست هەیە بۆ ئەوەی دادگای بەڕێز ئیدانەی بکات. وە ئەگەر لە حاڵێکدا پەشیمان نەبێتەوە لەو کارەی کردوویەتی و ئەو کارە بە تاوانی قورس ئەژمار نەکات، ئەوە شیاوی ئەوەیە دادگای بەڕێز توندترین سزای بەسەردا بسەپێنێت و سزاکەی بۆ سووک نەکات. دوابڕیاریش لای دادگای بەڕێزە و ئومێدمان و متمانەمان بە دادپەوەروەی ئەم دادگایە بە ڕادەیەکە کە لەئاستی داواکاری و چاوەڕوانیەکانماندا بێت.

لەگەڵ ڕێزدا..

**واژوو: لۆگال لە بری دەستەی سکاڵاکاران**

پاش خوێندنەوەی سکاڵانامەکە دادگا گوێبیستی ووتەی شاهیدەکان بوو. شایەتەکان یەک بەیەک ناسنامەیان لێوەرگیرا ودادگا دڵنیابۆوە لە ناسنامەکانیان و پاشان لە کاتی پێشکەشکردنی شایەدیەکانیاندا یەک بە یەک سوێند دران بەم دارشتەیە:

"سوێند بە سەری خۆم و ویژدانم و ژیانی پیرۆزی شاری ئور چی ڕاست و دروستە ئەوە دەڵێم"

دادگا گوێبیستی ووتەی شایەتەکانی سکاڵاکاران بوو، لە ووتەکانیاندا ئەوەیان بەرۆشنی روونکردەوە تۆمەتبار لە کات و شوێنی دیاریکراودا هەستاوە بە تێکدان و شکاندنی پەیکەر و سومبولەکانی پەرستگای گشتی شار، وە بۆ ئەم مەبەستە ئەو تەور و چەکوشەیان دیوە بەدەستیەوە کە لێرە دانراوە و ئاماژەیان بۆکرد، وە ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە ناوبراو سوکایەتی کردووە بەو خودایانەی مرۆڤەکان لەوێ دەیانپەرستن و بەدەم شکاندنی پەیکەرەکانەوە قسەی سووک و ناشرینی پێ ووتوون.

پاشان سێ شاهیدی تر بە دادگایان ڕاگەیاند تۆمەتبار بە بەرچاوی خەڵکەوە بەو چەقۆیەی لێرە دانراوە مەڕێکی سەربڕیووە و داوای لە هەموو خەڵک کردووە لە پێناوی خوداکەی ئەودا تەنها ئاژەڵی ماڵی لە چەشنی بزن و مانگاو گا و مەڕ و گوێرەکە بکەن بە قوربانی.

پاشان بەهەمان شێوە دادگا گوێبیستی ووتەی شاهیدەکانی بەرگری تۆمەتبار بوو کە تیایدا ئەوەیان روونکردەوە تۆمەتبار لە کاتی رووداوەکەدا سوکایەتی بە هیچ مرۆڤێک نەکردووە و ئازاری هیچ کەسێکی نەداوە، تەنها پەلاماری کۆمەڵە پەیکەر و بتێکی بێ گیانی داوە و رووی کردۆتە خەڵکی شارەکە و پێی ووتوون سەیرکەن ئەمانە بێ گیانن و مرۆڤ نین، ئەمانە وەک ئێوە قسەناکەن و بێ جوڵەن و دروستکراوی خۆتانن، ئیتر بۆچی دەیانپەرستن! خودایەکی تر هەیە کە تاک و تەنهایە و رۆحێکی زیندووی هەیە و قسەدەکات و گەورەی هەموانە و نەمرە. پاشان دوو شاهیدی تر ئەوەیان دووپاتکردەوە کە لە مەراسیمی سەربڕینی مەڕەکەدا بوون و هەستاوە بە بەرچاوی ئەوانەوە مەڕێکی کردووە بە قوربانی بۆ خوداکەی خۆی تا نیشانی بدات مرۆڤ خۆی گەورە و پیرۆز و خەلیفەی خودایە و پێویست ناکات لە پێناوی خودادا خۆی بکات بە قوربانی و دەتوانێت لەبری ئەوە ئاژەڵی ماڵی سەربڕێت. هەروەها گەواهییاندا گۆشتی مەڕەکەی بەخشیوەتەوە بەسەر خەڵکدا و خۆی لێی نەخواردووە.

لەلایەن دەستەی بەرگری و دەستەی تاوانبارکردن کۆمەڵە پرسیارێک لەڕێگەی دادگاوە ئاراستەی شاهیدەکانی هەردوو لایەن کرا و پاش دیالۆگ و مشت ومڕ لەگەڵیان تێکڕا دانیشتن و گەڕانەوە ناو ئامادەبووان.

**ئاراک** وەک سەرۆکی دەستەی دادوەری روویکردە تۆمەتبار:

- ئەبراهام، گوێبیستی ووتەی شاهیدەکان و سکاڵانامەکە بوویت، بە ئاشکرا هەموو بەڵگەکان بۆ تۆ و بۆ هەموان خرایەڕوو، ئێستا ووتەی تۆ وەردەگرین و بۆمان روونبکەرەوە بۆچی ئەو کارەت کردووە؟ هەم ووتەت وەردەگرین و هەم گفتوگۆیەکی کراوەت لەگەڵ دەکەین بۆ ئەم مەبەستە، ئامانجەکەمان ئەوەیە لێکۆڵینەوەی پاراو لە هۆکار و پاڵنەرەکان بکەین تا لە رەوایەتی یان ناڕەوایی ئەو

پاڵنەرانە بکۆڵینەوە و سەرەنجام بۆ دادگا روونبێتەوە ئەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵت تێکڕا تاوان پێکدەهێنن یاخود بە پێچەوانەوە. گەر بۆ ئەم دەستەیە روونبۆوە تاوانێک لە ئارادا نیە دەسبەجێ ئازاد دەکرێیت، گەر دەرکەوت تاوانێک روویداوە ئەوکات تۆمەتت ئاراستە دەکەین و ئیدانە دەکرێیت و ئەو سزایەی گونجاو بێت بەسەرتدا دەسەپێنرێت. فەرموو ووتەکانت پێشکەش بکە..

ئەبراهام دەستیکرد بە قسەکانی و روویکردە دەستەی دادوەری:

**ئەبراهام:**
- سەرەتا من ئەم دادگاییکردنە بە ناڕەوا و نادادپەروەرانە دەزانم. ئێوە مافی ئەوەتان نیە من دادگایی بکەن چونکە تەنها خودای تاک و تەنها بۆی هەیە من پەلکێشی دادگای ئیلاهی خۆی بکات. مرۆڤ تەنها لە خزمەتی خودادا ستەمی لێناکرێت و بەکردەوەی خۆی لەگەڵ دەکرێت. خودای تاک و تەنهای من بەهیچ جۆرێک ڕەزامەندی نیشان نەداوە بەم دادگاییکردنە و ئێوە بۆتان نیە پەیامبەرێکی ئەو دادگایی بکەن.

**ئاراک قسەکانی پێ بڕی:**
- ئێمە بەپێی دەنگی زۆرینەی خەڵک ئەم دادگایەمان دروستکردووە و ئامادەمان کردووە. ئەگەر زۆرینەی خەڵک لەگەڵ تۆدا بونایە و خوداکەی تۆیان بپەرستایە دەیانتوانی بە دەنگی نەخێر وەڵامبدەنەوە و ڕازی نەبوونایە. پاشان ئێمە چۆن بزانین ئەو خوادایەی تۆ ڕازیە یان ناڕازی؟ تەنها ڕێگەیەک کە هەیە گەڕانەوەیە بۆ ووتە و قسەی تۆ، وانیە؟

**ئەبراهام:**
- ئێوەش دەتوانن ئەو بپەرستن و رووی تێبکەن ئەوکات دەزانن دەڵێ چی و چی دەوێت؟

خاتوو ئان وەک یەکێک لە سێ ئەندامەکەی دەستەی دادوەری رووی تێکرد:

**خاتوو ئان:**

- تۆ بانگەشەی پەیامبەری دەکەیت، بەڵام قسەی تۆ بۆ ئێمە نە کۆدی یاساییە و نە بەڵگە و نە سەرچاوە. ئێمە لێرە بە کۆمەڵە کۆدێک کاردەکەین کە خوداکان دایان نەناوە، بەڵام هاوشاریەکان دەنگیان پێداوە و پەسەندیان کردووە و خوداکان پیرۆزیان کردووە، ئێمە کار بەوە دەکەین. ئەگەر ڕازی نیت بەم کۆد و یاسایانە دەتوانیت بە ڕێگا و ڕێکاری شارستانی داوای گۆڕینیان بکەیت نەک بە ووتنەوەی پەیامی ئاینی یەکلایەنە و لەلای خۆتەوە هەڵیان بوەشێنیتەوە.

**ئەبراهام:**

- من جگە لە یاسای خودایی و ئیلاهی باوەڕم بە هیچ یاسایەک نیە کە مرۆڤ دایناـبێت و شەرعیەتی پێدابێت. هەر یاسایەک هەبێت نابێت پێچەوانەی ووتە و ئیرادەی ئەو بێت..ئەو یاسایانەی کاری پێدەکرێت لەم شارەدا یاسای دانراون و باوەڕم پێیان نیە..

**ئاراک:**

- ئێمە سەرەتا مافەکان و ڕێکاری یاسایی دادگاییکردنمان بۆ باسکردیت. بۆیە بەپێی ئەو یاسایانە دادگاییت دەکەین و یاسای نادیار و نەزانراو، یان پەسەند نەکراو لەلای ئێمە بوونی نیە. تۆ ئازادیت چۆن خوداکەی خۆت دەپەرستی، یان پەیڕەوی لە چ یاسا و ڕێنماییەکی ئەو دەکەیت و ئەوە کاری تایبەتی و ژیانی تایبەتی خۆتە و نە ئێمە و نە کەسی تر دەستوەردان لەوەدا ناکەین. ئەگەر تۆ یان خوداکەی تۆ قسە و یاسایەکی جیاوازی هەیە بۆ خۆیەتی و تا ئەو کاتەی بەشێوازی شارستانی نەبوو‌بێت بە یاسا و لەلایەن مرۆڤەکانەوە پەسەند نەکرێت کاری پێناکرێت. بۆیە ئەم مەسەلەیە بڕاوەتەوە و ژیانی شارستانی و ژیانی ئاینی دوو شتی جیاوان. ئنجا فەرموو باسی ئەوەمان بۆ بکە ئایا تۆ هەستاویت بە کاری یاساشکێنی و پەلاماری پەرستگای گشتی شارت داوە؟ پاشان دێینە سەر ئەوەی کە ئایا مەڕت کردووە بە قوربانی و بە بەرچاوی خەڵکەوە سەرت بڕیووە.

**ئەبراهام:**

- بەڵێ من ددان بەوەدا دەنێم کە پەلاماری پەرستگای گشتی شارم داوە و کۆمەڵە بتێکم بەو کەرەسانەی لێرە دانراون شکاندووە، چونکە ئەو بتانە وەک خودا

دروستکرابوون، بەڵام ئەو کارە بە یاساشکێنی نازانم، بەڵکو بە جێبەجێکردنی فەرمان و یاسای خودای دەزانم. خودای تاک و تاقانەی من فەرمانی پێکردووم مرۆڤەکان بانگەواز بکەم بۆ ناسین و پەرستنی ئەو نەک بتە بێ گیانەکان.

**ئاراک** داوایکرد ئەم ددانپیانانە تۆماربکرێت.

پاشان لۆگال وەک قسەکەر و وتەبێژی دەستەی سکاڵا روویکردە دادگا:

**لۆگال:**

- بەڕێزان دوای ئەم ددانپیانانە پاڵپشتی یاسایی بۆ داواکەی ئێمە دروست بوو. لای بەڕێزان و هەموو ئامادەبووان روون و ئاشکرایە لەم شار و شارستانیەتەی ئێستای ئێمەدا فرەخودایی هەیە و هیچ خودایەک فەرمان بۆ هەموو مرۆڤەکان دەرناکات و یاسا و پەیرەوی بۆ هەموو کەس دەرنەکردووە. هەر مرۆڤە بەشێوازی تایبەتی خۆی خوداکەی دەپەرستێت و کەسیش بۆی نیە خوداکەی خۆی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنێت، یان یەکجۆر پەرستن و رووکردنە خودا بکات بە پەیڕەو یان ئازادی ئەوانی تر پێشێلبکات و ڕێگای پەرستنی خوداکەی خۆیان لێبگرێت. ژیان لەم شارەدا بۆ هەموانە، خوداپەرستی بۆ پەرستگاکان. لەپەرستگای گشتیەدا یان لەو شوێنانەدا کە خەڵک وەک پەرستگای تایبەتی بەکاریدەهێنێت مرۆڤەکان ئازادن روودەکەنە کامیان و کام خودایە دەپەرستن و بە چ سومبول و هێمایەک خوداکەی خۆیان لە خودایەکی تر جیادەکەنەوە.

**ئەبراهام:**

- من ددانم نەناوە بەوەی هێرشم کردبێتە سەر خودا، بەپێچەوانەوە من پەیامبەر و نوێنەری ئەوم . بەڵام ئەوانەی تۆ و خەڵکی ئەم شارستانیەتە وەک خودا ناویان دەبەن هیچیان خودای راستەقینە نین بەڵکو کۆمەڵە بتێکن مرۆڤ دروستیکردوون و لەبنەڕەتدا خودا نین. خودا دروستناکرێت بەڵکو خۆی دروستکەر و خالقی هەموو شتێکە. من لەڕێگەی شکاندنی ئەو بتانەوە بە خەڵکم ووت فرە خودایی هەڵە و تاوانە. چونکە یەک خودا هەیە کە ئەویش یەک گیانی بێ جەستەیە، نە رەنگی هەیە و نە بۆن و نە لە کەس بووە و نە کەسی لێبووە.

**پیاوێکی بەساڵاچوو** لە ناو ئاپۆرای جەماوەرەوە بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- ئەم خودایەی ئەبراهام باسیدەکات لە مەتەڵ دەچێت نەک خودا. ئەگەر خوداکانی ئێمە بت بن، خوداکەی ئەویش بتێکی نادیارە و هیچی تر.

ئاراک داوایکرد بێدەنگ بێت و لە شوێنی خۆیەوە قسەنەکات، بۆ ئەوەی پرۆسەکە تێکنەچێت و یاسا سەروەربێت.

**ئەبراهام درێژەیدا بە قسەکانی:**

- نا من مەتەڵتان لێ داناهێنم. من باسی بتی نادیاری بێ رۆح و بێ گیان ناکەم، باسی خودایەک دەکەم گیانێکی ڕاستەقینەیە. پەیامی من ئەوە بوو واز لە بتە بێ گیانەکان بهێنن و گوێم لێبگرن تا رێگایەکی نوێتان نیشان بدەم.

**لۆگال:**

- دەمانەوێت بۆ دادگا ئەوە بخەینەڕوو کە باوکی ئەبراهام هەندێک لە سومبول و پەیکەری ئەو خودایانەی پەرستگای گشتی دروستکردووە، بۆیە دەمانەوێت دادگا پرسیاری ئەوەی لێبکات کە ئایا ئەو کارەی وەک هەڵگەڕانەوە یان یاخیبوون بەرانبەر بە باوکی خۆی ئەنجامداوە؟ ئایا خودایەک هەیە فەرمان بکات مرۆڤ لە باوکی یاخی بیت؟ پاشان ئێمە دەزانین ئەبراهام کێشەی هەیە لەگەڵ باوکی و بەجۆرێک لێی یاخیبووە چونکە باوەڕی بە پەیامەکەی نەهێناوە، بەڵام بۆچی ئەوی گەیاندووە بەوەی زیان لە بەرژەوەندی گشتی بدات؟ یان زیانی مەعنەوی بگەیەنێت بە کەسانی تر؟ کاتێک باوکێک باوەڕی بە کورەکەی خۆی نەکردووە، بۆچی خەڵکی باجی ئەو گرێیە بدەن؟

**ئاراک روویکردە ئەبراهام:**

- گوێت لەو پرسیارانەبوو، بۆمان روونبکەرەوە کە پاڵنەرەکانی پشتی ئەو هێرشەی تۆ بۆ سەر خوداکان پەیوەندی هەیە بە کێشەی تۆ لەگەڵ باوکت؟

**ئەبراهام:**

- ڕاستە باوکم باوەڕی بە پەیامەکەم نەهێناوە و قبووڵی نەکردووە، بەڵام ئەو کارەی کردوومە وەک رق یان تۆڵەکردنەوە نیە لە باوکم، وە پەیامێک نەبووە تەنها بۆ ئەو، بەڵکو بۆ هەموان بووە. ئەو کارە نیشاندانی رێگای پەرستن و گەیشتنەوەیە

بە یەکخودایی و یەکتاپەرستی. دواجار ئەگەر ئەو کارە نەکەن، چ باوکم و چ هەموو ئێوەش ئەوە خودا لێتان توڕەدەبێت و غەزەبتان لێدەگرێت و گەر بەر نەفرەتی ئەو بکەون بەتوندترین شێوە سزاتان دەدات لە جێگایەکدا کە ناوی ناوە "دۆزەخ"و لەوێدا سزاتان بدات.

لەم کاتەدا لۆگال بەخێرایی و کەمێک توڕەییەوە هەستایە سەرپێ:

**لۆگال:**

- داوا لە دادگا دەکەم ئەم ووتانەی ئەبراهام وەک هەڕەشەکردن تۆماربکات هەم لە دادگا و هەم لە هەموو ئەو کەسانەی ئامادەنین خوداکەی ئەو بپەرستن.

کەسێک وەک ووتەبێژ و قسەکەری دەستەی بەرگری هەستایە سەرپێ و وەک سەرگۆن خۆی ناساند..

**سەرگۆن:**

- ئەو قسانە هیچ هەڕەشەیەکی تێدا نیە، گەیاندنی پەیامێکی خوداییە و هیچی تر. ئەبراهام مافی خۆیەتی پەیام بڵاوبکاتەوە بەو جۆرەی دەیەوێت و خوداکەی پێی ڕاگەیاندووە.

دەستەی دادوەری دادگا داوای لە ئەبراهام و هەموو ئەوانەی تر کرد قسەکردن و موداخەلەکردن ڕابگرن. لەناو خۆیاندا کەوتنە مشتومڕ، ئاراک و خاتوو ئان پێیان وابوو ووتەی دەستەکە ڕاستە و ئەو قسانەی ئەخیری ئەبراهام بە کردەوە هەڕەشەیە و بەناوی خوداکەی خۆیەوە دەیکات. بەڵام "سۆمار" کە ئەندامێکی تری دەستەکە بوو پێی وابوو ڕەنگە مەبەستی گەیاندنی پەیامێک بێت و ناگاتە ئاستی هەڕەشە. بە زۆرینەی دەنگ بڕیاردرا..

**ئاراک ڕوویکردە تۆمەتبار:**

- ئەبراهام ئەم دادگایە وای دەبینێت ئەم قسانەی ئەخیری تۆ هەڕەشەکردنە. چونکە خوداکان هەڕەشەیان لە مرۆڤ نەکردووە. ئەم شارە فرەخودایی تیادایە و هیچ خودایەک هەڕەشەی لە خودایەکی تر نەکردووە، خوداکان پێکەوە ژیاون و خوداپەرستە جیاوازەکان هاوژیانی یەکتربوون، هەروەها هیچ خودایەک ئەوەندەی

ئێمە ئاگادار بین هەڕەشەی لە مرۆڤ نەکردووە کە ئەگەر نەیپەرستێ سزای دەدات و لێی توڕەدەبێت، یان شوێنێکی تایبەتی دانابێت بۆ سزادان و تۆڵەکردنەوە و ناوی نابێت "دۆزەخ". بۆیە ئەگەر ئەو ووتانە وەرنەگریتەوە دادگا وەک هەڕەشەیەک لێت وەردەگرێت.

لەم کاتەدا ئەبراهام کەمێک قوڕگی پاککردەوە، پاشان دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و ووتی:

**ئەبراهام:**
- سوێندبێت بە خودای تاقانە کە ناوی "ئلوهیم" ە و لە ئاسمانە و لە زەوی نیە، وە جگە لەو هیچ خودایەکی تر نیە، وە ئێستا ئاگای لێمانە چی دەگوزەرێت، من مەبەستم هەڕەشەکردن و تۆڵەکردنەوە نیە، بەڵکو گەیاندنی پەیامێکە و هیچی تر. من کەس سزا نادەم و هەڕەشە لە کەس ناکەم. بەڵام دڵنیابن خودا دەیکات و ئەوەی پەیڕەوی لێنەکات و ووتەکانی بەجێ نەگەیەنێت سزای دەدات و دەیخاتە جێگایەکەوە کە پێی ووتوم ناوی "دۆزەخ"ەو بۆ هەتا هەتایە مرۆڤی گوناهبار تیایدا بەتوندترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێت، زیندوودەکرێتەوە و دەمرێنرێت.

**لۆگال:**
- ئەبراهام لەبری ئەوەی قسەکانی وەربگرێتەوە هەڕەشەی زیاتر و قورستر دەکات، ئێمە پێمانوایە هەڕەشەکردن بەناوی خۆتەوە بیکەیت یان بەناوی خودایەکەوە کە تۆ دەیپەرستی یان پەیامەکەی دەگەیەنێت دواجار یەک کردارە و لێکجیانابێتەوە.

دوای ئەم قسانە لە ناو خەڵکدا غەڵبە غەڵب و ژاوەژاو پەیدابوو، هات وهاوار و ترس و دڵەڕاوکێ بڵاوبۆوە و مقۆ مقۆ دەستی پێکرد.

**کەسێک لەناو ئامادەبووانەوە هاواریکرد:**
- خوداکان یارمەتیدەر و هاوکاری ئێمەبوون و بەو جۆرە سزای کەس نادەن و ئەو قسانە بەسەرچووە. ئەبراهام واز لەم قسانە بهێنە نە لە تۆ دەترسین و نە لە

خوداکەی تۆ. ئەگەر راست دەکەیت ئەو خودا بە دەسەڵات و بە زەبرەمان نیشان بدە، یان ئەو شوێنەی باسی دەکەیت لە کوێیە پێمان بڵێ؟

لەهەموو لایەکەوە دەنگ بەرزبۆوە و هاوار دەستی پێکرد:

- ڕاست دەکات، ڕاست دەکات، خوداکەتمان نیشان بدە !

ئاراک دیسانەوە داوایکرد کەس لە جێگەی خۆیەوە قسەنەکات و هەرکەس ئەو کارەبکات لە دادگاییکردنەکە بێبەش دەکرێت و دەکرێتە دەرەوە.

**ئاراک ڕوویکردەوە ئەبراهام:**

- ئەو قسانەی کران بایەخیان نیە. ئێمە لێرە وەک دادگا نەک وەک پەرستگا کۆبووینەتەوە، بۆیە تەنها ئەو قسانە وەردەگرین و تۆماری دەکەین کە پەیوەندی بەو تۆمەتانەوە هەیە کە دراوەتە پاڵت. ئەم دادگایە وای دەبینێت بۆ ئەوە کۆنەبووینەتەوە لەڕێگەی خوداپەرستیەوە جیاکاری لەناو خوداکاندا بکەین. وەکچۆن مرۆڤەکان یەکسانن بەهەمان شێوە خوداکانیش لەم شارستانیەتەدا یەکسانن و کەسیان لەوی تر باڵادەست و بەدەسەڵاتتر نیە.
بۆیە درێژە بە قسەکانت بدە، بەڵام بەپێی ئەم قسانەی دواییت تۆ هەڕەشە و ترساندنەکەت وەرنەگرتەوە، ئەوەی ڕاستەوخۆ بەناوی خۆتەوە هەڕەشە ناکەیت و بەناوی خوداوە ئەو کارە دەکەیت، لە ماهیەت و ناوەڕۆکی هەڕەشەکە ناگۆڕێت. بۆیە دادگا ئەوەی وەک "هەڕەشە" تۆمارکرد و لەکاتی بڕیاردانی کۆتاییدا ئەوە لەبەرچاودەگرێت و گەر بڕیار بە ئیدانەکردن دەربچێت ئەو کارە هۆکارە بۆ توندکردنی سزاکەت. لەبەرئەوە ئاگات لە قسە و ووتەکانت بێت با لە دژی خۆت بەکارنەیەتەوە. تا ئەو کاتەی بڕیار دەرنەچووە تۆ وەک تۆمەتبار مامەڵە دەکرێیت و مافی بەرگریکردنت پارێزراوە. بۆیە فەرموو درێژە بە قسەکانت بدە.
**ئەبراهام درێژەی پێدا:**
- ئلوهیمی تاقانە گەورەترین دەسەڵاتی هەیە. هەموو گەردوونی دروستکردووە، خاوەنی مانگ و خۆر و ئەستێرەکان و هەرچی بچوک و گەورەیە لەسەر زەوی

و لە ئاسمانەکان. بۆیە ئەوانەی ئێوە وەک خودا باسی دەکەن لە ئاست ئەودا هیچ دەسەڵاتێکیان نیە..

**ئاراک روویکردە ئەبراهام:**

- باشە ئەگەر ئەو خودایانەی باسیان دەکەیت هیچ نین و بێ دەسەڵاتن، ئەی بۆچی هێرش دەکەیتە سەریان و پەیکەر و سومبولەکانیان تێکدەشکێنیت؟

**ئەبراهام:**

- من ئەو کارەم کرد تا شۆک و ڕاچڵەکان بۆ هەموان دروست بکەم و پێتان بڵێم ئەوانەی هەن بتن نەک خودا. ئەوە بۆ گەیاندنی پەیامی خودایەکی تاقانە و بە دەسەڵات بوو، ئەو خودایەی جگە لەوەی هەموو زەوی و ئاسمانی دروستکردووە، مرۆڤیشی دروستکردووە. وە لەبەر ئەو هۆیە هەموان دەبێ ڕووی تێبکەن و ئەو بپەرستن. چونکە مرۆڤ لە ئاست خودای تاقانەدا هیچ دەسەڵات و توانایەکی نیە و دەبێت بە بەندێتی و پەرستنی خودا ڕازی بێت و......

**لوگال قسەکانی بە ئەبراهام بڕی:**

- بە نۆبەتی دادگای بەڕێز ئەم ڕوونکردنەوەیە بەپێویست دەزانم. دەڵێم ئەگەر خوداکەی ئەبراهام ئەم هەموو دەسەڵاتەی هەیە و لەژێر دەستیدا کۆیکردۆتەوە، دەکرێت بپرسین کێ پێی بەخشیوە. ئێمە دەزانین هەر خودایەک جۆرە دەسەڵاتێکی دیاریکراوی هەیە و لەو سنورە بترازێت دەسەڵاتی تری نیە. ئانار مانگەخودای ئێمەیە و جگە لە ڕێنیشاندان و ڕووناککردنەوەی ڕێگای بیابانشینەکان و یارمەتیدانی کاروانچیەکان و قافڵە بازرگانیەکان بە شەوانیش هەڵچوون و داچوونی ڕووبارەکانمان بۆ ڕێکدەخات و ئاودێری کێڵگە و مەزرا کشتوکاڵیەکانمان دابین دەکات. نانار بە ڕۆژ هیچ دەسەڵاتێکی نیە و ئێمە داوای هیچی لێناکەین. هەروەها ڕوودەکەینە ئوتو و داوا دەکەین لە گەرمی و ڕووناکی و ووزەی خۆی بێبەشمان نەکات و هێندەش تین و گەرمیەکەی زیادنەکات کە ووشکەساڵی دروست بێت و باران نەبارێت یان کێڵگە و دارستانەکانمان بسووتێن. لەوە زیاتر داوای زیاترمان لێی نیە و دەزانین لەوەش زیاتر دەسەڵاتی نیە.. ڕوودەکەینە خواوەندەکانی تەندروستی و جوانی و داوامان وایە لە نەخۆشی

بمانپارێزێ و لە پەتا و ئافات بەدوورمان بگرێت، هەروەها جوانی و تەندروستیەکی باشمان بداتێ تا چێژ لە ژیان وەربگرین. ئەمانە دەسەڵاتەکانی خوداکان بوون و هەریەکەیان لەبەر هۆیەک پیرۆزە و دەپەرسترێت، وە ئێمە تاکو ئێستا دەسەڵاتەکانمان لەگەڵ خوداکان بەشکردووە. مرۆڤ خۆی لە ژیانی خۆیدا دەسەڵاتی خۆی پیادەکات و کاری خۆی دەکات و لەزۆر بواردا خودای پێویست نیە و نایەوێت خوداکان بەو جۆرە کارانەوە مەشغول بکەن کە مرۆڤ خۆی دەتوانێت بیکات. بەلام بەپێی پەیام و بانگەشەی ئەبراهام مرۆڤ هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەنجامی بدات! خودا هەموو دەسەڵاتێکی هەیە و مرۆڤیش هیچ؟ و ..

**سەرگۆن بە کەمێک توڕەییەوە قسەکانی بە لۆگال بڕی:**

- نەخێر ئەبراهام نەیووتووە مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی نیە، بەپێچەوانەوە خودا هەموو دەسەڵاتێکی داوەتێ و کردوویەتی بە سەروەری هەموو زەوی و ئاسمان و تەنانەت پیرۆزی کردووە و کردوویەتی بە جێنشین و خەلیفەی خۆی لەسەر زەوی. هیچ خودایەک ئەمکارەی نەکردووە و هێندە مرۆڤی نەگەیاندووە بەم پلە بەرزە تایبەتە. یەک خودا هەیە و لەهەموو شتێکدا یارمەتی مرۆڤ دەدات دەسەڵاتی خۆی پیادەبکات و لەم ژیانەدا بەرجەستەی بکات و ئەویش وەک ئەو ببێت بە سەروەر.

**لۆگال:**

- بەپێی قسەکەی ئێوە بێت مرۆڤ کەمێک دەسەڵاتی پێدراوە، بەڵام ئێمە وای دەبینین ئەگەر مرۆڤ دەسەڵاتی زۆری نەبێت بەسەر ژیان و چارەنوسی خۆیدا باشترە ئەم ژیانە بۆ خوداکان بە جێبهێڵێت! چونکە تاکو ئێستا خوداکان لەهەموو شتێکدا تەداخولیان نەکردووە و خۆیان لە هەموو شت هەڵنەقورتاندووە!

**ئاراک:**

- ئەو قسانەی سەرگۆن ڕاستە؟ دەکرێت ڕوونکردنەوەمان بدەنێ بۆچی لە ڕوانگەی ئەبراهام و خوداکەیەوە مرۆڤ بەو جۆرە لە زەوی و لە ئاسمان و لە هەموو زیندەوەرانی تر جیاکراوەتەوە و دەسەڵاتی پێدراوە و کراوە بە سەروەر؟

ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە مرۆڤ هۆشی هەیە و زمانی هەیە و ژیرتر و بەهۆشترە لە ئاژەڵان و زیندەوەرانی تر؟ یان چی تر؟

**ئەبراهام:**

- خوداکەم پێی ووتووم کە مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆشەویست و پیرۆزە و وەک زیندەوەرانی تر نیە. ئەو لە کۆنەوە لەم سەرزەویە نەژیاوە و پێشتر لە ئاسمان لە شوێنێک بووە کە پێی دەوترێت "بەهەشت" و لای خودای خۆی بووە. مرۆڤ دوای ئەوەی خودا دروستیکردووە و گیانی پێبەخشیوە لەوێ نیشتەجێی کردووە و ژیانێکی خۆش و پڕچێژی بۆ دابینکراوە و لە هیچی کەم نەبووە.. پاشان لەوێ بێ فەرمانی کردووە و گوناهیکردووە بۆیە لەو بە هەشتە دوورخراوەتەوە و دەرکراوە و لەسەر ئەم زەویە نیشتەجێی کردووە و..

**لۆگال قسەکانی بە ئەبراهام بڕی:**

- تۆ پەیامبەری یان چیرۆکخوان، ئەوەی تۆ باسی دەکەیت گێرانەوەی چیرۆکەکانی ڕابردووە و بەجۆرێک پێی ئاشناین و بیستوومانە. بۆیە داوام وایە چیرۆکەکانی پێشوو دووبارە نەکەیتەوە و نەیانشوێنێت.

**ئاراک:**

- مادام بابەتەکە پەیوەندیدارە بە خودا و مرۆڤ و پەیوەندی نێوان ئەو دوانە و پاشان پەیوەندی مرۆڤەکان بەیەکترەوە بۆیە دەتوانیت بەردەوام بیت..

**ئەبراهام درێژەیدا بە قسەکانی:**

- ئەوەی باسی دەکەم ئەگەر وەک چیرۆکیش باسی بکەم ئەوە دەربارەی حەقیقەتی بوون و دروستبوون و خەلقی ئێمەیە، دەربارەی ئەو مرۆڤەیە کە بەهۆی گوناهکردنەکانیەوە لە بەهەشت دەرکراوە و لەسەر زەوی بە ئازار و ژانەوە دەژی، بۆیە دەبێت لەم ژیانەدا خۆی لە گوناهەکانی پاکبکاتەوە تاکو دوای مردنی خۆی بگەڕێتەوە بۆ بەهەشت و بۆ هەتایە بە نەمری بژی. پەیامەکەم ئەوەیە واز لە پەرستنی ئەوانە بهێنن کە ناوتان ناوە خودا و لە مردوویەک زیاتر هیچی تر

نین، واز لە مردوو بهێنن چونکە ئێوەش وەک ئەو بە مردوویی دەمێننەوە، تەنها خوداکەی من زیندووە و نەمرە و گەر بیپەرستن نەمریتان پێدەبەخشێت.

**لۆگال:**

- ئەبراهام پەیامەکەی مژدەی نەمری تێدایە، بەڵام زۆر پێش ئەم قسانەی ئەبراهام لەم شارەدا زۆر کەس باسی نەمری کرد و هەوڵیدا نەمری بەدەست بهێنێت. زۆرکەس پێی وابوو لەم سەر زەویە دەتوانێت وەک ئانار مانگە خودا شتێک بخوات و نەمربێت، وەک خۆر هەڵبێت و ئاوا نەبێت، گیایەک هەیە بیدۆزێتەوە و بیخوات یان جێگایەک هەیە بچێتە ئەوێ ئیتر نامرێت و بۆ هەمیشە زیندوو دەبێت. هەموو ئەو هەولانە بێ ئاکام بوون. پێش ئەم قسانەی تۆ زۆرکەسی تر دوای نەمری کەوتن و تێگەیشتن نەمری ئەوە نیە خۆی نەمربێت، بەڵکو کارەکان ئەو نەمر دەکات، کردەوەکانی بۆ شارەکەی، بۆ هاوڕەگەزەکانی نەمری پێدەبەخشێت. نەمری لە ناوبانگ و ناوداری و کردەوەی چاکەدایە، مرۆڤ وەک تاک بە نەمری بژی چ سوودێکی هەیە بۆ خۆی و بۆ ئەوانی تر.

ئەبراهام دەیەوێت بەجۆرێکی تر، لەوانەی پێشتر ئەفسوناوی تر، ڕێگای نەمریمان پیشانبدات، گوایە نەمری لەسەر زەوی نیە، بەڵکو لە ئاسمانە! پێت وانیە ئەبراهام ئەم قسانە بەسەرچوون و لەم شارستانیەتەی ئێمەدا چی تر کەس شوێنیان ناکەوێت و باوەڕیان پێی نیە؟

**ئەبراهام:**

- ئەوانەی ئێوە دەیڵێین من لێی ئاگادارم و هەمووی هەوڵی نەزۆک بووە. چونکە هەوڵیانداوە لەم ژیانەدا بە نەمری بمێننەوە. بەڵام نەیانزانیوە ئەم ژیانە کاتیە و مردنی تێدایە و مرۆڤ ناتوانێت لەم ژیانەدا لە مردن رزگاری بێت، بۆیە ئەوە گرنگە دوای مردن زیندووبینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش تەنها خوداکەی من دەتوانێت زیندووتان بکاتەوە و نەمری ببەخشێت چونکە خۆی نەمرە. خوداکانی ئێوە بێ گیانن و نەمر نین و توانای زیندووکردنەوەیان نیە. بۆیە داوام وایە ڕووی تێبکەن، پێم بڵێن چ خودایەک نەمری بە مرۆڤ دەبەخشێت جگە لە خوداکەی من؟ ها؟

**لۆگال:**

- تێگەیشتنی تۆ بۆ نەمری فریوودەرانە و گومڕاییە.. ئەگینا ئێمە مێژوویەک و ئەزموونێکی زۆرمان لەگەڵ نەمری و مردن و ژیانی زیندوو هەیە و ناکرێ تۆ لەم شارستانیەتەدا دەژیت لێی ئاگادارنەبیت. خوداکان و مرۆڤ هەر یەکەیان گیانیان هەیە و بەجۆرێک نەمرن. مرۆڤەکان دەمرن بۆ ئەوەی ژیانی زیندوو بۆ نوێکان بەجێبهێڵن، مردنی تاک تاکی مرۆڤەکان هۆکارە بۆ ئەوەی ژیانی مرۆیی بە نەمری بمێنێتەوە، گەر مرۆڤ وەک تاک نەمرێت چۆن ژیانی ئەوانی تر بەردەوام دەبێت.. پێمان خۆشە بمرین تاکو گیانی خۆمان بدەین بەوانی تر و رێگا بۆ ئەوانی تر پاکبکەینەوە و نەبین بە بارگرانی بەسەر مرۆڤەکانی تر و بەسەر سروشتەوە. هەموو دەوربەر و ژینگەی ئێمە سوڕێکە و بازنەیەکە لە مردن و زیندووبوونەوە و نوێبوونەوەی گیانەکان. گرنگە مرۆڤ ئەم ژیانە سەوزەی هەیەتی بیپارێزێت و هەوڵبدات لەڕێگەی زاوزێی وە بە نەمری بمێنێتەوە. وەک تاک دەمرێت، بەڵام وەک رەگەز لەو ڕێگەیەوە هەمیشە زیندوو دەبێتەوە، وەک تاک زیندەوەرێکە دەمرێت وەک هەموو زیندوەرانی تر، بەڵام بە زاوزێ نەمری بەدەست دەهێنێت. بۆیە خوداکانی ئێمە زاوزێ یان پیرۆزکردووە، مێ خوداکان ژنیان پیرۆزکردووە بۆ نەمربوونی مرۆڤ. ئەمانەی باسمکرد وەک بەشێک لە سروشت یان وەک یاسایەک لە ژیانی ئاسایی هەمواندا قبووڵکراوە و پێی راهاتووین و گەر من هەڵەم یان ئێمە لەمەدا هەڵەین با بۆمان روونبکەنەوە.

زۆرکەس گەیشتوون بەو باوەڕەی مرۆڤ دەمرێت و زیندووبونەوە ئەوەیە ئێمە خۆمان بپارێزین و نەوە دوای نەوە لەسەر ئەم زەویە بڵاوبینەوە و گەشەبکەین و یەکتری نەکوژین و دەستی یارمەتی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردن بۆ یەکتر درێژبکەین. ئەوە ڕێگای نەمریە. ئەم ڕێگایەی تۆ باسی دەکەیت خەیاڵپڵاویە و پێشتر مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە تاقیانکردۆتەوە.

پاشان مرۆڤ مژدەی نەمری پێویست نیە چونکە بەجۆرێک گەیشتووە بە نەمری؟ رەنگە وەک تاک نەمر نەبێت، بەڵام وەک رەگەز بەجۆرێک نەمری بەدەستهێناوە. زمانێکی داهێناوە کە نەوە دوای نەوە پڕ دەبێت لە ووشە و بیرۆکەی نەمر، قسەکان و ووتەکانمان لەسەر تەختەقوڕەکان و بەردەکان و تەختەدارەکان دەنوسین و

بەنەمری دەیانهێڵینەوە. لەڕێگەی زمان و چیرۆکەکان و نوسین و هێماکانەوە تارادەیەکی زۆر دەزانین هەزار ساڵ لەمەوپێش باوانی ئێمە چیان ووتووە. من هەموو ئەمانە بە نەمری دەبینم و هەموویان واقعین و خەیاڵی نین.. تەنانەت خوداکەی ئەبراهام ئەگەر بیەوێت نەمربێت با قسەکانی خۆی تۆماربکات و بینوسێت و بیگەیەنێت تا بەنەمری بمێنێتەوە.

بەلام ئەوەی ئەبراهام باسیدەکات بەلاڕێدابردنی باسی نەمریە. رەنگە ئەو پێی وابێت بە بەڵێن و مژدەی خۆش دەتوانیت خەڵک فریووبدات و وایان لێبکات باوەڕ بە پەیامەکەی بکەن؟

**سەرگۆن:**

- پەیامەکەی ئەبراهام ئەوەیە کە لەم ژیانەدا خوداپەرستی لە شێوەی یەکتاپەرستیدا مرۆڤ دەگەیەنێت بە نەمری، رێگاکە زۆر ئاسان تربووە وەک لەو رێگا خەیالی و ئەفسوناویانەی پێشوو کە باسکراوە. بۆ گەیشتن بە نەمری بڕیاربدەین کە یەکتاپەرستی قبووڵ بکەین و رووبکەینە ئلۆهیم و هیچ خودایەکی تر نەپەرستین و قوربانی پێشکەش بکەین بەو جۆرە ڕێگای زیندووبوونەوە و نەمری مسۆگەر دەبێت.

**لۆگال:**

- نەمری بە پێی بڕیار و هەڵبژاردنی تاکەکان مسۆگەر ناکرێت. ئەم باسە لە سەر نەمری هیچ مانایەکی نیە. وەکچۆن مرۆڤ لە ژیان و مردندا خۆی بڕیاری نەداوە و هیچ بڕیارێکی بەدەست نیە، بۆ نەمریش هەروەها. زۆرێک لە مرۆڤەکان ئەگەر ئەمجۆرە بیرکردنەوە ژەهراویانە سەریان لێ تێک نەدات بەشێوەیەکی ئاسایی ژیان وەردەگرن. وەکچۆن هاتوونەتە ژیانەوە و هیچ بڕیارێکی خۆیانی تێدا نەبووە، بەهەمان شێوە لێی دەردەچن و لەوەشدا بڕیارنادەن، واتە بەهەمان شێوە بۆ مردنیش بڕیار بەدەست خۆیان نیە و ناتوانن بیگۆڕن. تەنانەت مرۆڤ ئەگەر بیەوێ ئیرادە و حەز و ئارەزووی لەم دوو مەسەلەیەدا بخاتەگەڕ واتە ژیان و مردن دیسانەوە ناتوانێت هیچ شتێکی تیادا بگۆڕێت و خاوەنی بڕیاربێت. بەڵام دەتوانێت خاوەنی بڕیاربێت بۆ بەردەوامی گیانەکان و هاوسەرگیری بکات و گیانی

بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوێزێتەوە. ئەو نەمریەی ئەبراهام باسی دەکات ئەگەر بڕیارێکی جیاواز بێت لەمە جۆرێکە لە خەون یان بڕیارێکی خەون ئامێزە.

**ئەبراهام:**

- ڕاستە ژیان و مردن بەدەست مرۆڤ نیە، بەڵام بەدەست خودایە، بۆیە نەمریش لەدەستی ئەودایە و لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نیە. ڕێگای نەمری یەکتاپەرستیە و هیچی تر.

**لۆگال:**

- ئەوەی تۆ باسی دەکەیت کەی ڕێگایە؟ لە قسەیەکی پووچ و بێ بنەما و چیرۆکێکی دەسکرد و خەیاڵکرد زیاتر هیچی تر نیە.

**سەرگۆن هەستایە سەرپێ:**

- داوا لە دادگا دەکەم ڕێگە بە لۆگال و دەستەکەی نەدات هێرش و سوکایەتی بکەن بە تۆمەتبار. ئەو ئەرکیەتی پەیامی خۆی بگەیەنێت و بڵاوی بکاتەوە و ڕێگای نەمری پیشانی مرۆڤ بدات.

**ئاراک وەک سەرۆکی دادگا تەداخولی کرد:**

- با واز لە چیرۆکی زیندووبوونەوە و نەمری بهێنین و باس لە شتێک نەکەین کە بە ئەزموون ناتوانین بیسەلمێنین. هەرکەس ئازادە باوەڕ بەو قسانە دەکات یاخود ڕەتی دەکاتەوە. بەلام گرنگە ئەو قسانە نەبێت بەهۆی زیانگەیاندن بە لایەنێکی تر. باوەڕبوونی ئەبراهام یان بێ باوەڕی لۆگال و هاوەڵانی بەو بابەتە هێشتا هیچ زیانێکی بەدواوە نیە.. بۆیە ئەم دادگایە ئەو قسەو باسانە دەوەستێنێت. بەلام یەک بابەت پەیوەندیدارە بەم دادگایەوە ئەوەیە کە گوێم لێبوو ئەبراهام ووتی مرۆڤ بە سروشتی خۆی گوناهبارە؟ بۆچی وایە؟ من وا تێگەیشتووم ئەبراهام دەیەوێت پێمان بڵێت ئەو کارەی ئەو کردوویەتی واتە پەلاماردانی سومبولەکانی خوداکان بۆ ئەوە نەبووە تاوانێک بکات بەڵکو بۆ ئەوەبووە گوناهی مرۆڤ پاکبکاتەوە و بەجۆرێک لە خوداکەی خۆی نزیکتربێتەوە تا بگات بە بەهەشت؟ ئایا وایە ئەبراهام؟

**لۆگال هەڵیدایە ووتی:**

- ببورە سەرۆکی دادگا بەڵام با ئەو قسانە دەستەی بەرگری بیکەن و تەنانەت مافی خۆیشیانە پاساوی بۆ بهێننەوە، بەڵام بۆ دادگا شیاو نیە پاساوی ئاینی بۆ تاوانی ئەو بهێنێتەوە. پێموایە ئەو جۆرە قسانە پاساو و لایەنگری تێدایە بۆ تۆمەتبار. گەر ئەوە بەردەوامبێت یان دووبارەبێتەوە رەنگە ئێمە داوای گۆڕینی دەستەی دادگا بکەین لەسەر بنەمای لایەنگیری لە یەکێک لە لایەنەکانی ئەم داوایە.

**دەستەی دادوەری** لەسەر ئەم نارەزایەتیە کەمێک ڕاوەستان و دوای دواندنی یەکتر و کەمێک مشتومڕ **ئاراک** ڕوویکردە لۆگال.

**ئاراک:**

- وەک دەزانیت یەکێک لە پایەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان لێکۆڵینەوەیە لە پاڵنەرە مەعنەوی و دەروونی و عەقڵیەکانی کارەکە و بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی دادگاییکردنی تایبەتی ئەبراهام چوونە سەر ئەو بابەتانەیە. ئەمانەی لەبارەیەوە دەدوێین بەشێکە لە خستنەڕوو یان لێکۆڵینەوە لە لایەنی مەعنەوی کارەکە و تەنها لایەنی ماددی و فیزیکی مەبەست نیە. بۆیە لەڕێگەی ئەو پرسیارەوە وویستمان بزانین ئایا ئەشێت هۆ و پاڵنەرە مەعنەوی و هزریەکانی ئەو کارەی ئەبراهام پەیوەندی بە گوناهباربوونی مرۆڤەوە هەبێت. قسەکانمان ڕوونبوو؟

**لۆگال و هاوڕێکانی** کەوتنە دواندنی یەکتر و مشتومڕ.. پاشان ووتیان:

- بەڵێ بەڕێزان.. تێگەیشتین. لاریمان نیە لە بەردەوامبوونی دادگاییکردن.

**ئاراک ڕوویکردە ئەبراهام:**

- بەپێی تێگەیشتنی تۆ مرۆڤ بە سروشتی خۆی تاوانبارە یان بێ تاوان؟ گوناهبارە یان بێ گوناه؟

**ئەبراهام:**

- بەپێی تێگەیشتن و لێکدانەوە و پەیامی ئیلۆهیمی من مرۆڤ بە سروشتی خۆی گوناهبارە، لە ئەزەلەوە لە فەرمانی خودا دەرچووە و گوناه و سەرپێچی کردووە.

بۆیە بەسروشتی خۆی گوناهکارە. ئەگەر ئەم گوناهە نەناسێت تووشی تاوانکاری زیاتر دەبێت لەسەر زەوی، بەردەوام لە خودای خۆی هەڵدەگەڕێتەوە و نایناسێت و هێشتا بێ فەرمانی ئەو دەکات. سەیری ئەو کارانە بکەن مرۆڤ دەیکات، خەریکی زوڵم و کوشتن و تاوانکاریە، ژیانی هەمووی گوناه وخراپەیە. بەندەی خودایە بەڵام دەیەوێت لە بەندێتی دەربچێت و لاسایی خودا بکاتەوە و وەک ئەو بەدەسەڵات بێت، خۆی دەکات بە خودا یاخود شەریکی بۆ پەیدا دەکات، وە گەورەترین گوناهی مرۆڤ شەریک پەیداکردنە بۆ خودا، یانی فرەخوداییە. لەم روانگەیەوە من فرەخودایی بە گوناه دەزانم کە مرۆڤ دەبێت خۆی لێ پاک بکاتەوە. من لای خۆمەوە ئەو کارەم کرد، ئیتر نۆرەی ئێوەیە.

**لۆگال:**

- ئەبراهام دەیەوێت تاوانکاری بکات بە چاکەکاری، واتە ئەو تاوانەی کردوویەتی وەک پەیامی پیرۆز بۆ چاکەکردن و خۆپاکردنەوە لە گوناه نیشان بدات. من دەپرسم بۆچی مرۆڤ گوناهبارە؟ بۆچی ئێمە گوناهبارین؟

هاوکات روویکردە جەماوەری ئامادەبوو:

- ئەی ئێوە بۆچی گوناهبارن؟ تا ئەو شوێنەی بە من دەگەڕێتەوە من خۆم بە گوناهبار نازانم چ بەرانبەر بە خودا و چ بەرانبەر بە کەسی تر. لەڕاستیدا من مرۆڤ بە کردگار دەزانم و بە شەریک و هاوبەش و هاوژیان دەزانم لەگەڵ خوداکاندا. مرۆڤ نابێت هەست بکات گوناهبارە چونکە ئەو جۆرە هەستەی هەبێت مەترسیدارە، بەڵام پێویستە هەست بکات کە کردگارە.

**سەرگۆن:**

- نەخێر خودا کردگار و پەروەردگارە و مرۆڤ بەندە و دروستکراوی ئەوە. پەیامەکەی ئەبراهام بەو شێوەیەیە.

**لۆگال:**

ڕاستە خوداکان بەجۆرێک کردگارن، بەڵام مرۆڤیش بێدەسەڵات نیە و کردگارە. کردەوەی مرۆڤ ژیانی داهێناوە و جوانی کردووە. مەگەر ئەم شارستانیەتە، ئەم

کەشتیانەی ئاو، ئەو زەویە پاکیزانە کە کێڵراون و بەرهەمیان تێدا دەچێنرێت، ئەو خەڵکەی کێو نشینن و بەردەکانیان دەتاشن، ئەو مرۆڤانەی لە بیابانەکاندا دەژین، هەموو ئەوانە خولقاندن نین، ئەوانە ماڵسازی و شوێنسازی و کردگاری نیە؟
ئەمە چ پەیامێکە هەرچی سیفەتی باش و بەسوودە لە مرۆڤ و لە خەڵک دابماڵرێت هەمووی بکرێت بە بەری خوداکەیدا کە نە رەنگی هەیە، نەبۆن، نە دەنگ و نە شێوە و نە شوێن و نە شوێنەوار؟ ئەوەی گوناهبارە هەموو مرۆڤەکان نین، بەڵکو تەنها مرۆڤە زیانبەخشەکانن. ئێمە هەموو زیانبەخش نین، ئەوەتا سوود بەیەکتر دەگەیەنین، تەنانەت نەک بە خۆمان بەڵکو بە سروشت و ژینگەی دەورووبەرمان. کاتێک ئاژەڵ ماڵی دەکەین و دەیانپارێزین و پاسەوانیان دەکەین، هەرچەند کە هەندێکیان دەخۆین، ژمارەیان زۆر دەکەین و بەهۆی ئێمەوە ژمارەی ئەوان زۆربووە و دڕندەکان کەمتر بوونەتەوە. کاتێک ئاوەکان پاکدەکەینەوەو دارەکان دەڕوێینین و بەرووبوومیان زۆردەکەین هەم خۆمان سوودیان لێدەبینین و هەم باڵدارەکان و مەلەکان کەڵکی لێوەردەگرن و لەو بەرووبومانە دەخۆن. ئێمەین ژیانمان سەوزترکردووە. ئەوەش راستە کە دارەکان دەبڕینەوە، ئاگر خراپ بەکاردەهێنین و هەندێکجار دارستانەکان بەهۆی ئێمەوە دەسوتێن. وە نەخۆشی بڵاودەکەینەوە و ....

لەم کاتەدا سەرگۆن پەتی ئارامی و دان بەخۆداگرتنی پسا. روویکردە دادگا:

**سەرگۆن:**

- تکایە لێرەدا بوەستە.. با بۆ هەموان روونبکەمەوە کە مرۆڤ بەهۆی ئەو سروشتە گوناهباریەوە خراپەی زۆرترە وەک لە چاکە. ئەوەتا خۆشتان دەڵێن چۆن پەلاماری یەکتری دەدەن و یەکتری قڕدەکەن و ئاگر لەهەموو شتێک بەردەدەن. سروشتی گوناهباری مرۆڤ کارێکی کردووە مرۆڤ زیانی زۆرتربێت وەک لە سوود. تاکە ڕێگا ئەوەیە لەوە تێبگەین و لەرێگەی نزا و پاڕانەوە لەخودای تاک و تەنها خۆمان لە گوناه و کاری خراپەی زیاتر بپارێزین.

**لۆگال:**

- بەهەرحاڵ ئەگەر ئەوە بە گریمانە وەربگرین و بڵێین قسەکەی سەرگۆن ڕاستە و بەدرێژایی مێژوویەکی درێژ مرۆڤ خراپەی زۆرتربووە وەک لەچاکە، لەم حاڵەشدا ئێمە دەڵێین دەکرێت کارێک بکەین مرۆڤەکان سوودیان زۆرتر بێت وەک لە خراپە. ئەوەیان بڕیارو ئیرادەی خۆمانە و دەبێ وابکەین بەسوود بین و ئەو کارە خراپانەی باستانکرد نەیکەین. مۆری خراپەکاری ئەزەلی بەناوچاوانی کەسەوە نیە و لە چارەی نەنوسراوە، گەر وابوایە ئیمکان نەبوو ئەم کۆمەڵبوونە مرۆییانە دروست بێت. باشە وەک گریمانەیەک دەپرسم ئەگەر ئەو خودایەی کە ئێوە دەڵێن مرۆڤی دروستکردووە بۆچی بەم سروشتە گوناهباریەوە دروستی کرد؟ بۆچی بە پاکی و پاکیزەیی ئەوی دروست نەکرد؟ تاکو تووشی ئەو گوناە و زیانە زۆرانە نەبێت کە باسی دەکەن؟ پاشان بەپێی چیرۆکەکەی ئێوە ئەوە خودایە کە بەپرسیارە نەک مرۆڤ، دواجار ئەو بووە مرۆڤی دروستکردووە بەو سروشتە گوناهباریەوە کارێکی کردووە کە خراپەی زیاتر بێت وەک لە سوود! هەروەها نازانم و تێناگەم ئەو سروشتە گوناهباریەی باسیدەکەن بەدەستی مرۆڤ خۆی پاکدەبێتەوە و خراپەکاری کەمدەبێتەوە یان بە دەستی خودا و بە ئیرادە و بڕیاری ئەو؟

**ئەبراهام:**

- وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە کاتی زۆر دەوێت، بەڵام من هەر ئەوەندە دەڵێم کە مرۆڤ ئەگەر خودای خۆی نەپەرستێ و بەرانبەر بەو کەسەی دروستیکردووە سوپاسگوزار نەبێت یەکەمین گوناە و تاوان دەکات و بەدوای ئەوەیشدا هەموو تاوان و زیان و خراپەکاریەکی تری لێ چاوەڕوان دەکرێت.. بۆیە تاکە ڕێگا گەڕانەوەیە بۆ لای خوداکەی خۆی، داوای لێخۆشبوون لە خودا و بەزەیی پیاداهاتنەوە و چاکەکردن و خۆپاککردنەوە لە گوناهبارێتی.

خاتوو ئان کە لە دەستە چەپی لۆگال دانیشتبوو هەلیدایە:

**خاتوو ئان:**

- من وەک دایکێک بەمجۆرە قسانە سەرم ئاوساوە، بەڕاستی پێم سەیرە خۆمان بە گوناهکار و تاوانبار بزانین. ئەگەر گریمان ئەم قسەیە بۆ گەورەکان و

پێگەیشتووەکان ڕاست بێت ئەی باشە ساوا و مناڵەکان چی؟ ئەو منداڵانەی مرۆڤێکی بچوکن چ گوناهێکیان هەیە؟ ئەوانە بۆچی گوناهبارن؟ ئێمە خۆمان بەجوانی فێریان دەکەین و پەروەردەیان دەکەین و لە خراپە و گوناه دووریان دەخەینەوە. ئەوە ڕێگاچارەیە نەک ترساندن و تۆقاندنی مناڵ بە سزای خودا و ئەشکەنجەدان و شتی لەو جۆرە..

**ئەبراهام:**

- خودای گەورە مناڵ و ساواکان سزا نادات، چونکە ئەوان هێشتا لەسەر هۆش و بیری تەواو نین. بەڵام دەبێت پەروەردەبکرێن لەسەر ترسی خودا و ترسی خودا بچێتە دڵیانەوە ئەگینا سبەی ڕۆژ گیان و سروشتە گوناهباریەکەیان پاڵیان پێوە دەنێت بۆ تاوانکاری وورد و درشت.

**لۆگال:**

- بەپێی ئەو قسانە بێت مرۆڤە بچوکەکانیش هەر گوناهبارن، بەوانەیشەوە کە لەدایک نەبوون. وە کاری پەروەردە و گەورەکردن دوورخستنەوەیانە لە گوناه. بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەگەر پەروەردە بتوانێت مرۆڤ بگۆڕێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤ بە سروشتی خۆی تاوانبار و گوناهکار نیە. بیر و تێگەیشتنی هەڵە، هۆش و بیری خراپ و پەروەردەکردنی لەسەر ئەوانە مرۆڤ دەکات بە خراپەکار و گوناهکار.

**سەرگۆن**

- نا وانیە، گەر لە مناڵیەوە ترسی خودای لە دڵدا نەبێت وەک دڕندەیەکی بچووک گەورە دەبێت و سبەی پەلاماردەدات و...

**لۆگال:**

- ئاخر ئەمە چ تێگەیشتنێکە لە مرۆڤ و تاوان و گوناه؟ چۆن دەتوانین بەیەکەوە بژین کاتێک هەموو گورگێک بین بۆ یەکتر؟ ئەگەر ئەو قسانە ڕاست بوایە هەرگیز نەماندەتوانی هەزاران ساڵ پێکەوە بژین، وە بێگومان لە داهاتوویشدا ناتوانین پێکەوە بژین و کۆمەڵگا دروستبکەین. بەپێی قسەی یەکتاپەرستەکان کاری پەروەردە گۆڕینی مرۆڤە لە گوناهباریەوە بۆ بێ گوناحی، بۆ ئەم کارەش هەم ترسی خودایی پێویستە و هەم دەسەڵات و زیندان، ترس و لێدان و ئەشکەنجە هەم لە سەر زەوی و هەم لە داهاتوودا لە ئاسمان ! ئەمە پەیامەکەیە؟

**ئەبراهام:**

پەروەردە ئەگەر بۆ خوداپەرستی تاقانە نەبێت مرۆڤ لە گوناه و تاوانکاریدا نوقم دەکات، چونکە ئەگەر هۆش و بیر و رەفتار روی لە خودا نەبێت مایەی گومڕاییە، گەر وانەبوایە خودا دۆزەخ و بەهەشتی دروست نەدەکرد، یەکێکیانی بۆ ترساندن و سزادان دروستکردووە و ئەوی تر بۆ پاداشت. بۆیە یەکتاپەرستان لەم ژیانەدا دەبێت بەو ئاراستەیە مرۆڤ پەروەردەبکەن لە گوناهەکانی پاکبکەنەوە، هاوکات رێگای یەکتپارستی نیشان بدەن.

**لۆگال:**

- بەپێی ئەو پەیامە ئاسوودەیی و ئارامی نابێت بە بەشێکی ژیان، چونکە مرۆڤ تا ماوە لە ئازار و گوناهدا دەژی و هەمیشە هەست بە ئازاری ویژدان و ئازاری ژیان دەکات نەک بە شتێکی تر. دەسەڵاتێک بەسەر سەریەوە راوەستاوە تا لە گوناه و تاوان دووریبخاتەوە یان بیترسێنێت و بە حساب رێگەی تاوانکاری لێبگرێت.

لەو باوەڕەداین ئەم تێگەیشتنە مرۆڤ دەکات بە گوناهکار و تاوانکارێکی ئەزەلی! کۆمەڵگایەک ئەمە تێگەیشتنی بێت بۆ خۆی و بۆ مرۆڤ و بۆ خودا نەک هەر ناتوانێت مرۆڤ لە تاوان دووربخاتەوە بەڵکو دەگات بە بەرزترین ئاستی تاوانکاری. کۆمەڵگایەک دروست دەبێت کە هەرچی هێزی پەیداکرد گوناه و تاوان دەکات! کاتێک نایکات هۆکارەکەی ئەوەیە هێزی نیە نەک ئەوەی خۆی بە سروشتی خۆی مەیلی تاوان و گوناهکردنی نەبێت. بەپێی ئەم پەیامە تاماوە مرۆڤ لە بازنەی تاوان و سزادا دەسوڕێتەوە و لێی دەرناچێت.

**سەرگۆن هەلیدایە:**

- ڕاستە مرۆڤ گوناهبارە، بەلام پێش هەموو شتێک گوناهی بەرانبەر بەخودای خۆی کردووە، خوداش میهرەبان و بەخشندە و لێبوردەیە و گرنگ پەنابردنە بەر یەکتاپەرستی. بۆیە پێویست ناکات هێندە بترسین و خۆمان بە گوناهبار بزانین. گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤەکانی تر و خەلکی تر بێ فەرمانی

خودا نەکات و گوناهیان بەرانبەر نەکات. هەروەها خوداکەی خۆی کە دروستکەرێتی بپەرستێ و روونەکاتە خودای دروستکراو.

**ئەبراهام:**

- من دەڵێم ئایدیاکە بەشێکی بۆ ترساندنی مرۆڤە تا لە خراپەکاری دورربکەوێتەوە. دواجار ئەگەر خراپەکاری کرد ڕاستەوخۆ لەم دنیایەدا تووشی زیان نەبوو لەسەر کردەوەکانی، دواجار لەو دنیادا خودای لێی خۆش نابێت و بۆ هەتا هەتایە ئەشکەنجە دەدرێت.. بۆیە ئەگەر ئەو ترسە هەبێت مرۆڤ دەسڵەمێتەوە، زۆرکەس هەبوون کە زۆرترین تاوانیان کردووە و پێیان وابووە دەتوانن هەموو شت بکەن. بەڵام کاتێک ئەوەمان خستە دڵیانەوە دەترسن و بەجۆرێک دەوەستن.

**لۆگال:**

- بەڵام لەڕێگەی ترساندنەوە چۆن دەتوانین پێش بە تاوانکاری بگرین. باشتر نیە مرۆڤ باربهێنین لەسەر بێ گوناهی پەروەردەی بکەین نەک لە سەر گوناهباری، لەسەر کاری چاکە و ویژدانی زیندوو، هەروەها سوودگەیاندن بە یەکتر نەک لەسەر ترساندن و ئەشکەنجەدان؟

**ئەبراهام:**

- کەسێک بە سروشتی خۆی گوناهبار بێت و هەمیشە هانبدرێت بۆ کاری خراپە تەنها لەخوداترسی دەتوانێت ڕایبگرێت. هەروەها نیشاندانی ڕێگای پەشیمانبوونەوە لە ڕێگەی باوەڕبوون بە بەخشندەیی و بەزەیی خوداوە هۆکارێکە بۆ پەشیمانبوونەوە و ڕاگرتنی ڕەوڕەوەی تاوانکاری زیاتر.

**لۆگال:**

- ئەو ڕێگایەی باسی دەکات مرۆڤ زیاتر هاندەدات بۆ تاوانکاری، دواجار کەسێک هەست بکات تاوانکردن لێخۆشبوونی هەیە، خودایەک هەیە بەخشندە و لێبوردەیە لەگەڵیدا ئەوکات تاوانەکە دەکات و دواتریش لەڕێگەی پەشیمانبوونەوە و تۆبەکردنەوە دەیەوێت لێخۆشبوون بیگرێتەوە. بۆچی مرۆڤ هێندە لاوازبکرێت کە خودایەک بەزەیی پیایدا بێتەوە؟ بەردەوام دەستی لەسەر دڵی بێت ئاخۆ خوداکەی دەیخاتە بە هەشتەوە یاخود دەیخاتە دۆزەخەوە و ئەشکەنجەی دەدات و بۆ هەمیشە لە ئازار و ژاندا دەژی؟

**ئەبراهام:**

- ئەوە چارەنوسی مرۆڤە و دەسەلاتی منی تیادا نیە. من وەک پەیامبەر تکا و پاڕانەوەم لە خودا ئەوەیە لە مرۆڤەکان خۆش بێت و پێشیان دەکەوم تاکو لە ئازار و ژان بیانپارێزم. من داوام لە ئێوەش ئەوەیە داوای بەزەیی بکەن چونکە شایەنی بەزەیین. خودای تاک و تاقانە هێندە بەخشندەیە کە ئەگەر کڕنۆشی بۆ بەرن بەزەیی پیاتاندا دێتەوە و دەتانبورێت.

**لۆگال:**

- ئەو قسانە کاتێک گوێم لێی دەبێت دەمارەکانم گرژ دەکات. مەگەر مرۆڤ چی کردووە تا شایانی ئەوانە بێت؟ ئەم بەزەیی پیاداهاتنەوەیە دەمانخاتە دۆخێکی داماوی و لاوازی مرۆڤەوە و وامان لێدەکات هەموو هەست بە بێدەسەڵاتی و لاوازی بکەین. ئەگەر ئەم قسانە پێشتر باوبوون و تاڕادەیەک مرۆڤ لاواز و بێدەسەڵات بووە، ئێستا چی، خۆ ئێمە بەم هەموو دەسەڵات و ئاوەدانیەوە لە چیمان کەمە؟ بۆچی شایانی بەزەیین؟

**ئەبراهام:**

لەبەرئەوەی مرۆڤ هەڵەکارە، بەرانبەر بەخوداکەی خۆی هەڵەی زۆرکردووە، هەروەها فرەخودایی یەکێک لە هەڵەگەورەکان و بگرە تاوانەکانیتی، بۆیە پێویستی بە بەزەیی خودایە تاکو ڕێگای نیشانبدات و لە گومڕایی ڕزگاری بکات.

**لۆگال:**

ئێمە شایانی ڕێزین نەک بەزەیی. شایانی ئەوەین بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ خوداکاندا بکەین، نەک وەک کۆیلە و داماو و لاواز و دەستەپاچە مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین.. بۆیە ئێمە لەم دادگایەشدا دەبێت بەڕێزەوە مامەڵەت لەگەڵدا بکەین نەک دادگا بەچاوی بەزەییەوە سەیرت بکات.

**ئەبراهام:**

من بەزەیی مرۆڤم پێویست نیە و تەنها وەک گوناهکارێک داوای بەزەیی لە خودای گەورە و تاقانەی خۆم دەکەم. دەزانم هەموو هەڵەکار و گوناهکارین و هەمیشە پێویستمان بەو بەزەییەی ئەو دەبێت تا لێمان خۆش بێت.

**سەرگۆن:**

ئێمەش داوادەکەین ئەم دادگایە بە ڕێزی زیاترەوە تەماشای کردەوەکەی ئەبراهام بکات، وەک پەیامێک سەیری بکات بۆ پاکبوونەوە لە گوناه و تاوانکاری.

**لۆگال:**

- کەواتە مادام بە سروشتی خۆمان گوناهبار و هەڵەکارین و بۆیە لە ژیانیشدا تاوان دەکەین و ئەبێت ئەمە ئاسایی وەربگرین. دەتانەوێ بەهۆی ئەم قسانەوە بڵێن ئەبراهام تاوانبار نیە؟

**سەرگۆن:**

نەخێر تاوانبار نیە.. چونکە ئەو کارەی کردوویەتی پەیامێکی یەکتاپەرستانە بووە بۆ ئەوەی مرۆڤ دووربخاتەوە لە گوناهکاری و فرەخودایی. کارێکی لەو بابەتەش چاکەیە نەک خراپە.

**لۆگال:**

- لە ڕاستیدا باوەڕی ئێمە وایە ئەو کارەی ئەبراهام تاوانکاریە بۆیە سکاڵامان لەسەر تۆمارکردووە. بەڵام بە قسە و سکاڵای ئێمە نابێت بە تاوانبار و بڕیار لەدەستی دادگادایە. پێموایە یاساکانی ئێمە ئەوەیان وەک بنچینە وەرگرتووە کە هەموو کەسێک بە بێ گوناه و بێ تاوان ئەژماربکات تائەو کاتەی تاوانێک بەسەریدا ساغدەبێتەوە. بۆیە کاتێک ئەبراهام دادگایی دەکرێت بنچینە ئەوەیە کە ئەو بێ تاوانە، بۆیە بەڵگە کۆدەکەینەوە و گوێبیستی شاهیدەکان و بەڵگەکانی تر دەبین تا پێچەوانەکەی بسەلمێنین و خۆمان لەم کارەدا زۆر ماندوو دەکەین. بەڵام ئەگەر ئەو قسانەی ئەبراهام و سەرگۆن دەیکەن ببێت بە بنچینەی یاسایی ئەوکات لەروانگەی ئەوانەوە هەموو کەسێک دەبێت وەک تاوانبار ئەژماربکرێت و ئەرکیەتی بێ تاوانی خۆی بسەلمێنێت.

**سەرگۆن:**

- ئێمە نەمانوتووە هەمووکەس تاوانبارە، گوناهکار و تاوانکار دوو شتی جیاوازن. بەڵام مرۆڤ بە سروشتی خۆی گوناهکارە، ئەگەر خودای تاقانە نەپەرستێ ئەو کات نەک هەر گوناهکار بەڵکو تاوانکاریشە! بۆیە دەبێت ترسی خودای تاک و

تەنها بخەینە دڵی هەموو مرۆڤێکەوە و بزانن کە تەنها یەکخودا هەیە دەتوانێت سزایان دەدات و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.

**ئەبراهام:**

- کاتێک ئەو بتانەم شکاند هەمان پەیامم هەبوو، واتە بەهەموان بڵێم لەو بتانە مەترسن و چی تر شایانی پەرستن نین، نە سزایان هەیە و نە لێپرسینەوە و نە پاداداشت.

**لۆگال:**

- پەیامەکەی ئەبراهام و هاوەڵەکانی بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی ترسنۆکە. تۆ دەتەوێت لەرێگەی ترس و ترساندنەوە خەڵک باوەڕ بە پەیامەکەت بهێنێ و شوێنت بکەون.

**ئەبراهام:**

- نەخێر من ئەم کارەم کرد بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە بتەکان نەترسن، بەڵکو لە خودای ڕاستەقینەی خۆیان بترسن.

**ئاراک:**

- بە قسەکانی تۆدا ئەوە روونە بۆ دادگا کە یەکێک لە پاڵنەرەکانی ئەو کردارە ترسە، بەڵام ئایا بەلای تۆوە رەوایە مرۆڤ بترسێنرێت، یان بۆ شکاندنی ترسی بەرانبەر پەنا بۆ کرداری لەو جۆرە بەریت؟

**ئەبراهام:**

- من پێموایە مرۆڤی ئەم شارە تووشی ترسنۆکی بووە. لە هەورەبروسکە و لافاو و پەتا و دڕندەکان دەترسێت و ئەم هەموو خودایەی داناوە تاکو یارمەتی بدەن و ترسەکەی بڕەوێنەوە..کارەکە گەیشتووە بەشوێنێک لە خودی بتەکانی خۆیشی دەترسێت. بۆیە دەبوو کارێک بکرێت ترسەکەی بشکێ. مرۆڤ لە خودای خۆی بترسێت باشترە وەک لە شتی تر. ترس لە خودا ئازایەتیە. ئەو ترسەی ئێوە هەتانە لەو بتانە ساختەیە و ڕاست نیە.

**لۆگال:**

- لەڕاستیدا خەڵکی ئێرە خوداپەرستە بەڵام لەخودا ترس نیە. زۆر لەمێژە مرۆڤ بەسەر ترسەکانی خۆیدا زاڵبووە و ئەبراهام دەیەوێت ئێمە پاشە وپاش بگەڕێنێتەوە

بۆ سەردەمە دێرینەکان. هەموو دەزانین مرۆڤ بە ئازایەتی خۆی رێگای ژیانی بڕیووە، خۆی پاراستووە و بەکۆمەڵ ژیاوە و بەهاریکاری یەکتر گوند و شاری ئاوەدانکردۆتەوە، داوای یارمەتی لە خودا کردووە بۆ ئەوەی ئازاتر و بەهێزتربێت، نەک لەبەرئەوەی ترسنۆک و زارەترەکە لێیان. رێگای ئاوەکان و شاخ و کێوەکان و بیابانەکانی تاقیکردۆتەوە و هەوڵیداوە بگات بە دووترین شوێن. ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئازایەتی مرۆڤن. ئیتر بۆچی دەبێت مرۆڤ لە خودا بترسێت، لەکاتێکدا پێشتر پێکەوە ئازایەتی زیاتریان دروستکردووە و خوداکان رێنیشاندەریان بوون بۆ ئەو مەبەستە، ئاراستەکار و رێنیشاندەربوون. دروستکردنی ئەو پەیکەر و سومبولانە بەرهەمی ترس و بە هەوڵێک بۆ زاڵبوون بەسەر ترسدا ئەژمارناکرێت.

داوادەکەم ئەبراهام بۆ هەموانیی روونبکاتەوە چۆن ترس لە خودا ئازایەتیە؟ پاشان پەلاماردانی پەیکەرە و سومبولەکانی خودا چ ئازایەتیەکی تێدایە؟

**سەرگۆن:**

- ئەگەر ئەوە ئازایەتی نەبێت بەرۆژی رووناک پەلاماری پەیکەرەکانی پەرستگای گشتی شار بدەیت و تێکیان بشکێنی ئەی چی بە ئازایەتی ئەژماردەکرێت؟ گەر ئەبراهام بترسایە ئەو کارەی نەدەکرد. ئەگەر هێندەی تۆزێک ترسی لەدڵدا بوایە بەرانبەر ئەو بتانە نەیدەتوانی ئەو کارەبکات. بەڵام ئەو دەیزانی کە ئەوانە تەنها بتن و هیچی تر. بۆیە هەموان دەبێت وەک ئەو لەوانە نەترسن

**ئەبراهام:**

- من دەمەوێت ئەوە زیادبکەم کە کاتێک مرۆڤ هەستبکات ئەو کارەی دەیکات لەپێناوی خودایەکی تاک و تەنهادایە ئەوکات دەگات بە ئەوپەڕی ئازایەتی و بوێری. بۆیە من زۆر ئازایانە پەلاماری ئەو بت و پەیکەرانەم دا و تێکم شکاندن. من وای دەبینم کە دانانی پەیکەر و بە بتکردنی خودا هۆکارەکەی ترسە لە بتەکان، لەکاتێکدا ئەوان بێ رۆح و بێ گیانن، ئیتر بۆچی دەبێت لێیان بترسین و کڕنۆشیان بۆ بەرین؟ من ویستم ترسی خەڵکی ئەم شارە بشکێنم و لە ئازایەتی منەوە فێربن.

**لۆگال:**

- ئەبراهام ئەوە تۆیت لەو پەیکەر و سبومبولانە دەترسیت نەک خەڵکی ئەم شارە. دانانی ئەوانە نیشانەی خوداپەرستیە نەک لە خودا-ترسیی. کوا ئازایەتی لە پەلاماردان و هێرشبردن و شەڕکردندایە لەگەڵ پەیکەرەکاندا. ئازایەتی ئەوەیە کە چۆن ژیانی خۆت و ئەوانی تر بپارێزیت، ئاوەدانی دروست بکەیت و کاتێک مەترسی رووبەرووی خۆت و ئەوانی تر بێتەوە بەرەنگاری ببیتەوە. تۆ دەتەوێت مرۆڤ بۆ تاوانکردن هانبدەیت و بۆ تاوان ئازایەتی تیادا دروستبکەیت، وێنەیەکمان نیشان بدەیت گوایە خوداپەرستی و لەخودا ترسیی یەک شتن، کە ئەوە وانیە. پاشان بۆ دەبێت کارکردن لە پێناوی خوداکەی تۆدا ئازایەتی بێت. کوا تاوانبارەکان ئازان؟ تێکدانی ژیانی خەڵک، دزیکردن لێیان، کوشتن و ئازاردانی لاوازەکان و ئازاردانی ئاژەڵ ئەوانە بەجۆرێک نیشانەی ئەوەیە مرۆڤ دەسەڵات و توانا و ئیرادەی خۆی ترسنۆکانە بەکاردەهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی، یان توانای خەڵکی تر بەکاردەهێنێت بۆ هەمان مەبەست. نامەوێت ئەوەش دووبارەبکەمەوە کە بەپێی ئەزموونی ئێمە زۆربەی ئەوانەی جەنگیان کردووە بە پیشەی خۆیان ترسنۆک ترین مرۆڤ بوون.

هەروەها پاساودانی تاوانکاری بە پاساوی ئاینی مەترسیدارە چونکە مرۆڤ بەبێ سڵکردنەوە پەنا بۆ خراپە و تاوانکاری دەبات وەک ئەوەی ئەبراهام کردوویەتی. تێگەیشتنی ئێمە ئەوەیە خودا-ترسیی خۆپەرستی دروست دەکات نەک ئازایەتی. خۆپەرستەکان رەنگە زۆر کاری گەورە بکەن، بەڵام ئەوە ئازایەتی پێ ناوترێت. دواجار تاوانبار خۆپەرستە، تەنها لەخۆیەوە دەستپێدەکات و ئایدیا و باوەڕ و تێگەیشتنی خۆی زاڵدەکات بەبێ ئەوەی گوێ بدات بە بەرانبەر، یان بەرژەوەندی خۆی پێشدەخات لەسەر حسابی کەسانی تر. ئەمەش تێکدانی هاوژیانی و پێکەوە ژیان و نەمانی ئاسایشی گشتیە.

**سەرگۆن:**

لۆگال و دەستەکەی دەیانەوێت ئەبراهام تاوانباربکەن بەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی دادگا لەمبارەیەوە هەبێت، ئەمە ناڕەوایە!

**لۆگال:**

ئێمە تێگەیشتنی خۆمان بۆ کردارەکە ڕووندەکەینەوە نەک بڕیاربدەین، بڕیاردان لەو بارەیەوە لە دەستی ئێمەدا نیە. بەڵام مافی خۆمانە داوای بڕیاری تاوانبارکردن بکەین. چونکە لامان وایە ئەو کەسەی کەسێکی تر دەترسێنێت خۆی لە شتێک دەترسێت، لە ئەبراهام بپرسن لە چی دەترسیت وا خەڵک دەترسێنیت؟ وە بە دیاریکراوی دەمانەوێت بزانین خوداکەی لە مرۆڤ دەترسێت یان دەبێت مرۆڤ لە خوداکەی ئەو بترسێت؟

**ئەبراهام:**

- مرۆڤ چیە تا خوداکەی من لێی بترسێت، بەلام بێگومان دەبێت هەر هەموومان لە ئلۆهیم بترسین. چونکە ئەو گەورەترین دەسەڵاتە و چاکەی ڕەهایە. بۆیە خوداکەی من ترس دەخاتە دڵمانەوە تا ڕێگەمان لێبگرێت دەست بدەینە خراپەکاری و گوناهکاری زیاتر، مرۆڤ دەبێت بترسێنرێت تاکو لەو کارانە بوەستێنرێت. منیش بەهەمان شێوە لەڕێگەی ڕەواندنی ترسی درۆینەی خەڵکەوە وویستوومە خەڵک لە خودای ڕاستەقینە بترسێت تاکو لەم ڕێگەیەوە ڕێگای تاوانکاری و گوناهباریان لێ بگرم.

**لۆگال:**

- بەڵام بۆ یەک سات هەموو بهێننە پێش چاوی خۆتان ئەگەر ئەو ترسەی ئەبراهام باسیدەکات ببێت بە ترسی هەموان، وە هەموو لە خوداکەی ئەو بترسین، چی ڕوودەدات؟ بە تێگەیشتنی ئەم دەستەیە دەبێت بە هۆی تاوانکاری و ستەمکاری، چونکە لە فەزای ترس و دەسەڵاتدا مرۆڤ لە خودا و هەموو شتێکی نادیار و نەزانراو دەترسێت، هەروەها پیاو لە ژن دەترسێت، ژن لە پیاو، بچوک لە گەورە، لاوازەکان لە بەهێزەکان، خەڵکی گوندەکان لە دەسەڵاتی شارەکان، شاری بچوک لە شاری گەورە، ئاژەڵەکان لە مرۆڤ و....تاد. ئەمانەیە بەرهەمی فەزای ترس و تۆقاندنن نەک بەرهەمەکەی بریتی بێت لە دروستکردنی ئازایەتی، یان پاراستنی ئاسایش و ئارامی و ئاسوودەیی و پەرەسەندنی خوداپەرستی. بۆیە چارەسەر ئەوە

نیە مرۆڤ لە خودا بترسێت، بەڵکو ڕێگاکە ئەوەیە خودا بە هاوکار و هاودەست و پاڵپشتی خۆی بزانێت.

**ئەبراهام:**

- باشە لەسەر قسەکەی لۆگال منیش دەڵێم بۆ یەکسات بهێننەبەرچاوی خۆتان هەموو مرۆڤەکان لە یەک خودای تاک و تاقانە بترسن، ئەوکات ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە ئیتر مرۆڤ لەمرۆڤێکی تر ناترسێت، چونکە دەزانێت خودایەک هەیە پاڵپشتێتی و ڕێگە بەکاری نارەوا نادات ئەگەر مرۆڤێکی تر لەدژی بیکات، ئەوکات هەموان دەزانن دەسەڵاتێکی دنیایی هەبێت، هی مرۆڤێک بێت یان هی کۆمەڵە مرۆڤێک و دەزگایەک، کاتی و راگوزەرە و مردووە، بەراوورد بەدەسەڵاتی خودا کە هەمیشەیی و بەردەوام و ئەزەلیە. ئەم باوەڕەیە مرۆڤ ئازاد دەکات نەک ترسنۆک. بۆیە هەمووان دەبێت بزانن تاوان لەوەدایە لەخودای تاکو تەنها نەترسیت و نەیپەرستی.

**لۆگال:**

- کەواتە ئەوەی لە خودا تاقانەکەی ئێوە نەترسێت و نەیپەرستێ تاوانبارە؟

**سەرگۆن:**

- بەپێی پەیامەکەی ئەبراهام دەتوانین تاوانباربوونەکەی بەفەرز وەربگرین!

**لۆگال:**

- لەوەدەچێت ئێوە سبەی دەسەڵاتتان بەدەست بێت و هێزی چەکدارتان لەژێر دەستدا بێت هەموو ئەوانەی خوداکەی ئێوە نەپەرستن بە تاوانبار ئەژماریان بکەن، رەنگە پێویست نەکات دادگاییان بکەن چونکە مۆری تاوانباربوون نراوە بە ناوچاوانیانەوە؟

**ئەبراهام:**

- ئەگەر باوەڕ بە پەیامی خودای تاک و تەنها بهێنن خۆیان لە گوناه دووردەخەنەوە و پاشان لە تاوانیش. ئەگەر لەسەر بێ باوەڕی بەردەوام بن خودای گەورەی من لێیان خۆش نابێت و هێندە هێز دەدات بە یەکتاپەرستان تا ڕێگای تاوانکاریان لێبگرن.

**لۆگال:**

هیوادارین هیچ کات ئەوەندە هێزتان نەبێ لەدژی خەڵکی تر، کە ئێوە بە بێباوەڕیان دەزانن، بەکاری بهێنن. من لەمبارەیەوە قسەی زیاتر ناکەم، دوابڕیار بۆ دادگا بەجێدەهێڵین لەسەر ئەوەی کردەوەکەی ئەبراهام بە تاوان یان بە بێ تاوانیی ئەژماربکات.

**ئەبراهام:**

- من خۆم بە بێ تاوان دەزانم و پێم وایە ئەم ژیانەی تیایدا دەژیم ژیانێکی کاتیە و بە کاری خوداپەرستی و خۆپاککردنەوە لە گوناهەکان و رووکردنە خودا بەسەریدەبەم و ئەم پەیامە دەگەیەنم. دواجار خودای گەورە لێخۆشبوونی هەیە و هەرکەس گوناه و تاوانی کرد دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لای خودا و تۆبە بکات و سبەی پاداشت وەربگرێت و بۆ هەتایە بە نەمری لە بەهەشتدا دەژی!

**لۆگال:**

- بەپێی ئەم قسانە بێت ژیانی ئێستای ئێمە کاتیە هەموو گوناه و ئازارە و ئەم دنیایە تەنها بۆ خوداپەرستی کراوە و هیچی تر. بۆ گەیشتنەوە بە خوداکەی ئەبراهام. بەراستی ئەم قسانەی ئەبراهام ژیانت لەبەرچاو دەخات. لە گەمە و بوونێکی خۆش و چێژبەخش و هەوڵ بۆ کارکردن و حەسانەوە دەیگۆڕێت بۆ گوناه و ترس و تاوان و سزا و پاداشت و هەوڵ بۆ نەمری و زیندووبوونەوە و خوداپەرستی رووت و شتی لەمجۆرە. گەر ئەو جۆرە ئایدیا و چەمک و بیرۆکانە بێنە ناو ئەم ژیانەوە وێرانی دەکەن و ئەم ژیانە دەکەن بە ژیانێکی پووچ. ئەم شارستانیەتە ئاوس بێت بەم ئایدیایانە مرۆڤ تاماوە لە ترس و ئازار و ژیانێکی پووچ و پڕ لە ئازاردا دەژی. هەرچی بکات خۆی لەو گوناهە ئەزەلیە پاک ناکاتەوە کە باسدەکرێت، یەک گیانی هەیە بەڵام هێشتا سەدان گیانی تری هەبێت هەر لە گوناه پاک نابێتەوە! تاماوە ترس دایگرتووە و هەمیشە دەسەڵاتێکی بکوژ و ببڕی بەسەرەوەیە. بەراستی ئەگەر ئەم ژیانە بەم ئایدیا و باوەڕانە ئاوس بێت رێک دەبێت بەو دۆزەخەی کە ئەبراهام باسی دەکات کە گوایە دوای مردن بۆ مرۆڤە گوناهبارەکان ئامادەکراوە.

خۆشبەختانە لەم شارستانیەتەدا ئەو بیرۆکانە تیایدا زاڵ نیە و ئەگینا ژیانمان هەمووی دەبوو بە ئازار و ژان و رووکردنە خوداپەرستی بۆ رزگاربوون لەوانە.

**سەرگۆن:**

- لۆگال و دەستەکەی دەیانەوێت قسەکانی ئەبراهام بشێوێنن، بیریان چووە مانای ژیان لە خوداپەرستی و چاوەڕوانی پاداشتی خوداییدایە.

**ئەبراهام:**

- ئەو پەیامە لەبیرمەبەنەوە کە ووتوومانە خوداپەرستی هێندەی پاداشتی هەیە هێندە سزا و ئەشکەنجەی نیە. ئەگەر ئێوە یەکتاپارست بن و فەرمانەکانی ئەو وەک ئەوەی بە من ووتراوە جێبەجێبکەن ئەوە مژدەتان دەدەمێ دوای مردن زیندووتان دەکاتەوە و پاداشت دەکرێن، وە لەم دنیایەشدا رێگای گومراییتان لێدەگرێت. بۆیە ئەو بەهەشتە خۆش و گەورەیە بۆ مرۆڤ ئامادەکراوە و شایانی ئەوەیە کە خۆی بۆ تەرخانبکات و تا هەتایە بە خۆشی و نەمری بژی و لەم ژیانە مەینەتیە ڕزگاری بێت. پاداشتی زۆریش دەبێت بە نسیبی ئەو کەسانەی زۆرترین خوداپەرستیان کردووە، خودا هۆریان دەداتێ کە زۆر جوان و قەشەنگ و ناسکن کە شێوەی پەری و فریشتەیان هەیە.

**لۆگال:**

بیستوومانە ژنی ناوچەیەک لە باکور لە چیا و پێدەشتێکی دوور دەژین و بە هۆریەکان ناسراون. ژنەکانیان زۆر جوان و قەشەنگن، کۆمەڵەکانیان زۆر خۆش ڕادەبوێرن و ژیانێکی زۆر خۆش و حەساوە و تێرو تەسەلیان هەیە و لە هیچیان کەم نیە.. بەڵام نەمانزانیوە خوداکەی ئلۆهیم ئەو کەسانە دەهێنێت و دەیانبەخشێت بە لایەنگرانی خۆی لەو شوێنەی کە بە بەهەشت ناوی دەبەن.

**ئەبراهام:**

- خودا ئەو ژنانەیان بۆ ناهێنێت، بەڵام خۆی هۆریان بۆ دروستدەکات و پێیان دەبەخشێت. وەک پاداشتێک بۆ ئەو کەسانەی دەیپەرستن و ژیانی کاتی خۆیان بۆ گەڕانەوە بۆ لای خودا و نیشتەجێبوون لە بەهەشت بەسەردەبەن.

**لۆگال:**

- من نازانم ئەم خودا نێرخوازەی ئێوە بۆچی ئەم هەموو مژدە و بەڵێنەخۆشە بەپیاوان دەدات و لایەک لە ژنان ناکاتەوە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەوانەی ئێوە باسی دەکەن کۆمەڵە دەربڕین و بیرۆکەیەکی سەیر و سەمەرەن کە تێکڕا یەکتری تەواودەکەن و تان و پۆی تۆڕێک لە تێگەیشتنێکی خراپ و زیانبەخش پێکدەهێنن. مرۆڤی بەندە، گوناهبار، گومڕا، تاوانبار، تۆبەکار، پەشیمان، زیندووبوونەوە، ئەشکەنجە و سزا، بەندێتی، بەهەشتی تاهەتایی و بەخشینی هۆری، ژیانی کاتی، ژیانی هەمیشەیی، و.....تاد. تەنانەت ئەم بیرۆکەیەی دوایی بەجۆرێک ژیانی ئاسایی دەکات بە دوو بەشەوە: گوایە ئەم ژیانەی ئێستا هیچ نیە جگە لە وێستگەیەکی کاتی بۆ ژیانێکی هەمیشەیی.

خاتوو ئان وەک هاوەڵێکی لۆگال ڕوویکردە دەستەی دادوەری و لەمبارەیەوە ووتی:

**خاتوو ئان:**

- داوا دەکەم ئەم ووتانەی ئەبراهام وەک فریوودان تۆماربکرێت، چونکە ڕێگەپێدراو نیە کەسێک بێت بەناوی خوداکەی خۆیەوە باسی جادووگەری بکات. ئەو کارەی ئەو باسی دەکات کاری جادووگەرەکانە نەک خوداکان، خوداکان کاری جادوویی ناکەن. نە سزای لەو جۆرەیان هەیە و نە پاداشتی لەو جۆرە. ئاشکرایە خەڵکی ئەم شارستانیەتە بەوجۆرەی ئەو باسی دەکات ژیانێکی تری ناوێت، تەنها خوازیارە ئەم ژیانەی هەیەتی بە ئاسوودەیی ڕۆحی بەسەری بەرێت، بەڵام ئەم هەڵنان و ئیغراکردنە بۆ نەمری و پاداشتی بەهەشتیی لە کاری ترساندن و ئەشکەنجەدانی پێشووتر کاریگەرترە. ڕەنگە مرۆڤ گوێ بە ئەشکەنجە و ئازار و ترساندن نەدات بەڵام چونکە ژیان خۆشەویستە ڕەنگە بەو پەیامە فریووبخوات و دوای ئیبراهیم و خوداکەی بکەوێت و هەرچیان بوێت پێی بکەن و بە مژدەی بەهەشت لەخشتەی بەرن. بۆیە داوام وایە ئەم مەسەلەیە بەسەر دەستەی دادوەریدا تێپەڕنەبێت.

**ئاراک:**

- داوادەکەم هەموو بێدەنگ بن تاکو ڕاوێژێک بەیەکتری دەکەین.

**دەستەی دادگا** لەبارەی ئەو نارەزایەتیەی دەستەی سکاڵاکارانەوە دەستیانکرد بە مشتومڕ. قسەکان زۆری پێچوو. بریاردرا پشوویەک ڕابگەیەنرێت و دادگاییکردن بەمەبەستی لێدوان و ووردبینی زیاتر بۆ ڕۆژی دواتر دوابخرێت..

ڕۆژی دواتر ئەنجامی ووردبینی ئەو بابەتە بەهەموان ڕاگەیانرا و ڕوونکرایەوە..

**ئاراک ڕوویکردە هەموان:**

ئەم دادگایە وای دەبینێت پەیامەکەی ئەبراهام جیاوازە لە پەیامەکانی تر چونکە هەم سزا و هەم پاداشت لە خۆدەگرێت. پاداشتەکە ئەگەر هاندان بێت بۆ خوداپەرستی جێگای تانەلێدان نیە، بەڵام ئەگەر پاداشتەکە ببێت بە هاندان بۆ تاوانکردن، یان مرۆڤ هانبدرێت تاوان بکات تاکو پاداشتی ئاسمانی و ئەو-دنیایی وەربگرێت ئەوەیان دەبێت بە هاندان بۆ توندوتیژی و تاوانکردن و ڕێگەپێدراو نیە.

**پاشان ئاراک ڕوویکردە ئەبراهام و دەستەی بەرگری:**

- دەمانەوێ بزانین دیاریکردنی ئەو پاداشتەی باسی دەکەن بۆ ئەوەیە خەڵک خوداکەی ئێوە بپەرستێ و پەلاماری خوداکانی تر و لایەنگرەکانیان بدات و چاوەڕوانی پادداشت بێت؟ بۆمان ڕوونبکەنەوە کە ئێوە مەبەستتان لە پاداشتی خودایی چیە؟

**ئەبراهام:**

- پادداشتی خودایی ئاکامی ملکەچیە بۆ بڕیار و فەرمانەکانی خودا و بەهرەمەندبوونە لە بەخشندەیی ئەو و بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی ڕۆحیە. بڕیاری لەلای ئێمە نیە ئەو مرۆڤە پاداشت دەکەینەوە یاخود نا، بڕیار لەلای خودای گەورەیە. بەڵام بەگوێرەی پەیامەکەی ئێمە مرۆڤ بەپێی فەرمان و بڕیاری خودا بجوڵێتەوە پادداشتی چوونە بەهەشت وەردەگرێت، هەروەها ژیانێکی باشتر و رزقی زۆرتری پێدەدرێت لەم دنیایەدا.

**ئاراک:**

- بەڵام خوداکەی تۆ فەرمانت پێ بکات کارێک بکەیت بچێتە خانەی تاوان و ئازاردانی کەسانی ترەوە؟ کاتێک بەڵێنت پێ بدات پادداشتت بداتەوە تۆ لەو

حاڵەتەدا بە قسەی دەکەیت؟ پاداشتەکە دەبێت بە هۆکار بۆ قبووڵکردنی ئەو فەرمانە؟ تۆ چاوەڕێی پاداشت بوویت کاتێک ئەو کارەت کرد؟

**سەرگۆن:**

- لەڕاستیدا هەرگیز خودا مرۆڤ بەرەو تاوان ئاراستەناکات و لەمبارەیەوە هیچ نیگەرانیەک پێویست نیە.

**لۆگال:**

- بەڵام ئەوەنیە فەرمانی کردووە بە ئەبراهام پەیکەری خوداکان بشکێنێ؟ ئەگەر ئەوە تاوان نەبێت ئەی چی تاوانە!

**ئەبراهام:**

من ئەوە بەتاوان ئەژمارناکەم و گەیاندنی پەیامێک بووە و مەبەستم لە ئەنجامدانی ئەو کارەش پاداشت نەبووە. بەڵکو پەیامی بەئاگاهاتنەوە و بەهۆشداهاتنەوە بووە. پاشان ئەوانەی ئێوە وەک خودا ناویان دەبەن چ پاداشتێکیان کردوون؟ ئەوانە بتن نە سزایان هەیە و نە پاداشت، بۆیە ناتوانن ببن بە خودایەک بەسەر سەری خەڵکەوە و ژیانی هەموان لەڕێگەی پەرستنی ئەوەوە رێکبخرێت.

**لۆگال:**

- پەیوەندی ئێمە بە خوداکانەوە نە بۆ سزایە نە بۆ پاداشت. بۆیە لەم شارستانیەتەدا مرۆڤ لێپرسراوە و بەکارە و چاوەڕێی ئەنجامی کارەکانی خۆیەتی چ باش بێت یان خراپ. سزا و پاداشتی خودایی و وێستگەی تاوان و پاڕانەوە بۆ لێخۆشبوون ئەمانە بیرۆکەی تازە و نامۆن بە ژیانی ئەمڕۆی ئێمە. ئێمە کۆمەڵگا و شارمان هەیە و خۆمان بڕیارمان داوە و دیاریمان کردووە چ کارێک تاوانە و چ کارێک ناچێتە خانەی تاوانەوە. وە ئەگەر تاوان ئەنجام درا پێویستە دادگایی کردن و سزا هەر لەم دنیایەدا هەبێت و پێویستی بە سزای ئەو دنیایی نیە. چونکە تاوان ئەگەر ئەنجامبدرێت بە پەشیمانبوونەوە و پاڕانەوە شوێنەوارەکانی ناسڕدرێتەوە، بەڵکو بە قەرەبوو وە پابەندکردنی بەرانبەر بە پێ بژاردن بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیەوە. ناکرێت تۆ مەڕی کەسێک سەربڕیت و دواتر بڵێیت پەشیمانم، تاوانبارەکە رووبکاتە خودایەک و بڵێت نزا و پاڕانەوەم ئەوەیە قەرەبووت بکاتەوە، وە بەوجۆرە خۆی لە تاوانەکە بێ بەری بکات.

**ئەبراهام:**

- من نەمووتووە با لەم دنیایەدا سزای کەس نەدرێت. بەڵام پێش هەموو شتێک سزای خودایی پێویستە و بنەڕەتە. پاشان دانانی یاسا و پەیڕەو بۆ جێبەجێکردنی پەیام و ووتەکانی خودا و سزادانی دنیایی ئەو کەسانەش کە خوداپەرستی ناکەن.. ئەمە ڕێگا چارەیە.. ئەو هەموو سزایە لە یاساکاندا هەیە بەڵام مرۆڤ بەردەوامە لە تاوانکاری و کاری خراپە. بۆیە یەکەم شت بەوەی یەکەم دەست پێبکە، چونکە پاداشت و سزای خودایی تێیدایە ئەوسا ئەوەی دووەم ڕێژەی گوناه و تاوان کەمدەکاتەوە.

**لۆگال:**

- من دان بەوەدا دەنێم کە یاسا شارستانیەکان هیچ پاداشتێکیان دانەناوە بۆ کەس ئەگەر کاری چاکەی کرد. ئەمە بۆشاییەکی گەورەی ژیانی مرۆیی و شارستانی ئێمەیە. بەڵام ئێمە بە یاسا نا ، بەڵکو بە ڕێزلێنان پاداشتی کردەوە و کاری چاکەمان کردۆتەوە. باوانی خۆمان و کەسانی چاکمان پیرۆزکردووە و خوداکانیش لەمەدا هاوکارمان بوون. بۆیە چارەسەر ئەوەیە ئەو کارانە زیادبکەین، مرۆڤە چاکەکان پاداشت بکەینەوە و بیانکەین بە نموونەی جوان. ئەمە دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ کەسانی تر تا چاویان لێبکەن و خۆیان لە کاری خراپە دووربخەنەوە. خراپەکارانیش بەجۆرێک سزا بدەین کە بەرەو کاری چاکە بڕۆن. بەڵام ئەوەی ئەبراهام دەیڵێت زۆر جیاوازە لەوەی ئێمە باسی دەکەین..

**سەرگۆن:**

- هیچ جیاواز نیە. ئەگەر مرۆڤ پێش هەموو شتێک لە خودایەکی تاک و تەنها بترسێت و بزانێت کە لەهەموو شوێنێکە و ئاگای لەهەموو شتێکە، وە چاودێرە بەسەریەوە، ئەوکات زیاتر پابەند دەبێت بە یاساکانیشەوە. ئەوکات هەم لە خودا دەترسێ و هەم لە دەسەڵات.

لۆگال و دەستەکەی دەیانەوێت تەنها لە باسی سزادان و ئەشکەنجەدا بین تا لەم ڕێگەیەوە خوداکەمان ناشرین بکەن. لەکاتێکدا هیچ خودایەک نیە وەک ئلۆهیمی خودا پاداشتی مرۆڤ بکاتەوە. ئەوان دەیانەوێت هەر لایەنی سزادان و

ئەشکەنجەدانی مرۆڤ تۆخ بکەنەوە، بەڵام لەبنەڕەتدا خوداکەمان مرۆڤی زۆر خۆشدەوێت و پاداشتی ئەزەلی بۆ داناوە.

**لۆگال:**

- ئێمە خەریکین بۆ پاساودانی ئەو کردەوە تاوانکاریە شتێکی نوێ دەبیستین. جگە لە سزای ئەزەلی پاداشتی ئەزەلی هاتەناوەوە. ئەمە چ جۆرە پاداشتێکە؟ پاشان بۆ ئلۆهیم بە دەستێک مرۆڤ ئازار دەدات و بەدەستەکەی تر پاداشتی دەکاتەوە؟ هانی مرۆڤ دەدات کردەوەی لەو جۆرە بکەن کە بە تاوان ئەژماردەکرێت بۆ ئەوەی پاداشت بکرێنەوە. ئەمە یەکەمجارە ببیستین مرۆڤ تاوان بکات و چاوەڕێی پاداشتی خودایی بێت! پێشتر تاوانبارێک کە هەڵدەستا بەکاری دزیکردن بۆ دەسکەوت و کەلوپەلێک ئەو کارەی دەکرد، ئێستا دەبینین کە تاوانکردن بۆ دەسکەوتی رۆحی و خوداییە.

**ئەبراهام:**

- ئلۆهیمی خودا بەخشندەیە و پادداشت لەلای ئەو بنەڕەتە نەک سزا. کاتێک هەڕەشەی دۆزەخ لە مرۆڤ دەکات، لەبەرئەوەیە مرۆڤی خۆشدەوێت و دەیەوێت پادداشت وەربگرێت نەک سزا بدرێت.

**لۆگال:**

- بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ هۆشیار و ژیر بێت و لەبەردەم هەڵبژاردندا بێت هەرگیز ئەو جۆرە خۆشەویستیەی ناوێت و هەڵی نابژێرێت کە ژێرەوەی دۆزەخ بێت. بەهەرحاڵ بنەڕەتی کێشەکە ئەوەیە ئێوە باسی ترساندن و پادداشت کردنەوە دەکەن و ئێمەش باسی رێکخستنی ژیانی ئاسایی خەڵک دەکەین بەجۆرێک نەبێت بەهۆی تاوانکردن. ئەوەتا ئەبراهام لەروانگەی خودایەکەوە تاوانێکی کردووە و پێی وایە تاوان نیە. ئێمە وای دەبینین ئەبراهام و دەستەی بەرگری نەیانتوانی روونکردنەوەی تەواو بدەن و پەیوەندی ئەو دوانە بپسێنن. چونکە ئاشکرایە ئەو جۆرە پادداشتانەی ئێوە باسی دەکەن واتە مژدەی گەورە بۆ زیندووبوونەوە و چوونە ناو ژیانێکی تر، دەبێت بە هاندەر بۆ تاوانکردن، چونکە خودایەک هەیە داوای ئەوە دەکات و فەرمانی پێدەکات. وە بەپێی قسەکانی ئەبراهام پەیوەندی ئەو

لەگەڵ خوداکەیدا پەیوەندیەکی بەندەیی تەواوە، چونکە خوداکەی بێ هەڵەیە و بێ فەرمانی ئەو خودایە دەچێتە خانەی یاخیبوونەوە لەخودا و پێشتر مرۆڤ باجی یاخیبوونی خۆی داوە. بۆیە ناتوانن بێ فەرمانی بکەن. ئەمەش هەمیشە ئەو مەترسیە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە کە ئەگەر ئەو خودایە داوای کارێکی کرد و تاوان بوو، ئەوکات ئەوان ناچارن جێبەجێی بکەن تا لەبەهەشتی ئەو دنیا و پاداشت بێبەش نەکرین.

بەڵام بۆچی هەر سەرمان بەرزدەکەنەوە بۆ ئاسمان و لەزەوی دوورمان دەخەنەوە،؟ تەواوی سەرنجەکانمان بۆ جێهێشتنی ئەم دنیایە و وەرگرتنی پاداشتی بەهەشتیی دەگوێزنەوە.

**ئەبراهام:**

- پەیامی ئێمە ئەوە نیە تەنها خوداپەرستی بکەن و بۆ ئەو دنیا بژین و چاوەڕێی پاداشت بن واز لەم دنیایە بهێنن. بەڵام ووتومانە کە چاوەڕوانی زۆرتان لەم ژیانە نەبێت چونکە ئەم ژیانەی ئێستا کاتی و ڕاگوزەرە، ژیانی ئەو دنیایی هەمیشەیی و هەتا هەتاییە، بۆیە گرنگ ئەوەیە ژیانی ئەمڕۆ تەرخانبکەین بۆ خوداپەرستی و ژیانی نەمری داهاتوو. ئەگەر دەسکەوتیشمان کەم بێت یان ژیانمان ناخۆش بێت دواجار خودا بە ژیانێکی هەتایی خۆش قەرەبوومان دەکاتەوە.. بۆیە نابێت ژیانی ئێستا بەفیڕۆبدەین و لەخوداپەرستی دەربچین و بە گوناه بەسەری بەرین، چونکە ئەگەر وابکەین هەم ئەم ژیانە و هەم ژیانی نەمری داهاتوومان لەدەست دەچێت.

**لۆگال:**

- ئەگەر کار و کردەوەی ژیانی ئێستامان ئەوە دیاری بکات کە کێ بۆ هەمیشە لە دۆزەخە و کێ بۆ هەمیشە لە بەهەشت، کەواتە ئەم ژیانەی ئێستا بنەڕەتی و سەرەکیە نەک ژیانی دوای زیندووبوونەوە. بۆچی دەبێت ژیانێکی بچوک و کورت و کەم کە بەشێکی زۆری بە مناڵی و ناپێگەیشتوویی بەسەردەبرێت و نیوەی بەخەوتن و بەشێکی تری بە پیری و پەککەوتەیی، دەڵێم بۆچی دەبێت ئەم ژیانە کەمە ببێت بە بنەڕەت بۆ ئەو ژیانە نەمریەی باسی دەکەیت. ژیانێکی کورت و کاتی بنەما بێت بۆ ژیانێکی هەتایی و ئەزەلی! بەڕاستی ئەمە وەک گریمانەش

وەربیگرین دابەشکردنێکی ناعادیلانەیە و ستەمێکە کە خوداکەی ئەبراهام لە مرۆڤ کردوویەتی.

**سەرگۆن:**

خودا ستەم لە مرۆڤ ناکات ئەگەر مرۆڤ خۆی ستەم لە خۆی نەکات و بەکار و کردەوەی خۆی دۆزەخ هەڵنەبژێرێت.

**ئەبراهام:**

- من دەڵێم تۆ لەم ژیانە کاتیەدا بەهیوای چیت دەستبکەوێت. بۆچی بە خوداپەرستی و یەکتاپەرستی بەسەری نابەیت و ئەو قەرزەی لەسەرتە بیگەڕێنیتەوە بۆ خوداکەی خۆت.

**لۆگال:**

- بۆچی ئێمە قەرزاری ئەو خودایەی ئێوەین؟ پێشتر ووتتان ئێمە گوناهبارین و بە ئەگەرێکی زۆریشەوە تاوانبارین، ئێستاش ووشەی قەرزاربار دەبیستین. ئەمەیان بۆ ئێمە تازەیە. هەستدەکەم ئەبراهام وەک گوناهباری کردین، هاوکات قەرزار باریشی کردین. ئەی ئەو قەرزەی باسی دەکەیت لە چیەوە هاتووە، چۆن بیدەینەوە؟ بۆچی ئێمە دەبێت قەرزارباری ئەو خودایە بین؟ ئایا ئەو کارەی ئەبراهام کردوویەتی بەشێکە لە دانەوەی قەرز؟

ئەبراهام بە دەنگێکی تورەوە وەڵامی دایەوە..

**ئەبراهام:**

- چۆن مرۆڤ قەرزداری خودا نیە. هەموو گەردوون قەرزارباری ئەو خودایەیە چونکە ئەو هەموو ئەم دنیایەی دروستکردووە، من و ئێوەشی دروستکردووە و هەمووتان دەبێت سوپاسگوزاری بن و کڕنۆشی بۆ بەرن، بەڵام ئەو خودایانەی ئێوە دەیانپەرستن وەک بت وان و خۆتان دروستتان کردووە!

**پیرەژنێک** دوای ئەم قسانە لەناو خەڵککەوە بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- سوکایەتی بە خوداکانمان مەکە، لێت قبووڵ ناکەین، ئەوەی تۆ دەیڵێیت تاوانە. هەقە بتخەینە ئاگرێکەوە و تیایدا ببیت بە سووتوو.

کۆمەڵێکی تریش لە دوای قسەی ئەم پیرەژنەوە حەماس گرتنی و وەک کۆمبارس دەیانووتەوە:

- بیسوتێنن، لە ئاگردا بیسوتێنن.

ئاراک داوایکرد هێمنی بپارێزن و دەنگەدەنگ و هاوارکردن ڕاگرن. ئەگینا پرۆسەکە ڕادەگیرێت.. پاشان روویکردە ئەبراهام:

**ئاراک:**

- تۆ بۆ پاساودانی شکاندنی سومبولە پیرۆزەکان ئەوەت ڕاگەیاند کە ئەو خودایانە بتن، واتە دروستکراون، دەتەوێت بڵێیت تۆ ناتەوێت هیچ پەیکەر و سومبولێک بۆ خوداکان لەم شارەدا هەبێت چونکە ئەوانە نیشانە و سومبولی خوداکەی تۆ نین؟

**ئەبراهام:**

- بەڵێ من ڕازی نیم بە بوونی ئەو جۆرە بتانە لەم شارەدا. چونکە بوونی ئەوانە بە تاوان دەزانم بەرانبەر بە خودایەک کە نەک هەر مرۆڤ بەڵکو هەموو ئەم دنیایەی تیایدا دەژین ئەو دروستیکردووە.

**لۆگال:**

- بەپێی باوەڕی گشتی ئێستای ئێمە خودا مرۆڤی دروست نەکردووە، مرۆڤ و خوداکان پێکەوە هەن و پێکەوە دەژین، گیان لەبەرن و هاوژیانی یەکترن. نە ئێمە خودامان دروستکردووە نە ئەوانیش ئێمەیان دروستکردووە. مانگ و ئەستێرەکان و خۆر و هەوا و دەریا و ئاو و هەموو ئەوانەی تر وەک ئێمە لەم سروشتەدا هەن و گیانلەبەرن و دەجوڵێنەوە. نە ئێمە ئەوانمان دروستکردووە نە ئەوانیش ئێمەیان دروستکردووە. هەریەکەمان خاوەنی گیانێکین و لەیەک سروشت و یەک ژیان و کایە و گیانی هاوبەشداین و جیا لەیەکتر نین.. دیارە پێشتر ڕامان وانەبووە و بەجۆرێک ئەوانەی ئەبراهام وەک بیرۆکە باسی دەکات لای ئێمە کۆمەڵە چیرۆکێک بوون و دەماودەم گێردراوەتەوە و هەندێکیان لەسەر تەختە قورینەکان و بەردەکان نوسراونەتەوە. بۆیە داوای لێدەکەم چیرۆکە کۆنەکان لەبەرگ و شێوەی نوێدا وەک پەیامێکی ئاینی نوێ بۆ کار و کردەوەی تاوانکاری بەکارنەهێنێت.

**ئەبراهام:**

- پەیامی من جیایە لەوانەی پێشوو. هەروەها ئەوانەی ئێوە وەک خودا رووی تێدەکەن، زۆربەیان بێ گیانن، خوداکەی من وەک دەرکەوتەی نور و دەسەڵاتی خۆی دروستیکردوون. ئەوەی کە گیانلەبەرە مرۆڤ و ئاژەڵانی ترن خودای تاک و تاقانە کە خاوەنی رۆحێکی گەورەیە، رۆحی کردووە بە بەری ئەوانیشدا و دروستیکردوون. ئێوە گیانلەبەر و بێ گیان لەیەکتر جیاناکەنەوە و بتخانەیەکتان دروستکردووە و ناوتان ناوە پەرستگا، کە تەنها شایانی ئەوەیە لەناوبچێت.

**لۆگال:**

- ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت کە گوایە بێ گیانن هەموو وەک ئێمە لە جوڵەیەکی بەردەوامدان و هیچیان نەوەستاون. بۆیە بەپێی باوەڕی تا ئێستای ئێمە ئەوانە گیانلەبەرن و خۆمان بەجیاواز نازانین لەگەڵیان. بەڵام ئەوەی تۆ باسی دەکەیت خۆ جیاکردنەوەیە لە سروشت و ژینگەی دەوروبەر و بەجۆرێک پلە و پێگەی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە و ئەوانی تر نزمتر. پاشان ئەبراهام تۆ ئێمە بە گەمژە و نەزان دەزانیت کاتێک ........

**لەم کاتەدا سەرگۆن هەڵی دایە:**

- ئەبراهام وای نەوتووە و قسە و ووتەکانی مەشێوێنە!

**لۆگال:**

- راستە راستەوخۆ نەی ووتووە بەڵام ناراستەوخۆ قسەکەی ئەوە دەگەیەنێت. ئەگینا کێ هەیە نەزانێت ئەو پەیکەرو سومبولانەی دروستکراون خۆیان ناجوڵێنەوە، بەڵام هێمان بۆ گیانی خودایەک کە جوڵە و بوونی هەیە و بۆ ئەوە دانراون تاکو لە گیانی ئەوان نزیکتربینەوە و بەرجەستەی بکەین. تۆ بە بەردەوامی بەوانە دەڵێی بت و بە پەرستگای گشتی دەڵێی بتخانە، بەڵام ئەوە بزانە کە ئەوانە هیچ نین جگە لە بەرجەستەکردنەوە و نزیکبوونەوە لە گیانی ئەوان و راگەیاندنی یەکبوونی گیانەکان لەگەڵ یەکتر.

بەڵام دەترسم ئەم جیاکردنەوەی تۆ بمانگەیەنێت بە ئەنجامێکی ترسناک، چونکە ئەوەی تۆ باسی دەکەیت ئێمە لە سروشت و ژینگەی دەوروبەر جیادەکاتەوە و

بەجۆرێک ئێمە دەکات بە بنەڕەت و ئەوانی تر بە پاشکۆ! پێموابێت ئەمەش نادروستە. بەڵام ئەگەر ئەو شتانەی باسی دەکەیت بێ گیانن دەتوانیت بۆمان روونبکەیتەوە کە بۆچی دەجوڵێنەوە و چۆنچۆنی لە جوڵە و هات و چۆدان؟

**ئەبراهام:**

من دەزانم هەموو ئەوانە بێ گیانن، بەڵام نازانم یان رەنگە نەتوانم بەڵگەیەک بخەمەڕوو کە چۆن دەجوڵێنەوە، بەڵام دەزانم خودایەکی یەک-گیان هەیە دەیانجوڵێنێتەوە و هاتوچۆ یان پێدەکات، ئەو هەموو ئەوانەی دروستکردووە و رێکی خستوون و دەیانهێنێت و دەیانبات !

**لەم کاتەدا** کۆمەڵە خەڵکێک لەناو ئامادەبووواندا بە دەنگێکی نیمچە بەرز دەستیان کرد بە پێکەنین.. بۆیە ئەبراهام لای کردەوە بەلای ئەواندا و رووی تێکردن:

- ئێوە تەماشا بکەن ئەم دنیایە زۆر گەورەیە و هەموو ئەم شتانەی تێدایە، ناکرێت ئەم دنیایە لە خۆیەوە دروست بووبێت و هەروا هەبێت و لە خۆوە بجوڵێت و کاربکات. یەکێک هەیە دروستیکردووە و رێکی خستووە و بەرپرسە لەهەموو.

**لۆگال بە کەمێک توڕەییەوە هەستایە سەرپێ:**

- جا ئەوە کەی قسەی پیاوی هۆشمەند و ژیرە! هیچ شتێک لە خۆیەوە دروست نەبووە و لە خۆیەوە کارناکات. من لە دایک و باوکێک بووم و ئەوانیش هەروەها. ئاژەڵان رۆژانە یەکتری بەرهەمدەهێننەوە، تەنانەت کاتێک یەکتری دەخۆن یەکتربەرهەم دەهێننەوە و یەکتری دروست دەکەن. پرۆسەی ژیان پرۆسەی یەکتر دروستکردن و یەکتر بەرهەمهێنانە و لەم پرۆسەیەشدا خوداکان بەشدارن، چونکە خوداکانیش یەکتر دروستدەکەن و یەکتر بەرهەمدەهێننەوە. بەڵام کاتێک تۆ بێیت بڵێیت هەموو ئەم شتانە یەک سەرچاوەی هەیە و دروستکراوی یەکێکە، دەڵێم ئەم قسەیە لە گریمانەی بوونی دەستێکی نادیار هیچی تر نیە. ئەوکات منیش دەتوانم بڵێم ئەی ئەو دەستە نادیارە دروستکەرە کێیە و لەچیەوە هاتووە؟ مادام باسی دروستکردن دەکەیت، نەک بوونێکی هەبوو، دەبێت بزانیت کە دروستکەر کێیە و کەرەسەکان و پارچەکانی دروستکردن چین و چۆن ئەو پارچە و کەرەسانە

شتێکی نوێی لێ دروستکراوە؟ پاشان ئەگەر هەموو دنیا یەک ڕێکخەر و دروستکەری هەبێت دەبێت ئەو پرسیارەش بکەین کە ئەو یەکە کێ دروستی کردووە؟ چۆن کەسێک لە دەرەوەی تێکڕای ئەم بوونانەوە هاتووە ئەم بوونەی دروستکردووە؟ کاتێک ئەو پرسیارانە بکەین چی ڕوودەدات؟

بێگومان پرسیارەکان بێ وەڵامن و هەردوو لایەن لە مەسەلەی خەلق و دروستکردندا وەک یەکیان لێدێت. پرسیار لەیەکتری دەکەین و هیچمان نەماتوانیوە لە قسە زیاتر هیچی تر پێشکەش بکەین، ئاشکرایە قسەش نابێت بە بەڵگە بۆ کەس. بۆیە باشترە ئەوەی هەیە وەک بوونێکی هەبوو وەربگرین و بیناسین و ئەزموونی بکەین. ڕۆشنە هەموو شتە دیارەکان زۆربەیان سەرچاوەکانیان لەبەرچاوی ئێمەن و دیارە بەشێکیان نەزانراون. بەڵام کاتێک نازانین و نایانناسین نابێت وەک ئەبراهام بە کردەی دەستی نادیار و نەناسراو ناویان بەرین !

**خاتوو ئان ڕوویکردە ئەبراهام:**

- من لەوەتەی هەم و چاوم کردۆتەوە خۆر و مانگ و ئەم سروشتە دەبینم و نەمبینیوە و نەمبیستووە کەس دروستی کردبێت، یان دەستێک لە پشتیانەوە بێت مانگ و خۆرەکە و هەوا و ئاو و ئەوانی تر بجوڵێنێت. بۆیە لەڕوانگەی ئێمەوە ئەوانیش گیانیان هەیە بۆیە دەجوڵێنەوە، وەکچۆن ئێمە و ئاژەڵان و زیندەوەرانی تریش خاوەنی گیانن و لەبەرئەو هۆیە دەجوڵێنەوە. من کاتێک نانار (مانگەخودا) وەک مێ خودایەک دەپەرستم دەزانم نانار چیە و لە کوێیە و بۆچی باشە، هەربۆیە ڕووی تێدەکەم و گیانی ئەو بە بەشێک لە گیانی خۆم دەزانم. پەیکەر بۆ نانار دروستبکرێت بە ڕێزەوە تەماشای دەکەم و وا دەزانم گیانی ئەو لەو پەیکەرەدایە و بە بەشێک لە گیانی خۆمی دەزانم.

**ئەبراهام:**

- من دووبارەی دەکەمەوە مانگ و خۆر و ئەوانی تر هیچیان خاوەنی گیان نین. ئەوانە دروستکراوی خودان و ئەو دروستیکردوون و دەیانجوڵێنێت. تەنها خودای تاک و تەنهای من گیانی هەیە و گیانی بەخشیوە بە مرۆڤ و لە شێوەی خۆی دروستیکردووە. ئەو هەستاوە لە قوڕ یەکەمین مرۆڤی خولقاندووە و گیانی خۆی

بەبەردا کردووە، پاشان ئاژەڵان و هەموو زیندەوەرانی تری بۆ خزمەتی ئەم خولقاندووە.

**لۆگال:**

- بەپێی باوەڕی پێشووی ئێمە هەموو شتەکان لەیەکتریەوە هاتوون و بەجۆرێک یەکتریان بەرهەمهێناوە و یەکتری بەرهەمدەهێننەوە. تەنانەت بەپێی یەکێک لە چیرۆکە باوەکانی ئێمە کە لەسەر تەختەقوڕینەکان تۆمارکراوە و نوسراوە و لە زەقورەی شاردا پارێزراوە "مامی" مێخودا لەلایەن خوداکانی ترەوە ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ژن و لە پیاو دروستبکات، ئەویش ئەو کەرەسەیەی پێی سپێدرابوو کردی بە چواردە پارچەوە، حەوت دانەیانی کرد بە مرۆڤی مێ و حەوتەکەی تر بە مرۆڤی نێر. بۆیە چیرۆکە کۆنەکانی ئێمە هەریەکەیان بەجۆرێک باسی دروستبوون و دروستکردنی کردووە. یەکێک لەچیرۆکە تۆمارکراوەکان ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە لە سەرەتادا ڕووەکەکان سەریان لە خاکەوە دەرهێنا و دروستبوون، پاشان کرمەکان، پاشان ئاژەڵان دروستبوون. مرۆڤیش سەرەتا وەک ئاژەڵانی تر دەژیا، لەبری دوو پێ وەک چوارپێ دەڕۆیشت، تائەوکاتەی لە خوداکانەوە فێری ناندروستکردن و بەرهەمهێنانی بوو وە گەیشت بەم مرۆڤەی ئێستا. بۆیە لەمبارەیەوە ئێمە خاوەنی چیرۆکی جیاواز و هەمەچەشنین. بەشێک لەو چیرۆکانە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر شارستانیەتی ئێمە و بوو بەهۆی وێرانکاری و زیان. بۆیە داوا لە ئەبراهام دەکەم چیرۆکێکی هاوشێوەی زیانبار نەکات بە پەیامی خۆی، پێدەچێت ئەبراهام پەیامەکەی بەشێکی زۆری گێڕانەوەی چیرۆک بێت و قسەی بێ بەڵگەی زۆر دووبارەدەکاتەوە. چیرۆکی خوڵقاندنی مرۆڤ لە قوڕ و گڵەوە شتێکی نوێ نیە.. پێشتر خوداکانی ئێمە پیشەی گڵکاریان پیرۆزکردووە. پیشەکارانی هەزاران ساڵە لە قوڕ و لیتە و گڵی ڕووبارەکان هەموو شتێکیان دروستکردووە و نەخشاندوویانە. وە پیشەکە هێندە پیرۆزبووە کە یەکێک لە چیرۆکەکانی خولقاندن باس لەوە دەکات مرۆڤ لە گڵ و قوڕ و لیتەوە دروستکراوە و بەخوێنی خودا گڵەکە شێلراوە و تێکەڵی بووە و مرۆڤی لێ درووستبووە. بۆیە ئەم چیرۆکانە هیچیان تازە نین.. ئەوەی تازەیە ئەوەیە کە دەڵێت

یەک خودا هەیە نەک دەیان و هەزاران. وە تەنها یەک خودا هەموو کارەکانی کردووە و ئەم بانگەشەیەش هیچ کات لەناو ئێمەدا جێگای قسەو باس نەبووە.
باشە فەرموو ڕوو بەم جەماوەرە بەڵگەیەک نیشانبدە کە ئەم ژیانە تەنها یەک خودای تێدایە، وە ئەو خودایەش مرۆڤی خولقاندووە؟ یان هەموو شتەکانی تری دروستکردووە؟ یەک بەڵگەی بچوک تا باوەڕت پێ بهێنین، نەک تەنها قسە و گریمانە.

**ئەبراهام هەڵیدایە:**

- بەڵام من ئەوانە بە قسە و بە گریمانە نازانم، لەلای من بەڵگەیە و باوەڕم پێیەتی و خودا خۆی پەیوەندی پێوە کردووم و ئیلهامی پێبەخشیوم و فێری کردووم.

**سۆمار لە دەستەی دادوەری:**

- یانی ئەم قسانەی تۆ دەیکەیت قسەی خۆت نین و فێری نەبوویت و فێرکراویت بۆیە باوەڕت پێیەتی؟ باشە ئەو خودایە بۆچی بە تەنها تۆ فێردەکات و جگە لە تۆ پەیوەندی بە کەسانی ترەوە ناکات؟ بۆچی تەنها پەیوەندی بە تۆوە دەکات؟ ئەگەر وەک تۆ باسی دەکەیت ئێمەش دروستکراوی ئەوین با پەیوەندی بە ئێمەشەوە بکات یان ئیلهامێک بدات بە کەسانی تر. هۆکار چیە تەنها ئەو خودایەی باسی دەکەیت گوایە هێندە گەورە و بەهێزە بەڵام تەنها لەڕێگەی زمان و کرداری تۆوە خۆیمان نیشان دەدات و تەنها پەیوندی بە یەک کەسەوە دەکات و نایکات بە دوان!

**کەسێک** لەناو ئاپۆرای جەماوەرەکەوە بە دەنگێکی نیمچە بەرز هاواریکرد:
- خودا بۆ خۆی دەزانێت و ئێوە نازانن؟ خوداکەی ئێمە خۆی باشترین مرۆڤ هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە پێشەوا و پەیامبەر.

**لۆگال:**

- باشە ئەم بوغرایی و خۆبەزلزانینەی یەکتاپەرستان چیە؟ بۆچی دەبێت هەموان لە خزمەتی تۆدابن، ئەی ئەبراهام تۆ چیت لە ئێمە زیاترە وا خودا هەڵیبژاردوویت، تۆش هەر مرۆڤیت وەک ئێمە لە گۆشت و لە خوێن؟ یان ئێمە چیمان زیاترە لەو ئاژەڵانەی دەورووبەر وا خۆمان بە خوداوەند و نوێنەری خودا ئەژماربکەین و ئەوانەی تر بە خزمەتکار؟

**کەسێک** لەناو ئاپۆڕای جەماوەرەوە خۆی بەرزکردەوەو بە حەماسەوە هاواریکرد:
- ئەم ئەبراهامی خۆ بە پەیامبەرزانە فێڵبازە. پەیامی فێڵبازی و جادووگەری و گومڕایی بڵاودەکاتەوە. لە ئاگردا بیسوتێنن.

**هەندێکی تر** دووبارەیان کردەوە:
- لە ئاگردا بیسوتێنن. لە ئاگردا بیسوتێنن.

ئەبراهام خۆیشی دوای ئەم هاوار و دروشمانە حەماس گرتی و هاواریکرد:

**ئەبراهام:**
- من پەیامبەری خودام بمخەنە ئاگریشەوە ناسوتێم، ئەوە جیاوازیەکەی من و ئێوەیە! خوداکەم ئەوەندە بە دەسەڵاتە رێگە نادات من بسوتێم !

**کەسێک** لەناو ژاوە ژاو و غەڵبەغەڵب و بەرزبوونەوەی هاواردا هاواریکرد:
- درۆزن، درۆزن.

دەستەی دادوەری دادگا داوای بێدەنگی لەهەموان کرد و پاش کەمێک هەموو لایەک بێدەنگ بوون. پاشان دەستەکە چەند روونکردنەوەیەکی بە پێویست زانی:

**ئاراک:**
- هەموو لایەک گوێبگرن، ئەمە دووەمینجارە داوای سزایەک دەکەن کە لە شارستانیەتی ئێمەدا رەوا نیە. یاسا رێگەی پێ نەداوین کەس لە ئاگردا بسوتێنین، ئەبراهام مرۆڤێکە وەک ئێمە و کوشتنی مرۆڤیش لای ئێمە قەدەغە و تابۆیە. لەوەش واوەتر سەربڕینی ئاژەڵەماڵیەکانیش دیسانەوە تابۆیە و ئەوان بۆ شیر و خوری و بەرهەمەکانی تر سوود لێوەردەگرین و لەزۆربەی حاڵەتەکاندا گۆشتەکانیان حەرامکراوە. وە تەنها لەحاڵەتی زۆر پێویست و لەناکاودا نەبێت سەرنابڕدرێن.. کوشتنی ئەو جۆرە ئاژەڵانە تاوانی بە ئەنقەستە و لە ژێر هەر بیانوویەکدا بێت قەدەغەیە و هەر کەسێک بیکات بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست دادگایی دەکرێت. بەڵام کوشتن بە کوشتن وەڵام نادرێتەوە. ئێمە بە هەزاران دەردیسەری هەوڵدەدەین ژمارەی مرۆڤ زیادبکەین و زاوزێ زۆر بێت و کاری ئاودێری و بازرگانی و خزمەتکاری پەکی نەکەوێت.. بۆیە لە مێژە کوشتن

بەهەموو جۆرەکانیەوە قەدەغەکراوە. سزای ئێمە کوشتن نیە و ئەگەر زۆرینەی ئەم خەڵکەی لێرە کۆبۆتەوە داوای ئەو سزایەش بکەن ئێمە ناتوانین بڕیاری لێبدەین، تەنانەت ئەگەر ئەبراهام خۆیشی ڕازی بێت بخرێتە ناو ئاگرەوە ئێمە ئەو بڕیارە نادەین.

مەبەست لە سزادان لەم شارستانیەتەدا پێشگرتنە بە تاوان و دواجار تۆڵەکردنەوە نیە لەو کەسانەی تاوانبارن بەڵکو ناچارکردنیانە بۆ ئەوەی خزمەت بکەن و دواجار لە پرۆسەیەکدا بگۆڕێن و پەروەردەبکرێن وەک مرۆڤێکی بەسود. سەرکەوتنی ئێمە لەوەدایە مرۆڤێکی تاوانکار بگۆڕین بە مرۆڤێکی بەسوود، سوودێک بگەیەنێت بە خۆی، یان بە سروشت و بە ئاژەڵان و ئەوانی تر، هەرچەند ئەو سوودە کەم و بە ئەندازەیەکی بچوکیش بێت. ئەو کاتە سەرکەوتووین تاوانبار بکەین بە خزمەتکار، نەک بەخێوی بکەین و لە زیندانێکدا دایبەستین و خەڵکی تریشی پێوە سەرقاڵ بکەین.

**ئاراک** دوای ئەم قسانە ڕوویکردە لۆگال و هاوەڵەکانی:

- ئێوە لە بارەی دواهەمین قسەی ئەبراهامەوە دەڵێن چی؟

**لۆگال:**

- ئەگەر ئەو قسەیەی ئەبراهام وەک گریمانە بە ڕاستی وەربگرین کە دەڵێت ئەو تاوانەی کردوویەتی خۆی فێری نەبووە و نەیزانیوە بەڵام فێریان کردووە دیسانەوە لە ماهیەت و ناوەڕۆکی کارەکە ناگۆڕێت. چونکە بۆ دیاریکردن و ناساندنی تاوانێک حاڵەتی مرۆڤێکی ئاسایی خاوەن بڕیار و بە هەست و هۆش وەردەگرین. بۆیە تۆمەتبار لێرە لە دۆخێکی ئاساییدایە و بانگەشەی ئەوەی کە فێرکراوە لەلایەن سەرچاوەیەکی خوداییەوە لە بوون و ڕوودانی تاوانەکە کەم ناکاتەوە. بۆیە ئەو قسانە تەنها ڕەنگە وەک پاڵنەرە مەعنەویەکانی تاوانەکە کەڵک و سوودی هەبێت.

**ئاراک ڕوویکردە ئەبراهام:**

- ئەبراهام تۆ خوداکەت چی فێرکردوویت؟ ئایا ئەو فێری کردیت کە ئەو کردارە ئەنجامبدەیت؟ پاشان تۆ دەتەوێ لەڕێگەی پەیامەکەت و ئەو جۆرە کردارانەوە چی فێری خەڵک بکەیت؟

**ئەبراهام:**

- پەیامەکەی من پەیامی زانین و هۆشیاریە، بتپەرستی و فرەخودایی نەفامی و نەزانیە. لەو ڕێگەیەوە وویستم مرۆڤ لەو نەفامیە دەربچێت و رووبکاتە خودای تاقانە و بە ئاگابێتەوە. بتەکانم شکاند تاکو هەمووتان تووشی هەژان و ڕاچڵەکین بکەم. کردەوەکە بۆ هەژاندن و بە ئاگاهاتنەوەیە، چونکە خودانەناسی ئەوپەڕی نەزانی و نەفامیە. بۆیە ئەو کردارە تاوان نیە بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ بەهۆشهاتنەوە و بەئاگاهاتنەوە.

**لۆگال:**

- ئەبراهام پێی وایە ئەم شارە نووستووە و دەیەوێت پەیامی بەخەبەرهاتنەوەی پێ بگەیەنێت. هەقە بپرسین ئێمە لە سەردەمی نەزانیدا دەژین؟ هۆشمان بەخۆمانەوە نەماوە و چاوەڕێین پاڵەوانێک بێت و لەم خەو و بێهۆشیە خەبەرمان بکاتەوە؟

**سەرگۆن:**

- کردارێک بە تاوان ئەژمارناکرێت ئەگەر ئەوە پەیامەکەی بێت، چونکە بۆ کارێکی پیرۆزە و ئەنجامەکەی هەمووان کەڵکی لێوەردەگرن. ئێمە پێمانوایە لە بری تۆمەتبارکردن دەبوو ستایشی ئەبراهام بکەن و هەموان سوپاسگوزاری بن.

**لۆگال:**

- بەڕاستی شتێکی زۆر نوێ دەبیستین: تاوانی پیرۆز! تاکو ئێستا ئێمە هەوڵ بۆ زانین و فێربوون لەلامان پیرۆزبووە بەڵام ئێستا وادەبیستین کە مرۆڤ تاوانی پیرۆزی پێویستە و دەبێ ستایشکاری بین. بە ڕاستی سەیرە!

**سەرگۆن:**

- ئەبراهام پەیامی پیرۆز دەگەیەنێت نەک شتێکی تر. خودای تاقانە پیرۆزە و زانین و زانیاری کاتێک رەوایە و پیرۆزە کە ببێت بەهۆی خوداناسی واتە گەیشتنەوە بە ئلۆهیم.

**لۆگال:**

- کەواتە بەپێی تێگەیشتن و پەیامەکەی ئەبراهام زانین و زانیاری ئەگەر بۆ ئەوە نەبێت قەدەغەیە یان زیانبەخشە؟

**ئەبراهام:**

- زانین و زانیاری کاتێک خراپە و زیانبەخشە و شیاوی ئەوەیە قەدەغەبکرێت کە ببێت بەهۆی دووركەوتنەوە لە خودای تاقانە. زۆرجار زۆرزانی مرۆڤەکان دەگەیەنێت بە کاری خراپە و وەک خوداکەی من پێی ووتوم مرۆڤ دەگەیەنێتەوە بە شەیتان! شەیتانیش لوتکەی زۆرزانی یان فێلزانی و لەخودا یاخیبوونە، هێزێکی گەورەیە بۆ تێکدان و دوورخستنەوەی مرۆڤ لە خوداکەی خۆی.

لە ڕاستیدا مرۆڤ دەیەوێت هەموو شتێک بزانێت، بەلام پەیامەکەی من ئەوەیە کە دەبێت لەوە تێبگات کە ئەو نازانێت و هەرچی بکات ناگاتەوە بە خودا کە سەرچاوەی هەموو زانیاریەکە. بۆیە لاساییکردنەوەی خودا مەحالە و بێ هوودەیە. باشترە تەسلیم بێت و ڕێگای زانین بکات بە ڕێگای خوداناسی نەک ڕێگای دەرچوون لە فەرمانی خودا و یاخیبوون لێی.

**لۆگال:**

- هەوڵی مرۆڤ بۆ زانین لە سروشتی خۆڕسکی ئەودایە. من خۆم نازانم مەبەست لە ووشەی شەیتان چیە و ئایا ئەوەی باسی دەکات خودایەکی ترە و ناوی شەیتانە یان چی! بەلام بەو قسانەدا وادیارە ئەبراهام و ئەو خودا تاقانەیەی بانگەشەی بۆ دەکات لە مرۆڤی زۆرزان زۆر دەترسن. گوایە زۆرزانیەکەی دەبێت بەهۆی دووركەوتنەوە لە خودا و ئاکامەکەی گوناهکردن و تاوانکاریە!

دیارە من هاوڕام کە ئێمە نابێت شانازی بە زانین و زانیاری و دەسەڵاتی خۆمانەوە بکەین، پێشتر وامانکردووە و باجەکەمان داوە، بەڵام ئەوەشمان بیرنەچێت کە نەزانی بنەمایە بۆ کاری زیانبەخش و تاوانکاری. ناکرێت زانین بەسەرچاوەی تاوان بزانین و بەبیانووی دووركەوتنەوە لە خودایەکی نەناسراو ڕێگای لێبگرین یان قەدەغەی بکەین، یان پێمانوابێت هەوڵی زانین ئەنجامەکەی تاوان و یاخیبوونە. لەڕاستیدا مرۆڤ نەزانێت تووشی تاوان دەبێت، واتە زۆرجار نەزانیی مرۆڤ بەرەو تاوان و کاری هەڵە دەبات و گەر بەباشی بڕیاربدات، چاکە و خراپەی خۆی و دەوروبەری جیابکاتەوە و هۆشیاربێت خۆی لە تاوان بەدوور دەگرێت و ویژدانی زیندوو دەبێت و بەئاگای دەهێنێتەوە.

ئەو تێگەیشتنە و ئەو پەیامە بە ئەلقەیەکی تر دەبینم بۆ پالپشتی کردنی تاوانەکەی ئەبراهام کە بەداخەوە ناویان ناوە تاوانی پیرۆز یان بە قسەی ئەوان ڕاچڵەکاندنی پیرۆز!

**ئەبراهام:**

- مرۆڤ بەهۆی ئەوەی کەمێک دەزانێ لەخۆی بایی بووە، وادەزانێت زۆرشت دەزانێت و ئیتر پێویستی بەخودا نەماوە، زۆرزانەکانیان کەوتوونەتە پەلاماردان و زوڵم و ستەمکردن لەوانی تر و چەوسانەوەیان، خۆیان کردووە بە خودا بەسەر ئەوانی ترەوە، ناچاریان کردوون بت بپەرستن. بۆیە پەیامەکەی من و خوداکەم بۆ بە ئاگاهاتنەوەی مرۆڤی لەخۆبایی و هیچ نەزانە. ئەوەی دەیزانێت تەنها کۆمەڵە زانیاریەکی زۆر کەمە کە بەش بەش پێی گەیشتووە. بۆیە بنەڕەت ئەوەیە خۆمان بە هیچ بزانین، پاشان لەڕێگەی خوداپەرستیەوە داوای زانیاری و دانایی بکەین بۆ باشکردنی ژیانمان.

**لۆگال:**

- مرۆڤی نەزان بۆچی بنەڕەتە. ئەویش دەزانێت و بۆ زانیاری زیاتر داواش لە خوداکان دەکات یارمەتی زیاتری بدەن.

لەم کاتەدا ئەبراهام تووڕە دیاربوو، بە هەڵچوونێکەوە ووتی:

**ئەبراهام:**

- کامە خودا؟ ئەو بتانەی دەیپەرستن ! ئاخر باشە پێم ناڵێن ئێوە لەو بتە خودایانەوە چی فێربوون؟

**لۆگال:**

- باشە ئەی خوداکەی تۆ چی فێرکردووین؟

**ئەبراهام:**

- هەموو شتێک.. ئەو بووە کە یەکەم مرۆڤی فێری زانین و زمان و ووشە و ناوەکان و ناسینی رووەک و ئاژەڵان کردووە!

**لۆگاڵ:**

- دیسانەوە کۆمەڵێک قسەی بێ بەڵگە و گریمانە. هیچ کەس نەیبیستووە کە لەو مێژووە دوور و درێژەی ژیانی مرۆڤدا رۆژێک لە رۆژان خودایەکی تاقانە

هەبووە ناوی ئیلۆهیم بووە و هەموو ئەو شتانەی فێری مرۆڤ کردووە. کێشەی ئەبراهام و هاوەڵەکانی ئەوەیە لەهەموو شتێکدا دەیانەوێت مرۆڤ لەخۆی داماڵن و لەڕێگەی نێوانگریەکەوە کە خودای ئیلۆهیمی ناو ناوە، دەگەنەوە بە یەکتر، لەوە دەچێت بۆ هەموو شتێک خودامان پێویست بێت.

لەمەشدا زانین لە مرۆڤ و لە سروشتی خۆرسکانەی ئەو دادەماڵێت، پاشان دەڵێ لە ڕێگەی خوداوە مرۆڤ و زانین دەگەنەوە بەیەکتر. ئەمەش هەڵگەڕانەوەیەکی ترسناکە، چونکە هەمیشە مرۆڤی نەزان بەر هەمدەهێنێت .

مرۆڤ خۆی زانایە، خوداکانیش زانان. هەردووک پێکەوە بۆ زیاترکردنی زانایی هەوڵدەدەن، کاری خوداکان قەدەغەکردنی زانین و زانیاری نەبووە، بەڵکو یارمەتیدانی مرۆڤ بووە بۆ زۆرتر فێربوون. زانینی حەرامکراو لەلای ئێمە نەریت نیە، بەڵکو زانین پیرۆزکراوە و بۆ ئەوەیە مرۆڤ بە تواناتر و داناتر بێت، کاتێک ئەوە مسۆگەربوو، خوداناسی لەجۆری تر دەستپێدەکات.

پاشان مرۆڤەکان بەیەکەوە فێربوون، لە گەورەکان و باووباپیرانی خۆمانەوە زۆر زانین و دەسکەوت و ئەزموونمان بۆ بەجێماوە. ئەوان و ئێمەش بە هەزار و یەک دەردی سەری فێری ئەوانە بووین کە ئێستا دەیزانین و بە دژواریەکی زۆر دەیگوێزینەوە بۆ نەوەکانمان. خۆشبەختانە نوسین و نوسینەوەمان داهێناوە و ئێستا بەشێوەیەکی ئاسانتر زانیاریەکان تۆماردەکەین و بۆ ئەوانی تری بەجێدەهێڵین و لەبەرئەو هۆیە نەوەکانمان لە خۆمان زیاتر دەزانن.

**ژنێک** لەم کاتەدا لەناو ئامادەبووانەوە ووتی:

- منداڵەکەی من زۆر زیاتر لە من دەزانێت.. زۆر ووریاترە لە خۆم.

**ئەبراهام:**

- من ناڵێم خەڵکی ئێستا هیچ نازانێت و هەموویان نەزانن. بەڵام دەڵێم بەراوورد بە خودا مرۆڤ دەبێت کڕنۆش بەرێت و خۆی بە نەزان بزانێت. هەروەها دەبێت لەڕێگەی خوداپەرستی و یەکتاپەرستیەوە بۆ زانین هەوڵبدات نەک لەڕێگەی کۆمەڵە بتێکی بێ گیان و نەزانەوە. ئەوانە هیچ فێری مرۆڤ ناکەن. ڕوویان تێ

بکەن و قسەیان لەگەڵ بکەن، بزانن یەک بتیان یەک ووشەی لە دەم دێتەدەر؟ یەک جوڵە و کاردانەوەی هەیە.

**لۆگال:**

- ئەبراهام پێی وایە خەڵک چاوەڕێیە پەیکەرەکان قسە بکەن و بجوڵێنەوە! هەموو کەس دەزانێت ئەوە چاوەڕوانی و قسەی کەسێکی ژیر و زانا نیە. بۆ جارێکی تر دەیڵێمەوە ئەوانە بۆ نزیکبوونەوە لە گیانی ڕاستەقینەی خوداکان دانراون. نزیکبوونەوە و بەرجەستەکردنی پەیوەندی مرۆڤ و خوداکانی خۆیەتی. بەڵام لە تۆ دەپرسین ئەبراهام چۆن بزانین خوداکەی تۆ قسەدەکات و دەجوڵێتەوە و زانیاری دەدات بە مرۆڤ؟ چۆن بزانین کە ئەوە شتمان فێر دەکات و خۆمان بەئەزموونی خۆمان فێری شتەکان نابین؟

**ئەبراهام:**

- من خۆم گوێم لە دەنگی بووە و ئەو پەیامی بۆ ناردووم و ئیلهامی پێبەخشیووم، هەروەها ئەو یەکەم مرۆڤی سەر ئەم زەویەی دروستکردووە و فێری زانیاری و دانایی کردووە.

**لۆگال:**

- بەگریمانەی ئەوەی ئلۆهیم یەکەم مرۆڤ و باوانی ئێمەیان فێرکردووە و زانیاریان پێداون. باشە خۆ تەنها ئەم شارستانیەتە بوونی نیە، شوێنە دوورەکانی تر پڕە لە خەڵک و هەریەکەیان بە زمانی جیاواز دەدوێن و تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە و خودای جیاوازیش دەپەرستن. باشە ئەم هەموو زمان و ووشە جیاواز و تێگەیشتنە جیاوازانە چیە؟ بۆ بەیەک زمان و یەکجۆر نادوێن و ڕووناکەنە ئەو خودا تاک و تەنهایەی ئەبراهام باسی دەکات؟ یان ئەو مرۆڤەی یەکەمجار خودا درووستیکردووە، بۆچی دواتر درووستکەرەکەی خۆی نەناسیوە؟ خودا مرۆڤی بیرچووبۆوە یان مرۆڤ خودای بیرچۆتەوە؟ بۆچی خودا دوای هەزاران هەزار ساڵ پەیام دەنێرێت بۆ مرۆڤ، ئایا لەو ماوەدرێژەدا پەیامێک پێویست نەبووە یان کەسێکی وەک ئەبراهامی دەستنەکەوتووە قسەی لەگەڵ بکات؟ یان بۆچی کەسێکی

وای درووست نەکردووە پەیامەکەی بگەیەنێت پێیان؟ ئێمە چۆن بزانین ئەوەی ئەبراهام دەیڵێت قسەی خودایەکە؟

**ئەبراهام:**

- من وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەم لەلا نیە، خوداکەم هێشتا زانیاری زۆرتری لەو بارەیەوە پێ نەگەیاندووم. بەڵام یەک هۆکاری سەرەکی بۆ باسکردووم کە ئەویش ئەوەیە خەڵک تاهاتووە زۆربووە و ئەوەیان بیرچۆتەوە!

**لۆگال:**

- باشە ئەگەر ئەو قسەیە ڕاستی تێدا بێت خۆ دەبێت بەشێک لە خەڵک یان هیچ نەبێت کۆمەڵەیەک لە خەلک هەبن ئەوەیان بیرنەچووبێتەوە؟

**ئەبراهام:**

- هۆکاری ئەو بیرچوونەوەیە ئەوە بوو مرۆڤەکان بەتەواوی لە خوداکەی خۆیان یاخیبوون و پەنایان برد بۆ فرەخودایی و بتپەرستی، بۆیە خوداش لێیان توڕەبوو، لافاوێکی هەڵساند و هەموویانی لەناوبرد! تەنها چەند کەسێکی رزگارکرد کە خۆی هەڵیبژاردن تاکو بمێننەوە و سەرلەنوێ ژیان دەستپێبکەنەوە!

**لۆگال:**

- باسی لافاوە گەورەکەمان بۆ مەکە. تۆ خەریکی ڕووداوی لافاوە گەورەکە بەجۆرێکی تر بۆ خزمەتی پەیام و باوەڕ و خوداکەی خۆت بەکاردەهێنیت.. ئێمە هەموو دەزانین لافاوە گەورەکە زۆرکەسی لەناوبرد و شارە گەورەکانی ئەم شارستانیەتەی وێرانکرد. تا ئێستاش هۆکارەکەی نازانین، بەڵام هیچ پەیوەندی بە خوداکان و مرۆڤ و نەفرەت و تووڕەبوونی ئەوانەوە نەبوو. پاشان زۆر کەس لەدوای لافاوەکە ژیانیان دەستپێکردوە. زۆر خەڵک ڕایکرد بۆ ناوچە و کێوە بەرزەکان و ئەوانەی ئەو کارەیان کرد لە ئاودا نەخنکان و ڕزگاریان بوو، سەرلەنوێ ژیانیان دەستپێکردەوە و ئێمە ئێستا درێژەی ئەوانین و باسی ئەوەش لە ئارادا نەبووە کە رزگاربووەکان خودایەکی تایبەتی ڕزگاری کردوون.

باشە ئەگەر وەک گریمانە ئەوە بڵێین کە رزگاربووەکان خودایەک رزگاری کردوون، بۆچی پاش ئەو کارە سوپاسگوزاری نەبوون؟ بۆچی ئەو خودا

رزگاریدەرەیان بیرچۆوە و پەنایان بردەوە بەر فرەخودایی و وەک تۆ دەڵێی بتپەرستی؟

**ئەبراهام:**

- هەموو کەس تووشی لەبیرچوونەوە نەبووە، ئەوەتا من لێرەم و پەیامبەرم و خەڵک باوەڕیان بە پەیامەکەم هێناوە! بەڵام من دەڵێم نابێت مرۆڤ ئەوەی بیربچێتەوە کە خودا دروستیکردوە، فێری هەموو شتێکی کردووە و لە نەزانی دووری خستۆتەوە، لە لافاو رزگاری کردووە، و...تاد. هەروەها ئەم هەموو زمانە جیاوازەی فێری مرۆڤ کردووە، وە تەکنیک و کەرەسە جیاواز و زۆری خستۆتەبەردەست. گەر ئەو کارەبکات و بیری بچێتەوە دیسانەوە خودای خۆی تورەدەکات و لافاوێکی تر یان رەنگە ئەمجارە هەموو دنیای بۆ ژێرەو ژووربکات و مرۆڤ لەناوبەرێت.

دوای ئەم قسانەی ئەبراهام ژاوە ژاو بەرزبۆوە و ترسێک وەک بروسکە لەناو ئامادەبووواندا چەخماخەی لێدا.

**یەکێک** لەبەر خۆیەوە دەیووت:

- "لافاوێکی تر بەڕێوەیە، ئەی هاوار" !

**یەکێکی تر:**

- "تۆ بڵێی ئەم قسانەی ئەبراهام ڕاست بێت'؟

**یەکێکی تر:**

- ئەم کابرایە یان شێت بووە یان جادووگەرە!

**یەکێک تر:**

- کورە قسە لە شێت یان مناڵ، بەخودا ئەمە شێتە و جارێکی تر تیاچووین!

**بۆ رەواندنەوەی ئەو ترسە ئاراک وەک سەرۆکی دادگا ووتی:**

- ئەبراهام ئەگەر پەیامێکت هەیە زانین و زانیاری لەخۆ دەگرێت و پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە پێشکەشی بکە بەڵام ترساندنی خەڵک بە ڕووداوی نەخوازراو، یان

رووداوی لەناوچوونی دنیا کارێکی هەڵەیە و ترساندنە. بۆیە لێرەدا بووەستە.
ئەگینا ڕێگای قسەکردنت پێ نادەین.
پاشان ئاراک بریاریدا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پشوو ڕابگەیەنرێت.. دوای ئەوە دەستکرایەوە بە پرۆسەی دادگاییکردن.

**ئاراک roوویکردە ئەبراهام:**

- لەبارەی زانین و زانیاریەوە دەمانەوێت زیاتر روونکردنەوە هەبێت.. بە تایبەتی تۆ کردارێکت ئەنجامداوە کە پێشتر بیرت لێکردۆتەوە و پلانت بۆ داناوە و پاشان جێبەجێت کردووە، واتە کردارەکە بە ئەنقەستە و بەرێکەوت نەکراوە و پاڵپشتی هزری و عەقڵی هەیە. بۆمان روونبکەرەوە کێ فێری کردوویت کە بەو جۆرە پلان دابنێیت و کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدەیت؟

**ئەبراهام:**

- دەمەوێت ئەوە دووبارە بکەمەوە کە من نامەوێت هیچ کەس بترسێنم و تکایە بەهەڵە لە پەیامەکەم تێ مەگەن و بەقسەی کەسانی گومڕا هەڵمەخەڵەتێن. دواتر من هەموو شتێک خوداکەی خۆم فێری کردووم و ئەوانەی بیرهێناومەتەوە، منیش دەمەوێت بە بیری ئێوەی بهێنمەوە. چونکە باسی زانین و زانیاری دەکرێت من دەڵێم یەکێک لە هۆیەکانی زانین بیرهاتنەوەیە. دەبێت هەمیشە خوامان لە یادبێت و ئەوە بزانین کە ئەو فێری هەموو شتێکی کردووین.

**لۆگال:**

- دەی باشە گریمان وایە، با بەجۆرێک هەموانی فێربکردایە تا کەس ئەوی لەیاد نەچێت.. ئەوەتا ئێمەی مرۆڤ دایک و باوک و کۆمەڵە رووداوێکمان لە یادە هەرگیز لەیادمان ناچێت.. گەر خودا هەمیشە هەیە و ئامادەیە بۆچی پێویستی بە کەسانی وەک تۆیە بیرمان بهێنێتەوە کە خودایەکی تاقانە هەیە؟ لەراستیدا ئەوە بیرهاتنەوە و بیرهێنانەوە نیە بەڵکو هەوڵێکە بۆ دروستکردنی خودایەکی نوێ و بەزۆر فێرکردن و سەپاندنی بەسەر خەڵکدا و ......

**ئەبراهام:**

- پەیامی من بەزۆر کەس فێرکردن نیە، خوداکەی من پێویستی بەو ڕێگایانە نیە. بەڵام ناکرێت خودایەکی تاقانە هەبێت هەموو شتێکی فێرکردبێت و سەرچاوەی

زانین و زانیاری تۆ بێت، بەلام تۆیەکی بەندە و خولقێنراو سوپاسگوزاری نەبێت و زانین ناسی نەبێت بە خوداناسی..

**لۆگال:**

- بۆ جارێکی تر ئەوە دەڵێمەوە کە ووتنەوەی کۆمەڵە رستەیەک بەو مانایە نیە کە ئەو قسانە تەواون یان ڕاستن. لەوە دەچێت ئەبراهام هێندە لەبەرخۆیەوە ئەو قسانەی ووتبێتەوە لێی بووبێت بە ڕاستی و حەقیقەت و پێی وابێت هیچ بەڵگەیەک بۆ پاڵپشتیکردن و قەناعەتهێنان بە بەرانبەر پێویست نیە. بەڕاستی من ئەوە بە نەخۆشی دەبینم. جۆرە نەخۆشیەکی نەزانراو هەیە کە وادەکات مرۆڤ تووشی ئەو ووڕێنە و خەیاڵبازیە بێت و قسە و کرداری خۆی لێ بێت بە ئەفسانە!

لەم کاتەدا سێ کەس کە یەکێکیان لەوان سەرگۆن بوو لەدەستەی بەرگری هەستانە سەرپێ و روویان کردە دادگا:

**سەرگۆن:**

- بەڕێزان دەستەی تاوانبارکردن دەیانەوێت ئەبراهام وەک نەخۆش و ناتەواو لەباری عەقڵیەوە بناسێنن. ئەمە نارەوایە. ئەو بە تەواوی لەسەر هۆشی خۆیەتی و پەیامبەری خودایە.

**ئاراک روویکردە دەستەی سکاڵا:**

- بەڕێزان ئێوە پێتان وایە ئەبراهام لەباری هۆش و هزریەوە نەخۆشە و تۆمەتباری دەکەن بە ناتەواوی؟

**لۆگال:**

- ئێمە نەمانووتووە نەخۆشە یان عەقڵ و هۆشی لەدەستداوە بەڵام دەڵێین جۆرە نەخۆشیەکی لەو جۆرە هەیە، وا لەمرۆڤ دەکات هەمیشە قسە و وێنەی بێ بەڵگە و چیرۆکی خەیاڵکرد بڵاوبکاتەوە و دەڵێین باشترە ئەبراهام کە ئەو رەفتارە هزریانە نیشان نەدات، شتەکان وەک چیرۆک بۆ ئێمە نەگێڕێتەوە بەڵکو فاکت و بەڵگە و ئەزموون و شاهید و گەواهیدان بخاتەڕوو.

**ئاراک روویکردە ئەبراهام:**

- بۆ ئەوانەی باسکران، فێرکردنی مرۆڤ لەلایەن خوداکەی تۆوە، وە چیرۆکی لافاوە گەورەکە و رزگاربووەکانی، وە هەروەها نەمانی داهاتووی دنیا و شارستانیەتەکان هیچ بەڵگەیەکت هەیە؟

**ئەبراهام:**

- من داوای بەڵگە لە خوداکەی خۆم ناکەم. ئەو هەرچی بە من دەڵێت لای من حەقیقەتی رەهایە و هیچ بەڵگەیەکی ناویت. ئەو بڵێت ماست رەشە منیش دەڵێم رەشی قەترانە. بۆیە من پەیامەکەی دەگەیەنم و هیچی تر. ئەوانەی ئێوە وەک چیرۆک باسی دەکەن ئەوە مێژووی ڕاستەقینەی هەمووومانە. دەبێت هەموو بیزانین و لەیادمان بێت و بیری نەوەکانی داهاتووی بهێنینەوە. داهاتووش لای خودای گەورەیە و لای من نیە..

**لۆگال:**

- بەڵام ئەو چیرۆکانەی تۆ باسی دەکەیت ئەگەر لێرە لە شاری ئور و شارەکانی تر بەجۆرێک هەن، هەرچەند بەوجۆرەی تۆ لەسەر زمانی خەڵک نیە، بەڵام بیستوومانە لە شوێنە دوورەکانی تر شارستانیەت هەیە لەوەی ئێمە زیاتر گەشەیکردووە، هۆکارەکەی نازانین بەڵام وەک دەڵێن ئەوان خوداپەرست نین و وەک ئێمە خوداکان ناپەرستن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەزانن و زانیاری زۆریان هەیە و خەڵک چۆتە ئەو شوێنانە زۆر شتیان لێ فێربوون. ئەی ئەو خەڵکانە چۆن فێربوون کاتێک خودایان لەگەڵ نەبووە؟

**ئەبراهام:**

- من نازانم شارستانیەتی لەوجۆرە هەیە یان نیە.. بەڵام دەزانم مرۆڤ لە ئاستی خوداکەی خۆیدا هیچ نەزانە و دەبێت خۆی بە نەزان بزانێت! رەنگە لەشوێنێکدا زۆر بزانن بەڵام دواجار ئەو زانایيە بۆ خراپەکاری و کاری زیانبەخش بەکاردەهێنن. مرۆڤ هەر ئەوەندە دەبێت بزانێت کە بگاتەوە بە خوداکەی خۆی. رێگای زانین ڕێگای گەیشتنەوەیە بە خوداکەی من ئیلۆهیم..

گەر زۆر بزانێت و خودا نەناسێت ئەنجامەکەی خراپەکاریە، بەکارهێنانێتی بۆ ستەمکاری و لاوازکردنی ئەو کەسانەی کە نازانن و دانایی و زاناییان کەمە.

هەروەها دەبێت بەهۆی دوورکەوتنەوەی زیاتر لە خودا و ئەنجامدانی کاری شەیتانیی.

**لۆگال:**

- ئەبراهام دەترسێت مرۆڤ زیاتر بزانێت ئیتر کەس شوێنی نەکەوێت، بە پەیامبەری نەزانێت.. بنەڕەت مرۆڤی نەزانە.. مرۆڤی زانا دەبێت بەو شتەی کە پێی دەڵێت شەیتان، بۆیە لە زانین دەترسێت.. لە زۆرزانی، لە زانیاری و دانایی. لەکاتێکدا ئێمە هیچ کات لەوانە نەترساوین..

کاتێک مرۆڤ زۆرتر فێربووە، لە هەندێک لە خوداکان زیاتری زانیووە ئیتر وازی لە پەرستنی ئەو خودایانە هێناوە و لەو بوارەدا بەتەواوی پشتی بەخۆی بەستووە. ئەو جۆرە خودایانەش کارەکەیان تەواوبووە و پەیامەکەیان گەیشتووە. بەڵام پێدەچێت پەیامەی ئەبراهام بەجۆرێک بێت مرۆڤ هەرگیز لە دەسەڵاتی ئەو خودایە ڕزگاری نەبێت.. چونکە ناهێڵێت زیاتر بزانێت، هەروەها بەردەوام دەیترسێنێ و ..... کاتێک ئەبراهام تاکە سەرچاوەی زانیاری بێت کە لە خوداوە وەک پەیام وەربگیرێت، وە پەیامەکان وەک دەق وابن و فەرمانپێکراو بێت ئەوکات لە ترسی خودا کەس ناتوانێت لێی دەربچێت.

بەڵام کاتێک سەرچاوەکانی زانیاری هەر خۆی وهاوەڵەکانی بن، ئەوکات چی ڕوودەدات؟ زانیاری و فەرمانەکان لەدەستی کەمینەیەکدا قۆرخدەکرێت، زانیاری لە زۆرینە بە پاساوی خوداناسیەوە قەدەغەدەکرێت. لەبەرئەم هۆکارە زانین و زانیاری دەوەستێ و گەشە ناکات.. مرۆڤ دەبێت چاوەڕێی خودا بێت ئیلهامی بۆ بنێرێت.. یان شتی زیاتری فێربکات و خۆی دەستەوسان دادەنیشێت و ئەو کارە ناکات. ئەمەش واتە تەمبەڵی هزری و وەستان و پاشکەوتن و چەقبەستن..

کاتێک پێویستمان بە نوێ بوونەوەیە چی بکەین؟

**ئەبراهام:**

- خودا هۆش و عەقڵی داوە بە مرۆڤ و دەتوانێت بەکاری بهێنێت. بەڵام بۆ هەموو شتێک نا، بەڵکو بۆ گەیشتنەوە بە خوداپەرستی و خوداناسی. ئەوەی دەبینرێت زۆرزانی و زانینی ئێستا تاهاتووە مرۆڤی لە خودا دوورخستۆتەوە و تەنانەت ڕەنگە ئەو بگەیەنێت بە گومڕایی زیاتر و بێ خودایی تەواو.. خۆی لێ بێت بە

خودا گوایە هەموو شتێک دەزانێت و چی تر پێویستی بە خودا نەماوە.. بۆیە دەڵێم ئەو جۆرە زانین و زانیاریە رێگەپێدراو نیە.. هەروەها پەرستنی خودای هیچ نەزان وەک بتەکانی ئێوە دیسانەوە پێویستی بەوەیە رێگەی پێ نەدەین..

پاشان نابێت لە کەمی زانیاری و زانینی خۆمان بترسین و بڵێین دواکەوتووین. چونکە ئێمە خودایەکمان هەیە کە خۆی هەموو شت نوێدەکاتەوە، پەیامبەری نوێ دەنێرێت و بەردەوام زانیاری تازە دەدات بە مرۆڤ و پەکی ناکەوێت. ڕاستە لەڕێگەی پەیامبەرەکانەوە دەبێت، بەڵام ئەوانیش لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەیدا درێغی ناکەن. پەیامی من دژی نەزانینە. دژی ئەوانەیە کە ئێوە وەک بت داتان ناون و هیچ نازانن.

من ویستم لەڕێگەی شکاندنی بتە نەزانەکانەوە پەیامی زانین و زانایی بڵاوبکەمەوە نەک بە پێچەوانەوە.

**لۆگال:**

- کارەکەی ئەبراهام تاوانە چونکە هەوڵێکە بۆ سەپاندنی ئایدیا و باوەڕ و پەیامی کەسێک یان چەند کەسێکی دیاریکراو بەسەر خەڵکی تردا، بە بیانووی زانایی و دانایی و دژایەتی نەفامی. بەڵام دواجار ئەم پەیامە دروستکردنی مرۆڤی نەزان و ترسنۆک و هزرپەس و مێشک ووشکهەڵاتووە. مرۆڤێک هەم لەخودا و هەم لە هزر وبیرکردنەوە دەترسێت.

سەبارەت بە زانین و زانیاریەکانیش دوا ووتەم ئەوەیە کە مرۆڤ لەپڕێکدا نەبووە بەکوڕێ، ئەو زانین و زانیاریانەی هەیەتی لە ئاسمانێکی دوورەوە وەری نەگرتووە. خۆی و خوداکان لەسەر ئەم زەویە بە دژواری زۆرەوە فێری بوون و لەبیر و هزری خۆیاندا فێربوونەکانیان پاراستووە و نەوە دوای نەوە بۆ یەکتریان گواستۆتەوە. پاشان لەسەر نەخشی بەرد لەسەر تەختە قوڕینەکان فێری نوسین بوون و تۆماریان کردووە. بۆیە فێربوون و ناسین پرۆسەیەک بووە کە تیایدا هەر نەوەیەک لەسەر شانی پێش خۆی ڕاوەستاوە. لەم پرۆسەیەدا پرۆسەیەک بووە لە فێربوون و زانین و گواستنەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.. خوداکان یارمەتیان داوین بەڵام هۆکار و سەرچاوەی زمان و هۆش و بیری ئێمە نەبوون. خۆشمان ڕۆڵمان هەبووە.

**ئاراک:**

- ئەبراهام بەپێی پێوست تێگەیشتین کە خوداکەی تۆ سەرچاوەی زانین و زانیاریە. بەڵام بۆچی ئەو خودایە راستەوخۆ ئەوانە نابەخشێت بە هەموو مرۆڤەکان، وەک یەک زانیاری و هۆشیان ناداتێ، ئەوەتا بە قسەی خۆت یەکەم زانیاری داوە بە پەیامبەرێکی پیاو، پاشان لەڕێگەی ئەوەوە دەیگەیەنێت بە پیاوانی تر، ئنجا بە ژنان.

**ئەبراهام:**

- بەڵام مادام ئەم باسەتان کردەوە دەمەوێت ئەو پەیامەی ترتان پێبگەیەنم کە لای خودا پیاو زاناتر و زیرەکتر و لە پێشترە وەک لە مێ، وە خودا ژن ناکات بە پەیامبەر چونکە لەناو مرۆڤەکانیشدا پیاوی بەپلەی یەکەم هەڵبژاردووە و هۆش وبیری زیاتری داوەتێ و ژنانی بۆ خزمەتی ئەوان دروستکردووە!

**ژنێک** لەم کاتەدا هاواریکرد:

- ئێمەش وەک تۆ مرۆڤین، خزمەتکاری پیاو نین.

**خاتوو شەم بە توڕەییەوە:**

- تۆ بەم قسانەت خەریکە بەناوی یەکتاپەرستیەوە پێگەی پیاو بەرزدەکەیتەوە و پێگەی ژن دەهێنیتەخوار و بە کەم عەقڵی ئەژمار دەکەیت. ئەمەش نایەکسانی و هەلاواردن و نادادپەروەریە ! خوداکانی ئێمە رێگەیان بە کارێکی لەو جۆرە نەداوە.

**ئەبراهام:**

- خودا ژنانی بەوجۆرە دروستکردووە و خەلقی خوداکەی من لە ئەزەلەوە وایە. ئەوە بڕیار و فەرمانی ئەوە و من لەوەدا هیچ دەسەلاتێکم نیە.. پاشان خۆتان سەیرکەن ژنان خۆیان پێگەیان لە خوارەوەیە و تادێت بەرەو خوارتریش دێن. خۆ ئەوە من نیم ئەو کارە دەکەم.. مەگەر کێڵگە ئاودێریەکان و بەرووبوومەکان و دانەوێڵە کە سەرچاوەی خۆراکی هەموومانە بەدەست پیاوانەوە نیە و ئەوان خاوەنی نین؟ کاری ڕاوشکاری و کاری بازرگانی و هێنانی کەلوپەلە بازرگانیەکان پیاوان دەیکەن و موڵکی ئەوانە و ژنان ناتوانن لە خێزان و

منداڵەکانیان دووربکەونەوە و کاری لەو جۆرە بکەن. پاراستنی ئەم شارە لە هێرش و پەلاماری دەرەکی و چوون بۆ جەنگ و بەکارهێنانی کەرەسەی جەنگی هەر کاری پیاوانە و هەمووشمان دەزانین ئەوانە چەند گرنگن. کاری ڕاوشکاری پیاوان دەیکەن و بەرهەمەکەی دێننەوە. خوداکەی من ئەو ڕاستیانە وەکخۆی دەبینێ، بۆیە بە جیاواز لە خوادکانی ئێوە یان ئەوانەی بە ناوی خوداوە بانگیان دەکەن کاری پیاوی پیرۆزکردووە و پلەی یەکەمی پێبەخشیوە.

**لۆگال:**

- ئێمە مەگەڕێینەوە بۆ چیرۆکە کۆنەکان، مەگەر تۆ ئەبراهام لە ژنێک لە دایک نەبوویت، مەگەر نازانیت ئەو کارە چەند گەورە و پیرۆزە، مامانی خودا خۆی سەرپەرشتی لە دایکبوونی منداڵان دەکات و ئەو کارەی پیرۆزکردووە . ئەگەر لە دایکبوون و نوێبوونەوەی مرۆڤ هێندە  گرنگ و پڕبایەخ نەبوایە خودایەکی تایبەتی سەرپەرشتی ئەو کارەی نەدەکرد. بەتایبەتی لە ئێستادا ئێمە زۆر پێویستمان بە مرۆڤی ترە، کێڵگەکانمان ئاودێری زۆرتری دەوێت و هێزی کارمان پێویستە بۆ پەرەپێدانی. لەبەرئەوەی شاری ئور پەلاماری شوێنە دوورەکان نادات و هێنانی کۆیلە و بە کۆیلەکردن قەدەغەکراوە، وە بەهۆی ئەو پەتایەوە کە دووساڵ لەمەوپێش بڵابۆوە دانیشتوانمان زۆر کەمی کردووە، بۆیە مامانی خودا زۆر بەجددی هەوڵدەدات کە زاووزێ زیاتر و زۆرتر و پیرۆزتر بێت و ئەگەر ئێمە پێگەی ژن لاوازبکەین و پەیوەندی نێر و مێ تێکبچێت دەبێت بەهۆی تێکچوونی زاووزێ.

گەر واشبێت و ئەو قسانە ڕاستبێت و پێگەی ژن و مێ خوداکان بەراوورد بە پێشوو لاوازبووبێت، بەڵام تۆ خەریکی ئەو کارە پیرۆز دەکەیت و دەیکەیت بە کاری خوداکان، وەکئەوەی خوداکان لە ئەزەلەوە ژنیان وەک خزمەتکار و پلە نزم و نیوە پیاو دروست کردبێت.. ئەمەش نا هەقی و نادادپەروەریە.. پێشتر خوداکان بە نێر و مێی و مرۆڤەکانیش بە نێرو مێ هاوبەش و هاوژینی یەکتر بوون. لە ئەنجومەنی خوداکاندا ژنان پێگەیەکی یەکسانیان هەبووە. لەناو مرۆڤەکانیشدا نێر و مێ وەک یەک بوون و زۆربەی کارەکانی خێزان و بنەماڵەکان ژنێک تیایدا

وەک سەرۆک خێزان یان وەک هاوژین رۆڵی هەبووە، لە پیاو رۆڵی کەمتر نەبووە.
تەنانەت زۆرجار پێگەی ژنان زیاتر بووە چونکە هەموان دەزانین ئەرکێکی گەورەی لەدایکبوون و نوێبوونەوەی مرۆڤ لە ئەستۆی ئەوانە، وە هەمیشە مرۆڤ پێویستی بەو بەخشندەیی و میهرەبانیە هەیە کە ژن دەیبەخشێت و هۆکارە بۆ بەهێزبوونی پەیوەندیە مرۆییەکان. گەر تەرازووەکە بەلای پیاودا لاسەنگ بێت و ئەو ببێت بە سەروەر رەنگە زۆر لەو دەسکەوتە مرۆییە گەورانەمان لەدەست بچێت. گەر ژنان تووڕەبکەین و بڕیاربدەن کە سەرجێی لەگەڵ پیاوان نەکەن چی روودەدات؟

**ئەبراهام:**

- لەو مەسەلەیە مەترسە، چونکە خودا سزایان دەدات ئەو کارە بکەن و لە خزمەتی پیاودا نەبن و سەرجێییان لەگەڵ نەکەن. پاشان پیاوان بەهێزترن لە ژنان و ناتوانن لەم مەسەلەیەدا لە دەسەڵاتی پیاو دەربچن.

**خاتوو شەم:**

- بەزۆر نابێت، ئەمە چ جۆرە ئازادیەکە بنەماکەی زۆرکردن و دەسەڵات و زەبری سێکسی و زەوتکردنی ژن بێت! ئایا خودا دەسەڵاتی خۆی بۆ سێکسی زۆرەملێ دەخاتەگەڕ؟ یان بۆ دەسدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان؟ ئەمە چ پەیامێکە رەوایەتی بدات بە دەسدرێژی و زەوتکردنی سێکسیی.
تۆ پەیامبەرێکی نێریت و ئەوە دەزانین! بەڵام بۆچی هێندە بە دژی ژنان قسەدەکەیت، مەگەر تۆ خۆت لە ژنێک لەدایک نەبوویت.. ئەگەر خوداکەت پەیامی لەو جۆرەت بۆ دەنێریت بە قسەی مەکە. دواجار تۆ مرۆڤیت و خودا نیت. وەک مرۆڤ بیربکەرەوە و لە خۆت بڕوانە. بە قسەی خودایەک یان کەسێک مەکە وات لێبکات لە مرۆڤبوونت بخات. زۆرجار لەم شارستانیەتەی ئێمەدا خوداکان بڕیار و فەرمانی هەڵەیان دەرکردووە و مرۆڤەکان بە قسەیان نەکردوون، شەڕیان لەگەڵ خوداکاندا کردووە و دواتر هەردوولا ئاشتبوونەتەوە. تۆیش وابکە و بە قسەی ئەو خودایە مەکە بەمجۆرە دژی ژنان هانت دەدات.

**ئەبراهام:**

- خوداکەی من بێ هەڵەیە، ئەو مرۆڤ نیە هەڵەکاربێت. بۆیە چیم پێدەڵێت بەقسەی دەکەم و ئەو منی دروستکردووە و قەرزارباری ئەوم.

**خاتوو شەم:**

- ئەوەی خودا تۆی دروستکردووە جۆرێکە لە تێگەیشتنی خۆت. بەڵام هەرگیز ئەوەت بیر نەچێت و ئەوە لەبیرخۆت مەبەرەوە کە ژنێک تۆی لە رەحمی خۆیدا دروستکردووە. ئەبراهام مەگەر لە رەحمی ژنێکدا گەورە نەبوویت، ژنێک شیری پێ نەداوی، گەورە و پەروەردەی نەکردوویت، فێری گرە گرِ و زمان و هەڵسوکەوتی نەکردووی، مەگەر یەکەم خۆشەویستیت لەگەڵ ژنێکدا نەبووە؟ مەگەر ئێستا لە باوەشی ژندا سەرجێی ناکەیت. پێم ناڵێی ئەم هەموو رقە چیە لەم پەیامانەی تۆدا لەسەر ژن؟ مەگەر خوداکەی تۆ لە ژنێک لە دایک نەبووە!

**ئەبراهام:**

- نەخێر ئلۆهیم نە لە کەس بووە و نە کەسیشی لێبووە.

**لۆگال:**

- بەڵام بەپێی قسەکانی خۆت کە باستکرد ئیلوهیم "نێر -خودایە"

**ئەبراهام:**

- من نازانم و نەمپرسیوە خوداکەی من نێرە یان مێ، بەڵام دەزانم نورێکی گەورەیە. ئەو یەکەمجار مرۆڤی وەک نێر دروستکردووە، پاش ماوەیەک ژنیشی بۆ دروستکردووە تا خزمەتی بکات. بۆیە لە چیرۆکی خولقاندنی دنیادا دەبێ ئەو پەیامە بەڕوونی باسبکەم کە مرۆڤ سەروەری خودایە و لە شێوەی خۆیەتی، بەڵام مرۆڤی یەکەم نێرێکی پێگەیشتوو بووە، پاشان پێی باشبووە ژنیش دروستبکات تاکو خزمەتی بکات و وەچەی بۆ بخاتەوە و.....

**خاتوو نوا و شەم** پێکەوە نارەزایەتیان دەربڕی:

- خودا مرۆڤی نێری وەک خزمەتکار و بەندەی خۆی درووستکردووە، پاشان مرۆڤی مێی بۆ خزمەتی پیاو دروستکردووە. کەواتە مێەکان لەدوو سەرەوە بوون

بە خزمەتکار و بەندە، لەلایەکەوە بۆ خودای تاقانە، لەلایەکی ترەوە بۆ پیاو. ئەمەیە پەیامەکەت ئەبراهام..

**ئەبراهام:**

- لەڕاستیدا حەقیقەت بەوجۆرەیە و دەبێ قبووڵی بکەین. مادام خودا بەو جۆرە دروستی کردووین ئیتر دەبێ قبووڵی بکەین و پێی ڕازی بین.

**خاتوو شەم:**

- من وەک خۆم ئەو پەیامەم قبووڵ نیە و تابۆم بکرێت ڕێگا نادەم ژنان بکرێن بە پلەدوو، بە خزمەتکار و بەندەی خوداکان و پیاوان.

**خاتوو نوا قسەکەی لەدەم وەرگرت و زیادیکرد:**

- من پێم وایە ئەم چیرۆکی خولقاندنی یەکەمە چیرۆکێکی نوێ و دروستکراوی خۆیەتی و پەیامێکە بۆ لێدان لە ژن. دەیەوێت بلێت پێویست ناکات پیاو سوپاسگوزاری ژن بێت کە لە هەناویدا دروستبووە و دواتر لە باوەشیدا گەورەبووە و زمانی لەگەڵیدا پژاوە، بەڵکو دەبێت سوپاسگوزاری خودایەکی تاک و تاقانە بین کە پیاوی وەک پیاو دروست کردووەو ژنیشی وەک ژن و خزمەتکار خوڵقاندووە.

**لۆگال:**

بەپێویستی دەزانم لەسەر خولقاندنی ژن و پیاو ڕوونکردنەوەیەک پێشکەش بکەم. لەڕاستیدا ئەبراهام چیرۆکەکانی خولقاندنی بە دژی ژنان هەڵگێڕاوەتەوە، جونکە ئەوەی باسی دەکات ژن لە پەراسووی پیاو دروستبووە شێواندنێکی بە ئەنقەستی یەکێک لە چیرۆکە کۆنەکانی ئێمەیە.

بەپێی ئەو چیرۆکە کۆنە کە ئێوەش پێشتر دەیزانن و بیستووتانە، ئێنکی نێرخودایەک بوو بێ فەرمانی کرد و هەشت ڕووەکە پیرۆزەکانی خوارد و نەیهێشت گەورەبن و پێ بگەن، ئەمەش نەنخورساگی تووڕەکرد و ئەنکی تووشی هەشت دەردی کوشندەیکرد کە یەکێکیان ئازاری پەراسووەکانی بوو. پاش ئەوەی خوداکانی تر داوایان لە نەنخورساک کرد لە ئەنکی خۆش بێت و دەردەکانی چاکبکاتەوە، هەستا هەشت خوداوەندی تری بۆ تەرخانکرد بۆ چاککردنەوە و

پەرستارکردنی دەردەکانی ئەنکی، یەکێک لەو خوداوەندانە بۆ ئەم مەبەستە خولقێنرا کە پەراسووەکان چاکبکاتەوە "نەنتی" بوو، کە توانی ئازاری پەراسووی ئەنکی چاکبکاتەوە و دەردەکەی بپەڕێنێت.

لەکاتێکدا چیرۆکەکانی پێشووی ئێمە باسی بەخشندەیی مێ خوداکان دەکەن، باسی ئەوەدەکەن کە رووەک و بەرووبوومەکانی ئەم شارستانیەتەیان لەدەستی پیاو پاراستووە و نەیانهێشتووە بفەوتێت، کاتێکیش پیاوان تەمەڵیان نواندووە و کاریان نەکردووە ژنان تووڕەبوون، بەڵام هاوکات بەخشندەیش بوون و هەردوولایەن هاوژیانی یەکتریان قبووڵکردووە و هاوسەنگیان پاراستووە.

دەبینن لە چیرۆکەکەی ئەبراهامدا هەموو شتەکان تێکچووە و شێواوە، گۆڕیویێتی بۆ چیرۆکێک گوایە خودایەکی تاقانە پیاوی پیرۆزکردووە و ژنی لە پەراسووی پیاو دروستکردووە ! ئەمەش بێگومان هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی پێگە و پایەی ژنان و زاڵکردنی دەسەڵاتی پیاو و سەپاندنی پلەدوویی و پاشکەوتووییە بەسەریاندا.

**خاتوو نوا:**

- دواقسەم ئەوەیە کە پاش ئەوەی گوێبیستی ئەو پەیامە بووین بۆمان روونبۆوە کە زاڵبوونی پەیامەکەی ئەبراهام دەبێت بەهۆی سەرهەڵدانی ستەمکاری و جیاکاری لە دژی ژنان و زۆرکردن و زەوتکردن و پەرەدان بە تاوانکاری بەرانبەریان. پاڵپشتی ئەم قسەیەش ئەوەیە ئەگەر خوداکەی ئەبراهام نێر بێت و دەسەڵاتی هەبێت، دەسەڵاتی پیاو یان نێرەکان بەسەر ژناندا زاڵدەکات و پیرۆزی دەکات.. ئەمە درێژەی ئەو هەوڵانەی پێشترە بۆ ئەوەی ژن ببێت بە پاشکۆ، خزمەتکار و بێ ماف و پەراوێزخراو و پلەدوو.

من وایدەبینم ئەمە ئەوپەڕی بێ ڕێزیە بەرانبەر بە ژن، خۆدزینەوەیە لە هاوژینی و لێپرسراوێتی بەرانبەریان.

**سەرگۆن:**

- پەیامەکەی ئەبراهام بریتیە لەوەی کە دەبێت خۆمان لە حەقیقەت لانەدەین و ژنان و پیاوان هەم خۆیان و هەم یەکتری بناسن. هەردووکیان کاتێک خوداپەرست بن

و لەو ئەرک و رۆڵە تێگەیشتن کە خودا بۆی دیاریکردوون و خودای خۆیان خۆشویست ئەوکاتە ڕێز و خۆشەویستی لەنێوانیاندا زیاتر دەبێت نەک کەمتر. ئەمەش خزمەتکردنە بە ژن نەک بێ ڕێزی.

**خاتوو شەم:**

- بابەتی خۆشەویستی و عەشق هاتە ناو باسەکەوە. باشە ئەبراهام تۆ خۆشەویستیت نەکردووە؟ یەکەم هەوڵت بۆ ئەوە نەبووە ژنێکت خۆشبوێ و ژنێکیش تۆی خۆشبوێ؟ پێش ئەوەی ئەم خودایەت ناسیبێ بە دڵنیاییەوە بۆ ناسینی ژنێک و عەشقی ئەو هەوڵت داوە. بۆچی ناتەوێت عاشق بیت، ژنێک عاشقت بێت و تۆیش عاشقێکی ئەو بیت؟

**ئەبراهام:**

- من عەشقی خودای گەورەم بەسە..

**خاتوو شەم:**

- زۆرشت هەیە لەئێستادا تایبەتە بە مرۆڤ خۆی نەک خوداکان. پیاوان و ژنان لەگەڵ یەکتر خۆشی و چێژی سێکسی لەیەکتر وەردەگرن. زۆر لە مێژە مرۆڤ و خوداکان لەگەڵ یەکتر سێکس ناکەن و لەو بارەیەوە لەیەکتر جیابوونەتەوە، کەس نەماوە خۆی بە کوڕ و کچ و وەچەی خودا بزانێت و تۆویان بڕاوەتەوە. بۆیە کەس لەگەڵ خوداکان خێزان پێک ناهێنێت، بەڵام ژن و پیاو لەڕێگەی خێزانەوە دەبن بە هاوسەر و هاوژینی یەکتر.

لەم روانگەیەوە عەشق بەتەواوی بووە بە عەشقێکی مرۆیی نەک خودایی.. ئەوەتا خۆیشت دەڵێیت خوداکەی من نە لە کەس بووە و نە کەسی لێدەبێت. واتە ئەو سێکس لەگەڵ کەس ناکات و نایەوێت وەچەی هەبێت. کەواتە کارێک یان چاوەڕوانیەک هەمان بێت لە خوداکان ئەوەیە یان نزا و پاڕانەوەمان بۆ ئەوەیە عەشق بخاتە دڵی ژنێکەوە یان پیاوێکەوە کە خۆشمان دەوێت، نزا و پاڕانەوە بۆ عاشق بوون نیە لەگەڵ خودا بەڵکو بۆ ئەوەیە عەشق بکات بە پردی نێوان دوو دڵی نێر و مێ یەک.

**ئەبراهام:**

- لای من عەشق عەشقی خوداییە و خۆشویستنی خودا لەسەروو هەموو شتێکەوەیە، ئەو خۆشەویستیە زۆر لەوە گەورەترە کە ئێوە باسی دەکەن. زۆر گرنگە پیاو عاشق بێت بەڵام عاشقی خودای خۆی بێت و خۆشی بوێ و بیپەرستێ، نەک لەو دووربکەوێتەوە و ببێت بە ژنپەرست.

**خاتوو شەم:**

- ئەم بیرکردنەوە و ئایدیایانەی تۆ زۆر رەق و ووشکن و تەڕاییان تێدا نیە. دەزانم خێزانەکەی تۆ بەرەچەڵەک لە بیابانی خوارووەوە هاتوون بۆ شاری ئور و ئەو ژینگەیە کاریگەری زۆری لەسەر بیرکردنەوە و تێگەیشتنەکانت هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لەمێژە لەم شارەدا دەژین دەبوو بەجۆرێکی تر بیربکەیتەوە، منیش بەرەچەڵەک لە گۆتیەکانم بەڵام زۆر بیرکردنەوە و تێگەیشتنی سەرەتایی ئەوانم تێپەڕکردووە. بۆیە داوات لێدەکەم کە لانی کەم بەجۆرێکی تر بۆ پەیوەندی ژن و پیاو و هاوژینی نێوانیان بڕوانیت و ئەگەر پەیامێکت هەیە لەدژی ئەو هاوژینیە نەبێت.

بەڕاستی نازانم چۆن وەڵامی ئەم قسانەی دوایی بدەمەوە. بە زمانێک دەدوێی و ئایدیا و تێگەیشتنەکانت هێندە خوار و خێچە بە ئەستەم وەڵام دەدرێتەوە. کوا ئێمە باسی ژنپەرستیمان کردووە! بەڵام لەوە دەچێت لەهەموو شتێکدا پەرستن ببینی! بۆیە کاتێک باسی عەشق دەکەیت وەک ژنپەرستی بۆی دەڕوانی. بەڵام ئێمە لە عەشقدا نە داوای پیاوپەرستی دەکەین نە ژنپەرستی، بەڵکو هاوژیانیی. هاوژیانی دوو باڵدار، دوو مرۆڤی پێگەیشتوو کە دەیانەوێت خێزان پێکبهێنن و ژیان بگوزەرێنن. ئەوەی باسی دەکەیت ئەبراهام هەڵهاتنە لە عەشقی ڕاستەقینە و مرۆیی، نەمانووتوە واز لەخوداپەرستی بهێنە، بەڵام ئەو دوانە جیان لەیەکتر. عەشق پەیوەندیەکی نێوان مرۆڤەکانە و خودایی نیە.

بەڵام وەک دەزانین پەیوەندی تۆ لەگەڵ دایکت باش نەبووە، بەڵام بەو پێیەی کە تۆ دوو ژنت هەیە واتە سارا و هاگار بۆیە لە ژیانی خۆیشتدا نەتتوانیوە عاشقی ژنێک بیت و لە دڵەوە خۆشت بوێت.

**سەرگۆن:**

- داوا دەکەم دادگا ڕێگە نەدات ژیانی تایبەتی کەسەکان لێرە باسبکرێت و ببێت بە جێگای تانە و تەشەر.

**ئاراک:**

- هیچ کەس بۆی نیە باسی ژیانی تایبەتی کەسەکان بکات، ئەگەر تۆمەتبار خۆی باسێکی لەمجۆرەی کردووە و بەپێویستی زانی ئەوکات تا سنورێکی دیاریکراو دەبێت بە جێگای مشت و مڕ..

**ئەبراهام:**

- من پەیامبەرم و ژیانی تایبەتی من بە تەواوی تەرخانکراوە بۆ کاری پەیامبەرێتی. وە من یەک ژنم هەیە نەک دوان. بەڵام سەبارەت بە هاگار خودا فەرمانی پێکردم و سارای ژنیشم ڕازی بوو کە لەگەڵ ئەو سەرجێیی بکەم تاکو کوڕێکم هەبێت و وجاغکوێر نەبم، تاکو وەچە بخەمەوە و پەیامبەری بۆ ئەوان بەجێ بهێڵم. نەوەکانم پەیامەکانی خودا بەوانی تر بگەیەنن.

**لۆگال:**

- ئەی بۆ نەدەکرا داوا لەخودا بکەیت کچێکت بداتێ و ئەو ببێت بە پەیامبەر لەدوای خۆت؟

**ئەبراهام:**

- من وەک یەکەم پەیامبەری خودا ئەوەم پێ ڕاگەیەنراوە کە لەمەوداوا خوداکەم ئلۆهیم پیاو دەکات بە پەیامبەر نەک ژن!

**لۆگال:**

- کەواتە لە ئێستاوە پەیامبەرێتی کارێکی پیاوانەیە، هەروەها میراتیە و لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمێنێتەوە! چونکە خودا دەیتوانی پیاوی تر بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێرێت بەڵام بە دیاریکراوی داوای لەتۆ کردووە کوڕێکت هەبێت تا بیکات بە پەیامبەر و جێنشینی تۆ.

بەپێی ئەو قسانە بێت خوێنی ئێوە و بنەماڵەکەتان لە خوێنی ئەوانی تر جیاوازن و پیرۆزترن. ئایا ئەمە گەورەترین هەڵاواردن و جیاکاری نیە کە خوداکەی تۆ دەیکات بەرانبەر بە مرۆڤ. باشە بۆچی ژنەکەت لەدوای تۆ یان کچەکەت خودا

نایکات بە پەیامبەر؟ خوداکەت بۆچی هێندە ژن دووردەخاتەوە و رەنگە بڵێم رقی لە ژنە! ئەی بۆچی دروستی کردووە کە هێندە رقی لێیەتی!

**ئەبراهام:**

- ئلۆهیم رقی لە ژن نیە، بەڵام لە ئەزەلەوە دایناوە ژنان خزمەتکاری پیاوان بن و ئەرکیانە کارئاسانی بۆ پەیامبەرەکان بکەن و بەو پێگەیە ڕازی بن.

**خاتوو نوا:**

- باشە گەر پەیامبەرێکی یەکتاپەرست کوڕی نەبێت چی روودەدات، ئیتر کاری پەیامبەری دەوەستێت و میراتی نامێنێت. ناتوانێت کەسێک بکات بە کوڕی خۆی، چونکە لە خوێنە پیرۆزەکەی نیە؟

**ئەبراهام:**

- پەیامبەرەکان کوڕیان دەبێت. چونکە خودا ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە دەتوانێت ئەوەی لە رەحمی ژنەکانیاندایە بیکات بە کوڕ و کچ نەبن. بۆیە لەوبارەیەوە نیگەرانی لە جێگای خۆیدا نیە.

**لۆگال:**

- ئەمە زانیاریەکی نوێ بوو، خوداکەی ئەبراهام دەستوەردەداتە زاوزێی مرۆڤەکانەوە و هەڵاواردن و جیاکاری دەکات لەنێوانیاندا لە پێناوی رەگەزی نێردا؟ پێدەچێت ئەمە جۆرێکی تربێت لە نێرخوازی و مێ پەسی لە پەیامەکەی ئەبراهامدا!

**سەرگۆن:**

- بۆچی دەتانەوێ خۆتان لە حەقیقەتی خودایی و حەقیقەتی ژیانی خەڵک و خێزانەکان لابدەن. ئەوەتا زۆربەی خێزانەکان دەیانەوێت و نزا و پاڕانەوەیان لە خوداکان بۆ ئەوەیە کوڕیان پێ بدات نەک کچ. پیاوان موڵک و ماڵێک کە هەیانە بۆ کوڕەکانیان بمێنێتەوە و ئەو رەنج و ماندووبوونەی کردوویانە بۆ نەوەکانیان بگوێزرێتەوە. ئەوەی ئەبراهام دەیڵێت شتێکی تازەنیە، بەڵکو وەڵامدانەوەیە.

**لۆگال:**

- مەیلی نێرخوازی لەناو خێزانەکانی ئەم شارستانیەتەدا شتێکی نوێ نیە. چونکە هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە پێویستی زۆری بە کارکردنی جەستەیی پیاوان

هەبووە. زۆر کاری قورس و دژوار هەبووە پێویستی بە توانای جەستەیی زیاتر هەبووە پیاوان کردوویانە. بۆ ئەو مەبەستانە پیاوانی ناوچە دوورەکان کراون بە کۆیلە و کاریان پێکراوە. هەروەها سەیرکردنی ژن وەک خزمەتکار بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە.

بەڵام لە ئێستادا زیاتر روونبۆتەوە کە ئەو کارەی ژنان دەیکەن ئەگەر وەکئەوەی پیاوان سەخت و دژوار نەبێت کەمتر نیە. هەر لە منداڵبوون و بەخێوکردن و پەروەردەی منداڵەوە بگرە تاکو سەرپەرشتی خێزان و کارکردن لە کێڵگەکان و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و ئاژەڵە ماڵیەکان تا دەگات بەزۆر کاری تر کە هەموو زۆر سەخت و دژوارن.

ئێستا کۆیلەیەتیمان نەهێشتووە و بۆ زاڵبوون بەسەر کارە سەخت و دژوارەکاندا پەنابراوەتە بەر هەرەوەزکاری و بەشداری نێر ومێ لەم بوارەدا، هەروەها پەنابراوەتە بەر ئاژەڵ و ئامراز و کەرەسەکان و بۆ کەمکردنەوەی قورسایی کارە جەستەییەکان. بۆیە پاساودانی هەڵاواردن و جیاکاری لە دژی ژنان بە بیانووی کارکردن و کاری جیای پیاوان هیچ بنەما و پاساوێک هەلناگرێت. تەنها هەوڵێکە بۆ خۆسەپاندن و پیاوسالاری و هیچی تر.

پەیامەکەی ئەبراهام جگە لەوەی لەو مەیلی نێرخوازیەوە دەستپێدەکات هاوکات دەیگۆڕێت بە نێرپەرستی. جیاکاریەکان دەبن بە هەڵاواردنی تەواو و بنەما و پایەیەکی ژیان و هەموو بوار و مەیدانەکانی تریش دەگرێتەوە، بۆ نموونە رەچەڵەکی منالان، وە بەتایبەتی منالانی کوڕ دەگرێتەوە و لە ژنان دەسەنرێتەوە و دەبن بە موڵکی پیاو، ئەوەتا لەناو پیاوانیشدا پیاوانی پەیامبەر و بنەماڵەکانیان هەلبژێردراون و خوێن و تەنانەت رەگەزیان جیاوازە لە هەموو پیاوانی تر.

**سەرگۆن:**

- لۆگال قسەکانی ئەبراهام دەشوێنێت، پەیامبەران خوێنیان لەوانی تر پیرۆزتر نیە، بەلام پەیامبەری کارێکی گەورە و پیرۆزە و بەهەموو کەس ناکرێت و خودا خۆی پەیامبەرەکان و بنەماڵەکانیان هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو کارە و دەیانکات بە پێشەوای خەڵک.

**ئەبراهام:**

- من بەویست و خواستی خۆم نەبووم بە پەیامبەر، خودا خۆی هەڵیبژاردووم و پێشتر ئەوەم بۆ باسکردوون.

**لۆگال:**

- بەڕێزان، زۆر ئاشکرایە لای ئەبراهام و ئەو کۆمەڵە کەسە کەمەی خەریکن خودایەکی نوێ و ناوازە دەپەرستن مرۆڤەکان یەکسان نین، باش و خراپ و پلە نزم و پلەبەرزیان تێدایە، لە پێشەوا و پێشەنگ واوەتر رۆیشتووە و گەیشتووە بە هەڵبژێردراو. بۆیە ئەم قسانە لە شارستانیەتی ئێمەدا بەتەواوی دەچێتە خانەی هەڵاواردنی مرۆییەوە و بەپێی یاسا بە تاوان ئەژمار دەکرێت.

**ئاراک وەک سەرۆکی دادگا روویکردە ئەبراهام:**

- زانیمان بەپێی پەیامەکەی تۆ پیاو باشترە لە ژن، بەڵام لەناو پیاوانیشدا پێتوایە مرۆڤێک باشترە لەوی تر، یەکێک دەبێت ببێت بە سەروەر و پێشەوا و ئەوانی تریش بە خزمەتکار و شوێنکەوتوو، وە لەناو ئەوانیشدا تەنها یەکێک دەبێت بە هەڵبژێردراو و ئیلهام لە خودایەک وەردەگرێت و ئەوانی تر وەرگرن و هیچی تر؟

ئەبراهام کەمێک شڵەژا و دەستی هێنا بەریشە درێژەکەیدا و بە دەنگێکی پەشۆکاوەوە ووتی:

**ئەبراهام:**

- من ناڵێم لە ئێوە باشترم، بەلام چی بکەم خودا منی هەڵبژاردووە و یەکێکی تری هەڵنەبژاردووە و ئەو ئەرکە قورسە و بارە گرانەی خستۆتە سەر شانم تا ببم بە پەیامبەر. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئەو خودایە ئیلهامی پێبەخشیوم و ئەوەی دەیڵێم قسەی خۆم نیە و قسەی ئەوە. لەناو ئەم دنیایەدا کە خودا هەمووی دروستکردووە تەنها مرۆڤی هەڵبژاردووە، کردوویەتی بە خەلیفە و سەروەری ئەم دنیایە و پیرۆزی کردووە و عەقڵ و هۆشی داوەتێ و دەسەڵاتی زاڵکردووە بەسەر ئەوانی تردا. لەناو مرۆڤەکانیشدا خودا خۆی یەکێک هەڵدەبژێرێت و پەسەند دەکات کە لەوانی تر باشتر بێت یان لە خودا نزیکتر بێت.

پاشان ئەوەتا خۆتان دەڵێن خوداکان جیاوازن و یەکێکیان دەسەڵاتی زیاترە لەوی تر، یەکێکیان بەهێزتر و کاریگەرترە لەوی تر، ئیتر بۆچی مرۆڤەکانیش جیاواز نەبن، لەناو ئەوانیشدا هەیانە ژیر و بەهۆشترە لەوی دی، هەروەها بەهێزتر و بەدەسەڵات ترە لە کەسانێکی دیکە. لەڕاستیدا مرۆڤەکان جیاوازن و یەکسان نین، تەنها لەبەردەم خودای گەورەدا یەکسانن ئەگینا لە ژیانی مرۆیی خۆیاندا جیاوازن.

**لۆگال:**

- باشە دەزانین هەم مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا جیاوازن و هەم خوداکان، بەڵام ئەو جیاوازیە بنەما نیە بۆ هەڵاواردن و مافی زیاتر، بۆ لووتبەرزی کەسێک کە بڵێت لەبەرئەوەی من ژیرترم دەبێت پلەم لە تۆ بەرزتر بێت، لەبەرئەوەی من بەهێزترم دەبێت لاوازەکە لەژێر دەستی مندا بێت. لەبەرئەوەی من لە خودا نزیکترم و پەیامبەرم دەبێت تۆ شوێنم بکەویت و قسە و کرداری من وەک قسە و کرداری خودا وەربگریت. ئەمە هەڵاواردنە. ئەگەر خوداکەی تۆ هێندە بەهێزە چۆن دەبێت ئەم جیاکاریە بکات و لاوازەکان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە؟ من وای دەبینم ئەو پەیامە واتە تێکدانی خوداپەرستی و پەیوەندی پێشووی مرۆڤ بە خوداکانی خۆیەوە. ئەوەتا خوداکان و مرۆڤ بە جۆرێک لێک دووردەکەونەوە و بەهیچ شتێک ناگەنەوە بەیەکتر، یەکێک لە زەوی، ئەوی تر لە ئاسمانە دوورەکان.

**ئەبراهام:**

- خودا نەک هەر دوو نیە بەڵکو لەهەموو شوێنێک لەگەڵماندایە.. پەیامەکەی من ئەوەیە کێ زیاتر خودا بپەرستێ و سوپاسگوزاری بێت زیاتر لە خودا نزیکترە. دواجار مادام خودا مرۆڤی دروستکردووە و کردوویەتی بە سەروەری هەموو گەردوون و بونەوەران بۆیە هەموان دەبێت ڕێگای ڕاست هەڵبژێرن و گومڕا نەبن و سوپاسگوزاری ئەو بن و کڕنۆشی بۆ بەرن.

لەم کاتەدا خاتوو" ئان " وەک ئەندامێکی دەستەی سکاڵاکاران هەڵیدایەوە:

**خاتوو ئان:**

- ئەبراهام داوای کڕنۆش بردنمان لێدەکات بۆ خوداکەی، ئەمە ڕەوا نیە، گەر ئەو کارە قبووڵبکەین دەبێت دواتر کڕنۆش بۆ خۆیشی بەرین چونکە بەپێی قسەکانی

بێت ئەو هەڵبژێردراوە و هەر خۆی پەیامبەر و نوێنەر و خەلیفە و جێنشین و هەموو شتەکانی تریشە.

**ئەبراهام:**

- بەڵێ من ئەوە دەڵێمەوە کە خودایەک تۆی دروستکردبێت شایانی ئەوەیە تۆی قەرزار قەرزەکەی بدەیتەوە و سوپاسگوزاری بیت و کڕنۆشی بۆ بەریت و شەریکی بۆ پەیدا نەکەیت.

**لۆگال روویکردە دادگا و ووتی:**

- ئەوەی ئەبراهام دەیڵێت مەترسیدارە. ئەم پەیامی شەریک پەیدانەکردنە واتە خوداکەی ئەبراهام تەنها دەیەوێت خۆی خودای تاقانە بێت و ددان بە هیچ خودایەکی تردا نانێت. واتە یەکتاپەرستی نەمانی فرەخوداییە.

**سەرگۆن:**

- ئەوە بەتەواوی وایە، پەیامی یەکەمی یەکتپارستی نەمانی فرەخوداییە.

**لۆگال:**

- کەواتە گەر یەک خودای تاک و تەنها هەبێت و خودای تر نەبێت ئەوکات ئازادی چی بەسەردێت؟ ئەو پەیامە بڵاوبێتەوە و سەربگرێت مرۆڤ ناتوانێت خوداکەی بگۆڕێت، تاکو ئێستا مرۆڤ بەردەوام خوداکانی گۆڕیوە، ئەگەر یەکێکیان نزا و پاڕانەوەی قبووڵ نەکردبێت یان هەڵەی کردبێت پەنای بۆ خودایەکی تر بردووە. بەڵام خودایەک تاک و تەنها بێت هیچی لەگەڵ ناکرێت، بەتایبەتی ئەو ئلۆهیمەی باسدەکرێت زۆر ئارەزووی لە پەرستن و کڕنۆش بردنی مرۆڤ و دەسەڵاتخوازیە بەسەریاندا. بۆیە پێدەچێت وەک خودایەکی ستەمکار رەفتاربکات، باشە ئەگەر ئەو ستەمی کرد چی لێبکەین؟ یان گەر بە دەنگمانەوە نەهات چۆن لای بەرین و بیگۆڕین بە خودایەکی تر؟ یان پەنا بۆ کوێ بەرین؟ پێمان بڵێ ئەبراهام چۆن؟

**ئەبراهام:**

- ئەلوهیمی خودا وەک مرۆڤ نیە، زوڵم لە کەس ناکات و عەدالەتی ئەو رەهایە. یەکخودا هەیەو مرۆڤ لەبەرانبەر گۆڕینی خودا یان بژاردەی پەرستن و

نەپەرستندا نیە.. تەنها یەکخودا هەیە نەک دوان و سیان و هەزاران. مرۆڤ بەندەیە و دەبێت خوداکەی خۆی بپەرستێ و ئەوە چارەنوسی ئەزەلیەتی.

**لۆگال:**

- یانی مرۆڤ ئازاد نیە ئەو خودایە بپەرستێ یاخود نا؟

**ئەبراهام:**

- نەخێر ئازاد نیە.

**لۆگال:**

- بەڵام لەم شارستانیەتەدا مرۆڤ ئازادە چ خوایەک دەپەرستێ یاخود پەرستنی خودایەک بگۆڕێت بە خودایەکی تر، یاخود لەبنەڕەتەوە هیچیان نەپەرستێ. تەنانەت ئەوەتا تۆ دژایەتی فرەخودایی دەکەیت و ئازادیت و......

**سەرگۆن هەستایە سەرپێ:**

- کامە ئازادی، ئەوە نیە لە قەفەسی تاوان گیرتان کردووە؟ ئەمە ئازادیەکەتانە؟

**لۆگال:**

- ئەی ئەوە نیە تۆ و ئەبراهام و هاوەڵانی ترتان بە ئاشکرا دژایەتی فرەخودایی دەکەن و بانگەشەی یەکتاپەرستی دەکەن و ئازادن و کەس لەسەر گەیاندنی پەیام یەخەی نەگرتوون، ئەوەی کە دادگاییەک هەیە هۆکارەکەی ئەوەیە پەیامێک گۆڕاوە بۆ تاوانکاری، ئەم دادگاییە کاتێک دروستبوو کە هێرش و تاوانێک روویدا و.....

**سەرگۆن:**

- باشە ئەگەر ئازادی هەیە بۆچی ئەبراهام ناتوانێت ئازادانە بتەکان تێک بشکێنێت؟ ئەوەی دەیەوێت بیکات و ئەنجامی بدات؟ مەڕی خۆیەتی و خودا پێی بەخشیبوو بۆچی بۆی نیە سەری بڕێت و گۆشتەکەی بەسەر خەڵکی هەژاردا دابەش بکات؟ بۆیە ئەم شارستانیەتە بۆ ئێوە ئازادە و بۆ کەسانی وەک ئەبراهام و هاوەڵەکانی تۆمەتبارکردن و سزادانە.

**لۆگال:**

- ئازادی یان نابێت هەبێت یان دەبێت بۆ هەموان بێت. بۆیە ئەم ئازادیەی هەیە بۆ هەموانە. بەڵام دەبێت ئەوەش روونبکەینەوە کە مرۆڤ وەک تاک تا ئەو شوێنە

ئازادە کە زیان بە ئازادی گشتی نەگەیەنێت. ئەم شارستانیەتە بەپێی کۆمەڵە کۆدێک ژیانی گشتی خۆی ڕێکخستووە و هەموو پابەندین پێوەی. بەم مانایە ئازادانە یان زۆرینەی مرۆڤەکانی ئەم شارە ئازادانە ئەوەیان قبووڵکردووە. بۆیە دەبێت پابەندبین ئەگینا ژیانی شارستانی هیچ مانایەکی نامێنێت و باشترە تێکی بدەین و بچینەوە بۆ ناو گوندەکانی پێشوومان و هەریەکەمان ئازادی نیمچە ڕەهای خۆمان لەوێ تاقیبکەینەوە. بەڵام مادام لە شار دەژین، سنورەکان هەن و قبووڵکراون.

**ئەبراهام:**

- بت تاشین و بتپەرستی بۆ من سنوور نیە.. من باوەڕم پێی نیە و پابەند نابم پێوەی. نەک هەر من هەموو هاوەڵان و پەیرەوانم بەهەمان شێوە قبووڵیان نیە..

**لۆگال:**

- زۆرباشە بەڵام ئێوە بەو مانایەی باسی دەکەیت کەمینەیەکن لەبەرانبەر بە زۆرینەدا.. دەتوانن هەوڵبدەن ببن بە زۆرینە و یاساکان و کۆدەکان بگۆڕن.. بەڵام ئەوکات دەبێت مافی کەمینەکان بپارێزن سبەی ڕۆژ بتوانن لەدژی ئێوە یان وەک نەیاری ئێوە دەنگ و ڕەنگ و بانگەشەیان هەبێت نەک کە بوون بە زۆرینە بڵێن نەیاری قبووڵ ناکەین و بانگەشەی ئێوە دژ بە خودایە!، هەردەبێت خوداکەی من بپەرستی و هیچ بژاردەیەکت نیە.

**ئەبراهام:**

- مرۆڤەکان زۆربن یان کەم، یەک کەس بن یان ملیۆنەها کەس و وەک میروولەکان لە ژماردن نەیەن، دیسانەوە ڕەوا نیە و ڕێپێدراو نیە دژایەتی فەرمان و تاعەتی خودا بکەن...

**لۆگال:**

- کەواتە لەباسی ئازادیدا ئێوە دۆڕاون و یەکتاپەرستی دژی ئازادیە. ئاخر فرەخودایی ئازادیەکت دەداتێ، دەتوانی خوداکەی خۆت هەڵبژێریت یان بیگۆڕیت. بۆیە فرەخودایی هەیە چونکە مرۆڤ ئارەزووی جیاواز و مەبەستی جیاواز و بژاردەی جیاوازی هەیە. ئەوەی حەزی لە جوانی و تەندروستیە، یان ئارەزووی

لە تەمەندرێژیە روودەکاتە ئەو خودایەی وەڵامی دەداتەوە و ئەو ئارەزووەی بۆ دابین دەکات..

خودا جیاوازەکان وەڵامی پێداویستیە جیاوازەکانیان داوەتەوە و مرۆڤەکان هەر یەک و بۆ مەبەستێک روویان تێکردوون. کاتێک ئەبراهام دژایەتی ئەمە دەکات رێک ئەوە دژایەتی ئازادیە. چونکە دواجار مرۆڤەکان جیاوازن و ئایدیا و بڕوا و مەبەست و ئارەزووی جیاوازیان هەیە و هەمووان وەک یەک هەست ناکەن و بیرناکەنەوە و ژیانیان وەک یەک نیە و بەرژەوەندیان جیاوازە و هەندێکجار دژ بە یەکە.. لەڕووی تەمەن و رەگەزیشەوە دابەشبوون بەسەر پیر و لاو و نێر و مێ. ئەگەر تەنانەت وەک ئەبراهام دەڵێت یەک خودا هەبێت، مرۆڤەکان چوونیەک و وەکیەک نین و بە واقع جیاوازن. بەو پێیە پەیامبەرەکان و هاوەڵان و ئەوانەش کە خۆیان بە نوێنەری خودا دەزانن دیسانەوە هەر مرۆڤن و لێکجیاوان. هەوڵی یەکتاپەرستی و یەکتاباوەڕی ئەو جیاوازیە نەفی دەکات، دەبێت بە بنەما و هۆکار بۆ جەنگ و پەلاماردانی یەکتر. لەرواڵەتدا بانگەشەکەی ئەبراهام بۆ یەکبوون و یەکێتیە لە چوارچێوەی یەکتاپەرستیدا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هۆکارە بۆ دابەشکاری و دەسەڵاتگەری و کێشە و ململانێ لەسەر نوێنەرایەتیکردنی خودا و سەپاندنی یەکڕەنگی و یەکبوونی. هەر مرۆڤێک یان هەر پەیامبەرێک یان هەر پێشەوایەکی ئاینی لەرێگەی خۆیەوە نەبێت بە خاوەندێک دواجار دەبێت بە جێنشین و لەسەر ئەم پێگەیە دەچێتە ناو شەڕێکی سەرووماڵیەوە.

لەم روانگەیەوە ئازادی و فرەخودایی و تەنانەت بێ خودایی زۆر باشترە لەو بەندێتی و پاشکۆیەتی و یەکتاپەرستیەی ئەبراهام باسی دەکات، ئەو یەکبوون و گشتە بەتاڵەی باسی دەکات چوارچێوەیە بۆ پەرتبوون و دابەشکاری. تەنها رێگە کە دەمێنێتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو پەرتبوونەدا توندوتیژی و زەبر و زەنگە و هیچی تر. ئەو هەڕەشانەی ئێستا خوداکەی ئەبراهام لە مرۆڤەکانی دەکات، سبەی مرۆڤەکان لە دژی یەکتری دەیکەن و ئەو دۆزەخە خودایيە لەم سەرزەویە بۆ یەکتر گەرم دەکەن.

**ئەبراهام:**

- ئێوە بە هەڵە لە ئازادی تێگەیشتوون. کاتێک باسی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا دەکەیت، باسی ئازادی مەکە. چونکە مرۆڤ ئازاد نیە خودای هەبێت یان نەیبێت، یان خوداکەی بپەرستێ یاخود نەیپەرستێ. ئەو بەندەی خودایە و لە هیچ یەک لەوانەدا ئازاد نیە و وەک کۆیلە کۆیلەی خودایە. باسی ئازادی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بە یەکترەوە دەستپێدەکات نەک لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە خوداوە.

**لۆگال:**

- کەواتە پەیامی تۆیش بۆ مرۆڤێکی کۆیلەیە، پەیامێکە ئازادی دەدات بە خودا و کۆیلەیەتی بۆ ئینسان. من لەمبارەیەوە تەنها ئەوە بە تۆ دەڵێم پەیامەکەت لەم شارەدا بەسەرچووە. چونکە ئێمە دوای ئەزموونێکی تاڵ کۆیلەیەتیمان رەتکردەوە. زیانەکانیی ئەو کردەوەیە ئێمەی بەو باوەڕە گەیاند هەولبدەین ئەم شارستانیەتە لە پاشماوەکانی پاکبکەینەوە. من وایدەبینم ئەم بانگەشەی تۆ گەڕانەوەیە بۆ کۆیلەیەتیەکی نوێ بەڵام ئەمجارە بەناوی خودا و ئاینێکی تازەوە. لەو باوەڕەدام ئەم کۆیلەیەتیە خراپتر بێت لەوەی پێشوو، چونکە پێشووتر بێگانەکان یان ئەوانەی زۆر قەرزدار بوون دەکران بە کۆیلە و تێکرا بەشێکی کەمی مرۆڤەکانی دەگرتەوە، بەڵام ئەمەی تۆ بانگەشەی بۆ دەکەیت گشتاندنێکی کۆیلەیەتیە. بەپێی ئەم باوەڕە هەموو مرۆڤەکان بەندە و کۆیلەی خودان نەک بەشێکیان، گەر کۆیلەکان بە یارمەتی مرۆڤەکانی تر و زۆر رێکاری تر دەیانتوانی ببنەوە بە مرۆڤی ئازاد، لەم جۆرە کۆیلەیەتیەی ئەبراهامدا مرۆڤ لە ئەزەلەوە وەک بەندە و کۆیلەی خودا لە دایکبووە و تا ماوە هەروا دەمێنێتەوە. تەنانەت رەنگە وەک کۆیلەیەک زیندووبکرێتەوە و بۆ ئەزەل ئەشکەنجە بدرێت لەو شوێنەدا کە بە "دۆزەخ" ناوی بردووە.

**ئەبراهام:**

- ئەوە قەدەری مرۆڤ و ئەو ژیانەیە کە هەیەتی، دواجار ئەو دروستکراوی خودایە و دەبێت بەو چارەنوسە ڕازی بێت. مرۆڤ کۆیلەی خودا بێت باشترە وەک لە کۆیلەی مرۆڤێکی تر یان ببێت بە کۆیلەی ئەم هەموو خودایەی هەتانە. گەر

خەڵکێک بۆ ستەمکردن و چەوسانەوە و سوودلێوەرگرتن هەڵدەستێت مرۆڤێکی تر بکات بە کۆیلە و دەسترەنجی دەدزێت و دەیچەوسێنێتەوە، ئەوە کۆیلەیەتی بۆ خودا بە مانای ستەم و نا دادپەروەری نیە، چونکە خودا مرۆڤی دروستکراوی خۆی ناچەوسێنێتەوە و پێویستی بە کار و دەسترەنجی ئەو نیە، بەلام هاوکات ئەرکیەتی پاداشتی خودا بداتەوە و سوپاسگوزاری خالقی خۆی بێت. بەم مانایە مرۆڤ بەندە و کۆیلەی خودایە و ئازاد نیە.

**لۆگال:**

- بۆ جارێکی تر ئەوەت بە بیردەهێنمەوە کە ئێمە کۆیلەی خوداکان نین و مرۆڤ و خوداکان بەو جۆرە جیا و دوو قوتبی دژ بەیەک نین کە تۆ دەتەوێت نیشانی بدەیت. بەڵام ئەوەش بزانە کۆیلەیەتی هەر رەنگ و جۆرێکی هەبێت دواجار هەر کۆیلەیەتیە. ئەوەی تۆ گەر دەرئەنجامەکەی کۆیلەیەتی جەستەیی نەبێت ڕاستەوخۆ دەبێت بە کۆیلەیەتی رۆحی و ئەمەش مەترسیدارترە لە کۆیلەیەتی جەستەیی و فیزیکی، چونکە زۆرجار کۆیلەیەتی جەستەیی مرۆڤ نابێت بەهۆی کۆیلەبوونی هزری و رۆحی و بوارێک بۆ ئازادبوون دەکاتەوە.

لەڕاستیدا ئەو چیرۆکی خوڵقاندنەی ئەبراهام بۆی باسکردین هیچ ئازادیەکی تێدا نیە و سەرتاپای ستەمکاریە.. باشە ئەگەر خودا بەبێ خواست و ئاگاداری و رەزامەندی مرۆڤی وەک بوونەوەرێک درووستکردووە بۆچی دەبێت ئەو سوپاسگوزاری خودا بێت و بیپەرستێ؟ بۆچی ئەو داواکاریە لە ئاژەڵان و بوونەوەرەکانی تر ناکات و تەنها لە مرۆڤ نەبێت؟ من وایدەبینم درووستکردنی بوونەوەرێک بۆ کۆیلایەتی و بەندایەتی جۆرێکە لە ستەمکاری، بۆچی خوداکەی تۆ مافی ئەوەی هەیە بوونەوەرێک درووستبکات تاکو بیپەرستێ؟ بۆچی هێندە حەزی لە کۆیلەکردنی مرۆڤ و بەسەروەرکردنی خۆیەتی؟ بۆیە دەپرسم ئەمە خواست و داواکاری ئەوە یان خۆت دەتەوێت وەک پاداشتێک بۆ خودا بە مرۆڤەکانی بڵێیت؟

**ئەبراهام:**

- من نامەوێت و ناچارنیم کە وەڵامی یەک بەیەکی پرسیارەکان بدەمەوە، بەڵام دەڵێم ئەم جۆرە قسانە و تێگەیشتنانەیە کە مرۆڤ گەیاندووە بە لووتبەرزی و لە

خودا یاخیبوون. وە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی رەها و داواکردنی خودایەتی، پەنابردن بۆ بە بتکردنی خودا و ناچارکردنی مرۆڤەکان بۆ ئەوەی لەبری خودا بتەکان بپەرستن. ئەوەی هەیە کۆیلەیەتیە بۆ خودای جۆراوجۆر، تەنانەت بە کۆیلەکردنی مرۆڤە بۆ ئەو مرۆڤانەی داوای خودایەتی دەکەن.. من ئەمە قبووڵ ناکەم، بۆیە من تەنها بتەکانم تێک نەشکاندا بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا وویستم ئەم لووتبەرزیەی مرۆڤەکانی ئەم شارستانیەتە و لە خودا یاخیبوونیان لەناوبەرم.

**ئاراک:**

- ئەبراهام بەپێی یاسا پەلاماردانی پەیکەر و سومبولە خوداییەکان کارێکیی ئازادانە نیە و بە ئازادی ئەژمار ناکرێت، لەم شارستانیەتەدا تاوانە و دەبێت ئەوە قبووڵ بکەیت..گەر هەرکەس بەناوی ئازادیەوە تاوانبکات چی دەقەومێت؟ ئەمڕۆ پەلاماری پەیکەرت داوە بەناوی بتشکاندنەوە سبەی بەناوی خودا و ئازادیەوە پەلاماری مرۆڤ دەدەیت و رەنگە بیکوژیت.

**سەرگۆن:**

- تکایە نارەزایەتیمان قبووڵ بکەن.. ناکرێت ئەبراهام بە کوشتنی مرۆڤ تاوانبار بکەن، ئێمە خەریکین تۆمەتبارێک دادگایی دەکەین لەسەر تاوانێک کە نەیکردووە و وەک گریمانە دەڵێین رەنگە سبەی بیکات !

**دەستەی دادوەری** کەوتنە دواندنی یەکتر پاشان ئاراک و روویکردە سەرگۆن:

**ئاراک:**

- نارەزایەتیەکەمان قبووڵکرد و دروستە. ئەو رستەی کۆتایی لادەبەین و دەیسڕینەوە..

**لۆگال:**

- دەمەوێت بۆ هەموو لایەک بەرچاوروونیەک پێشکەش بکەم. باسی ئەوەی کرد کە ئەو ئازادە چۆن رەفتاردەکات وەک ئەوەی خوداکەی فەرمانی پێکردووە، بەڵام خوداکەی ئەو بەپێی بانگەشەکەی بێت فەرمان بۆ هەموو شتێک دەردەکات. کەواتە کوا مرۆڤ ئازادە و هەڵبژاردنی هەیە.. دەڵێت ئازادی ئەو کاتە دەست پێدەکات کە باس لە پەیوەندی مرۆڤ و مرۆڤ بکەین. بەڵام لەم پەیوەندیەدا خوداکەی ئەو

ئامادەیە و خۆی لەهەموو شت هەڵدەقورتێنێ. مرۆڤی داماو، بە دەربڕینەکەی ئەبراهام چی بۆ ماوەتەوە؟ تەنها فەرمانپێکراوێک و جێبەجێکارێکە.

**ئەبراهام:**

- ئازادی ئەو لەوەدایە کە فەرمانی خودا جێبەجێبێ بکات.

**لۆگاڵ:**

- جا ئەوە چۆن ئازادیەکە. کاتێک مرۆڤەکان فەرمان ببەن و فەرمانبهێنن چیان بۆ دەمێنێتەوە. ئەم شارستانیەتە کە گەشەیکردووە و پەرەیسەندووە ئاکامی بڕیار و کاری خەڵکی ئەم شارە بووە. خەڵک خۆی بکەر و بڕیاردەر بووە و زۆر کاری کردووە کە هیچ پێویستی بە تەدەخول و هاوکاری خوداکان نەبووە. بەهۆی زۆربوونی توانا و دانایی خەلکەوە تەنها لە کارە گەورەکاندا پەنا بۆ خوداکان دەبەین. شتێک کە خەلک نایزانێت و قودرەتی بەسەردا ناشکێتەوە، بە هەرەوەزی بۆی ناکرێت، یان نهێنیەک هەیە و نایزانێت، بۆ هەموو ئەو کارانە پەنا دەباتەبەر خوداکان تا هاوکاری بکەن.. کاتێک خوداکان زانیاریان پێداوە وهاوکاریان کردووە و ئەو شتانەی زانیووە ئیتر پێویستی بەوە نەبووە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەوان و خۆی فێربووە.. هەربۆیە زۆر خودا لەم شارستانیەتەی ئێمەدا کە پێشتر هەبوون ئێستا نەماون، چونکە مرۆڤ پێویستی پێیان نەماوە و ئەوانیش ڕۆیشتوون و بەجێیان هێشتووین. هەزاران خودا لە ناوماندا بوون و نەماون. تا مرۆڤ زانایی و دانایی و لێزانی زیاتربووە، ژیانی خۆی کۆنترۆڵکردووە و پێویستی بەخودا بچوکەکان نەماوە و خۆی جێگای گرتوونەتەوە. هەربۆیە ئێستا ئێمە کۆمەڵە خودایەکی گەورەمان هەیە و خودا بچوکەکانی تر یاریدەدەر و هاوکارمانن. بەڵام تاهاتووە ژمارەی ئەوانیش لە کەمبوونەوەدایە..ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە بەراوورد بە ڕابردوو ئازادتر و بەهێزترین و تواناییمان بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و چارەسەری گرفتەکان تا هاتووە باشتر بووە.. بەڵام ئەبراهام ئەمانە نابینێت، خەریکە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دواوە، دەیەوێت لەڕێگەی پەیامەکەیەوە هەموو شتێک بخاتەوە دەستی خوداکەی خۆی و ئەوانەی پەیرەوی لێدەکەن و باوەڕیان پێیەتی.. لەو باوەڕەدام ئەو پەیامە نەک هەر دژی ئازادی زیاتری مرۆڤە بەڵکو هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە مرۆڤێکی داماو و دەستەمۆ و ژێردەستەی خوداکەی ئەو.

**ئەبراهام:**

- ئەو قسانەی تۆ دەیکەیت بەهۆی تێنگەیشتنەوەیە لە پەیامەکەی من. خودای گەورەی من هەموو زانیاری و دەسەڵاتێکی هەیە و گەر مرۆڤ بیپەرستێ بەدەسەڵات تر دەبێت و زانیاریەکانی زیاد دەکات نەک کەمتر. بۆیە تامرۆڤ دەسەڵاتی زیاتربێت بەسەر خۆی و سروشت و ئەوانی تردا ئازادتر دەبێت. بەو پێیە خوداکەی من مرۆڤ ئازاد تر دەکات، بەڵام بەمەرجێک رووی تێبکەیت و بیپەرستی، نەک لەبری ئەو رووبکەیتە کۆمەڵە بت و خودایەکی بێ گیان و بێ دەسەڵات..

**سەرگۆن:**

- پەیامەکەی ئەبراهام رۆشنە: ئێمە نابێت لە خوداپەرستی یەکتاپەرستانە و لە دەسەڵاتی خودای گەورە بترسین، کاری ئێمە لەسەر زەوی ئەوەیە دەسەڵاتی خودا لەسەر زەوی ئەزموون بکەین، بەپێی زانیاری و دانایی خودا بجوڵێینەوە و لە فەرمانی دەرنەچین.

**لۆگال:**

- بەپێی قسەکانی ئێوە بێت لەبەرئەوەی دەسەڵاتی خوداکەی ئێوە بێ سنوورە مرۆڤیش دەبێت تا دواسنوور تینووی دەسەڵات بێت. من ئەمە بە دەسەڵاتخوازیەکی ترسناک دەبینم. ئەوەی گرنگە خوازیاری بین ئازادیە نەک دەسەڵات و دەسەڵاتی زیاتر.

تێگەیشتنی ئەبراهام بۆ ئازادی گرێدانەوەیەتی بە خودا و بە دەسەڵاتەوە، بەڵام ئێمە لەڕابردوودا بۆ زۆرترین دەسەڵات هەوڵماندا، ئەزموونمان زۆرە لەمبارەیەوە، دەسەڵاتمان بەسەر خاک و ئاژەڵان و بەسەر گوندەکان و خەڵکی ناوچە شاخاوی و دوورەکاندا سەپاند، بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە خەڵکمان کرد بە کۆیلە، وە ئەوانمان کرد بە خزمەتکار و پلەدوو،هێندە ئاژەڵمان ڕاوکرد و لەناوبرد ژمارەیان کەمی کرد و هەموو شتێکمان تێکدا. پەیوەندیمان لەگەڵ شارەکانی تر و خەڵکی ناوچە دوورەکاندا تێکچوو. بۆیە ئێستا ئێمە زۆر لەو قسەیە دەترسین کە دەڵێت با بۆ دەسەڵاتی زیاتر هەوڵبدەین. دەی ئەو کارەمان کرد و چیمان چنیەوە؟

رق و وێرانکاری، جەنگ لەگەڵ دراوسێکان، نەمانی ژمارەی ئاژەڵان، سوێربوونی ئاو، وە ...تاد

ئەبراهام هانمان دەدات دەسەڵاتی زیاتر داوابکەین، بەڵام ئێمە داوای ئازادی و حەسانەوە دەکەین، بێگومان کاتێک ئەوانەمان بوێت بێدەسەڵات نابین، بەڵام ئەوانەمان دەوێت تاکو بەباشی دەسەڵاتەکان رێکبخەین و ئازاری خۆمان و کەسی تریش نەدەین. ئەگەر ئەم روانگەیەوە زاڵبێت تاوانکاری زیاتر روودەدات نەک کەمتر.

ئەبراهام هێشتا لەو رابردووەدا دەژی و خەون بە دووبارەکردنەوەیە دەبینێت، ئەو هێشتا خاوەن دەسەڵاتی تەواو نیە هەڵدەستێت پەلاماری پەیکەر و سومبول و ئایکۆنەکان دەدات و ئەو کارەی ناوناوە دژایەتی بتپەرستی، ئەگەر دەسەڵاتی تەواوی هەبێت لەم شارەدا دەبێ چی تر بکات؟ ئەگەر لەسەر ئەم باوەڕە بێت دەسەڵاتی زیاتر لە پەیامەکەی ئەودا واتە تاوانکاری زیاتر..

**کەسێک** لەناو ئاپۆرای خەڵکەکەوە هاواریکرد:

- پەیامەکەی ئەبراهام روونە! ئەو لە مرۆڤەوە دەبێت بە خودا بەسەرمانەوە!

**ئەبراهام:**

منیش وەک ئێوە مرۆڤم، بەڵام پەیامبەری خودام و خۆیشم بە بەندەی ئەو دەزانم. پەیامەکەی من دژایەتی تەواوە لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی پێشوودا کە مرۆڤەخودای دروستدەکرد، بۆیە من نابم بە خودا بەسەر هیچ کەسێکەوە و بانگەشەیەکی لەوجۆرە بە یاخیبوون دەزانم لە خوداکەی خۆم. ڕێگاش بە کەس نادەین بانگەشەی لەو جۆرە بکات. بۆیە یەکتاپەرستی ڕێگای ڕاستە و فرەخودایی ئەم شارستانیەتە گومڕاییە و بوار بۆ ئەوە دەکاتەوە کەسانێک بانگەشەی خودایەتی بکەن و ببن بە خاوەند بەسەر ئەوانی ترەوە.

بۆیە من وویستم لەڕێگەی شکاندنی ئەوانەوە کە من بە بت ناویان دەبەم ئەو پەیامە بگەیەنم و روونکردنەوەی زیاترم داوە بە دەستەی بەرگریکار و روونکردنەوەی هۆیەکان و پاساوەکانی و نیتەکانی پشتی ئەو کارەم بەوان سپاردووە.

**ئاراک:**

- ئەبراهام تۆ بۆ پاساودانی کارەکەت فرەخودایی بەکارێکی پیرۆز دانانێیت و پێی دەڵێی گومڕایی، باشە بۆ لابردنی ئەم گومڕاییەی باسی دەکەیت بە فەرمانی کێ و بە هاوبەشی لەگەڵ کێدا ئەو کارەت کردووە؟

**ئەبراهام:**

- من بە فەرمانی خوداکەی خۆم ئەو کارەم کردووە و هەر خۆم بووم و کەسم لەگەڵ نەبوو. کەسیش هاندەرم نەبووە جگە لە ئیلۆهیم.

**ئاراک:**

- بۆچی ئەم خودایەی تۆ فەرمانی لەو جۆرەت پێدەکات؟ ئایا خوداکەی تۆ شەڕخوازە؟ لەم شارەدا خودا و ڕێبازی ئاینی جیاواز هەیە و پڕە لە خودای جیاواز ئەگەر هەر مرۆڤێک بڵێت خودا فەرمانی شەڕی پێکردووم و هەستێت پەلاماری سومبول و پەیکەری خوداکەی تر بدات چی ڕوودەدات؟ پێتوانیە ئەو کارە دەبێت بەهۆی جەنگی نێوان مرۆڤەکان بە ناوی خوداکانەوە؟ ئایا ئەو کارە بەناوی خوداپەرستیەوە نابێت بەهۆی هەڵایسانی جەنگی ئاینی؟

ئەبراهام هەستیکرد ئەو قسانە لە بەرژەوەندی ئەون، بۆیە زۆر بەهێمنی وەڵامی دایەوە:

**ئەبراهام:**

- نا نەخێر، ئەگەر ئێوە هەموو پەیڕەوی لەیەک خودا بکەن، هەمووتان یەک خودای تاک و تاقانە بپەرستن کە ئێستا من دەیپەرستم ئەوکات ئەو مەترسیەی باسی دەکەن بوونی نامێنێ و مرۆڤ بۆ یەک خودا شەڕ دەکات نەک دوان و سیان.

**لۆگال:**

- دادگای بەڕێز تاکو ئێستا خوداکان شەڕیان نەویستووە بەڵام بەپێی ئەم ووتەیەی تۆمەتبار بێت خوداکەی ئەم شەرخوازە و دەیەوێت مرۆڤ شەڕی بۆ بکات. باشە لێی پرسن مرۆڤ بۆچی شەڕ بۆ خودا بکات، هەروەها شەڕ لەگەڵ چی و بۆ کێ؟ لەبەرانبەر ئەم موداخەلەیەدا ئاراک داوایکرد ئەندامانی دەستەکە قسە بەوانی تر نەبڕن و نۆبەت لە دادگا بخوازن بۆ قسەکردن.

سەرگۆن وەک قسەکەری دەستەی بەرگری هەڵیدایە:

**سەرگۆن:**

- خوداکەی ئەبراهام شەڕخواز نیە، بەڵام ئەو دەڵێت پێویستە مرۆڤ لەپێناوی خودای خۆیدا بجەنگێت.

ئاراک هەم روویکردە ئەبراهام و هەم دەستەی بەرگری:

**ئاراک:**

- ئێستا نەمانزانی خودا جەنگی دەوێت یان دەبێت مرۆڤ جەنگ لە پێناوی خودادا بکات؟ کامیان دروست یان کامیان لە پێشترە؟ ئەبراهام تۆ ئەو قسەیە پەسەند دەکەیت؟ بۆچی خودا تاقانەکەت داوادەکات شەڕی بۆ بکەیت، داوات لێدەکات و فەرمانت پێدەکات پەلاماری پەیکەری خوداکانی تر بدەیت، ئەگەر ئەو هەیە و ئامادەیە و هەموو دەسەڵاتێکی هەیە و ئەوەندە بەهێزە بۆچی ئەو شەڕانە خۆی نایکات و بە تۆی دەسپێرێت؟ ئەوەتا بە پێی ووتەکانی خۆت هانی داویت یاساشکێنی بکەیت و شوێنێکی پیرۆز تێکبدەیت؟ یان ئاژەڵ بە بەرچاوی خەڵکەوە سەربڕیت؟

**ئەبراهام:**

- من پەیامی خودا دەگەیەنم. شوێنێک ئەگەر پەرستگای خودای تاک و تەنها نەبێت هیچ پیرۆزیەکی نیە و شەریک بۆ خودا پەیداکردنە. من ئەرکمە پەیامەکەی بگەیەنم جا بە شەڕ بێت یان بە ئاشتی. دیارە گەر شەڕبکەم دڵنیام ئلوهیم پاڵپشتیم دەکات.

**ختوو شەم:**

- یانی تۆ دان بەوە دەنێیت ئەو خودایەی تۆ بانگەوازی بۆ دەکەیت شەڕی دەوێت نەک ئاشتی؟ دەیەوێت تۆ و خوداپەرستەکانی وەک ئێوە شەڕی بۆ بکەن و خوداکانی تری بۆ لەناوبەرن؟

**ئەبراهام:**

- بەڵێ من دان بەوەدا دەنێم. چونکە جگە لەو خودایە هیچ خودایەکی تر نیە. بەڵام ئەو شەڕەی باسی دەکەیت کاتیە و هەمیشەیی نیە. پەیامی خوداکەی من ئاشتیە،

کاتێک هەمووان بیپەرستن ئاشتی بڵاودەبێتەوە و سەقامگیر دەبێت و مرۆڤ ئاسودە دەبێت و بۆ هەتا هەتایە بە نەمری دەژی.

**لۆگال:**

- داوا لە دادگا دەکەم پرسیاری ئەوەی لێبکات کە خودای ئەو چ جۆرە پەرستنێکی دەوێت؟ ئایا پەلاماردان و شەڕکردن لەگەڵ ئەوانی تردا بەشێکە لە ڕێوڕەسمی پەرستنی خوداکەی؟

**ئاراک روویکردە ئەبراهام:**

- گوێت لە پرسیارەکە بوو، بەناوی دادگاوە داوات لێدەکەین ڕوونکردنەوە بدەیت و وەڵامبدەیتەوە. لەمبارەیەوە دەڵێی چی؟

**ئەبراهام:**

- پەرستنی خودا هەر بە قسە نابێت. قوربانی پێویستە. ڕەنگە پێویستی بە شەڕکردنیش بێت. مرۆڤەکان گومڕابوون و زۆرجار بە شەڕ و زۆرکردن نەبێت ناگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست.

**ئاراک:**

- بەڵام لە شارستانیەتی ئێستای ئێمەدا خوداپەرستی بووە بە بەشێک لە ئاسوودەیی رۆح و دەروون و پەیامێک بۆ ئاشتی و هاوژیانی و دوورخستنەوەی مەترسیەکان و فێربوونی چۆنێتی ژیانکردن. ئەوەی تۆ باسیدەکەیت زیندووکردنەوەی پەیامە ترسناکەکانە. پەیامی شەڕخوازیی و ناتەباییە..

**ئەبراهام:**

- نا پەیامی من جیاوازە و نوێیە و دووبارەکردنەوەی ڕابردووی فرەخودایی و مرۆڤ -خواوەندی نیە. چونکە ئێوە لە ڕابردوودا زۆر تاڵیتان چەشتووە و ترساون، بەترسەوە هەموو پەیامێکی نوێ وەردەگرن و ناوێرن بۆ سبەی بژین. گوێ بۆ پەیامی نوێ ناگرن و خۆپارێزن. ئەگینا هەموو ئەوانەی من دەیڵێم نوێ و تازە و ناوازەیە.

**لۆگال:**

- من دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەک بۆ دادگا بخەمەڕوو. من وای دەبینم پەیامەکەی ئەبراهام تاوانکاری و جەنگی زۆرتری بەدواوەیە! بۆیە پێویستە سزای خۆی

وەربگرێت تا بتوانین پێش بەو تاوانکاریانە لە ئێستا و داهاتوودا بگرین. دواجار پەیامەکەی بۆ جەنگێکی ئاینی نەبڕاوەیە. ئەم کارە تێکدانی ژیانی مرۆیی و شارستانیە و ئاوسکردنی ژیانە بە توندڕەوی ئاینی. خودی بیرۆکەکە وەک ئەوانی پێشوو مەترسیدارە و ببێت بە باوەڕی خەڵک یان تەنانەت ئەگەر بەشێکی کەم لە خەڵک شوێنی بکەون توندڕەوی لێدەکەوێتەوە. لەهەر شوێنێک ئەم ئایدیای یەکتاپەرستیە سەوزبێت دەرئەنجامەکەی یەکدەسەڵاتی و ناوەندێتی و ناچارکردنی مرۆڤەکانی ترە بە بەندێتی وەک ئەوەی کە پێشتر ئەزموونمان کردووە. کەسێک یان ئەو کەسانەی خۆیان بە پەیامبەر و هاوەڵانی پەیامبەر و پێشەوا و جێنشین و خەلیفەکانی دەزانن بەناوی یەکخودا و یەکتاپەرستیەوە هەموو دەسەڵاتێک لە ژێردەستی خۆیاندا کۆدەکەنەوە و مرۆڤەکانی تر ناچاردەکەن کڕنۆشیان بۆ بەرێت، قوربانیان پێشکەش بکات و ...... تەنانەت وای دەبینم ئەوەی باوەڕی پێیان نەبێت دەیکوژن و بەناوی ئاینەوە لەناوی دەبەن. ئەمڕۆ پەیکەر و سومبول بە تەور و چەکوش دەشکێنن سبەی بە چەقۆ و شمشێر سەری زیندووەکان دەپەڕێنن. پەیامبەرێک بگاتە ئەو ئاستەی داخی خۆی بە پەیکەرێک بڕێژێت سبەی مرۆڤێکی زیندوویی بێ باوەڕ وەک ئەو مەڕەی سەری بڕیووە سەردەبڕێت و دەیکات بە قوربانی خوداکەی، پاشان دەڵێت خودا فەرمانی پێکردووم. یان دەڵێت بێ باوەڕە و گومڕایە، یان .....

**سەرگۆن:**

- داوا دەکەین کە دادگا رێگانەدات لەوە زیاتر تاوان بخاتە پاڵ ئەبراهام. خەریکە هەرچی تۆمەت و خراپەکاری داهاتووش هەیە دەیخاتە ئەستۆی ئەو. خەریکە خەڵک لە ئایدیا و باوەڕی یەکتاپەرستی دەترسێنێت. ئەو ترساندن و پەیامە زۆر توندڕەوانە و ترسناکە.

**ئەبراهام:**

- ئلۆهیمی خودا رێگەنادات کەس ببێت بە جێگرەوەی ئەو، هیچ کەس زوڵم لە کەسێکی تر بکات و بیخاتەژێر دەستی خۆیەوە. ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت هەمووی ئەزموونی خراپی فرەخوداییە لەم شارستانیەتەدا، کە بواری کردۆتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤە خودا دروستبێت. بۆیە یەکتاپەرستی مەترسی نیە، بەڵکو

فرەخودایی مەترسیە. بۆیە تا مرۆڤ بەرەو یەکتاپەرستی بڕوات زیاتر لە خوداکەی خۆی نزیک دەبێتەوە و ئەو مەترسیانە نامێنن.

**لۆگال:**

- کام نزیکبوونەوە؟ پەیامەکەی تۆ پەیوەندی مرۆڤ و خوداکانی تێکداوە، تادێت مرۆڤ لە خودا دووردەخاتەوە و تەنانەت دواجار خودی خوداپەرستی ناهێڵێت یان دەگات بە دۆخێک مرۆڤ سبەی نازانێت چی بپەرستێ. لەبری ئەو خودا نادیارە رەنگە بۆ نزیکبوونەوە لێی لە دارو بەرد خراپتریش بپەرستن، دواجار هێندە مرۆڤ لە خودا دوورکەوتۆتەوە بوون بە دوو جەمسەی دژ بەیەک.

**ئەبراهام:**

- ئێوە لەڕێگەی دروستکردنی بتی بێ گیانی جۆراوجۆرەوە لەخودای گیانداری ڕاستەقینە دوورکەوتوونەتەوە و....

**لۆگال:**

- دووبارەی دەکەمەوە کە ئەوانەی تۆ بە بت ناوت هێناون بۆ چەواشەکردنە. چونکە لە بنەڕەتدا ئەوانە بت نین، بەڵکو سومبولێکن دانراون تاکو مرۆڤ لە خودا نزیک و نزیکتربێتەوە، بۆ کڕنۆش و پەرستنی بەرد و دار نیە.. تۆ دەتەوێت خەڵک بەهەڵەدا بەریت و لەخشتەیان بەریت کاتێک دەڵێیت پەیکەری بێ گیان دەپەرستن. هەموومان دەزانین ئەوانەی دانراون خۆیان خودا نین، بەڵکو سومبلێکن بۆ خودا. کاتێک سومبولێک لە وێنەی خۆرێکدا کێشراوە وەک خۆرە-خودا دانراوە و پێی دەوترێت "ئۆتۆ" خەڵک گەمژە نیە و دەزانێت ئەوە خوداکە خۆی نیە بەڵکو رەمز و سومبولە بۆ ئەو و مەبەست لە دروستکردن و دانانیان نزیکبوونەوەی مرۆڤە لە خوداکان نەک دوورکەوتنەوە لێیان.

ئەبراهام تۆ سبەی گەر دەتەوێ مرۆڤ لە خودای خۆت نزیک بکەیتەوە دەبێت وێنەیەکی بەرجەستە لە گیانی خوداکەت بدەیت بە دەستەوە کە مرۆڤەکان توانایان هەبێت لێی نزیکببنەوە و دەستی لێبدەن و هەست بە ئارامی بکەن. دەبێت پەرستگایەک هەبێت مرۆڤەکان تیایدا رووی تێبکەن و وەکماڵی خودا تەماشای بکەن. ناکرێت خودا ماڵی نەبێت و سومبولێک نەبێت بۆ نیشاندان و

بەرجەستەکردنی.. ئەگەر بەوجۆرە بێ ناونیشان بێت پەیامی خوداپەرستی تۆ دەگۆڕێت بۆ بێ خودایی و خودانەناسی، چونکە کەس نەزانێت ئەو خودایەی تۆ باسی دەکەیت کێیە و چۆنە و لە کوێیە و چ سومبولێکی هەیە، گەر خوداپەرستی بەوجۆرە بێت تۆ دەبیت بە یەکەم کەس دەستپێشکەری دەکەیت تا مرۆڤ بە ئاسانی دەستبەرداری پەرستنی خوداکان بێت و ژیانی خۆی بەبێ بوونی خودا بگوزەرێنێت.

ئەبراهام بەمکارەت لەبنەڕەتەوە خوداپەرستی ناهێڵێت، مرۆڤەکان لە خوداکان دووردەخەیتەوە. ئەوەتا تۆ دەڵێیت خودای من لە ئاسمانە دوورەکانە، دەی ئەگەر خوداکانی تر نەمێنن ئێمە چۆن بگەین بەو خودایەی لای تۆ لە ئاسمان. بەپێی ئەو پەیامە بێت تەنها ڕێگە بۆ گەیشتنەوە بەخودا ئەوەیە دوای تۆ بکەوین و ببین بە ژێردەستەی تۆ! ئێمە نازانین تۆ چۆن چۆنی لەگەڵ خوداکەی خۆتدا پەیوەندی دەگریت، مەگەر بفریت بۆ ئاسمانە دوورەکان تاکو بگەیت بەو خودایەی باسی دەکەیت. یان خوداکەت خۆی لەو ئاسمانە دوورەوە چۆن دێتەخوارەوە بۆ لات و قسەت لەگەڵ دەکات، یان بە چ جۆرێک دێتە خەوت و لەخەودا قسەت لەگەڵ دەکات! ئاخر چ مرۆڤێکی ژیر هەیە وەک حەقیقەت مامەڵە لەگەڵ خەوبینیندا بکات؟

**ئەبراهام:**

- ڕاستە خوداکەی من لە ئاسمانە دوورەکانە بەلام لە دەماری ملم بۆ من نزیکترە.

**لۆگال:**

- بۆ تۆ نزیکە، ئەگینا بۆ ئێمە نە دوورە و نە نزیک.

**ئاراک:**

- ڕەنگە پێویست بێت لەسەر پەیوەندی خوداکەت و پەیامبەری کەمێک بوەستین. باشە هەموومان دەزانین تۆ مرۆڤیت و ئەمڕۆ یان سبەی دەمریت، بەڵام خوداکان نەمرن، دوای تۆ کە مردیت ئەوانەی باوەڕیان پێتهێناوە چۆن پەیوەندی بە خوداکەیانەوە بگرن؟ یان ئەگەر پێویستیان پێی بوو چۆن قسەی لەگەڵ بکەن وداواکاری پێشکەش بکەن یان وەک تۆ تاقی بکەنەوە؟

**ئەبراهام:**

- خودا خۆی لەناو مرۆڤەکاندا پەیامبەری تر دیاریدەکات و لەڕێگەی ئەوانەوە پەیامی خۆی بڵاودەکاتەوە.

**ئاراک:**

- باشە بەپێی ئەو جۆرە پەیوەندیە ناوازەیەی لە نێوان تۆ و خوداکەی تۆدا هەیە دەکرێت بپرسین ئەگەر پەیامبەر نەما و کۆتایی هات، مرۆڤەکان پەیوەندیان بە خوداکەی تۆوە چی بەسەردێت؟ یان کەسێک بانگەشەی ئەوەی کرد بووە بە پەیامبەر و خودا ئەوی دیاریکردووە، خەڵک چۆن بزانێت پەیامبەرێکی ڕاستەقینەیە و درۆزن نیە؟ خۆ تێ دەگەیت لە پرسیارەکان.. لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندیەی باسی دەکەیت تەنها پەیوەندیەکی دوو لایەنەیە و گشتی نیە بۆیە پرسیاری لەمجۆرە یەخەت پێدەگرێت..

**ئەبراهام:**

- بەپێی تێگەیشتن و ئیلهامی خودا بۆ من تا مرۆڤ بمێنێت خودا هەر پەیامبەر دەنێرێت و بەردەوام دەبێت. هەروەها هەموو جارێک خودا لەناو بنەماڵەی پەیامبەراندا پەیامبەری تر دیاری دەکات و توانایەکی تایبەت و ئەفسوناوی دەدات بە پەیامبەرەکانی و لە کەسانی تر جیایان دەکاتەوە و بەو توانا تایبەتەدا خەڵک دەیانناسێتەوە.

**لۆگال:**

- بەڵام نە ئێمە و نە هیچ کەسێکی تر هیچ توانایەکی تایبەت و ئەفسوناوی لە تۆ نەبینیوە، تەنها شتێک کە هەتە ئەوەیە دەتوانیت بە باشی قسەبکەیت و لەڕووی ژیری و هۆشمەندیەوە توانایەکت هەیە و خوێندەواریت، لەوە زیاتر هیچی تر. بۆیە ئەگەر تۆ یەکەم پەیامبەر بیت فەشەلت هێناوە و بەم حاڵەی تۆوە زۆربەی خەڵک باوەڕ بە پەیامبەری تۆ ناکەن و شوێنت ناکەون. ئەمە حاڵی تۆ بێت ئیتر نەوەکانی ترتان لەخۆت باشتر نابن.

**ئاراک:**

- بەهەرحاڵ با ئێمە ئەم مەسەلەیە بۆ هەڵبژاردن و بڕاردەی خەڵک بەجێبهێڵین و لەجێگای ئەوان بڕیار نەدەین. هەرکەس شوێنت کەوت و باوەڕی پێت هێنا بڕاردە

و هەڵبژاردنی خۆیەتی و گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندی و ژیانی گشتی تێک نەدات و زیانی پێنەگەیەنێت. چونکە ئەوەی تۆ کردووتە بانگەشە و پەیامبەری تێپەڕکردووە.

**کەسێک** لەناو ئامادەبووانەوە:

- من باوەڕم پێ هێناوە، ئەو بەڕاستی پەیامبەرە و خودا ناردوویەتی. نوری خودای لێدەبارێت ! دەستی خۆش بێت ئەو بتانەی شکاندووە ! ئەوانە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە و شایانی پەرستن نین..

**ئەبراهام:**

- دروست وایە، ئلۆهیمی خودا ئەوپەڕی دەسەڵاتی هەیە و هەموو شتێک لەژێر دەستی خۆیدا ڕێک دەخات، ئەو بەیارمەتی فریشتە و پەری وهاوکارەکانی تری هەمووی بەڕێوەدەبات.

**ئاراک:**

- باسی فریشتە و بوونەوەری ترت کرد، جگە لە خودایەکی تاک و تاقانە ئەمانە چین و لە کوێن؟ شێوەیان چۆنەو بە چ زمانێک دەدوێن؟

**ئەبراهام:**

- ئەوانەش هەن و دروستکراوی خودان.. پێش ئەوەی مرۆڤ دروست بێت خودا ئەوانیشی دروستکردووە.

**لۆگال:**

- بەپێی ئەم قسانەی خۆت بێت پەیامەکەی تۆیش بەجۆرێک پەیامە بۆ فرەخودایی. ئەوەتا خوداکەت تاقانە نیە، بوونەوەری تری لەگەڵدایە و هاوکاری و یارمەتی دەدەن.

**ئەبراهام:**

- بەڵام ئەوانە خودا نین، بەڵکو ڕاسپێردراوی خودان و فەرمانەکانی ئەو جێبەجێدەکەن و هیچی تر. جارێکیان خودا سێ فریشتەی باڵداری لەئاسمان ناردە خوارەوە و قسەیان لەگەڵ کردم!

**لۆگال:**

- خوداکەت جگە لە تۆ نێردراوی تریشی هەیە؟ باشە گەر وایە بۆچی ئەوان نانێرێت بۆ لای مرۆڤەکانی تر تاکو باوەڕ بەم قسانەت بهێنن، وەک خۆی پەیوەندی ناکات بە مرۆڤەکانی ترەوە یا نێردراوەکانی بیکەن؟ ئەگەر ئەو قسانە چەواشەکاری نیە فەرموو یەکێک لەو فریشتانەمان نیشان بدە کە هاتوون بۆ لات؟ چۆن بزانین تۆ ڕاست دەکەیت؟ خۆ ناکرێت هەر لەبەرئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکەیت پەیامبەری خودایەکی دیاریکراویت ئیتر هەموو قسەکانت ڕاست بن و وەک بەڵگەنەویست وەربگیرێن! باشە وا ووتمان خوداکەت لە ئاسمانە دوورەکانە ئەی فریشتەکانی لە کوێن؟ ئەوانیش لەوێن یان لێرەن یان چۆن؟

**لەم کاتەدا لەناو خەڵکەکەوە هاوارێک بەرزبۆوە:**

- ئەو بەڕاستی پەیامبەرە و فریشتەی لەگەڵە!

**لۆگال:**

- ئەوەی تۆ باوەڕت بەو بانگەشەیە کردووە ئازادیت و کەس ڕێگەی لێنەگرتوویت. کەسانێکی تریش هەبوون دوای ئەوانە کەوتبوون کە خۆیان کردبوو بە خودا، دەیانووت ئێمە وەک خودا دەسەڵاتمان هەیە و کاری زۆر گرنگ و ئەفسوناویمان لەدەست دێت، بەلام چیان بەسەرهات؟ پاش ماوەیەک نەمان و بەسەرچوون.

**ئەبراهام:**

خودا ئەو فریشتە و بوونەوەرانەی تر ڕادەسپێرێت تاکو یارمەتی مرۆڤ بدەن و هاوکاری و ڕێنمایی بکەن، هەروەها ئەوانن بەرپرسن لە سزادان و ئەشکەنجەدانی ئەو کەسانەی لە خودا یاخی دەبن و بێ فەرمانی دەکەن.

**لۆگال:**

- کەواتە ئەو بوونەوەرانە هەرچیەک بن بوونەوەری جیان و مرۆڤ نین، بەڵام مادام دەسەڵاتی ڕێنمایی و ئاراستەکردن و سزادان و ئەشکەنجەدانیان هەیە ئەوانیش لە سنورێکدا خودان. یانی بەکردەوە لای ئێوەش فرەخودایی و فرە دنیایی هەیە.. ئیتر بۆچی دەتەوێت رەخنە لە فرەخودایی ئێمە بگریت.

**ئەبراهام:**

- ئەوانە هیچیان خودا نین و فەرمانپێکراوی خودان. کەسیان ناتوانێت لە فەرمانی ئەو دەربچن و هەرچیان پێ بووترێت ئەو کارە جێبەجێدەکەن.

**لۆگال:**

- بەڵام دواجار ئەو کەسەی کارێکی پێدەسپێردرێت خاوەنی بوون و دەسەڵاتێکە. واتە لە سنوری دەسەڵاتەکەیدا خودایەکە.. لەکاتێکدا خوداکانی ئێمە هەریەکەیان سەربەخۆن، جیان لە یەکتر و پاشکۆی یەکتر نین. بەڵام ئەوانەی تۆ هەموویان پێکەوەن و یەک دەسەڵاتی گەورە و پان و بەرین دروست دەکەن کە مرۆڤ هیچ بژاردە و هەڵبژاردنێکی نیە لەبەرانبەریدا جگە لە بەندێتی و تەسلیم بوون.

**سەرگۆن:**

- فریشتە باڵدارەکان و بوونەوەرە ئاسمانیەکان هەمووی دەسەڵاتی خودایەکی تاک و تەنها بەرجەستە دەکەنەوە. چ لە ئاسمان و چ لە زەوی..

**لۆگال:**

- بەپێی ئەم قسانە بێت خوداکەی ئەبراهام و بوونەوەر و فریشتەکانی باڵدارن و لە ئاسمانە دوورەکانەوە دادەبەزن. بەو پێیە بێت خوداکانی ئێمە هەموویان زەمینی یان نیمچە زەمینین، بەڵام خوداکەی ئەبراهام ئاسمانیە و لە ئاسمانە دوور دوورەکانە.. ئەم جیاکردنەوەیە سەرەتایەکە بۆ ئەنجامگیری زۆر خراپ کە کاریگەری زۆر دادەنێت لەسەر شارستانیەتەکەمان.

پەیوەندی ئێمە تاکو ئێستا بە خوداکانەوە زۆر ئاساییە و هیچ شتێکی سەیری تیادا نیە. تاکو ئێستا خوداکانی ئێمە بەشێکبوون لە ماڵ و حاڵ و ژیانی هەر ئێستامان. ئێمە و خودا لەیەکتر جیانەبووین. بەڵام پەیامەکەی ئەبراهام مرۆڤ و خودا لەیەکتر جیادەکاتەوە، وەک ئەوەی دوو قوتب و دوو هێزی دژ بەیەکتر بن و تەنانەت لە شەڕ و جەنگدا بن لەگەڵ یەکتر. بۆچی ئێستا خودا لە ئاسمانێکی دوورە و ئێمە لە زەوی، بۆچی ئەبراهام دەیەوێت مرۆڤ لە خوداکانی خۆی، لە سروشت و لەبوونی خۆی جیابکاتەوە؟ هەموو خوداکان لە ناوماندان و پێکەوە دەژین. هاوژیانی یەکترین.. تەنانەت ئێمە هەندێک لە پیاوچاکان و پیرەمێردەکانی خۆمان

وەک جۆرە خواوەندێک پیرۆزکردووە تاکو شوێنیان بکەوین و مرۆڤ چاویان لێبکات نەک بۆ ئەوەی بیانپەرستین و بکەوینە داوی مرۆڤپەرستیەوە.
خودا و مرۆڤ بەوجۆرە لێک جیا نەبوون. تەنانەت بەشێک لە سومبولەکانی ئێمە تێکەڵەیەکن لە شێوەی مرۆڤ و شێوەی خودا. خوداکان لە مرۆڤ دەچن و مرۆڤەکانیش لە خودا دەچن.. خواوەندەکان ژن بن یان نێر، لە مرۆڤ بچن یان لە ئاژەڵ یان لەشتی تر، پەیوەندیەکی ئاسایی لەگەڵیاندا هەیە و بەجۆرێک دەتوانین بڵێین کە خوداکان ئێمەن و ئێمەش ئەوانین و ....

**لەم کاتەدا ئاراک هەڵیدایەوە و ووتی:**

- لۆگال مرۆڤەکان و خوداکان لێک جیاوازن و تێکەڵیان مەکە.

**ئەبراهام بە توڕەییەوە ووتی:**

- نەک هەر جیاوازن و مرۆڤ خودا نیە، بەڵکو ئەو دروستکراوی خودایە و وەک بەندەیەک دەبێت بە بەندەیی و بێ دەسەڵاتی خۆی لە ئاستی خودای تاک و تەنهادا ڕازی بێت. نابێت خۆی لە شان و شکۆی خودا بدات. پێشتر هەندێک لەم شارستانیەتەدا خۆیان بەجۆرێک لێگۆڕابوو پێیان وابوو بوون بە خودا و بانگەشەی خودایەتیان دەکرد. ئەوە ئەوپەڕی گومڕاییە. گەر نەگەین بە یەکتاپەرستی ئەو هەوڵانە دووبارە دەبێتەوە و کۆمەڵە مرۆڤێک خۆیان دەکەن بە خواوەند بەسەر ئەوانی ترەوە.

**لۆگال:**

باشە من ئەوە قبووڵ دەکەم کە مرۆڤ و خوداکان لێک جیاوازن، بەڵام من بەجۆرێک ووتم هاوژیانی یەکترن و لێکچوون، بەڵام دەبینم ئەبراهام دەیەوێت لەڕێگەی گەورەکردنی لەئەندازەبەدەری خوداکەی خۆیەوە مرۆڤ لە ئەندازە بەدەر بچوک بکاتەوە. ئەمە ڕەوا نیە، نازانم ئەم هەموو ڕقە لە مرۆڤ و ئەم دژایەتیە ئاشکرا و پەنهانە لەدژی ئەو لەکوێوە هاتووە؟

**ئاراک:**

- پێش ئەوەی ئەبراهام وەڵامبداتەوە دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەک پێشکەش بکەم. ئەبراهام ڕاستە ئەوەی باستکرد پێشتر وەک کردار و بانگەشە بوونی هەبووە. بەڵام هێشتا زۆر جیاوازە لەوەی تۆ. کەسانێک هەبوون پێشەوابوون و سەرەتا

خۆیان لێگۆڕا بە پاشا و پاشان بە خواوەند.. کاتێک دەسەڵاتیان پەیداکردووە بۆ زیاتر و زیاتر هەوڵیانداوە و سەرەنجام خۆیان و خانەوادە و خێڵەکانیان کرد بە دەسەڵاتێکی خواوەندانە بەسەر ئەوانی ترەوە. پەلاماری خەڵکی تر و دراوسێکانیان دەدا و ستەمیان لێدەکردن و تەنانەت دەیانکردن بە کۆیلە و خزمەتکاری خۆیان. بەڵام چیان چنیەوە؟ ناڕەزایەتی و بەرەنگاربوونەوەی خەڵک و یاخیبوونی گشتی. بۆیە ئەم شارستانیەتە تووشی داخوران و کرمۆڵبوون بوو، لەگەڵ یەکەم هێرشی خەلکی چیاکان و گۆتیەکاندا هەرەسی هێنا. گۆتیەکان کۆیلەکردنیان قبووڵنەکرد و پەلاماردانیان بە دژە پەلامار وەڵامدایەوە و خەڵکێکی زۆر کوژرا و هەمووان لەو جەنگانەدا زیانیان کرد. لەدوای ئەو وێرانکاریانە ئەزموونێکی نوێ دەستپێکردەوە و ئەمەی لەم شارەدا هەیە بەرەئەنجامەکەیەتی. بەجۆرێک گەڕانەوە هەیە بۆ بەها و شکۆی ژیانی گوندەکان و جێبەجێکردنی لە شارەکاندا. بۆیە ئەبراهام ئاگات لەوە بێت کە پەیامەکەی تۆ دەبێت نوێ بێت و ناکرێت گەڕانەوە بێت بۆ ئەو ڕابردووە تاڵەی باسمکرد.

**ئەبراهام:**

- من ئاگاداری ئەو ئەزموونە تاڵەم و پێم وایە بەشێکی بەهۆی نەناسینی ئلۆهیمی خوداوە روویداوە. ئەوە بەرئەنجامی فرەخودایی بووە. بەڵام سەبارەت بە پرسیارەکەی لۆگال دەمەوێ بەهەموانی ڕابگەیەنم کە ئلۆهیمی خودا نەک هەر دژی مرۆڤ نیە بەڵکو زۆریشی خۆشدەوێت و پێشتر لە خۆشترین بەهەشتدا ژیاندوویەتی. بۆیە منیش مرۆڤم وەک ئێوە و هەم خۆم خۆشدەوێت و هەم ئێوە و هیچ تاوانێکم بەرانبەر بە مرۆڤ نەکردووە. بەڵام دەمەوێت مرۆڤەکان ڕێگای ڕاستی خوداپەرستی بدۆزنەوە و گومڕا نەبن. پەرستنی خودا فەرزە چونکە ئەو مرۆڤی دروستکردووە و قەرزارباری ئەوە.

**لۆگال:**

- کاتێک تۆ هێندە خوداکەی خۆت گەورە و مەزن دەکەیت، ئەنجامە پێچەوانەکەی ئەوەیە مرۆڤ بچوک دەکەیتەوە تا ئاستی هیچ نەبوون. دواجار تەنها ئەو مرۆڤانە گەورەن کە لە خودای گەورەکەوە نزیکن، ئەوانی تر دەبێت بە بچوکی و گرگنی

و ژێرەوە بوون و بەندێتی ڕازی بن. لەم جۆرە پەیوەندیەدا خۆشەویستی هیچ مانایەکی نیە.
گریمان مەبەست لە گەورەکردن و بە شکۆکردنی خودا هاوکات گەورەترکردن و بە شکۆترکردنی مرۆڤە وەک گرنگترین دروستکراوی خودا، بەڵام ئایا مرۆڤ بەوە گەورە دەبێت؟ من پێم وایە ئەوە ڕێگایەکە بۆ بچوک و بچوکترکرنەوە و لاوازکردنی. کەمینەیەک کە خۆیان بە نوێنەر و پەیامبەری خودا دەزانن گەورەتر دەبن و بەشکۆتر دەبن و زۆرینەش بە بەندە و بچوک و بێ شکۆ؟ وە نواندنی گەورەیی و شکۆ لەبەرانبەر ئاژەڵان، سروشت، و ژیانی دەوروبەردا.

**ئەبراهام:**

- من دەسەڵاتی خوداکانی ئێوە بچوک دەکەمەوە نەک مرۆڤ. خوداکانی ئێوە و بتەکان بچوک دەکەمەوە و تێکیان دەشکێنم. دەمەوێ پێتان بڵێم ئەو بێدەسەڵاتانە چین و شیاوی پەرست نین. ئەمە گەورەکردنی مرۆڤە لەڕێگەی ئلۆهیمی خوداوە نەک بچووککردنەوەی. لەبەرئەوەی خوداکانی ئێوە هیچ دەسەڵاتیکیان نیە، بۆیە کاتێک ڕووبکەنە ئلۆهیم و بیپەرستن بەدەسەڵاتتر دەبن نەک بچوکتر و لاوازتر..

**لۆگال:**

- ڕاستە هەندێک لە خوداکان وەک جاران دەسەڵاتیان نیە و داواکاریت لێیان هەیەو وەڵامت نادەنەوە و پێیان ناکرێت. دیارە خوداکانیش گۆڕاون وەک چۆن کەش و هەوا و خاک و هەموو دەوروبەر لەگۆڕاندایە. بەڵام بەپێچەوانەوە تاهاتووە مرۆڤ دەسەڵاتی زیاتر بووە نەک کەمتر. ئەوەی خراپ بەکاری دەهێنێت یان باش مەسەلەیەکی ترە. گرنگە ئەو خودایانەی هەن یارمەتی ئەو بدەن نەک نەفرەتی لێبکەن، یان بەجۆرێک سنورداری بکەنەوە و لەناوی بەرن.
بۆیە لە پەیامەکەی ئەبراهام دەترسم چونکە خوداکەی هێندە گەورە و بەدەسەڵات کردووە هیچ بۆ مرۆڤ نەماوەتەوە، دەترسم ئەم بچووککردنەوەیە دواجار مرۆڤ لە دەسەڵات و لە هێز و داهێنان بخات و دایوەشێنێت، سەردەمێکی تاریک دەست پێبکات کە تیایدا هەموو شت بسپێردرێت بە خودا و ئەویش لەو ئاسمانە دوورە بێت و هیچی لەدەست نەیەت! خەمی گەورەی ئێمە شکۆ و سەروەری مرۆڤە و

دەترسین یەکتاپەرستی ئەوە لاواز بکات یان تەنانەت لەڕێگەی بانگەشەی بەندێتی و کۆیلەیەتی بۆ خودا لەناوی بەرێت.

**ئەبراهام:**

- شکۆ و سەروەری بۆ خودایە نەک بۆ مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ سەری بەرزبێت لەسایەی خودادا دەتوانێت سەر بەرزبکاتەوە.

**لۆگال:**

- کەوایە ئەگەر ئەم پەیامە گشتگیر بێت مرۆڤ نە سەروەری و نە شکۆ هیچی بۆ نامێنێتەوە. گەر ئەوەتکرد پێویست بەوە نیە هەڕەشەی دۆزەخی لێبکەیت چونکە خۆی کەوتۆتە دۆزەخەوە و لێی دەرناچێت. تەنها دەپاڕێتەوە و شایانی بەزەییە و هیچی تر.

**سەرگۆن:**

سەروەری خودا بۆ هەمووانە. مرۆڤیش لەسایەی ئەودا سەروەرە بەسەر ئەوانی ترەوە، ئاژەڵان، سروشت و ئەوانی تر.. هەموو ئەوانەی تر دەمرن و دەڕۆن، بەڵام مرۆڤ خودا زیندووی دەکاتەوە و ناهێڵێت بمرێت.

**ئاراک:**

- چەند جارێک باسی خودا و زیندووبوونەوەتان کرد، گوایە مرۆڤ کاتێک دەمرێت ئلۆهیمی خودا زیدنوویان دەکاتەوە. باشە چۆن باوەڕ بەوەبهێنین کاتێک مرۆڤ دەمرێت خودا زیندووی دەکاتەوە؟ بەڵگەیەک هەیە یان نمایشێک یان ئەزموونێک ئەوە بسەلمێنێت ؟ تۆ خۆت هیچ بەڵگەیەکت بۆ ئەمە هەیە؟ یان بەچاوی خۆت بینیووتە؟

**ئەبراهام:**

- لەڕاستیدا منیش سەرەتا وەک ئێوە باوەڕم نەکرد. بۆیە بۆ دڵنیابوونی خۆم داوایەکم لە ئلۆهیم کرد کە ئەشێ بووترێت وەک جۆرێک لە تاقیکردنەوە وابوو. کاتێک پێی ڕاگەیاندم ئەو دەتوانێت هەموو شتێک زیندووبکاتەوە، داوام لێکرد کە ئەو کارەم پیشانبدات. فەرمانی پێکردم چەند مەل و باڵدارێک بهێنم و هەموویان

سەربڕم و تێکەڵاویان بکەم. دوای ئەوەی ئەو کارەم کرد خودا فەرمانی کرد و دەسبەجێ هەموو مەل و باڵدارە سەربڕاوەکانی زیندووکردەوە.

**دوای ئەم** قسانە لەناو ئامادەبوانەوە هاوارئەرزبۆوە:

- ئای لەو درۆیە ! شەرمیش ناکات درۆی وا دەکات.

ئاراک داوایکرد هەموان بێدەنگ بن و پاشان ڕوویکردە ئەبراهام:

**ئاراک:**

- باشە تۆ بانگەشەی پەیامبەری دەکەیت و خوداکەت نمایشێکی زیندووکردنەوەی نیشانداویت، ئنجا دڵنیابوویت لەوەی زیندووبوونەوە هەیە وەک باسی دەکەیت، بەڵام ئەی مرۆڤەکانی تر چی بکەن بۆ ئەم کارە؟ تۆ کە پەیامبەرێکیت گومانت هەبووە و خوداکەت دلنیایی کردوویتەوە ئەی کەسانی تر چی بکەن هیچیان نەدیووە؟ نە قسەیان لەگەڵ خودا کردووە و نە هیچ پەیوەندیەکیان هەیە و نە نێردراوێکیان بینیوە؟ چۆن دلنیا بن ئەو خودایە هەیە؟ وە دەتوانێت زیندوویان بکاتەوە، چۆن باوەڕ بە قسەکانی تۆ بکەن و چ ڕێگایەک هەیە ئەوانیش بیگرنە بەر بۆ تاقیکردنەوەیەکی لەو چەشنە؟

**ئەبراهام:**

- گەر خەڵک باوەڕیان بە من و خوداکەی من کرد، ئەوسا باوەڕ بەهەموو ئەو شتانەی تر دەهێنن و پێویست ناکات ئەو شتەی تاقیکراوەتەوە ئەوانیش جارێکی تر داوای تاقیکردنەوەی بکەن.

**لۆگال:**

- ئەبراهام دەیەوێت خەڵک وەک کوێر دەست بە چاویەوە بگرێت و دوای بکەون و هیچی تر..

**ئەبراهام:**

- ئەی خەڵک بۆچی باوەڕ بەو بتانە دەکات کە گوایە خودان و دەیانپەرستن و ڕوویان تێدەکەن. من باوەڕم وایە ئەگەر خەڵک باوەری بە بت پەرستی هێناوە، زۆر بە ئاسانی لە پەیامی یەکتاپارستی تێدەگات و باوەڕی پێدەهێنێت.

**لۆگال:**

- ئەبراهام جەنگ و شەڕێکی ڕاگەیاندووە لە دژی شتێک کە بوونی نیە. ئەمە چەواشەکاریە.. چەند جارم ووت ئەوانەی دانراون بت نین، ئێمە دەزانین ئەوانە سومبول و ئایکۆنن بۆ خوداکان نەک خوداکان خۆیان. کاتێک سومبولی نانار دانراوە خەڵک دەزانێت ئەوە مانگ نیە. پێتوایە خەڵک گەمژەیە و هیچ نەزانە و تەنها تۆ و خوداکەی تۆ شت دەزانن. باشە پێش تۆ ئەم شارستانیەتە پێشکەوتووە، ئەم شارە ئاوەدانکراوانە، ئەو زەقورە بەرز و پرشکۆیانە، ئەو هەموو کەرەسەیەی هەیە و کاری پێدەکەین و بەرهەمی دەهێنین کێ دروستیکردووە؟ ئەمانە هەمووی بەرهەمی ژیری و هۆشمەندی ئەم خەڵکە نین! دەپرسم بۆچی پێت وایە خەڵک بە قسەی تۆ دەکات و باوەڕت پێدەکات کاتێک باسی بتپەرستی بکەیت؟ تۆ خەریکی بە کۆمەڵێک قسەی بێ بنەما دەڵێیت کە خوداپەرستی ئەم شارە بریتیە لە بتپەرستی، تۆ یان لەم شارستانیەتەدا نەژیاویت یان دەتەوێت چاوبنوقێنی لە ئاست ڕاستیەکان و خۆتیان لێ گێل بکەیت. ئەگینا کێ بت پەرستە؟

**سەرگۆن:**

کاتێک کە خەڵک رووبکاتە پەیکەر و سومبولی بێ گیان بتپەرستی نیە چیە؟

**ئەبراهام:**

- لەڕاستیدا من وویستم لەیەکەم پەیامی ئاشکرا و زەقدا بەهەمووتان بڵێم ئەوە بتپەرستیە. بۆیە پەلامارم دان و هەمووتانم تووشی هەژان و ڕاچڵەکان کرد. پەیامەکەم گەیشت..

**لۆگال:**

- بەڵێ پەیامەکەت گەیشت بەڵام بە کۆمەڵێک زیان و قوربانیەوە.. یەکەم قوربانی ئەو پەیامە خۆتی نەک ئێمە.

**ئەبراهام:**

- نەخێر وانیە.. چونکە دەمێکە ئەو پەرستگایە و خوداکانی ناوی بوون بە مایەی نارەزایەتی و بێزاری خەڵک. لە سایەیدا ژیان تووشی بنبەست و قەیران بووە. خوداکانی ئێوە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە..ئەوان ناتوانن ژیانی خەڵک باشبکەن و

لەسایەی دەسەڵاتی ئەواندا تاکو دێت ژیانی خەڵک خراپ دەبێت. گوناه زیاتر دەبێت، رسق و دەرامەتی خەڵک بەرەو خراپتر دەچێت و بت پەرستی بووە بەهۆی ماڵوێرانی و نەمانی رسق و پەرەسەندنی هەژاری و ستەم و گەشەی تاوانکاری. خەڵکی بێزاربوون لە خوداکان، دەزانن دەسەڵاتیان نیە.. هەر من نیم وادەڵێم ئەو خودایانە بێ دەسەڵاتن، ئەوەتا رۆژانە خەڵک نزا و پاڕانەوە دەکات لێیان بەڵام هیچی ناگاتەجێ و ژیانی خەڵک و کشتوکاڵ و ئاودێری خراپتر و ئافات و پەتا بڵاودەبێتەوە و چارەسەریان نیە. ئەو خودایانەی باسیان دەکەن بە دەمتانەوە نایەن.. تەنها من نیم ئاژەڵێکی شیردارو ماڵیم سەربڕیووە، خەڵکی بە دزیەوە لە ناچاریدا ئاژەڵە ماڵیەکان سەردەبڕن و گۆشتەکانیان دەخۆن.

رێژەی تاوان زیادی کردووە. خەڵک رۆژانە نەفرەت لە خوداکانتان دەکەن و جنێو و قسەی ناشایستە بە خودا جیاوازەکان دەدەن و وازیان لێدەهێنن. ئەم شارستانیەتەی ئێوە بەهۆی بت پەرستیەوە خەریکە دەرمێت و وێران دەبێت. من تاوانم نەکردووە، ئەم شارە هەمووی پڕە لە تاوانکاری و باس ناکرێت. ئەم تاوانەی من باسدەکەن تاکو هەموو ئەو تاوانانەی تری پێبشارنەوە.

ئەگەر رووبکەنە یەکتاپەرستی خودا دەسەڵاتی زیاتر دەدات بە ئێوە تاکو چارەسەری ئەو گرفتانە بکەن و بەسەریدا زاڵبن. پەلبهاون بۆ شوێنەکانی تر و بەناوی یەکتاپەرستیەوە ئەوانیش قەناعەت پێبکەن و یەک شارنشینی گەورە و فراوان و پەلهاویشتوو دابمەزرێنن.

**لۆگال:**

- لەوە دەچێت خوداکەی ئەبراهام بە مەرجی پەرستن دەسەڵات بدات بە مرۆڤەکان و ئەگەر نەیپەرستن ئەوە هێز و دەسەڵات و خێر و شکۆیان پێنابەخشێت. بۆیە ئەو پەیامە بۆ جارێکی تر بۆ هەموان روونبۆوە کە پەیامێکە بۆ دەسەڵاتخوازی و دەسەڵاتگەریی. ئێمە لەم شارستانیەتەدا ئەو جۆرە پەیامەمان ئەزموونکرد و وە بەجۆرێک تێپەڕمان کرد.

یەکێک لەو سوودە زۆرانەی لە ڕابردوومان وەرگرت لەدوای ئەزموونی گۆتیەکان بڕیاردان بوو لەسەر ئاشتی و قەناعەت و حەسانەوە. ئێمە ئێستا کەرەسەی جەنگیمان هەیە بەڵام وەک پێشوو شەڕی پێناکەین و هەڵی ناگرین،

تەنها دانراوە بۆ بەرگریکردن لە خۆمان. بەلەمی گەورە و چارۆکەدارمان هەیە و لە نێوان ئەم دوو رووبارە و دەریاکانی خواروودا دەتوانین بێین و بچین و کاری بازرگانی گەورە بکەین و بۆ زۆر دوور برۆین بەڵام تەنها بۆ ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوەی بەرهەمی کەم و گوێزانەوە بەکاریان دەهێنین نەک بۆ پەلهاویشتن یان بۆ داگیرکردن و پەلاماردانی دراوسێکانمان. زۆرمان چەشت بەدەست پەلاماردانی شارەکانی دراوسێ و هەر لە "لەگەش"یەکانەوە بگرە تا لارسا و شارەکانی تر، یان گۆتیەکانی پێدەشت و بناری چیا دوورەکان. بۆیە وەستاین و ئاشتیمان کرد بە نەریت و شێوەیەک لە ژیان، بە قیمەتێکی زۆر ئەوەمان تێپەڕکرد و لە ئێستادا نامانەوێت دوژمن بۆ خۆمان دروستبکەین و دوژمنایەتی و شەڕ و جەنگ بکەین بە بەشێک لە ژیانمان. دەمانەوێت پێکەوە لەگەڵ دراوسێکانماندا بە ئاشتی بژین. هەر شارێک ئێستا دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری خۆی هەیە و زۆر کێشە و ناکۆکی ناوخۆیی و دەرەکی بە پرس و ڕاوێژکردن و گفتوگۆ چارەسەر دەکەین..

ئێستا بەشی ئەوە دانەوێڵەمان هەیە کە دەتوانین خەڵکێکی زیاتر بژێنێن، یان کەسانی تر بە بێ کێشە بکەین بە کۆیلە و خزمەتکار و ژیانیان بۆ دابین بکەین. بەڵام نامانەوێت شارەکانمان زۆر قەرەباڵغ بێت و پەیوەندیەکان نامۆبن بەیەکتر و خۆیی و بێگانە لەیەک جیانەکەینەوە.

دەزانین لەولای ئێمەوە کانزا و کەرەسەی گرانبەها هەیە و دەتوانین بە ئاسانی دەستی بۆ بەرین و بۆی بچین و دەستی بەسەردا بگرین، بەلام ئەو کارە ناکەین و ئەوەندە کانزا و کەرەسە بەکاردەهێنین و کۆی دەکەینەوە کە سوودی گشتی بۆ هەموان هەبێت.

دەتوانین کاری زۆرتر بکەین، بە کەمێک ماندوویێتی زیاترەوە کێڵگەی ئاودێری زیاد بکەین و بەرووبوومێکی زیاتر بەرهەمبهێنین بەڵام زەوی زیاتر نارەتێینین و لە خۆبژێوی زیاترمان ناوێت. دەتوانین پەلاماری ئەو دەشت و کێوانە بدەین و ئاژەڵی زیاتر ڕاوبکەین، یان ئاژەڵی زیاتر ماڵی بکەین و سامانی ئاژەڵی بکەین بەدوو ئەوەندە و سێ ئەوەندە. بەم ئاستە لە سامان و بەم ئەندازەیە لە ژیان ڕازین و ئاسوودەیی و حەسانەوە لەوەدا دەبینینەوە. دەزانین داواکردنی دەسەڵاتی زۆرتر

و کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی زۆر و تێپەڕکردنی ئەو سنورانە پێشتر تووشی ماڵوێرانی کردین، مرۆڤی گەیاند بە گەندەڵی و دەسەڵاتخوازی و چاوچنۆکی، وای لێکرد لە خۆی نامۆبێت و لە خوداکانیش هەڵگەڕێتەوە و بەرچاوی تاریک بێت، خۆی بە خودا یان بە خواوەند بزانێت و ئەوانی تر بکات بە بەندە و پاشکۆی خۆی.

ئێمە سەرلەنوێ دەستمان پێکردەوە تا ئەو ڕابردووە دووبارە نەکەینەوە. ئێستا لە بڕگەیەکی ترداین و پێمواێت هەمووان پەند و ئەزموونیان لە ڕابردووی تاڵی پێشوو وەرگرتووە و پەلاماردان و جەنگ لەگەڵ یەکتر و بە کۆیلەکردن و ....تاد ئەمانە قەدەغەکراون، وە کۆمەڵە یاسایەک دانراوە بۆ پاراستنی پەیوەندیە مرۆییەکان و پاراستنی ژیانێکی شارستانی نوێ. هێشتا کێشە و ململانێ زۆرە، بەڵام هەموان بەشوێن چارەسەرکردنی ئەوانەوەین. نامانەوێت بگەڕێینەوە بۆ هیچ یەک لە بڕگە و وێستگە خراپەکانی ڕابردوو. بۆیە ئەم دادگاییەش بەڕێوە دەچێت تاکو پێشبگرین بە هەر هەوڵێک بۆ گەڕانەوە.

ئەم بانگەشەیەی ئەبراهام دەیکات و وەک پەیام بڵاوی دەکاتەوە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوویەکی تاڵی ئەم شارستانیەتە بەڵام بە فۆرم و شێوازێکی نوێ کە ناوە گەورەکەی دژایەتی بتپەرستی و رووکردنە یەکتاپەرستیە.

**ئەبراهام:**

- من ئەو تێگەیشتنەی ئێوە بۆ ڕابردوو رەتدەکەمەوە، بەڵام نامەوێت بچمە ناو ئەو باسەوە و تەنها ئاماژە دەکەم بەوەی کە دۆخی شار هیچ باش نیە و بەتەواوی خراپە و ژیان تیایدا گەیشتووە بە بنبەست.. ئەوانەی تۆ باسی دەکەیت بۆ قەناعەت بەخۆکردن و سەربەخۆدا کردن و ڕازیبوون و تەسلیم بوونە بەم دۆخەی باوە و هەیە. بەڵام خەڵک داوای گۆڕانکاری گەورە دەکات، ژیان لەم شارەدا بەرەو خراپتر دەڕوات و لەولای ئەم شارەوە شاری تر هەیە لەسەرهەڵدان و گەشەکردندایە، بەباشی خۆت ئامادە نەکردبێت رەنگە ئەمڕۆ یان سبەی پەلامار بدرێیت و لەناوبچیت.. هەروەها دزی و تاوان زیادیکردووە و پێویستە خەڵک ترسی خودا بچێتە دڵیانەوە تاکو بە رۆژی روناک پەلاماری یەکتری نەدەن. چونکە

ئێستا لەو خودایانە ناترسن کە هەن و هیچ حسابێکیان بۆ ناکەن و تەنها لە پەرستگاکاندا ڕێزیان بۆ دادەنێن. کاتێک یەکتاپەرست بن دزی ناکەن و دەزانن خوداکەی من لەهەموو شوێن و جێگایەکە و چاوی لە هەموو شتێکە و ئەو ترسە وادەکات پەنا بۆ تاوان نەبەن.

**لۆگال:**

- دیسانەوە ئەبراهام پێی وایە مرۆڤ بە سروشتی خۆی گوناهبار و تاوانکارە و ئەوەی ڕایدەگرێت خودایە نەک شتێکی تر. بەڵام گەر مرۆڤ مەبەستی لە تاوانکاری بێت، ترس نایوەستێنێت، پێش هەموو شتێک ئەوەی دەیوەستێنێت خودا نیە، ویژدانی خۆیەتی، پاشان پابەندکردن و ڕێگری لێکردنی هاوبەش بەپێی یاساکان. ئەوە گرنگە مرۆڤ بە ویژدانەوە پەروەردە بکرێت و ویژدانی چاودێر بێت بەسەریەوە. وە جگە لە ویژدانی مرۆیی زیندوو پێویستمان بە کۆمەڵێکی تر لە ڕێکخستن و کۆدی یاسایی هەیە کە ڕێگە بە تاوانکاری بگرێت و مرۆڤەکە بکات بە مرۆڤی بەسوود نەک تاوانکار. ساڵەهایە کەس ئەشکەنجە نادەین، زیندانەکانمان تاڕادەیەک کەسی تێدا نەماوە و کاریان پێدەکەین تا بەرهەمبهێنن.
ئەو ترساندن و ئەشکەنجەدانە کەی ڕێگای چارەسەرە بۆ مرۆڤ، هێندەی تر مرۆڤەکە بەرەو دڕندەیی دەبات..ڕەنگە کارێک بکات ئەویش هەمان دەسەڵات بەسەر لاوازتر لەخۆیدا بسەپێنێت.
بەهەرحاڵ ئەبراهام بۆ جارێکی تر دەیەوێت بڵێت ئەوەی کردویەتی کارێکی ئاساییە و تاوان نیە، بەڵکو چارەسەرە بۆ گرفتەکانی شار. بەڕاستی دەمەوێت دادگا لەسەر ئەم خاڵە ڕابوەستێت: تاوانکردن چارەسەر نیە. هەروەها دەپرسم بۆچی هەموو کێشەکانی ئەم شارە پەیوەندی بە ئاین و خوداپەرستیەوە هەیە و پەیوەندی بە شتی ترەوە نیە؟ بۆچی ئەبراهام دەیەوێت پەیامەکەی بەمجۆرە بڵاوبکاتەوە کە یەکتاپەرستی چارەسەرێکی ئەفسوناویە بۆ هەموو گرفتەکانی ئێمە؟ ئایا بەڕاست هەموو گرفتەکانی ئەمڕۆ پەیوەندیان هەیە بە خوداپەرستیەوە، بۆیە کێشەمان هەیە چونکە فرەخودایی هەیە و ئەگەر یەکتاپەرست بین هیچ کێشەمان نامێنێت؟

من پێم وایە ئەم دەستە دادوەریە لەمبارەیەوە روونکردنەوەی پێویستە و باشترە بۆ ئەم مەبەستە ووتەی نوێنەر یان سەرۆکی دەستەی کارگێڕی شار وەربگیرێت و روونکردنەوەمان بداتێ لەسەر ئەو کێشە و گرفتانە، زانیاری پێدان بە دادگا و ئەم خەڵکەی لێرە کۆبۆتەوە گرنگە تاکو بزانرێت ئەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵ ئەبراهام چ پەیوەندیەکی هەیە بە کۆی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم شارەوە..

**پێشنیارەکەی لۆگال** بۆ دادگا وایدەخواست بڕیارێک لەبارەیەوە بدرێت. بۆیە دەستەی دادوەری دوای یەکتر دواندن بڕیاریاندا بە هێنانە ناوەوەی بەڕێز "شامار" بۆ روونکردنەوە لە داواکەدا.. لە پاش مۆڵەت و پشوویەکی یەک رۆژە، رۆژی دواتر دادگا پێکهاتەوە و شامار وەک نوێنەری دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری شاری ئور ئامادەبوو. دەستەی دادوەری ناوبراوی تێگەیاند کە بۆچی بانگکراوە و پێویستیان بە چ جۆرە روونکردنەوەیەکە.

**شامار** لە وەڵامدا هاتەپێشەوە و خۆی ناساند و ووتی:

**شامار:**

- ماوەیەکە رێژەی بەرووبووم کەمی کردووە و گلەیی و گازندە لەمبارەیەوە زۆرە و هەوڵەکانیش بۆ چارەسەر بەباشی وەک پێویست ناچنەپێش. کەموکورتی زۆر هەیە و نزا و پاڕانەوەش سوودی ئەوتۆی نەبووە. لەڕاستیدا بەهۆی کاری ئاودێری دەیان ساڵی ڕابردوو لەئاوی رووبارەکە خاک سوێربووە و بەشێکی زۆری زەویەکانی پێشوو بەکەڵکی کشتوکاڵکردن نایەن و دەبێت دوورتربکەوینەوە بۆ ئەوەی بتوانین کەڵک لە بەرووبوومی کشتوکاڵی وەربگرین و لانی کەم دەبێت چەند ساڵێک ئەم زەویانە بەجێبهێڵرێن یاخود لەخوێ پاککبرێنەوە ئەوسا دەتوانین بەردەوام بین. دوورکەوتنەوەی زیاتریش لە قەراغی رووبارەکان واتە ئاودێری درێژتر و زۆرتر و ئەمکارەش دژوارە و پێویستی بە پاککردنەوەی بەردەوامی کەناڵە ئاویەکان هەیە. هەروەها دانیشتوانی شاریش زۆربوون و بەو ئاستە لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ناتوانین خواردنی پێویست بۆ هەموو دانیشتوانەکە و میوانەکان و بازرگانەکان دابین بکەین.

پلانی دەستپێوەگرتن و کەمکردنەوەی خەرجیەکان، چاکسازی زەویەکان، کۆنترۆڵی لافاو، کەمکردنەوەی قوربانی بۆ خوداکان، وە زیادکردنی سەرچاوە ئاویەکان، وە زیادکردنی سامانی ئاژەڵەماڵیەکان، ئەمانە هەموو خراتەوە بەرنامەوە. پلانمان داناوە بۆ فراوانکردنەوەی سنوور و قەڵەمڕەویەکانی شارەکە، بەجۆرێک سنورەکەی فراوان بکرێتەوە کێڵگە و زەوی کشتوکاڵی زیاتر بخاتە سەر سنوری شار و به درێژایی رووبارەکە، هەروەها ئەگەری ئەوەشمان داناوە کە رەنگە ناچاربین هەموو شارەکە بگوێزینەوە بۆ جێگایەکی تری خوارتر یان سەرووتر کە ئاودێری گشتی تیایدا رێکبخرێت و مسۆگەربێت..

ڕاستە شاری ئور توانای بەرهەمهێنان و ئاستی گەشەکردنی وەک ڕابردوو نیە و جۆرێک لە قەیرانمان هەیە. بەڵام لەهەوڵداین بە پشت بەستن بە خۆمان و بە یارمەتی خوداکان چارەسەری بکەین. دەشزانین لەولامانەوە شاری ئەکەد و شاری تر هەیە لە گەشەکردنی زیاتردایە، هەرچەند ئەوان پێشتر بەهاوکاری و یارمەتی ئێمە ئاوەدانیان دروستکرد، بەڵام ئێستا لە ئێمە گەشەکردووترن و جێگا و رێگای ئەوان لەسەر رووبارەکە سەرووتر کەوتووە و باشترە و هەندێکیان لە ئاوی هەردوو رووبارەکە کەڵک وەردەگرن و زەویەکانیان بە پیت ترە.

ئەوەی کە ئێمە لەگەشەکردن وەستاوین و شاری تر لەگەشەکردندایە وەک پێشووی خۆمان، هۆکارەکەی نە یەکتاپەرستیە نە فرەخودایی.. ئێمەش پێشتر هەر لەسایەی فرەخوداییدا لە ئەوپەڕی گەشەکردندا بووین. هۆکارە سەرەکیەکە بۆ کەمی بەروبووم دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە بە پلەی سەرەکی پشت بە خاک و کشتوکاڵ و ئاودێری دەبەستین و سامانی ئاژەڵی و دار و رووەکی چێنراو و بەرداری زۆرمان نیە. بەشێک لە کەناڵە ئاودێریەکان پڕبوونەتەوە و پێویستیان بە چاککردن و نۆژەنکردنەوە هەیە. بەشێکی تر دەبێت هەڵبکەنرێت و پێویستی بەهێزی کاری زیاترە. هەروەها هێشتا نازانین چۆن خوێی زیادە و خوێاوکی زەویە کشتوکاڵیەکان چارەسەربکەین، جگە لەوەش رێڕەوی رووبارەکە تا دێت گۆڕانکاری بەسەردا دێت و لەشار دوور دەکەوێتەوە و هۆکارەکەی نازانین.

هەرچی گوندەکانی دەوروبەری ئەم شارەیە بەو ئەندازەیە بەرهەم ناهێنن تاکو ببێت بە پاڵپشت و یارمەتی بۆ دانیشتوانی شارەکە. بۆیە زیادکردنی گوندەکان و

ئاوەدانکردنەوەی گوندی تر لەپلاندایە بەڵام هەموو ئەوانە پلانی درێژماوەی دەوێت و زۆری پێدەچێت و دەبێت بە پشوودرێژیەوە کاری بۆ بکەین. بەڵام بەدڵنیایەوە بەشێکی گرنگن لە چارەسەرەکان.

**لەپاش ئەو قسانە ئاراک پرسیاری لێکرد:**

- باشە خەڵک ناڕازیە لە خوداکان؟

**شامار:**

- بێگومان، بەلام ئەو نارەزایەتیە زۆر نیە و وەک گلەیی و گازندە وایە. کەس پەلاماری هیچ خودایەکی نەداوە و تاوانکاری بەرانبەر بەوان نەکراوە.. وەک خەڵکی شار ڕازی نین لە خوداکانمان بەڵام کوێرانە نایانپەرستین یان پێمان وابێت هەر دەبێت دەستمان بەسنگمانەوە بێت و بپاڕێینەوە و هیچی تر نەکەین. خەریکین و هەوڵدەدەین و داواشمان وایە خوداکان دەستیان لەگەڵ دەستمان بێت و هاوکار و یاریدەدەر بن. دەزانین دەبێت مرۆڤ بەردەوام باوەڕ و خوداکانی نوێبکاتەوە و چارەسەر بدۆزێتەوە بۆ کێشەکان. بەڵام من وەکخۆم تێکدان و پەلاماردان و ئاژاوە نانەوە بە چارەسەر نازانم و ئەم شارە هەولی دڵسۆزانەی پێویستە نەک شتی تر.

پاشان لەوەڵامی چەند پرسیارێکی لایەنەکاندا زیادی کرد و ووتی:

- ئاوەکانی دوو ڕووبار سوێراوی زیاتر دەڕژێننە سەر کێڵگەکان و ئاوی شیرین کەم بووە.  ئاژەڵی ماڵی کەمتربۆتەوە و دانەوێڵەکان بەشی پێداویستی بەخێوکردنیان ناکات.. ئافات و پەتای دوو سالی ڕابردوو زۆر شتی گۆڕی و زۆر کەسی ئازیز و شارەزای لەناوبردین.

بەهۆی ئەو دۆخەوە کۆچکردنیش زیادی کردووە و هێزی کاری پێویست و شارەزا کە  بە باشی کاری ئاودێری بزانێت و کەناڵەکان بە پاکی ڕابگرن، یان ئاوی شیرین دابین بکەن لەبەردەست نیە.. هەیانە گەڕاوەتەوە بۆ ژیانی گوندەکان، یاخود بەرەو شارە دوورەکانی تر کۆچیان کردووە..

**لەدوای گوێگرتن** لە ووتەکانی شامار دەستەی دادوەری ڕێگای پێدا دادگاییکردنەکە بەجێ بهێڵێت و بچێتەوە بۆ جێگای خۆی. پاشان دەستکرایەوە بە ڕێکارە یاساییەکان..

**ئاراک روویکردە ئەبراهام:**

- گوێت لەو قسانە بوو، ئەوەتا خەڵک و دەسەڵاتدارانی ئەم شارە نائومێد نەبوون و خەریکن و گۆڕینی ئاین بە ئاینێکی تر بەچارەسەر نازانن. پەیامەکەی تۆ بۆ ئەم گرفتانە هیچ چارەسەرێکی لەخۆگرتووە؟ باشە بۆچی یەکتاپەرستی بە چارەسەری ئەفسوناوی و دایکی هەموو چارەسەرەکان دەزانیت لەکاتێکدا زۆر شت هەیە لە ژیانی مرۆییدا پەیوەندی بە خوداوەندەکانەوە نیە و کاری مرۆڤ خۆیەتی و دەبێت خەریکی بێت و ئەزموونی تیادا پەیدابکات. خەڵک دەزانێت ئەوانەی رووویانداوە بەهۆی بێدەسەڵاتی خوداکان و پەیوەندی بە خوداپەرستیەوە نیە. وە بۆچی پەلاماردانی پەرستگای شار بە هەنگاوی یەکەم دەزانیت بۆ چارەسەری هەموو گرفتەکانی تر؟

**ئەبراهام:**

- خۆتان گوێتان لێبوو کە چۆن بەڕێز شامار ئەوەی روونکردەوە خەڵکی ئەم شارە چەند نارازیە لە خوداکان. وە ئەو نەیوسیت دادان بەو ڕاستیەدا بنێت کە ژیان لەم شارەدا گەیشتووە بە بنبەست. چونکە دەسەڵاتی شار هەموو شتێکی قۆرخکردووە و لەڕێگەی پەرستگای گشتیەوە رەوایەتی پێدەدات. من هێرشم کردە سەر ئەو پەرستگایە تاکو یەکسانی و دادپەروەری بۆ ئەم شارە بگێڕمەوە. زۆربەی زەویە باشەکان و نزیک لە رووبار بۆ پەرستگا و هەندێک لە بەرپرسان دانراوە کە ئۆتۆپەرستن (خۆرپەرست) ئەوانەی "نانار"پەرستن دوورترخراونەتەوە، خوداپەرستەکانی تر کەس حسابیان بۆ ناکات. فرەخودایی بووە بەهۆی نایەکسانی و پلەبەندی، یەکێک لەوی تر پێگەی زیاتری هەیە و لەکاتێکدا هەموو بەندەی یەک خودایین، بەڵام ئەوانە بەناوی خودای گەورەترەوە پێگەی باشتریان بۆخۆیان داناوە و ئەمەش رەوانیە. پەیامی یەکتاپەرستی کۆتاییهێنانە بە نایەکسانی و ئەوپەڕی دادپەروەریە.

**لۆگال:**

- من نوێنەری دەسەڵات و ئەنجومەنی شار نیم. بەڵام چارەسەری کێشەکان لەڕێگەی چاکسازی و دەسکاریکردن و گۆڕانکاری هێواش و بە بەرنامەوە بە گونجاو دەزانم. یاسای باشترە. گەڕانەوەیە بۆ بڕیاری خەڵکی شار، تابزانرێت

چی دەوێت و چی ناوێت و چ بەرنامەیەک بە گونجاو دەزانێت، هەروەها کۆبوونەوە و ڕاوێژ و بڕیاردانی هاوبەش بۆ چارەسەری گرفتەکان و زۆر هەنگاوی تر.

یەکسانی و دادپەروەری بە پەلاماردانی کەسێک یان بڕیاری تاکانەی کەسێک ناگەڕێتەوە. ئەوە بڕیاردانی هاوبەش و ڕەزامەندی و ڕێککەوتنی هاوبەشی خەڵکی ئەم شارە دەیبڕێنێتەوە. بۆیە ئەبراهام هەوڵ مەدە ئەو کارەی کردووتە و بە تاوان ئەژماردەکرێت وەک پەیامی یاخیبوویەک بیگەیەنیت بە خەڵک.

**سرجۆن:**

ئەی ئەگەر ئەوە یاخیبوون نەبێت چیە؟

**لۆگال:**

- پەلاماردان و هێرشی کەسێک کوا وەک یاخیبوونی خەڵک تەماشا دەکرێت. گەر وابوایە جگە لە ئەبراهام دەبوو کەسانی تریش دادگایی بکەین.. دواجار یەک کەسمان لەبەردەستدایە نەک جەماوەرێکی یاخی..

**سەرگۆن:**

- ئەبراهام بە نوێنەری هەموو باوەڕدارانی یەکتاپەرست ئەو کارەی کردووە.

**لۆگال:**

- کام نوێنەرایەتی؟ هیچ کەس نەهاتووە بڵێت ئەبراهام لەبری ئێمە یان وەک نوێنەری دیاریکراوی ئێمە ئەو کارەی کردووە، خۆیشی دەڵێت بە بڕیاری خودا ئەو کارەم کردووە و باسی نوێنەرایەتی نەکرد.

**کەسێک** لەم کاتەدا لەناو ئامادەبووانەوە هاواریکرد:

- من ئەبراهام بە نوێنەر و پەیامبەری خۆم دەزانم.. کارەکەی ڕەوایە.

**ئاراک:**

- دەزانین کەسانێک هەن لایەنگری لە ئەبراهام دەکەن و باوەڕیان پێ هێناوە، بەڵام ئێمە لێرە لەگەڵ سەرۆکێکی یاخیبوو بەرەو ڕوونین، بەڵکو دادگایی کەسێک دەکەین کە دەڵێت پەیامبەری خودام و خوداکەم فەرمانی پێکردووم بتەپەیکەری خوداکانی سەر زەوی بشکێنم. بۆیە بەڕێزانی دەستەی بەرگری بابەتی نوێنەرایەتی لەم مەسەلەیدا دادەخەین. فەرموون با درێژەی پێ بدەین.

**لۆگال:**

- دەمەوێت کەمێک لەسەر ئەو نایەکسانیەی ئەبراهام باسی کرد روونکردنەوە بدەم. سەبارەت بە خوداکان ئەوەی ئەبراهام دەیڵێت لە ئێستادا ڕاست نیە. پێشتر خوداکان بۆ چارەسەر و ڕێکخستنی دەسەڵاتە جیاوازەکانی خۆیان ئەنجوومەنی خوداکانیان پێکهێنا بوو، وە بەپێی دیالۆگ و ڕاوێژکردن بەیەکتر لەڕێگەی ئەو ئەنجومەنەوە بڕیاری هاوبەشیان دەردەکرد. بۆیە ئەوان لەناو خۆیاندا ئەو کێشەیان چارەسەرکردووە و پەیوەندی بە ئێمەوە نیە.

سەبارەت بە مرۆڤەکانیش کێشەیەک هەبووە لەم بوارەدا. جیاوازی کاردابەشکردن پەرەیسەندووە تا ئاستی نایەکسانی، بەڵام نایەکسانیەکی کەم نەک زۆر وەک ئەبراهام بانگەشەی بۆ دەکات.. هۆکاری ئەمە روون و ئاشکرایە. هێنانی ئاو بۆ سەر زەویە کشتوکاڵیەکان و لێدانی جۆگە و کەناڵە ئاویەکان کاری یەک کەس و تەنانەت کاری خێزانە بچووکەکان نیە وەک لە گوندەکاندا دەبینین، لەم شارەدا هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ بە کۆمەڵی و بەهەرەوەزی ئەو کارە ڕێکخراوە و ئەنجامدراوە و دەسەڵاتی گشتی شار و پەرستگای گشتی لەڕێگەی زەقورەکانەوە کاری ئاودێری گشتیان ڕێکخستووە و پیرۆزیان کردووە. بەهۆی گەورەیی ئەو کارانەوە تاهاتووە ئەوانەی کاری سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنیان کردووە لە جوتیاران و کارگوزارانی تر پێگەیان باشتر بووە. وە ئەوە ڕاستە جۆرێک لە نایەکسانی دروستبووە و ئەمەش بووە بەهۆی نارەزایەتی گشتی. دواجار کارگێران و کارگوزاران و بەڕێوەبەران وەک کەسی پێشەنگ و شارەزا قبووڵکراون و کێشەی نایەکسانی بەردەوام کەمکراوەتەوە و چارەسەرکراوە و لەسەردەمی هاتنی گۆتیەکانەوە تاکو ئەمڕۆ ئەمشارە بەردەوام خەریکی چاکسازیە لەم بوارەدا. گرنگترین چاکسازی کرابێت لەماوەی ڕابردوودا پەنابردن بوو بۆ گۆڕینی بەرپرس و بەڕێوەبەر و کارگوزارە گشتیەکان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە تاکو بە شێوەی بەردەوام لەو پۆستانەدا نەمێننەوە و بەهۆی ئەم ڕێکارەوە لە ئێستادا نایەکسانی زۆر کەمبۆتەوە. هەروەها جێگیرکردنی بەشەخۆراکی هاوشاریەکان بوو، بەپێی ئەو جێگیرکردنە هەر کەسێک بوو، پۆستەکەی هەرچی بێت، لە

دانەوێڵە و بەرووبوومی گشتی یەک بەشە خۆراکی یەکسان وەردەگرێت نەک زیاتر.
دیارە مرۆڤەکان لە ڕابردوودا هەوڵیانداوە و ڕەنگە ئێستاش هەوڵی وا هەرهەبێت کە پەرستنی خودا گەورەکان بۆ مەبەستی تایبەتی و بۆ خۆدزینەوە لە کارکردن لە کێڵگەکان و بۆ خۆسەپاندن بەسەر ئەوانی تردا بەکاربهێنن، وە بەجۆرێک نایەکسانی دروست بکات یاخود پەرەی پێبدات.. بەڵام بەپێی کۆدی گشتی پەسەندکراوی ئەم شارە پەیوەندی مرۆڤ بەخوداکانەوە بەجۆرێک ڕێکخراوە کە هیچ خودایەک لە خودایەکی تر گەورەتر نیە هەرچەند دەسەڵاتی یەکێک لە خوداکان لەوی تر زیاتر بێت یان کارەکان و پسپۆڕیەکەی جیاوازبێت لەوی تر. بۆیە بڕیاردراوە هەموو خوداکان لە یەک پەرستگای گشتیدا بوونیان هەبێت و لەوێ دانراون و کەس بۆی نەبووە پەرستگای تایبەت بە خودایەک جیابکاتەوە. ئەگەر پەیکەر یان سومبولی یەکێکیان لەناو ئەو پەرستگایەشدا لەوی تر گەورەتربێت بەو مانایە نیە کە ئەو خودایە گەورەترە و ئەوانی تر بچوک و بەندە و پاشکۆ. هەموو خوداکان وەک یەک بەسوود و پێویستن و خزمەتمان دەکەن و خزمەتیان دەکەین.

**ئەبراهام:**

- ئەوە ڕاست نیە، هەندێک کەس پێیانوایە خوداکەی ئەوان لە خوداکانی تر گەورەتر و بەدەسەڵات ترە و شیاوی بەشی زیاترن.

**لۆگال:**

- ئەوە گرنگ نیە کەسێک دەربارەی خوداکەی خۆی چی دەڵێت، گەورەیە یان بچوک، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو باوەڕو تێگەیشتنە نەبێت بەهۆی جیاوازیکردن و نایەکسانی. گەر هەوڵی واش بدات دەسەڵاتی شار ڕێگەی لێبگرێت.

**ئەبراهام:**

- کێشەکە لەناو دەسەڵاتی شاردایە. چونکە ئەو نایەکسانیەی باسمکرد نەک هەر چارەسەرنەبووە بەڵکو زیاتربووە. بەرپرسەکان لەبری یەک بەشە خۆراک دوان و سیان بۆ خۆیان دەبەن.

کەسانێک هەن لەناو دەسەڵاتی شاردا  کە خوداکەی خۆیان گەورەکردووە بۆ ئەوەی لە کۆگای گشتی بەشی گەورەتر بەرن. ئەوان هەموو کۆگای گشتی لەبەردەستیاندایە و پریەتی لە بەرووبووم و دانەوێڵە و کەلوپەلی گرانبەها و لەبەرئەوەی لە خودا ناترسن من بە دەسپاکیان نازانم..

**لۆگال:**

- تۆ ڕێگەپێدراو نیەت تۆمەت بۆ کەس دروست بکەیت.. هەر لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی شار باوەڕیان بە پەیامەکەت نەهێناوە تۆمەتیان بۆ دروست بکەیت و بە گەندەڵ و دەسپیس ناویان بەریت.. پێشتریش ووتمان کە ترس هۆکار نیە بۆ پێشگرتن بە تاوان. لە خودا ترسان کەی بنەمایە بۆ تاوانکردن یان نەکردن، ئەوەی گرنگە ڕێکخستن و دیاریکردنی بەش و دەسەڵاتەکانە.

بوونی کۆگای گشتی پێویستیەکی ئەم شارەیە و بەرهەم و دانەوێڵەکانی تیادا کۆدەکرێتەوە، بەسەر دانیشتواندا دابەشدەکرێت و بەپێی تۆمارەکان دیاری دەکرێن و قازان قازان دانەوێڵەکان دابەشدەکرێت و دەدرێت بە جوتیار و خێزانەکان و بەرهەمی زیادە ئەنباردەکرێت، لە کاتی جەنگ و ئافاتەکان و تێکچوونی ئاودێری گشتی و سوێربوونی خاک و کەمی بەرهەمدا بەکاریدەهێنین چونکە بەشەکان کەم دەکات. لێرەو لەوێ گلەیی و گازندە هەبووە کە هەندێک کەس بەشی زیاتریان بردووە. بەڵام هەموو ئەوانە دواتر بەجۆرێک چارەسەرکراون. بۆیە ڕێگای نایەکسانی و نادادپەروەری پەیوەندی بە فرەخودابییەوە نیە، ئەوە مرۆڤەکان و کەسەکانن دەیانەوێت خوداکان بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنن، لەسەر حسابی یەکێکی تر بژین یان بەشی باشتر بەرن. ئەوەی گرنگە چۆن ڕێگا لەم کارەبگرین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. وەک ووتم ئەم شارە چارەسەری داناوە و ڕێگاکەی دۆزیوەتەوە و بەشە خۆراکەکانی دیاریکردووە و بەپێی تۆمارەکان دابەشدەکرێن. بەڵام یەکتاپەرستی ئەبراهام چی چارەسەردەکات؟

**ئەبراهام:**

- کەسێک ماڵی گشتی بە ماڵی خودا بزانێت ئەوە چارەسەرە. دواجار لە ترسی خودا دەسپیسی ناکات، لەم دنیاش لە لێپرسینەوە دەربازبێت، لەو دنیا تۆڵەی لێدەکرێتەوە.

**لۆگال:**

- وەک ووتم بنەڕەت لای تۆ پێشگرتنە بە تاوان لەڕێگەی ترساندنەوە و سزادانی خوداییەوە.. ئەوە چارەسەر نیە.. ئەشێت پێچەوانەکەی باس بکەیت واتە ماڵی خودا بە ماڵی خۆی دەزانێت و خۆی بە ڕێگەپێدراو دەزانێت بۆ ئەوەی بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت.

بەگریمانەی ئەوەی هەموو خەڵکی ئەم شارە خوداکە تاک و تەنهاکەی ئەبراهام دەپەرستن، دواجار هەموو شتێک دەکەوێتە ژێر دەستی پەرستگای گشتی یەکتاپەرستەکانەوە، خوداکەی ئەو دەبێت بە خاوەنی هەموو شتێک، ئەوانەی لەو خوداییەوە نزیکن یان خۆیان بە پەیامبەر و جێگرەوە دەزانن پێگەیان لەوانی تر زیاتر دەبێت، وە خەڵک هیچ هەڵبژاردنێکی نیە ئایا ئەم کەسانە و بنەماڵەکانیانی دەوێت یاخود نا چونکە خودا خۆی هەڵیبژاردوون و دیاری کردوون.

ئا لێرەدا یەکتاپەرستی دەبێت بەهۆی قۆرخکاری و نایەکسانی، وە ئەو کارە بەپێی قسەکانی ئەبراهام پیرۆزکراوە و کەس بۆی نیە قسە لە قسەی خودادا بکات یان داوای گۆڕین بکات و هەموو دەبێت شوکرانەبژێر بین، چونکە بەندەین و لە نزا و پاڕانەوە زیاتر هیچمان لەدەست نایەت، وە کەس نازانێت ئەو خودا تاقانەیە چۆن وەڵامی ئەو پاڕانەوە و نزایانە دەداتەوە. ئایا پەیامبەرەکە دەگۆڕێت، یاخود چی تر دەکات.

پاشان خەڵک ئەگەر وەڵامی پێ نەدرێتەوە چی ڕوودەدات؟ بێگومان پەنا بۆ یاخیبوون دەبات، لەم شارستانیەتەدا بە دەیانجار یاخیبوون ڕوویداوە و ئەزموونمان لێوەرگرتووە، کاتێک ئەوە ڕوودەدات کەس نازانێت ئەنجامەکەی چی دەبێت، ئەوکات دەسەڵاتدارانی یەکتپارست لەناوخۆیاندا یەکتری دەخۆن و ڕەنگە لەو پەلاماردان و کێشانەدا پەیامبەری خوداش بکوژرێت و تەنانەت بنەماڵەکەیشی لەناوبچێت.

**سەرگۆن:**

- هیچ کەس ناتوانێت پەیامبەری خودای تاقانە بکوژێت.

**لۆگال:**

بۆ مەگەر ئەو لە گۆشت و خوێن نیە وەک ئێمە، چی لە ئێمە زیاترە وا کەس ناتوانێت بیکوژێت! ئەمە چ جۆرە پەیامێکە...

**سەرگۆن:**

- خودا پەیامبەری خۆی دەپارێزێت و هێندە دەسەڵاتی هەیە ناهێڵێت کەس دەستی بۆ درێژبکات. دواجار هەمووکەس دەزانێت هەڵگەڕانەوە لە پەیامبەر یان یاخیبوون لێی و ڕەتکردنەوەی پەیامەکەی واتە ڕەتکردنەوەی خودای ئەڵۆهیم و سزاکەی ئەوەش مانەوەیە لە دۆزەخی هەتا هەتاییدا.

**لۆگال:**

کەواتە تۆ بە ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێیت جێگای ئێمەش دۆزەخە! وە هۆشداری ناڕاستەوخۆ بۆ دەستەی دادوەری دەنێریت کە سزای ئەبراهام نەدەن چونکە خودای لە پشتە..

**سەرگۆن:**

- من ئەوەم نەووتووە، بەڵام دەبێت و ئەرکمانە هەمووومان پەیامبەر بپارێزین و پیرۆزی بکەین.

**لۆگال:**

ئەو قسەیە بۆ ئێوە ڕاست بێت، بۆ ئێمە هیچ بایەخی نیە.. بەپێی ئەو قسانە بێت لەژێر دەسەڵاتی خوداکەی ئەبراهام و پەیامبەر و پەیڕەوکارانیدا قەدەری خەڵک ئەوەیە بەهەموو شتێک ڕازی بێت، نە بۆی هەیە یاخی بێت، نە بۆی هەیە دەنگ هەڵبڕێت، وە گەر ئەوانەی کرد لەدوای مردنیشی زیندوو دەکرێتەوە و جێگاکەی دۆزەخە!

پاش ئەم قسانە ڕوویکردە خەڵکی ئامادەبوو:

- ئا ئەمەیە ژیانە نمونەییەکەی یەکتاپەرستی؟ ئەمەیە پارادایم و دنیای یەکتاپەرستی؟

لەم کاتەدا لەناو ئامادەبوواندا دەنگە دەنگی زۆر دەستی پێکرد..

**ئامادەبوویەک** هاواریکرد:

- کەوابێت ئەگەر ئەم دنیام دۆزەخ بێت و ئەو دنیا دۆزەخ ئیتر یەکتاپەرستیم بۆ چیە؟

**لۆگال:**

- کێ هەیە ئەبراهام دوای تۆ بکەوێت کاتێک هەموو بزانن ئەوە چارەنوسیانە. مەگەر شێت و کەم ئەقڵ و دەبەنگەکان ڕازی بکەیت کە ...

**سەرگۆن:**

- نارەزایەتیمان هەیە چونکە ئەوە سوکایەتیە... .

دەستەی دادگا داوای لە لۆگال کرد لە سنووری گفتوگۆ و لێکدانەوە و وەڵامدانەوە تێپەڕنەکات، نەگات بە ئاستی تۆمەتبارکردن و سوکایەتی..

پاشان ئەبراهام ووتی:

**ئەبراهام:**

- من دەمەوێت ئەوە زیادبکەم کە نزا و پاڕانەوە لە خودا ڕێگەپێدراوە، هەموو کەس دەتوانێت ئەو کارەبکات، بەڵام یاخیبوون لە خودای تاقانە نەک هەر ڕێگەپێدراو نیە بەڵکو گەورەترین کاری نەفرەتلێکراوە. هەروەها باوەڕهێنان و پاشان هەڵگەڕانەوە لەو باوەڕە لەوەش خراپترە و سزاکەی قورسترە!

**لۆگال:**

نازانم لە دۆزەخ قورستر دەبێت چ سزایەکی قورستر لە هەگبەی پەیامەکەی ئەبراهامدا بێت؟

**ئەبراهام:**

من دەمەوێت بڵێم کە دەبێت ڕێگە لە هەڵگەڕانەوە بگیرێت

**لۆگال:**

- کەوابێت هەرکەس هاتە سەرباوەڕەکەی ئێوە ناتوانێت سبەی پەشیمان بێتەوە، ئەگەر ئەو کارەبکات سزاکەی لە یاخیبوون خراپترە؟

**ئەبراهام:**

- بەڵێ وایە.. چونکە ئەگەر ئەو کارە نەکەین هەمیشە کەسانێک پەیدا دەبن کە دیسانەوە داوای گۆڕینی خودا بکەن و بانگەشە بۆ خودای تر دەکەن و ئەمەش دەبێت بەهۆی نا ئارامی و پشێوی. بۆیە پەیامی خوداکەی من لەبنەوەڕا ئەوەی چارەسەرکردووە و ڕێگەپێدراو نیە.

**لۆگال:**

- ئێستا زیاتر تێگەیشتین پەیامەکەی ئەبراهام نەک هەر بۆ دەسەڵاتیکی رەهایە بەڵکو بۆ ئەوەیشە ئەو دەسەڵاتە بچەقێنێت و بەهیچ هەڵنەکەنرێت.. نە نارەزایەتی، نە یاخیبوونی خوداپەرستانی تر ناتوانێت بیگۆڕێت، سبەی هەموو خەڵکیش بوون بە یەکتاپەرست گەرانەوە و هەڵگەرانەوەی بۆ نیە.. بەڵام بەپێی ئەزموونی ئەم شارستانیەتە ئەوەی ئەبراهام باسیدەکات ئەگەر جێگیربێت و خەڵکی هەمووی ببێت بە یەکتاپەرست، ئەوکات ئەوە سەرەتایە بۆ دابەشبوونی نوێ لەناو یەکتاپەرستەکاندا، کێشەی گەورە دروست دەبێت لەسەر نوێنەرایەتی خودا، لەسەر پەیامبەرێتی، لەسەر چۆنێتی بڵاوکردنەوەی پەیامی خوداکەیان بە شوێنەکانی تر.. کاتێک ئەوە رووبدات چۆن چارەسەری دەکەن؟ خۆ ئەبراهام باوەڕی بە ئەنجومەنی خوداکان یان ئەنجومەنی بڕیاردانی هاوبەش نیە، ئەو بڕیارانەی لە ئاسمانە دوورەکانەوە دێن و بە مرۆڤ دەگەیەنرێت، هەموان دەبێت وەک یەک پابەندی بن. نە زیاتر و نە کەمتر.

**ئەبراهام:**

- بێگومان تەنها خودای تاقانە بێ هەڵەیە و مرۆڤەکان خودا نین و هەڵەکارن، حەتمەن کێشە لەنێوانیاندا دروست دەبێت، تا من بمێنم ناوبژیوانیان دەکەم و لە دوای منیشەوە پەیامبەرەکانی تر. وە خودا خۆی هەمیشە ناوبژیوانە و مرۆڤەکان بە تەنها بەجێ ناهێڵێت.

**لۆگال:**

- ئەی بۆچی وازیان لێناهێنێت خۆیان بڕیاربدەن و خۆیان بەڕێوەبەرن؟ بۆچی هەموو شتێکیان لێ زەوت دەکات و خۆی هەموو بڕیارێک دەدات..

**سرجۆن:**

پەیامەکەی ئەبراهام رێک ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بژی و خۆی بەڕێوەبەرێت بەبێ خودای تاقانە.

**لۆگال:**

- بەڵام ئێمە چەند وەختە ژیاوین و گەورەترین ئاوەدانیمان دروستکردووە کە هەموان لەژێر سایەیدا سەدان ساڵە حەساوینەتەوە و لەو ماوە زۆرەدا نە خوداکەی

"ئەبراهام" هەبووە نە ناویمان بیستووە. ئەگەر ئەم شارستانیەتەی ئێمە خوداپەرست بێت، شارستانیەتی دوورتر هەیە هیچ خودایەک نا ناسن و ژیانیش تیایدا بەردەوامە و ئاوەدانی هەیە. وە ئەمە یەکەمجارە بیستبێتمان خودایەک هەیە بەناوی ئلۆهیم و پەیامبەر لە ئاسمانەوە دیاری دەکات بۆ مرۆڤەکانی تر.

**ئەبراهام:**

- من دەبێت دان بەوە بنێم کە من پەیامبەری یەکەمم کە خودای تاقانە و گەورە بۆ مرۆڤەکانی ناردووە و پێش من هیچ پەیامبەرێکی تری نەناردووە. پێی ووتووم لەمەودوا ژیانی خەڵک بەبێ خوداپەرستی بەردەوام نابێت و ئەمرۆ یان سبەی هەموو ئەو شارستانیەتانەی یەکتاپەرست نەبن لەناو دەچن و نغرۆ دەبن.

**لۆگال:**

- بۆچی و لەبەر چ هۆکارێک؟ ئەی بۆچی تائێستا ئەوکارەی نەکردووە؟ چی گۆڕاوە؟

**ئەبراهام:**

- چونکە هەموو شتێک بۆ خودا دەگەڕێتەوە و نابێت مرۆڤ خۆی بە خاوەنی هیچ شتێک بزانێت. کەس خاوەنی هیچ نیە جگە لە خودای گەورە نەبێت، خوداش خۆی خاوەنی هەموو شتێکە، مالکی زەوی و ئاسمانە و هەرچی مرۆڤ هەیەتی ئەو پێی داوە و هەر خۆیشی دەتوانێت لێی بسەنێتەوە، تەنانەت مرۆڤ خاوەنی خۆیشی نیە و خودا خاوەنێتی. من لە ئاستی ئەودا خاوەنی مناڵەکەی خۆیشم نەبووم.
بەڵام خودا بەخشندەیە و ئەو خۆی دیاریدەکات لەم ژیانەدا کەسەکان و خێزانەکان چەندیان بەردەکەوێت و بەشی ئەوان لە ژیان و موڵک وماڵدا چەندە و تا چ ئەندازەیەکە. بۆیە تکا و پاڕانەوە بۆ ئەوە نیە ئێمە وەک ئەو خاوەنداربین، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بەخشندەبێت بەرانبەرمان و رزقمان لێ نەبڕێت و ئێمەش کاتێک رزقمان هەبێت قوربانی پێشکەش بکەین و داوای بەخشندەیی زیاتری لێبکەین تا زیاترمان بداتێ و ژیانمان خۆشتربێت.

**لۆگال:**

- پێش ئەوەی باسی موڵک و ماڵ و کەرەسە بکەین دەبێت ئەوە بنەڕەت و بنەما بێت کە هەرکەسێک یان هەر مرۆڤێک خۆی خاوەنی خۆی بێت، وە بەمجۆرە

کۆیلەیەتی و بەندێتی بەهەموو جۆرەکانیەوە رەتدەبێتەوە و نامێنێت. پاشان ئەوەی گشتیە و بۆ سوودی هەموانە بۆ هەموو مرۆڤەکان واتە بۆ کۆمەڵ و بۆ شار بێت و ئەوەی تایبەتە و بۆ بەکارهێنانی تایبەتی گونجاوە و بەسوودە لە ژیانی تایبەتیدا کەڵکی لێوەربگیرێت. لەم روانگەیەوە مرۆڤ خۆی خاوەنی خۆیەتی و پێویست ناکات خوداکان خاوەندارێتی لێ بکەن. گەر وابێت ئەم پەیامە بۆ ئەوەیە ئەوەی هەمانە و هەمان بووە لێمان بسەنێتەوە.

پێشتر ئەوەی گشتی بوو، بۆ هەموو خوداکان و هەموو مرۆڤەکان بەجێ هێڵرا بوو، زەویە کشتوکالیەکان، لەوەڕگاکان، سەرچاوەکانی ئاو، پەرستگاکان و ئەوانی تر، وە ئەوەی تایبەتی بوو خێزانەکان و کەسەکان خاوەنی بوون و لەمبارەیەوە کێشەی ئەوتۆ نەبووە و ......

**ئەبراهام:**

- چۆن کێشە نەبووە، پەرستگاکان لەژێر دەستی کۆمەڵێکدا بوون و بەناوی گشتەوە دەستیان بەسەر زۆربەی بەرهەمەکاندا گرتووە و خۆیان دەوڵەمەند کردووە. بەهۆی فرەخودایەوە توانیویانە شوێنی باش و زەوی باش بۆ خۆیان تەرخانبکەن و کاڵای گرانبەها گلبدەنەوە و بۆ سوودی خۆیان کەڵکی لێوەربگرن و ....تاد. ئەو هەموو نادادپەروەریە بە کێشە نازانیت؟ فرەخودایی بووە بەهۆی پەرەسەندنی هەژاری و نایەکسانی و زیاتربوونی ستەمکاری و گەندەڵی و خراپبوونی ئاکار و رەفتاری خەڵک و....

**لۆگال:**

ئەوانەی تۆ دەیڵێیت زۆربەی تێگەیشتن و دروستکراوی خۆتن.. ناشرینکردنی بەرانبەر بەدیل و جێگرەوە نیە.. خۆت کوا پەیامەکەت؟ کوا بەرنامەکەت بۆ رێکخستنی ئەم ژیانەی هەیە؟ ئەوانەی تۆ باسی دەکەیت هێشتا تیر و نیشانەگرتنە لە بەرانبەر و باسی خۆت نیە.

**ئەبراهام:**

- نەخێر ئەوانە بە تەنها قسەی خۆم نین، قسە و پەیامی من دەنگی هەموو ئەو کەسانەیە کە ناڕازین و داوای گۆڕانکاری دەکەن لە ژیانکردنی ئێستادا. هەندێک لەبەرپرسان خۆم لێم بیستوون گلەیی دەکەن و ناڕازین و دەڵێن کارەکەی ئەوان

گرنگترە لە کاری ئەوانی تر و شیاوی زیاترن بەڵام بەشی شیاو وەرناگرن ئەمەش دادپەروەرانە نیە. بازرگانەکان گلەیی دەکەن، ئەوان بۆ ڕێگای دوور دەڕۆن و ڕووبەڕووی مەترسی زۆر دەبنەوە و پێویستە شتەکان بۆ خۆیان بێت، بەڵام بەهایەکی کەمیان پێدەدرێت و زۆرجار کەلوپەلەکانیان دەستی بەسەردا گیراوە، شتی گرانبەهایان هێناوە بەڵام لێیان وەرگیراوە و لە پەرستاگاکان و زەقورەکاندا دانراوە.

ماڵی باش و گەورەیان دەوێت و هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵام دەسەڵاتی گشتی ڕێگرە لەبەردەمیاندا. هەروەها جەنگاوەران گلەیی دەکەن ئەوان بە خوێنی خۆیان شار دەپارێزن، بەڵام پێزانین زۆر کەمە بۆ ئەو ئەرکەیان و بەشە خۆراکی یەکسان وەک ئەوانی تر وەردەگرن. دەسکەوتەکانی شەڕ و جەنگەکان بۆ خۆیان نیە و هەمووی دەستی بەسەردا دەگیرێت. بۆیە ئامادە نین وەک پێشوو قوربانی بدەن بۆ ئەو وەک یەکیەی سەپێنراوە. یەکسانیەکی شکڵی پەیڕەو دەکرێت و دادپەروەرانە نیە.

وەرزێرەکان کشتوکاڵ دەکەن و ماندوو دەبن و دەیانەوێت بەری ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان ببین و بۆ خۆیان بێت و چی بچێنن ئەوە بدوورنەوە، بەڵام هەمووی کۆدەکرێتەوە و دەخرێتە ژێر دەستی یەک پەرستگاوە و لە یەک کۆگای گشتیدا دادەنرێت. لەڕاستیدا وەرزێران ڕقیان لەو دۆخەیە و نایانەوێت بەناوی ئاین و خوداپەرستیەوە دەسکەوتەکان لە کۆگای گشتیدا بێت یاخود بۆ پەرستگای گشتی تەرخان بکرێت.

پەیامی من ئەوەیە ئێمە وەک مرۆڤ لەبەرانبەر بە خودای خۆماندا یەکسانین، بەڵام وەک مرۆڤ لەناو خۆماندا جیاوازین و یەکسان نین و وەکیەک ماندوو نابین، بۆیە دەبێت بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەرووبوومەکان بەجۆرێک بێت هەرکەس بۆ خۆی بێت، بۆ هەرکەس بەپێی کار وماندوویێتی خۆی بەشی شیاو و شایستەی خۆی وەربگرێت. هۆکاری گەشەنەکردنی ڕادەی بەرهەم و بەرهەمداری ئەوە هۆکارەکەیەتی، کەس خۆی ماندووناکات و بووە بەهۆی دروستبوونی تەمبەڵی و تەوەزلی و خۆژیاندن لەسەر حسابی گشتی، ژمارەیەکی

کەمتر زۆر ماندوودەبن و ژمارەیەکی تر وەک ئەوان دەخۆن و دەحەوێنەوە و ماندووش نابن. ئەمە رەوا و دادپەروەرانە نیە.
خودا مرۆڤی دروستکردووە کاربکات و ماندووبێت و چاوەڕێی رزقی خودایی بێت. هەرچەند جیاوازبین دواجار یەکتپارستی و رووکردنە یەککخودا یەکسانمان دەکاتەوە لەگەڵ خوداکەی خۆمان. بۆیە دەبێت ئەو جیاوازی و نایەکسانیە کە بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی تایبەتیە قبووڵ بکەین.

**لۆگال:**

- تێگەیشتنی تۆ بۆ دادپەروەری بنەماکەی نەمانی هاوبەشێتی و دروستکردنی جیاوازی و نایەکسانی مرۆڤ و خۆپەرستیە، دابەشکردنی مرۆڤە بەسەر خوداپەرست و نزیک و دوور لە خودا، بەهێز و لاواز و دیاریکردنی مافداری بەسەر مافی زۆر و ماف کەمدا. ئەمە تێگەیشتنێکی جیاوازە لەوانەی پێشوو. دیارە لە ڕابردووشدا ئەم جۆرە تێگەیشتنە هەبووە و بە دژواری و زەحمەتی زۆر توانیمان بیگۆڕین. ڕاستە کەسانێک هەن کارەکانیان وە هەروەها هەوڵەکانیان بە گرنگتر دەزانن لەوانی تر، وە بە مافی خۆیانی دەزانن بەشەخۆراکی زیاتر بەرن، ماڵی گەورەتر دروست بکەن و مەڕ و ماڵات و زەوی تایبەتیان هەبێت بۆ خۆیان و خێزان و بنەماڵەکانیان، بەڵام ئەمانە جلەوی بۆ شل بکەیت دەگات بەکوێ؟ لە ڕابردوودا ئێمەی گەیاند بەکوێ؟ کەمینەیەک لەوانی تر بەهێزتربوون و شتەکانیان گۆڕی بۆ خاوەندارێتی تایبەتی و خستیانە ژێر دەستی خۆیانەوە. بازرگانەکان دەوڵەمەندتر بوون، بەرپرسان کەوتنە تاڵانکردنی کۆگای گشتی بەناوی مافی زیاتر و شایستەی دارایی زیاترەوە. بەپێچەوانەی قسەکەی تۆوە تەمبەڵی و خۆژیاندن لەسەر حسابی کەسانی تر زیادی کرد و چەوسانەوە پەرەیسەند. هەموو شتێک داگیرکرا..لەبری خزمەتی گشتی داگیرکردن پەرەیسەند، گوندەکان کەوتنە ژێر دەستی بنەماڵە بەهێزەکانەوە. هەلپە و پەلاماردان دەستی پێکرد بۆ کەلوپەلی گرانبەها، داگیرکردنی کەشتیەکان، هێنانی مەڕو ماڵاتی زۆر و بە کۆیلەکردنی بەرانبەر بۆ خزمەتکردنیان. داگیرکردنی شوێنە گشتیەکان بەجۆرێک پەرەیسەند کار گەیشت بە داگیرکردنی گۆڕستانەکان و گۆڕفرۆشتن بە خەڵک.

ئەو بازاڕە بەرەڵایەی دروستبوو ئەم شارستانیەتەی بە لەعنەت کرد. بۆ یەکەمجار مرۆڤ لەو بازاڕەدا کڕین و فرۆشتنی پێوە کرا. ئەوەی نەیدەتوانی قەرزەکەی بداتەوە هەموو شتێکی زەوت دەکرا و کارگەیشت بەوەی خۆیشی زەوت بکەن، ئەگەر هیچی بۆ نەمایەتەوە دەکرا بە کۆیلە و دەفرۆشرا بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان.

ئەو پەیامەی تۆ هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە تاریکە. ئەگەر بوار بدەین بە خۆپەرستی و خۆجیاکردنەوە و پلەبەندی و خاوەندارێتی تایبەتی ئەوکات ڕێگا دەکەینەوە بۆ ئەو دۆخەی پێشووتر. خۆشبەختانە لە ئێستادا کۆدەکان و یاساکان و کۆمەڵە ڕێکخستنێک هەن بوون بە ڕێگر لەبەردەم گەڕانەوەی ئەو دۆخەی پێشوودا و قەدەغەیکردوون، خوداکانییش هەموو ئەمانەیان پیرۆزکردووە.

**ئەبراهام:**

- ئەوانەی وتم گەڕانەوە نیە بۆ ڕابردوو. مرۆڤەکان وەک پێشوو نین و لە ئێستادا سامان و کەلوپەل و شمەک زۆر بووە. مرۆڤ وەک پێشوو نەدار و هەژار و دەسکورت نیە. ئەوانەی تۆ دەیڵێیت بووە بەهۆی کۆسپ و ڕێگری لەبەردەم گەشەی بازرگانی و گەشەی بەرهەم و گەشەکردنی زیاتری ژیانی تایبەتیدا.

ڕێگای بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و هێنانی کەل وپەل و خاوەندارێتی تایبەتی بگریت ژیان دەوەستێت و خوداکەی من ئەوە ڕەتدەکاتەوە، وانەبێت کاری بازرگانی گەشە ناکات، هیچ هاندەرێک نابێت بۆ کارکردن و خۆماندووکردن و تەنانەت نزیکبوونەوە لە خودای تاک و تەنها. تۆ کاتێک زانیت رزق بەدەست خودایە ئەوپەڕی هەوڵدەدەیت لەخودا نزیک بیتەوە بۆ ئەوەی ژیان و رزقت باشتر بێت. هەروەها گەر پاداشتی شەڕ و جەنگ و دەسکەوتەکانی ڕاستەوخۆ بەشێکی بۆ جەنگاوەرەکان نەبن خۆیان نادەن بە کوشت و شەڕناکەن، وە گەر خوداکەم ئلۆهیم مژدەی بەهەشتیان پێ نەدات کەس لە جەنگەکاندا خۆی بە کوشت نادات.

**لۆگال:**

- ئەم پەیامانە هەمووی پەیامن بۆ جیاکاری و خۆپەرستی نەک خێری گشتی. ئەگەر ئەوانە بنەمای ژیانکردن بێت وێرانکاری و ژیانێکی زڕ بەرهەم دەهێنێت

بۆ زۆرینەی خەڵک. خۆپەرستیەکە ڕێگا دەکاتەوە بۆ خۆجیاکردنەوە و چەوسانەوەو دەوڵەمەندبوونی کەمینەیەک لەسەر حسابی ئەوانی تر.
کاتێک بەناوی یەکخوداییەوە هەموو کەرەسەکان و شتەکان لەدەستی پەیامبەر و نوێنەرەکانیدا کۆبێتەوە، ئەوکات جێگرەوەی خوداکان دەبن بە خاوەنداری گەورەتر لە هەموان و ئەوان دەست بەسەر هەموو شتەکاندا دەگرن. دواجار ئەبراهام و دەستەکەی بەناوی خوداوە دەبن بە خاوەنی هەموان و کەس خاوەنی خۆی نابێت.
پاشان پاداشتی جەنگاوەران زیاتر ڕێگای پەلاماردان دەکاتەوە و پەیامە بۆ جەنگ و تاڵانکاری. جەنگاوەران لەبری ئەوەی کاربکەن و خۆیان ماندووبکەن وەک هەموو وەرزێران و کارگوزاران و خۆژێین بن لەڕێگەی تاڵانکردن و کوشتنی ئەوانی ترەوە دەیانەوێ بژین و دەسکەوت بەدەستبهێنن، وە ئەگەر دەسکەوتی دنیایشیان کەم بێت بەڵام مژدەی بەهەشت و دەسکەوتی ئەو دنیایان پێ بدرێت هەرگیزاو هەرگیز واز لە شەڕ و داگیرکاری ناهێنن و هەرکەس ڕێگریان لێ بکات سەری دەپەڕێنن.
بەڵام وەک پێشتر ووتم ئێمە نامانەوێت بچینە ناو هیچ جەنگێکەوە جگە لە کاری بەرگریکردن نەبێت ئاشکرایە کە بەرگریکردنیش بەپێی پێناسە جەنگ نیە، بەڵکو خۆپاراستنە. جەنگ بۆ دەسکەوت و پاداشت و تاڵانکاری زۆر مەترسیدارە.. شارستانیەتێک بیەوێت بەو دەسکەوتانە بژی و دەسکەوت و ئازادی ئەوانی تر زەوت بکات، وە لەڕێگەی ستەمکردن و جەنگ لەگەڵ دراوسێکان خۆی بنیات بنێت، لەناوخۆشدا ئازاد نابێت و دەبێت تاماوە پاداشتی جەنگاوەرانی بداتەوە و لە جەنگی ناوخۆیی دەربازی نابێت. ئەو ئاگرەی ئەبراهام باسی دەکات هەر ئەوەندەی کرایەوە تا ئەزەل ناکوژێتەوە.. ئەنجامەکەی ئەوەیە هەموان، بەهەموو ئەوانەیشەوە کە جەنگیان ناوێت، تیایدا دەسوتێن..

**ئەبراهام:**

- جەنگ لەپێناوی ئیلۆهیمی خودادا پیرۆزە و قبووڵکراوە، ناکرێت لەسەر ئەم زەویە ڕێگا بە بتپەرستی و یاخیبوون لە خودا بدەین و بەبەرچاوی ئێمەوە شار هەبێت لەخودا یاخی بێت.

سەبارەت بە ژیانکردنیش بێگومان کەسێک خۆی ماندووبکات دەسکەوتی زیاتری دەبێت و خوداش رزقی زیاتری دەداتێ، بەلام کەسێکی تر خۆی ماندوو نەکات و بیەوێ لەسەر حسابی خەلکی تر بژی، خودا رقی لێیەتی و رزقیشی نادات.
دواجار خودا رزقی هەموو کەس دەدات و کەس بێ بەش ناکات، بەڵام ئەگەر خوداپەرست بیت و زیاتر لەخودا نزیک بیت، ئەوکات رزقت زیاتر دەبێت و زۆرترت دەداتێ و ژیانت باشتر دەبێت..

**لۆگال:**

- یانی خوداپەرستی هۆکارە بۆ زیاتربوونی رسق و گەشەی نایەکسانیی.. بەڵام گەر نایەکسانی بنەما بوو زیاتربوونی رزقی کەسێک کەمبوونەوەی رزقی کەسێکی ترە. ئلۆهیمی خودا بۆچی رزقی یەکێک زیاد دەکات و هی یەکێکی تر کەمدەکاتەوە، زیاتر دەدات بە یەکێک و لەیەکێکی تری دەسەنێتەوە یان بەشەکەی بۆ کەمدەکاتەوە؟ ئەم کارانە کەی کاری خوداکانە!

**ئەبراهام:**

- رەنگە ببێت بەهۆی ئەوە، بەڵام دواجار خوداکەی من رقی لە کۆکردنەوەی شمەک و کەڵەکەکردنی سامانەکانە. بۆیە پەیامی چارەسەری هەر نایەکسانیەک دروست بێت ئەوەیە کاری خێر بکەین و خێرخواز بین لەپێناوی خودای گەورەدا. ئەوکاتی یەکتاپەرستی چەسپاو جێگیربوو، خوداپەرستان بەشێک لە ماڵ و سامانی خۆیان دەدەن بە هەژاران، ناهێڵن هەتیوکەوتووەکان بێ دەمەرامەت بن و پەککەوتەکان بێ ژیان و رزق بمێننەوە. ئێمە ناڵێین دەوڵەمەند و هەژاری لەناودەبەین، بەڵام جیاوازی نێوانیان زۆر کەمدەکەینەوە، پەرستگای خودای گەورە دەبێت بە جێگایەک بۆ زیاترکردنی خێری گشتی و کەمکردنەوەی هەژاری و پەرەدان بەکاری خێرخوازانە.. چونکە ئەوانەی کاری چاکەدەکەن خودا باشتر دەرگای بەهەشتیان بۆ دەکاتەوە.
ئەگەر لەسەر زەوی مرۆڤەکان یەکسان نەبن، لە بەهەشتدا هەموویان دەگەن بە یەکسانی. مرۆڤ لەسەر زەوی هەرگیز بە تەمای بەهەشت نەبێت، چونکە ژیانی

سەرزەوی کاتیە و بۆ ئەوە نیە تیایدا بگەین بە بەهەشت، ئەو لە ئاسمانە و لای خودای گەورەیە.
تاکە چارەسەر یەکتاپەرستیە بۆ هەموو ئەو گرفتانەی لەم شارستانیەتەدا لەسەر یەک کەڵەکەبوون و بێ وەڵام ماونەتەوە.

**لۆگال:**

- باشە بۆچی یەکتاپەرستی چارەسەری تر ناخاتەڕوو، ئەوە چ جۆرە چارسەرێکە کە خودا سامانی زۆر بدات بە دەوڵەمەندان و داوایان لێبکات بەشێکی بەخێر بدەن بە هەژارەکان؟ ئەی بۆچی خۆی نایدات بە هەژارەکان، وەکچۆن دەیدات بە دەوڵەمەندەکان؟ هەرئەوەی گوایە لە بەهەشتی ئاسمانیدا دەیکات بۆ لەسەر زەوی نایکات؟

لەڕاستیدا پەیامەکەی ئەبراهام ئەوەیە هەموو کێشەکان بە ئاین و خوداپەرستیەوە ببەستێتەوە. ئەمەش نەک هەر دروست نیە بەڵکو جۆرێکە لە شێواندن و مەبەست لێی فریوودانە. دیارە هەژاری هەیە و ژیانی خەڵک بەراوورد بە ڕابردوو خراپبووە و دەسکورتی و بێ دەرامەتی زیادی کردووە، ناڕازیەتیش لە خوداکان هەیە و خەڵک مەیلی بۆ گۆڕانکاریە. بەڵام روون و ئاشکرایە ئەبراهام دەیەوێت سوود لەو ناڕەزایەتیانە وەربگرێت بۆ بانگەشە بۆ خودایەکی تازە. ئاوەکە کەمێک لێڵبووە و دەیەوێت ڕاوی تیادا بکات. لەبری ئەوەی بەشداربێت یان ببێت بە بەشێک لە چارەسەری ئەو گرفتانە لە ژیانی واقعی خەڵکدا دەیەوێت ژیانی خەڵک بگۆڕێت بە بەڵێن و مژدەی ژیانێکی تر لە شوێنێک کە گوایە "بەهەشت"ی پێدەوترێت. بۆیە ئەو تاوانەی کردوویەتی هەڕەمەکی و لەخۆوە نیە، بەڵکو بەشێکە لە پلانێکی گەورەتر بۆ تێکدانی ژیانی شارستانی لەم شارەدا. ئەوەتا نایشارێتەوە کە دەڵێت هەموو شتێک پەیوەندی هەیە بە یەکتاپەرستی و وەک ڕێگایەک نیشانی دەدات بۆ گەیشتن بە دەسەلات و زیاتربوونی خاوەندارێتی تایبەتی و دووبارە دابەشکردنەوەی سەروەت وسامان..

**ئاراک وەک سەرۆکی دادگا:**

- ئەوەی کە ئەبراهام چارەسەری هەموو شتێک بە پەیامی یەکتاپەرستیەوە دەبەستێتەوە شتێکی نوێ نیە. گرنگ ئەوەیە ئەو هەوڵە بۆ چارەسەریی نەگات بە تاوانکردن و زیان گەیاندن بە کەسی تر.. وەک لەسەرەتاوە ووتمان ئامانج و مەبەست لەم دادگاییکردنە ئەوە نیە کەسێک بانگەشەی پەیامبەری دەکات و ئێمەش هاتووین دادگایی دەکەین و ڕێگای پەیامبەری و خوداپەرستی لێدەگرین، یان دەمانەوێت بەدیاریکراوی دژی بانگەشەی یەکتاپەرستی بین و بە مەترسیداری دەزانین. با بۆ هەمووان روونبێت مەبەستی سەرەکیمان پێشگرتنە بە تاوان، جا چ تاوانەکە بەناوی فرەخوداییەوە بێت یان بەناوی یەکتاپەرستیەوە یان تەنانەت بە ناوی تری نا ئاینیەوە. کاتێک لێکۆڵینەوە دەکەین بۆ ئەوەیە لەهەموو ڕوویەک و لەهەموو گۆشەنیگایەکەوە کێشەکە ببینین تا بتوانین بڕیارێکی دروست بدەین. لە ڕابردوودا بەهۆی بڕیاری بە پەلە و ناژیرانەوە تووشی زۆر کێشەبووین و نامانەوێت دووبارەی بکەینەوە. بۆیە دەمانەوێت بە دیاریکراوی بزانین کە ئایا پەیامی یەکتاپەرستی ڕووی لەوەیە ببێت بە پەیامێکی دەسەڵاتخوازانە، واتە ببێت بە هەوڵێک بۆ ئەوەی بەناوی یەکخوداییەوە ئەم شارە بەڕێوەببرێت؟

**ئەبراهام:**

- بێگومان .. پەیامی ئێمە ڕوو بەدەسەڵات و بەڕێوەبردنیشە نەک تەنها ڕووی لە پەرستگایەک و کۆمەڵە بتێک بێت..مەگەر فرەخودایی ڕێگای بۆ دەسەلاتگیری خۆش نەکردووە؟ نەبوو بەهۆی ئەوەی هەندێک خۆیان بکەن بە گەورەی خوداکان و یان لە ناو نەریتی فرەخوداییدا خۆیان بکەن بە خواوەند و گەورەی خوداکانی تر و زۆرترین دەسەڵاتی شار بپچڕن بۆ خوداکانی خۆیان.

بەڵام چونکە ئەو هەوڵانە پووچن بۆیە نەزۆک ماوەتەوە و سەرەنجام پوکایەوە و بەرەو نەمان چوو، ناکرێت مرۆڤی بێ دەسەڵات و لەخۆبایی خۆی بدات لە شانی خودای تاک و تەنها و بانگەشەی خواوەندی بکات. بۆیە دەبێت دەسەڵاتداری و بەڕێوەبردن بەناوی یەکخوداوە بێت و کەس لەو گەورەتر نەبێت. لەم ڕوانگەیەوە دەسەڵاتی بتپەرستی باوی نەماوە و سەردەمی دەسەڵاتی یەکتاپەرستەکانە..

بازیاتر ئەوەش روونبکەمەوە کە پەیامی یەکتپارستی هۆکارێکە بۆچارەسەری ناکۆکی لەگەڵ شار و گوندەکانی تردا.. چونکە فرەخودایی بووە بە هۆکار بۆ تێکچوونی پەیوەندی مرۆیی و شارستانی و پەرتەوازەیی. ئەگەر لەهەر شوێن و جێگایەک یەکخودا بپەرستین ئەوکات لە شار و گوندە جیاجیاکاندا هەموو رووەدەکەینە یەکخودا و خۆمان بە هاوبەش و هاوخودایی یەک دەزانین و ئەمەش هۆکارە بۆ یەکگرتوویی و پێکەوەبوون و هاوژیانی فراوانتر.

ڕاستە دەسەڵاتدارێتی و حاکمیەت کۆدەبێتەوە و دەچێتە ژێر دەستی پەیامبەر و یەکتاپەرستانەوە بەڵام دادپەروەری خودایی دەچەسپێت ویەکبوون و یەکگرتوویی دروست دەبێت. بتەپەرستی و فرەخودایی بووە بەهۆی پەرتەوازەیی و تێکچوون و شەڕی شارەکان لەگەڵ یەکتر. ئەوەتا شاری لارسا و ئەکەد لەگەڵ ئەم شارەدا ناکۆک و ناتەبایە و هەرلایەکیان بەجۆری جیاواز خوداکان دەپەرستن و خوداکانیان بۆ ناو شەر و ناکۆکیەکانیان بانگهێشت دەکەن. یەکتپارستی لەهەموو ئەوانە رزگارمان دەکات.

**لۆگال:**

- بۆ ئەو چارەسەرە خودایی و ئەفسوناویانەی ئەبراهام سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم ئێمە بە دژواریەکی زۆرەوە دەسەڵاتی ئاینی و خوداییمان لەگەڵ دەسەڵاتی شاریدا جیاکردەوە. لەشاردا یەکدەسەڵات هەیە، بەڵام لە پەرستگاکاندا فرە دەسەڵاتی و فرەخودایی.. ئەمە رەنگە وەک ناکۆکیەک دەربکەوێت بەڵام زۆر ئاساییە چونکە دوو کایە و دوو بواری جیان لەیەکتر و زۆری وویست تاکو پەرستگا و زەقورە و کۆگای گشتی و ...تاد لەیەکتر جیاکرانەوە. بۆیە نابێت بۆ جارێکی تر دەسەڵاتی شاری و دەسەڵاتی ئاینی تێکەڵ بکەینەوە بە یەکتر.

ڕاستە شارە جیاوازەکان خوداکانیان جیاوازە و خەڵکەکانی هەریەکەیان بەجۆرێک رووەدەکەنە خوداکانی خۆیان، بەڵام ناکۆکی شارەکان لەسەر خوداکان نیە، بەڵکو پەیوەندی بە چۆنێتی ژیانکردن و خاک و سەرچاوەکانی ئاو و بەرووبوومەکان و چۆنێتی خۆپارێزیەوە هەیە. هەرچەند شاری ئەکەد بەهاوکاری و هەرەوەزی ئێمە دروستبووە، بەڵام ئێستا ئەوان خاک و ئاوی بەپیتی زیاتریان هەیە وەک لە شاری

ئور. ئەم مەسەلانە بە یەکتاپەرستی چارەسەرنابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە وای دەبینم خراپتری دەکات و هەڕەشەیە بۆ سەر ئەم شارستانیەتە.
دەزانین کۆمەڵگاکان و شارەکان گەورەتربوون و پێویستمان بە یەکگرتوویی و هەماهەنگی زیاترهەیە بۆ یەکبوون و چارەسەری ناکۆکیەکان، وە ناکرێت هەرکەس لەلایەن خۆیەوە پەیرەوی خوداکەی خۆی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنێت. بۆیە دەسەڵاتی شار دروستبووە و بەپێی دانانی یاسا و کۆدەکان بەڕێوەدەچێت. وە شارەکانیش پێویستە پێکەوە هەماهەنگی بکەن بۆ گەیشتن بە پەیرەو و رێککەوتنی هاوبەش.
ئەم ئەزموونە پێشتر خوداکان پیایدا رۆیشتن. ئەوان بەپێی چیرۆک و دەقەکانی ڕابردوو ئەنجومەنی خوداکانیان پێکهێنابوو، وە لەوێدا بەهاوبەشی و بەدەنگدان بڕیاریان دەدا و کارەکانیان رێکدەخست. ئێمەش ئەنجومەنی شارەکانمان پێکهێناوە و ئێستا هەوڵ هەیە لەوەش واوەتر بڕوات و لەنێوان شارەکاندا ئەو جۆرە ئەنجومەنانە بۆ هاوئاهەنگی و رێکخستن پێک بهێنرێت. دیارە هاوخودایی کارێکی زەحمەتە و ناکرێت و ناکۆکی زۆر لەمبارەیەوە لەئارادایە. هەندێک لە خوداکان گەورەیی زیاتر دەنوێنن و دەیانەوێ وەک تاکە خودا یان گەورەی گەورەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنن. ئەمەش پێشتر کارەساتی لێکەوتەوە و ئێستاش چارەسەرەکە ئەوەیە لەڕێگەی ئەنجومەنەکانی شارەوە ئەو کارانە بکەین. بەداخەوە هێشتا وەک پێویست چارەسەر نەدۆزراوەتەوە.
ئەبراهام دەیەوێت بە یەکخودایی دەسەڵات رێکبخاتەوە و لەم ڕێگەیەوە هەموو خوداکانی تر لەناوبەریت. ئەم پرۆسەیە، یان ئەم هەوڵە زۆر لەوانی پێشووتر خراپترە چونکە یەکێک لە ئاکامەکانی دووبارە هەڵگیرسانەوەی جەنگی شارەکان و خوداکانە لەگەڵ یەکتر. وە چارەسەری هەڵەیە بە ڕێگایەکی هەڵە.
**ئەبراهام:**
- ئەو دۆخەی هەیە تەنها بە یەکخودایی چارەسەر دەکرێت. شارێکی هەژار و شارێکی دەوڵەمەند، یەکێک هێزی چەکداری باشتری هەیە و ئەوی تر نیەتی، وە هەروەها شارێک گەشە دەکات و شارێکی تر بەرەو چۆڵی و وێرانی دەڕوات، هەموو ئەمانە وادەخوازێت خودای گەورە کە دەسەڵاتی ئەو لە دەسەڵاتی هەموو

شارەکان گەورەتر و زیاترە ئەو شارانە بخاتەژێر دەستی خۆیەوە و ڕێکیان بخات و ناکۆکیەکانیان چارەسەربکات..

**لۆگال:**

- باشە ئەبراهام خوداکەی تۆ گەر ببێت بە خودای هەموو شارەکان، بەگریمانەی ئەوەی هەموو خەڵکی شار وگوندەکان ڕووی تێدەکەن و دەیپەرستن، ئەوکات چۆن ئەو دەسەڵاتانە ڕێکدەخەن؟ تۆ هەر لەسەرەتا لەدژی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەرانەی مرۆڤ لەسەر زەوی وەستایتەوە، وە پەیامەکەی تۆ تاکپەرستی لەخۆدەگرێت، خوداکەت یەک پەیامبەری دیاریکردووە و نایکات بە دوان، لەیەک کاتدا چەند پەیامبەرێک بوونیان نیە و پێکەوە ناژین و گوایە ئەوان بەدوای یەکدا دێن، لەم دۆخەدا تۆ چۆن شارەکان بەڕێوەدەبەیت، تۆ کە نەتوانیت بەتەنها شارێک بەڕێوەبەریت، چۆن دەتوانیت کۆمەڵە شارێک بخەیتە ژێر دەستی خۆتەوە؟

**سەرگۆن:**

- ئەبراهام ڕاستە تەنها پەیامبەرە، بەڵام پەیرەوانی و یەکتاپەرستانی تر هەموو لەدەوری کۆبوونەتەوە و یارمەتی دەدەن و بە تەنها نیە..

**ئەبراهام:**

- خودای گەورەی من تاک و تەنهایە و هەموو دەسەڵاتێکی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە یاوەری پەری و فریشتەکان و بوونەوەرانی تر دەسەڵاتەکانی بەرجەستەدەکات.. منیش لاسایی ئەو دەکەمەوە و یاوەر و هاوکار و جێینشین بۆ خۆم دادەنێم تا شارەکان بەڕێوەبەرن.

**لۆگال:**

- بەڵام هەموو بڕیارەکان لەدەستی تۆدایە. بەپێی قسەکانی خۆت بێت تۆش دەسەڵاتێکی زەمینی هاوشێوەی دەسەڵاتی ئاسمانی خودا دادەمەزرێنیت و دەبێت یاوەر و هاوکار دیاری بکەیت. پەیامەکەی تۆ بەجۆرێکە ڕێگا نادات مرۆڤەکان خۆیان بەڕێوەبەرن، لەسایەی ئەو دەسەڵاتەی ئێوەدا نە هەڵبژاردن دەبێت و نە مافی نەیاربوون و نە گۆڕینی دەسەڵات و نە ئازادی هەڵبژاردن. ئەوەی چاوەڕان

دەکرێت پێکهێنانی دەسەڵاتێکی قووچەکی رەق و ووشکە کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەسەر بنەمای بەندێتی و کۆیلەیەتی دامەزراوە.
وەکچۆن خودا تاک و تەنهاکەت دەسەڵات و ئیلهامی داوە بە یەک پەیامبەر، وە بە فریشتە و بوونەوەرەکانی تر، تۆیش دەبێت دەسەڵاتە رەهاکەت لەگەڵیان بەش بکەیت، تۆش دەبێت فرەدەسەڵاتی بەڕێوەبەریت و دەسەڵاتەکانتان شۆڕبکەیتەوە بۆ هاوکارانت لە شوێنە جیاوازەکاندا. ئەوانیش بەدەوری خۆیان دەبن بە دەسەڵاتدار و خودایەکی بچوک بەسەر مرۆڤەکانی ترەوە و دەیانکەن بە کۆیلەی خۆیان. کۆیلەیەتی لەو بورجە هەرەمی و ئاسمانیەوە پلە بەپلە شۆڕدەبێتەوە بۆ خوارەوە، پلەی سەرووتر وەک خودایەک پلەی خوارتر لە خۆی دەکات بە کۆیلە، ئەمیش لەبەرانبەر بە پلەی خوارتردا دەبێت بە خودا و وە هەروەها..
لەرواڵەتدا وادیارە ئەم شێوەیە لەدەسەڵات و بەڕێوەبردن گونجاوە و دەکرێت بەڵام لەناوەڕۆکدا وێناکردنێکی دەسەڵاتێکی لەو جۆرە لەسەر زەوی ئەفسانەیە و مرۆڤەکان بەو بەندێتی و کۆیلەیەتیە ڕازی نابن.

**ئەبراهام:**

- گەر مەملەکەتی خودا لەسەر زەوی دابمەزرێت، وە بەو جۆری تۆ باسی دەکەیت لەم شارستانیەتەدا دروستبێت و بڵاوبێتەوە ئەوکات نەک بەندێتی بەڵکو سەردەمی ئازادی و خۆشگوزەرانی دەستپێدەکات. ئەو ترس و دێوەزمەیەی لۆگال و هاورێکانی دەیانەوێت وێنای بکەن دروست نیە، چونکە هەموو دەبین بە کۆیلە و بەندەی خودا و هەر ناکۆکیەک وەک یەکتاپەرستان هەمانبێت خودای گەورە خۆی چارەسەری دەکات. من هیچ نیگەران نیم لەمبارەیەوە و کەسیش نابێت نیگەرانی و ترسی لەمە هەبێت.

***　***　***

**ئاراک:**
- باشە بۆ تۆمەتی دووەم دەڵێیی چی؟ تۆ بە بەرچاوی خەڵکەوە مەڕت سەربڕیووە؟

**ئەبراهام:**
- بەڵێ چونکە خودا قوربانی پێویستە و داوای لێکردووم قوربانی پێشکەش بکەم.

**ئاراک:**
- باشە ئێمەش ئەوە دەزانین. پێشتریش بۆ خودکان قوربانیمان پێشکەش کردووە بەڵام بۆچی بە دیاریکراوی ئاژەڵی ماڵی و بەرهەمهێن بکرێت بە قوربانی؟

**ئەبراهام:**
- خودا فەرمانی پێکردم لەبری کوڕە ناکامەکەم مەڕێک سەرببڕم؟

**ئاراک:**
- باشە لەم شارستانیەتیەی ئێمەدا هەرگیز منالی ناکام نەکراوە بە قوربانی، تۆ چۆن مافت بەخۆت داوە منالێکی ناکام بکەیت بە قوربانی خودایەکی دیاری کراو؟ مرۆڤە پێگەیشتووەکان جاروبار خۆیانکردووە بە قوربانی خوداکان، بەڵام نەریتی سەربڕینی منال و بە قوربانیکردنی بە تاوان ئەژماردەکرێت. زۆرباشە کە ئەو تاوانەت نەکردووە، هەرچەندە خۆت دانت ناوە بەم کارەدا ولەمبارەیەوە پێویستە بە پەراوێکی جیا لێکۆڵینەوەت لەگەڵ بکرێت و لەسەر ئەوکارەش لێرە دادگایی بکرێیت.

**ژنێک** لەم کاتەدا لەناو خەڵکەکەوە هاواریکرد:
- من بۆ ئەوە سکاڵام لێی هەیە، لە خۆی و لە سارای ژنی، چونکە ئەم تاوانبارە وویستی منالەکەم سەربڕێت و بە هاندان و فیتی ژنەکەی بوو کە ناوی سارایە، ئەو رقی لە من و کوڕەکەم بوو بۆیە ئەبراهامی هانداوە منالەکەم سەربڕێت.

**ئاراک ڕوویکردە** ژنەکە و پێی ووت:
- تۆ ناوت چیە؟

- هاگار
فەرموو خاتوو هاگار قسەمان بۆ بکە...

**خاتوو هاگار:**

- من خزمەتکاربووم لە ماڵی ئەبراهام و سارا مناڵی نەدەبوو، خۆی سەرەتا داوای لێکردم لەگەڵ ئەبراهام سەرجێیی بکەم تاکو بە ووجاغکوێری نەمێنێتەوە و مناڵێکی هەبێت. دوای ئەوەی ئەبراهام هاتە لام سکم پڕبوو. "ئەسمە ئیل" مناڵی منە و پاشان سارا زۆر بە خراپی رقی لێهەگرت. بڕوابکەن ژنەکەی هانیداوە ئەو کارەبکات چونکە ئیرەیی پێ دەبردم. کاتێک ئەبراهام بەهۆی کوڕەکەمەوە زیاتر دەهات بۆ لای ئێمە زۆر رقی لێهەڵگرتین وهانیدابوو خۆم و کوڕەکەشم بکوژێت. ئەو ژنە ئیرەیی و حەسودیەکی کوێرانەی هەیە و ژیانی لێ تاڵکردین. دەمزانی دەیەوێت کوڕەکەم بکوژێت بۆیە زۆر تکام لێکرد ئەوکارە نەکات و بە قسەی سارا نەکات.. تەنانەت من بووم هەموو چەقۆکانم شاردەوە و چەقۆکەم کولکرد تاکو ئەبراهام نەتوانێت کوڕەکەم سەربڕێت.

**ئەبراهام:**

هاگار درۆدەکات، من بە فەرمانی خودا، نەک بە فەرمان و خواستی سارای ژنم، ئەو کارەم کرد. پاشان چەقۆکەش زۆر تیژبوو بەلام خودا کولی کرد و هێنام بە ملیدا هیچی پێ نەکرد.

**خاتوو هاگار:**

- بەرێزان دادوەرانی بەرێز پیاوەکەم ئەو رۆژە بەجۆرێک هاندرابوو زۆر تورە دیاربوو، بەرچاوی تاریک بوو، ئاگای لە خۆی نەبوو چی دەکات، وەک شێتی لێهاتبوو کاتێک پەلاماری کوڕەکەی دا. بەڵام خۆشبەختانە زوو هاتەوە هۆش خۆی و لە کارەکەی پەشیمان بۆوە. هەر تاوانێکی کردبێت سارا پێی کردووە. تەنانەت ئەویش هانی داوە پەلاماری پەرستگای گشتی بدات، ئەو نەبێت کەسی تر نیە..

**ئەبراهام:**

- نەخێر من کەس هانی نەداوم. من خودا هاتەخەوم و فەرمانی پێکردم جگەرگۆشەم لە پێناوی ئەودا سەربڕم. منیش بۆ بەیانی پرسم بەخۆی کرد و ئەویش ڕازی بوو.

**خاتوو شەم:**

- جا مناڵی ناکام چۆن لە مەسەلەی لەو جۆرەدا پرس یان ڕای وەردەگیرێت؟

**ئەبراهام:**

- ڕازیش نەبوایە وەک باوک مافی خۆمە بیکەم بە قوربانی خوداکەی خۆم، بەڵام ئەو بە قسەی کردم بۆیە ئێستا ناوەکەیم گۆڕیوە بۆ "ئەسمە ئییل" یانی گوێ ڕایەڵی خودا.

**خاتوو شەم:**

- لەڕابردوودا باوک دەسەڵاتی زۆربوو بەسەر منالّەکانیدا تا ئاستی ئازاردان و کوشتنیان. بەڵام خۆت دەزانیت ئێستا بەپێی یاسا هیچ باوکێک مافی نیە رۆڵەی خۆی بکوژێت بەهەر پاساوێک بێت. بۆیە ئەو کارەی تۆ لەڕووی یاساییەوە وەک هەوڵێکی بە ئەنقەست بۆ کوشتنی کەسێکی بێ گوناە ئەژماردەکرێت، ئەوەی کە هەوڵەکەت سەری نەگرتووە بەو مانایە نیە کە تاوانێکت نەکردووە. بەلام دەبێت لێکۆڵینەوە بکەین لەوەی کە ئایا خۆت پەشیمان بوویتەوە یان یەکێک دەستی گرتووی چونکە ئەوە کاریگەری هەیە لەسەر ئەندازەی ئەو سزایەی بەسەرتدا دەسەپێنرێت. بۆیە خۆت پەشیمان بوویتەوە یاخود کەسێک ڕێگای لێگرتی ئەو کارە بکەیت؟

**ئەبراهام:**

- لەڕاستیدا من هەوڵمدا بەڵام خوداکەم نەیهێشت.

سەرگۆن وەک هەوڵێک بۆ وەرگرتنەوەی قسەکەی ئەبراهام و بە فێرۆدانی ددانپیانانەکە خێرا هاتە دەنگ:

**سەرگۆن:**

- بەڕێزان ئەبراهام خۆی پەشیمان بۆتەوە، بەلام دیارە بەقسەی خوداکەی خۆی کردووە و وازی لەو کارە هێناوە.

**ئاراک روویکردە ئەبراهام:**

- تۆ زۆر بەرۆشنی ووتت خوداکەم ئیلۆهیم فەرمانی پێکردم کوڕەکە سەربڕم، باشە ئەی چۆن هەمان خودا نەیهێشت ئەو کارەبکەیت، بۆچی خوداکەی تۆ دووبەشە؟ بەشێکی فەرماندەدات و بەشەکەی تری فەرمانێکی تر دەردەکات؟

**ئەبراهام:**

- نا من هەر یەک خودای یەکپارچە و یەکانەم هەیە، بەڵام هۆکاری ئەو دوو فەرمانە ئەوەبوو  خودا منی تاقیکردەوە تابزانێت چەندە ئامادەم خۆشەویست ترین کەسی ژیانم بکەم بە قوربانی ئەو. بۆیە کاتێک زانی ئەو کارەدەکەم ئەو چەقۆیەی لەسەر ملی ئەسمە ئێلم دانابوو کولی کرد و کارەکەم بۆ نەکرا.

**لۆگال:**

- خودایەکی سەیرت هەیە.. ئەمە یەکەمجارە ببیستم خودا لەرێگەی کردارێکەوە کە بە تاوان ئەژماردەکرێت مرۆڤ تاقی بکاتەوە؟ باشە ئەگەر ئلۆهیم هێندە بە دەسەڵات و زانا و بە توانایە کە باسی دەکەیت تاقیکردنەوەی تۆی بۆ چیە؟ چۆن خۆی ئامادەیی تۆی نەناسیووە؟ ئەگەر تۆی هەڵنەسەنگاندبێت چۆن تۆی کردووە بە پەیامبەری خۆی؟ بەڕاست تۆش دەتوانیت خوداکەت تاقیبکەیتەوە یان هەر ئەو تۆ تاقیدەکاتەوە؟

**ئەبراهام:**

- من تەنها دەتوانم قوربانی پێشکەش بکەم و پابەندی فەرمانەکانی بم.

**ئاراک:**

- با بێینەوە سەر بابەتی سەرەکی کە پەیوەندی بەو تۆمەتەی ترەوە هەیە کە خراوەتە پاڵت واتە سەربڕینی ئاژەڵە ماڵیە بەرهەمهێنەکان. بانگەشەی ئەوەتکردووە خوداکەی تۆ تەنها داوای ئەوەی لێکردوویت ئاژەڵی ماڵی وەک مەڕ و بزن و گا و مانگاکان و حوشترەکان بکەن بە قوربانی و بێجگە لەوانە هیچی تر قبووڵ ناکات. تۆش سەرەتا بە مەڕێک دەستت پێکردووە و سەرت بڕیووە. ئەم کارە لەم شارستانیەتەدا بە تاوان ئەژمار دەکرێت، لێرە ئەو جۆرە ئاژەڵانە زۆر کەمن و بەهەزار و یەک دەردیسەری بەرهەمیان دەهێنین و ماڵییان دەکەین و بەرووبوومەکەیان دەخۆین. کەس نایەوێت دەستبەرداریان بێت و گۆشتەکانیان بخوات. خوداکان ئەو ئاژەڵانەیان پیرۆزکردووە. لەمبارەیەوە قسەت چیە؟

**ئەبراهام:**

- من وەک ووتم ئەو کارەم کرد لەبەرئەوەی خودا فەرمانی پێکردم. ئەو تەنها قوربانی وەک مەڕ و حوشتر و مانگا و ئەوانەی تر قبووڵ دەکات لەبەرئەوەی کە زۆر ئازیز و خۆشەویستن لەلای خەڵک. بۆیە گەر کەسێک یەکێک لەوانە پێشکەش بە خوداکەی خۆی بکات زیاتر لە خودا نزیکدەبێتەوە و هەر نزا و پاڕانەوەیەکی هەیە قبووڵی دەکات.

**لۆگال هەستایە سەرپێ :**

- ئەم کابرایە هەر تاوانێک دەکات دەڵێت خودا پێی کردم. باشە گریمان خودایەک هەیە داوای کاری لەو جۆرەت لێدەکات، دەتوانیت بە قسەی نەکەیت؟ بۆچی دەبێت بە پاساوی ئاینی تاوان رێپێدراو بێت؟ بۆچی دەبێت مرۆڤ بە قسەی خودا تاوان بکات و زەرەر لە کەسانی تر بدات؟ ئەگەر ئەبراهام خۆی باوەڕی بەم قسانە هەیە و دەیەوێت بیکات بە نەریتی ئاینی خۆی ئازادە. بەڵام بهێننە بەرچاو هەمووان باوەڕ بە ئەبراهام بهێنن و خێزان و خانەوادەکان چاوی لێبکەن؟ ئەوکات چی روودەدات. ئەوەی روودەدات نەمانی سامانێکی گەورەیە لەم شارستانیەتەدا. ئەگەر سەربڕینی ئاژەڵەماڵیەکان ببێت بە نەریت خەڵکی هەژار ناتوانێت قوربانی بکات، ناتوانن ئاژەڵێک سەربڕن سەرچاوەی ژیانی خۆیان و خانەوادەکانیان بێت.. هەندێکجار ئەو خانەوادانە مەل و باڵداری بچووک و رووەکی تایبەت و ئەو جۆرە شتانە دەکەن بە قوربانی بەڵام بەپێی قسەکەی ئەبراهام بێت خوداکەی ئەوانە قبووڵ ناکات. بۆیە ئەو ئاینەی ئەبراهام بانگەشەی بۆ دەکات زیاتر بۆ خەڵکی دارا و دەوڵەمەند و ئەوان زیاتر دەتوانن لەڕێگەی قوربانی پێشکەشکردنەوە لەو خودایە نزیکبنەوە و نزا و پاڕانەوەکانیان گوێی بۆ بگیرێت. هەرچی هەژارەکانە ناتوانن قوربانی بکەن و لەڕێگای قوربانیکردنەوە ناتوانن لەخودا نزیکببنەوە.

من وایدەبینم ئەمە هەوڵێکە بۆ گەندەڵکردنی نەریتی قوربانیکردن و گۆڕینی پەرستگا بۆ جێگا و شوێنی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی ئاژەڵی. ئەگینا تۆ

هەرچیەکت لەتوانادابێت، پێویستە خوداکان لێت قبوولّبکەن، بۆچی نابێت و خودا گوڵ و دانەوێڵە و بخور و ئەو شتانە وەک قوربانی قبووڵ ناکات؟
باشە تۆ پەرستگایەک تێکدەدەیت دیارە مەبەستت ئەوەنیە کە پەرستگا نەهێڵیت، بەڵکو مەبەستت ئەوەبووە کە لەو پەرستگایەدا خوداکەی تۆ بپەرستن، وایە یان نا؟ کەواتە تۆش باوەڕت بە پەرستگا و شوێنی پیرۆز هەیە.. کەوایە فەرموو تۆش رەمزێک یان سومبولێک بۆ خوداکەی خۆت ئلۆهیم دابنێ و داوا لەخەڵک بکە لەو شوێنەدا رووی تێبکەن، ئەوە باشتر نیە لەوەی پەلاماربدەیت تا ئەوانی تر لەناوبەریت و بیکەیت بە پەرستگای یەکتاپەرستی؟

**ئەبراهام:**

- یەکانەخودای من شیاوی پەرستنە و دەبێت تەنها پەرستگا بۆ ئەو دروستبکرێت، هەر پەرستگایەکی تر هەبێت بۆ هەر خودایەکی تر پێویستە و دەبێت بڕوخێنرێت!
لەم کاتەدا لەناو خەڵکدا نارەزایەتی و هاوارکردن دەستی پێکرد.

**کەسێک** لەسەربەرزیەکەوە بەدەنگی بەرز دەیووت:

- بێدەنگی بکەن، تەمبێی بکەن ئەگینا خۆمان دەزانین چی لێ دەکەین.

**دەستەی دادگا داوای هێمنی کرد و پاشان روویکردە خەڵک:**

- ئەم دادگایە شوێنی هەڕەشەکردن لە کەس نیە.. تۆمەتبار ئازادە داوای رووخاندنی پەرستگا یان دانانی پەرستگای نوێ بکات. لێرە دەمانەوێت ئەوە جیابکەینەوە کە داواکردن و ئارەزووکردن جیاوازە لە کار و کردەوەی تاوانکاری. تۆمەتبار بۆی هەیە داوابکات و داواکەی لەرێگەی دەنگدان و راپرسی و کۆبوونەوە و گشتپرسیەوە بکات بە بابەتی بڕیاردان، یان داوابکات یاسایەک لەمبارەیەوە پەسەندبکرێت. بەڵام ئەوەی خۆی هەستێت پەلاماری پەرستگایەکی گشتی و دیاریکراو بدات لەبەرئەوەی باوەڕی پێی نیە ئەمەیان رێگەپێدراو نیە و دەچێتە خانەی تاوانکاریەوە، چونکە نابێت هیچ کەس لەخۆیەوە بڕیاری لەو چەشنە بدات.

**سەرگۆن:**

- داوا لەدادگا دەکەین ڕێگابگرێت لە هەڕەشەکردن لە تۆمەتبار تا پرۆسەی دادگاییکردن ئازادانە بەرەوپێش بچێت.

**ئاراک:**

- بێگومان دەبێ وابێت.. بەلام پێویستە تۆمەتباریش وەک چۆن داوای ماف و ئازادی بۆ خۆی دەکات، بەهەمان شێوە ئاگای لە ماف و ئازادی کەسانی تریش بێت. ئێوە وەک دەستە دەبوو پێشتر ئەوەتان بۆ ئەبراهام روونبکردایەتەوە کە بەرگری لەخۆی بکات نەک پاساو بۆ کردەوەکانی بهێنێتەوە، یان پێی وابێت دەتوانێت بە هێرشکردنە سەر بەرانبەر پاڵ بەو تۆمەتانەوە بنێت کە رووبەرووی کراوەتەوە..

**ئەبراهام:**

نەک هەر بتەکان بەڵکو پەیامی من ئەوەیە ئەو پەرستگایە برووخێنرێت.

**ئاراک روویکردە ئەبراهام:**

- واز لەم شێوازە لە قسەکردن و دەربڕین و ئاخاوتن بهێنە.. دەبێت وابێت و دەبێت وانەبێت.. تۆ بۆت نیە لە بری هەموو هاوشاریەکانی ئور بڕیاربدەیت، یان چیت پێخۆشە و باوەڕت بە چیە بەسەر هەموو هاوشاریەکاندا بیسەپێنێت. ئیرادە و بڕیاری گشتی هەیە و رێگای یاسایی دیاریکراوە بۆ چاکسازیکردن و گۆڕینی بڕیارێک یان یاسایەک بە دانەیەکی تر.

**ئەبراهام:**

- بەڵام من ناتوانم ددان بەخۆمدا بگرم کاتێک ئەو هەموو بێ خودایی و گوناهە دەبینم، دەبێت کارێک بکەم و بە خواهیشت بێت یان بەزۆر دەبێ رێگا بگرم لە تاوان و شەریک پەیداکردن بۆ خودای یەکانە.

**ئاراک:**

- ئەوەی لەم شارەدا رێکخراوە بە پێی یاسا و بڕیار و رەزامەندی گشتی بووە، بە گریمانەی ئەوەی ئەوانەی دانراون رەوایەتیە بە گوناهکردن و تاوانە بەرانبەر بە خوداکەی تۆ، لەم حاڵەتەشدا کاری تۆ ئەوە نیە تاوانێک بە تاوان وەڵامبدەیتەوە، بەڵکو دەبێت ددان بەخۆتدا بگریت و لەبری ئەبێ و نابێ بانگەشە بۆ ئایدیا و باوەڕەکەی خۆت بکەیت و وەک خۆت دەڵێیت کاری پەیامبەریەکەت بەجێبگەیەنیت.. کاتێک زۆرینەی خەڵک شوێنت کەوت ئەوکات داوای گۆڕین و

چاکسازی بڕیارەکان و یاساکان بکە، لەڕێگەی پەنابردن بۆ زۆرکردن و توندوتیژی و پەرستگا رووخاندن و سەربڕینی ئەم و ئەو پەیامی خۆت بڵاومەکەرەوە. لەبەر بەرژەوەندی خۆت و سوودی گشتی ئەم جۆرە گوتار و ئاخاوتنە وازلێبهێنە و مەیکە بە نەریتی خۆت و هاوەڵانت.

دواجار ئەم دادگایە بەپێی پێویست گوێی لە وتەی هەموو لایەنەکان بوو، بەڵگەکان خرانەڕوو. بۆیە وەک دواووتە رووودەکەمە تۆ ئەبراهام و پێت دەڵێم خۆت بە تاوانبار دەزانیت یان نا؟ ئایا هیچ پەشیمان نیت لەو کارانەی کردووتە؟

**ئەبراهام:**

- من زۆر ماندووبووم و پێشتریش وەڵامی ئەو پرسیارانەم داوەتەوە. دواووتەم ئەوەیە کە من خۆم بە تاوانبار نازانم. ئەوەی کردوومە بۆ چاکەی گشتی و لە پێناوی یەکتاپەرستی و خوداکەی خۆمدا کردوومە ولێی پەشیمان نیم. بەو هیوایەم لێم تێبگەن و لەسەر ئەو کارانە سزام نەدەن، ئەگەر ئەو کارەشتان کرد من چاوەڕێی پاداشت لە خوداکەی خۆم ئیلۆهیم دەکەم. لەوە زیاتر قسەیەکی ترم نیە.

**ئاراک روویکردە ئەبراهام:**

- بەدیاریکراوی لەسەر ئەم تۆمەتە دوا ووتەت چیە، هیچی ترت ماوە بیڵێیت؟

**ئەبراهام:**

- دوا ووتەم ئەوەیە باوەڕم پێبکەن بەوەی کە من پەیامبەری خودام و جگە لە خێر وچاکە هیچ شتێکی تر مەبەستم نیە. ئەگەر باوەڕم پێناکەن و نکوڵی دەکەن و سوورن لەسەر بتپەرستی و رەتکردنەوەی قسە و پەیامی خودا، ئەوکات ئەم کارەشتان دەبێت بە تاوانێکی تر.

**لۆگال:**

- ئەم تۆمەتبارە نەک هەر خۆی بە تاوانبار نازانێت بەڵکو ئێمە تاوانبار دەکات.

**ئەبراهام:**

- هەرکەس روونەکاتە خودا و نەیپەرستێ بە تاوانبار ئەژماردەکرێت. وە لەم شارستانیەتەدا مرۆڤ زۆر تاوانی کردووە، بۆیە پێتان دەڵێم خودا زۆر تورەیە

لێتان و ئەمڕۆ یان سبەی غەزەبتان لێدەگرێت و ئەم دنیایەتان بۆ تەفروتونا دەکات، ئاخری دنیا نزیکە؟ ئەمە دوا پەیامی خوداکەی منە !

**سۆمار:** وەک ئەندامێکی دەستەی دادوەری رووبکردە ئەبراهام:

- زمانی تۆ و پەیامی تۆ پڕە لە هەڕەشە و جەنگ و تاوان. ئەبراهام با بۆ ساتێک و وەک گریمانە بڵێین ئەو بانگەشەیەی تۆ ڕاستە. ئەم شارستانیەتە ئەو پەیامەی تۆ قبووڵ دەکات و تۆش دەبیت بە کەسی یەکەم و بڕیاردەر و دەسەڵاتدار لەم مەملەکەتەدا. لەبەرئەوەی تۆ نێوانگری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئلۆهیمی بۆیە تۆش وەک خودا پیرۆز دەکرێیت.. نەوەکان و بنەماڵەکەت وەک میرات ئەو پیرۆزیەیان بۆ دەمێنێتەوە، نەوەکانی تۆ کاری پەیامبەری درێژە پێدەدەن چونکە بەپێی قسەکانی خۆت ئێوە هەڵبژێردراوی ئەون. نەوەکانی ئەم پەیامبەرانە بەهەموو لایەکدا بڵاودەبنەوە. دەسەڵاتی ئاینی و شارستانی دەبن بەیەک و ئەوەی تۆ باسی دەکەیت دەبێت بە بەشێک لە باوەڕ و ئاین و نەریتی ئەم شارستانیەتە. پاشان بۆ شار و شوێنە جیاوازەکان نوێنەران یان هاوەڵانی پەیامبەریان بۆ رەوانەدەکرێت و ئەمانیش وەکو تۆ خەڵکی تر هاندەدەن بۆ ئەوەی شەڕ لە پێناوی خودادا بکەن. پەلاماردانی درواسێکان بەبیانوی بتپەرستی و بانگەشەی یەکتاپەرستی دەستپێدەکات و بەزۆر ئەم ئاینە بەسەریاندا دەسەپێنرێت. جەنگی ئاینی دەبێت بە بەشێک لە ژیانی خەڵک. کاتێک پەلاماردەدەن هەرچی هەیە داگیری دەکەن، پیاوانی شەرکەر ژنەکان بە دیل دەگرن و دەسدرێژی دەکەنە سەریان، بۆ خزمەتکاری پیاو زۆر بەخراپی کەڵک و سوودیان لێوەردەگرن.

لەبەرئەوەی یەکتاپەرستی واتە دەسەڵاتپەرستی تاقانە بۆیە زۆرترین دەسەڵات لە دەستی خۆت و هاوەڵاندا کۆدەبێتەوە و کۆمادەبێت، جەنگاوەرەکانتان لەناو خۆیاندا لەسەر دەسکەوتەکانی شەڕ و جەنگ و داگیرکاریەکان و لەسەر ئەو جۆرە دەسەڵاتانە دەبێت بە شەڕیان، هەر لایەک دەیەوێت زۆرترین دەسکەوتی هەبێت و خۆی ببێت بە جێنشین و دەسەڵاتدار و زۆرترین دەسکەوت و دەسەڵات بۆ خۆی و بنەماڵە و پەیڕەوکارانی بێت. لەناو خۆیاندا یەکتری دەکوژن، پەلاماری یەکتری دەدەن، تادوێنێ بەناوی خوداوە شەڕی ئەوانی تریان کردبێت ئێتر بەناوی هەمان

خوداوە شەڕی یەکتری دەکەن. پێشەواکان و پەیامبەرەکان یان جێنشینەکانیان بەناوی جیاوازەوە دەبن بە لایەنەکانی شەڕ و ئاینی یەکتاپەرستی دابەش دەکەن و هەر لایەک دەیەوێت بۆ خۆی داگیری بکات و ئەوی تر لەناوبەرێت یان لەڕووی جەستەییەوە پاکتاوی بکات، وەکچۆن ئەبراهام بە پاکتاوی پەیکەر و خوداکانی ئەم شارە دەستی پێکرد و ...

نارام لەتەنیشت سەرکۆنەوە بە کەمێک تووڕەییەوە هەستایە سەرپێ:

**نارام:**

- ئەم قسانە بۆ ترساندنی پەیامبەرە، بۆیە داوا دەکەین دەستەکە لێرەدا بوەستێت. چونکە خەریکە دەچێتە خانەی ئایندەبینی و فاڵگرتنەوە!

**ئاراک:**

مادام ئێمە لەم دادگایەدا دیالۆگ لەسەر هۆیەکان و پاڵنەرەکانی تاوانێک دەکەین دەبێت و رەوایە لەوەش بدوێین ئایا لە داهاتوودا هەمان تاوان یان تاوانی هاوشێوە دووبارە دەبێتەوە یاخود نا؟ مەرج نیە ئەبراهام بیکات. ئەمانەی ووتران تەنها کۆمەڵە گریمانە و پێشبینیەک بوون و فاڵگرتنەوە نیە، چونکە ئەزموونی ڕابردووی ئێمە لەمبارەیەوە هاوکارمان بووە تاکو تێبگەین لە داهاتوودا رەنگە ئەمە رووبدات. ئێمە ئامۆژگاریت ناکەین بەڵکو ڕێنماییت دەکەین بۆ دوور بڕوانن و هێشتا فرسەتی زۆر ماوە بۆ پیاچوونەوە.

**سۆمار:**

- بەناوی چاکە و خودا و یەکتاپەرستیەوە گەلێکی تاوانکار دروست مەکە و تۆوێک مەچێنە دڕندە و هەژدیهای لێ بدوریتەوە و.....

لەم کاتەدا پەتی سەبر و ئارامی ئەبراهام پسا و هەڵی دایە:

**ئەبراهام:**

- من زانستی غەیب نازانم و پەیامبەرم نەک فاڵگرەوە. دڵنیام لە خۆم و لە کاری پەیامبەری خۆم ناترسم. ئەوەی خودا فەرمانی پێکردووم ئەوە دەکەم. نازانم داهاتوو یان لە ئایندەیەکی دووردا چی روودەدات، بەڵام باوەڕم بە خوداکەم هەیە کە مرۆڤ تووشی مەترسی و داهاتووی تاریکی لەو جۆرە ناکات کە باسی دەکەن.

گەر ئێوە هەموو بەقسەی یەکخودا بکەن مرۆڤ هەم لەم دنیا و هەم لەو دنیا ئاسوودە دەبێت و تووشی نائومێدی نابێت و لە بەڵا و کارەسات بەدوور دەبێت.

**لۆگال:**

- من پێوام وابێت دەستەکە باسی جادووگەری و باسی فاڵگرتنەوەی نەکردووە. لەبەرئەوەی پێشتر لەو جۆرە پەیامانە لەم شارستانیەتەدا هەبووە و بووە بەهۆی زیانگەیاندن. ئەگەر مرۆڤەکان بەگشتی بەشداربن لە بڕیاردان و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیدا لە داهاتووشدا خۆیان تووشی مەترسی و موغامەرە ناکەن. بەڵام گەر پێشەوایەک هەموو بڕیارێک بدات و هەموو کوێرانە شوێنی بکەون، پاشان بڵێت بڕیارەکانی من هی خۆم نیە و هی خودایە، ئەوکات مەترسیەکە لێرەوە دەستپێدەکات. چونکە نازانین بەرپرسیارێتی بخەینە ئەستۆی کێ؟ شارستانیەتێک چۆن بەو جۆرە بەڕێوە دەچێت؟ یەخەی کێ بگرین و چۆن چارەنوس و بڕیارە هەڵەکانمان بگۆڕین؟ خەڵک هیچ هەڵبژاردنێکی نابێت پێشەوا و سەرکردەکانی هەڵبژێرێت چونکە ئەوانە دانراون و هەڵبژاردەی خودان. داواکردنی گۆڕینی ئەوان دەبێت بە دژایەتی خودا و وەستانەوە لە دژی بڕیار و ئیرادەی ئەو. ئەمەش دەبێت بە گوناه و تاوان. ئەو جۆرە تاوانانەش بەپێی بانگەشەکەی ئەبراهام واتە سەرکوت و پاکتاوکردن لەم دنیا و توندکردنی لە دۆزەخی هەتاهەتایی ئلۆهیمی خودادا. ئەمەیە داهاتووی پەیامەکەی ئەبراهام و لەمە زیاتر من هیچی تری تیا نابینم.. من بەجۆرێک دڵنیام یەکەمین کەسانێک بەهۆی ئەم جۆرە پەیامانەوە لەناودەچن پێش هەموو کەس پەیامبەرەکان خۆیانن.

**ئەبراهام:**

- زۆر قسەکرا دەربارەی داهاتوو، وە گوایە پەیامەکەی من بۆ ئێستا و ئاییندە مەترسیدارە هەم بۆ خەڵک و هەم بۆ خۆم، بەڵام من دەڵێم ئەو قسانە ڕەنگە بۆ مرۆڤی خوانەناس گونجاوو شیاو بێت، چونکە ئەو گوناهبار و هەڵەکارە و بەبێ خودا ڕێگای ڕاست نادۆزێتەوە، بەڵام ئەو قسانە بۆ خوداکەی من ئلۆهیم هیچی ڕاست نیە. چونکە ئەو هەڵەناکات و وەک مرۆڤ نیە هەڵەکار و گوناهکاربێت.. بۆیە کاتێک بە قسەی ئەو بکەین ناکەوینە هەڵەوە. هەروەها دەسەڵاتێک خودا ڕینمایی بکات و خۆی لە پشتی بێت، لەڕێگەی پەیامبەرەکانیەوە بەڕێوەی بەرێت

پیرۆزکراوە و بێگومان بەجۆرێک دەبێت کە بۆ ئەوپەڕی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی خەڵک بێت.. بەدڵنیاییەوە کەس لەو جۆرە دەسەڵاتە هەڵناگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی گومڕابێت و تاوان بەرانبەری بکات رووڕەشی ئەم دنیا و ئەو دنیاش دەبێت و مەگەر خودا بە گەورەیی خۆی لێی خۆش بێت ئەگینا تا هەتایە دۆزەخ جێگایەتی.

**ئاراک:**

- بەهەرحاڵ زیاتر لەبارەی ئایندەوە قسە ناکەین. ئەم دادگاییکردنە بەرەو کۆتایی هاتن دەچێت، با لایەنەکان خۆیان ئامادەبکەن بۆ پێشکەشکردنی دوا ووتەکان و ئامادەکردنی تیانوسەکانیان. پاش ٧ رۆژی تر دەستپێدەکەینەوە.

** ** **

دوای هەفتەیەک دادگاییکردن دەستی پێکردەوە و وەک پێشوو ئاراک دانیشتنەکانی رێکخست و دەستیکرد بە قسەکانی..

**ئاراک:**

- لەماوەی پشووی دادگادا دەستەی دادوەری پەیامێکی زۆر گرنگی پێگەیشت لەلایەن تیمێکی پسپۆڕەوە کە لە شارستانیەتێکی دوورەوە هاتوون. ئەو تیمە لە سێ گەشتیاری نەناسراو پێکهاتوون کە ئێستا لە شاری ئوردا ماونەتەوە. بە هەموان ڕادەگەیەنم ئەو کەسانە پەیوەندیان بەئێمەوە کردووە و ئاگاداری ئەم دادگایە و کارەکانی بوون و پاش ئەوەی گوێبیستی ئەوەبوون کە هەمووان بەجۆرێک ئارەزوویانکردووە بزانن لە ئایندەیەکی دوورتردا چی ڕوودەدات و ئەنجام و ئاکامی خوداپەرستی و پەیامەکەی ئەبراهام چی بەسەردێت، وە لەبەرئەوەی تیمێکن شارەزان لە بواری گواستنەوەی گەردوونی و پۆرتاڵیەکاندا و لە یەکێک لە دەروازە گەردوونیەکانەوە هاتوون بۆ شاری ئور، پێیان ڕاگەیاندین دەتوانن کۆمەڵە مرۆڤێک کە لە ٩ کەس زیاتر نەبێت بۆ ئایندەیەکی دیاریکراو بگوێزنەوە، کە درێژترین مەودای بۆ ٤٥٠٠ ساڵی ئایندەیە. ئەو کۆمەڵەی

دەیگوێزنەوە دەتوانن ئەو داهاتووە بۆ ماوەیەکی کەم بەچاوی خۆیان ببینن و دواتر بگەڕێنەوە. پاش دڵنیابوونەوەی تەواو لە سەلامەتی ئەو کارە دادگا پێشنیارێک دەخاتە بەردەم لایەنەکانی ئەم داوایە و ئەگەر قبووڵبکرێت بڕیاری لێدەدەین. ئێمە پێمانباشە کۆمەڵە کەسێک بۆ ئەو مەبەستە ئامادەبکرێن. دوای گەڕانەوەیان ڕاپۆرتێکی پاراو دەربارەی گەشتەکەیان پێشکەش بکەن و ئەوکات لەسەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکەیان پرۆسەی دادگاییکردن درێژە پێدەدەین.

پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە ژاوە ژاو و دواندنی یەکتر لەناو خەڵک و لایەنەکاندا پەیدابوو، ئامادەبوان لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد و دەنگ دەنگ ئەو ناوەی داگرتبوو. پاشان ئاراک دەستی کردەوە بە قسەکانی و ڕوویکردە ئەبراهام:

**ئاراک:**

- ئەبراهام ئەم دەستەیە پێشنیازی ئەوەت بۆ دەکات کە ئەگەر دەتەوێت بەچاوی خۆت ژیان لە ساڵی ٢٠٢٤ دا ببینیت، تیمێکی پسپۆڕی تایبەت بە گەشتە پۆرتاڵی و گەردوونیەکان لێرەن و دەتوانن بۆ مەودای ٤٥٠٠ ساڵی تر بتگوێزنەوە. مەبەست لەم پێشنیارە تێگەیشتنی زیاترە لە خۆت و پەیامەکەت و دەتوانیت لەو سەردانە کورتماوەدا بۆ ئایندە بەچاوی خۆت لە نزیکەوە و ژیانی چوار هەزار و پێنج سەد ساڵی داهاتوو ببینیت، ئەوکات زیاتر دەزانیت ئەو پەیامەی لێرە باسی دەکەیت، یان ئەو قسانەی لێرەکران بە چ جۆرێکن و لە سەر ئەم زەویە چیان بەسەردێت و چیان لێ پەیدا دەبێت، بۆیە ئامادەیت ببیت بە یەکێک لە گەڕیدەکان؟

**ئەبراهام:**

ئەگەر کارێکی لەوجۆرە لە تواناادا بێت و سەلامەت بێت من زۆر خۆشحاڵ دەبم و ئامادەم.

**کۆمەڵێک** کەسی تر لەناو خەڵکەوە دەستیان بەرزکردەوە:

- ئێمەش ئامادەین بۆ ئایندە بڕۆین.

ئاراک داوایکرد بێدەنگ بن چونکە ئەو کارە مەسەلەیەکی پسپۆڕی و تەکنیکیە و لەخۆوە نابێت. بۆیە دادگا داوایکرد بەرپرس و پسپۆڕی تیمەکە ئامادەبێت و چۆنێتی گەشتە گەردوونی و پۆرتاڵیەکە روونبکاتەوە.

پاش بانگکردن لەبەردەم دادگادا وەک "ماری" خۆی ناساند و ووتی:

**ماری:**

- ئێمە تیمێکی سێ کەسین و پسپۆڕین لەبواری گواستنەوەی پۆرتاڵی و گەردوونیدا و خۆمان بەشێوەیەکی کاتی وەک گەڕیدە لە شارستانیەتیکی ترەوە هاتووین بۆ سەردانیکردنی شاری ئور و بۆ ماوەیەک لێرە دەمێنینەوە. خۆمان سێ کەسین و دەتوانین تا ٦ کەسی تر لەگەڵ خۆمان بەرین بۆ گەشتەکە و لەو ژمارەیە زیاتر ناتوانین کەسی تر بەرین. هەرکەس لەگەڵمان دێت دەبێت پابەندی هەموو ئەو رێکار و رێ وشوێنە تەکنیکیانە بن کە گەشتەکە پێویستی پێیەتی و هەر هەڵەیەک رووبدات بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

گواستنەوەکە لەرێگەی دەرگا و دەروازەی گەردوونی پۆرتاڵیەوە ئەنجام دەدرێت. بەداخەوە هێشتا ئێوە لەوبارەیەوە شارەزا نین. دوای کردنەوەی دەرگای پۆرتاڵی کەسەکان دەبن بە جۆرە شەبەنگێک و وەک شەبەنگ گەشتدەکەن،چونکە گەشتەکە بۆ ئاییندەیە کەس ئەوان و ئێمە نابینێ و ئەوانیش ناتوانن دەست لەهیچ شتێک بدەن، بەناو خەڵکدا دێن و دەچن و گوێیان لێدەگرن و وەک ئێرە سەیردەکەن، بەڵام ناتوانن لەگەڵیان بدوێن و دەسکاری هیچ شتێک بکەن و هیچ شتێک بگۆڕن، بەکورتی وەک خێوێک لەناویاندا دەبن و هیچی تر. هەوڵدان بۆ مانەوە لەوێ، یان بۆ گۆڕینی شتەکان هیچ کەڵک و سوودی نیە و هەر هەوڵێک لەمبارەیەوە بدرێت جگە لەوەی رێگەپێدراو نیە و قەدەغەیە، هاوکات مەترسیداریشە. ئەگەر گەڕیدەیەک ووتی ناگەڕێمەوە یان هەوڵی لەو بابەتە بدات ئەوکات دەچێتە دەرەوەی شوێن و کات و کەس نازانێت چی بەسەر دێت. چۆن لێرە دەڕۆن و ئەو دەرگایەی بەشێوەیەکی کاتی دەکرێتەوە بەهەمان شێوە لەو دەرگایەوە هەموان دەگەڕێنەوە و دادەخرێت. ئێمە لێرە باسی ئاینده لەگەڵ ئێوە ناکەین و هەرچی بڵێین زیادەیە و سەرئێشەیە بۆتان، باشترە گەڕیدەکان بەچاوی خۆیان ئەوێ ببینن. ئەوەی گرنگە

کۆمەڵێک لە ئێوە بەچاوی خۆی ئایندەیەک ببینێ و تەماشای بکات و لە دیمەنە جیاوازەکانی تێبگات و دواتر بەزمانی خۆتان بۆتان بگێڕنەوە.

پاش گوێگرتن لە ووتەی ماری دادگا بریاری گەشتەکەی وەک بڕیارێک پەسەندکرد و داوای لە تیمی شارەزایان کرد بۆ ماوەی ٧ رۆژ لە زەمەنی ئێستاوە بۆ ساڵی ٢٠٢٤ واتە بۆ ماوەی ٤٥٠٠ ساڵی دواتر کۆمەڵەیەکی ٧ کەسی بگوێزنەوە، وە پاش ئەو گەشتە گەردوونیە بەسەلامەتی بیانگەڕێننەوە بۆ شاری ئور.

**ئاراک دوای ئەو روونکردنەوەیە ووتی:**

- جگە لە یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دادوەری کە پێویست دەکات لەگەڵیان بێت ٥ کەسی تر دەتوانن ببن بە هاوڕێی ئەبراهام بۆ گەشتەکە. دادگا بە پێویستی دەزانێت یەکێک یان دوان لە تیمی سکاڵاکردن و یەکێک یان دوان لە تیمی بەرگری و ئەندامێکی ئەنجومەنی راوێژکاری ئامادەیی خۆیان دەربڕن بۆ بەشداریکردن.

دوای دواندنی یەکتر لەناو دەستەکاندا، دەستەی دادوەری خاتوو شەمی دیاریکرد، دەستەی سکاڵا هەریەک لە لۆگال و نوا و لە تیمی بەرگری هەریەک لە سەرگۆن و نارام و لە ئەنجوومەنی راوێژکاری خاتوو شوکار ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لە گەشتەکەدا دەربڕی..

**کەسێک** لەناو جەماوەرەوە هاواریکرد:

- با منیش بچم لەگەڵیان، تکایە دەمەوێ هاوڕێی گەشتەکەیان بم.

لەدوای ئەویشەوە کۆمەڵێک کەسی تر هەمان داواکاریان دووبارەکردەوە و بۆ هەموویان بە نەخێر وەڵامدرایەوە. پاشان دادگاییکردن بۆ ماوەی ١٠ رۆژ دواخرا و دادگاییکردنەکان خرایە دوای تەواوبوونی گەشتی ئاماژەبۆکراو.

تیمی پسپۆڕی پۆرتاڵەکان خاتوو نوا و ئەبراهام و لۆگال و سەرگۆن و ئەوانی تری وەک تیمێک ئامادەکرد و بەڕێیان کردن بۆ گەشتی سەدەی بیست و یەک و ئاشنابوون بە دواهەمین دیمەنەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی.

*　　*　　*

دوای تێپەربوونی ١٠ رۆژ دادگا وەکو پێشوو پێکهات و تا رادەیەک زۆربەی خەڵکی شار لە گۆڕەپانەکەدا کۆبوونەوە و جمەیان دەهات و تامەزرۆی نوێترین هەواڵ و زانیاری گەشتی تیمەکە بوون.

**ئاراک روویکردە ئامادەبووان:**

- پاشئەوەی گەڕیدەکان گەڕانەوە و گەشتەکەیان کۆتایی هات، دواهەمین قۆناغی دادگاییکردن دەست پێدەکەین و سەرەتا گوێبیستی راپۆرتێکی کورتی تیمی شارەزایانی گەشتی گەردوونی دەبین و پاشان ووتەی یەک بەیەکی گەڕیدە ئامادەبووەکان وەردەگرین.

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بە هەموان رابگەیەنم کە "خاتوو نوا" وەک ئەندامی دەستەی دادوەری گۆڕاوە بە خاتوو "لیلیی" و ئەو وەک ئەندامی یەدەک دەبێت بە جێگرەوەی. وەک ئاگادارن خاتوو نوا یەکێک بوو لە ئەندامە گەڕیدەکان و لە کاتی گەشتەکەدا هەوڵیداوە بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە، سەرەنجام دیارنەماوە و بەداخەوە چارەنوسی نادیارە، بۆیە داوا لە هەموان دەکەم بۆماوەی ١ خولەک بە پێوە رابوەستن وەک رێزلێنان لە خاتوو نوا.

**هەموو خەڵک** بەرێزەوە بەپێوە راوەستان و رێزیان نواند بۆ خاتوو نوا. پاشان دادگا دەستی کردەوە بەکارەکانی و بریاریدا گوێبیستی ووتەی بەرپرسی پسپۆڕی تیمەکە بێت. ئەویش هاتە پێشەوە و ووتی:

**ماری:**

- گەشتەکەمان سەرکەوتوو بووە و هیچ کێشەیەکی تەکنیکی بۆ دروست نەبووە. کێشەکان پەیوەندی بە ئەندامانی تیمەکەوە هەبوو کە تارادەیەکی زۆر هەموویان تووشی شۆک و سەرسوڕمان بوون و دەتوت لە خەوێکی قووڵ و شیرین لەپڕ راچڵەکیون و راپەڕیون. هەندێکیان تووشی ڕشانەوە و مالیخولیا بوون، بەڵام خۆشبەختانە دوای ماوەیەک هاتنەوە سەرخۆیان و کارەکان بە باشی رۆیشت و

هەموو ئەو شوێنانەی پێویست بوون تیمەکە سەردانی کردووە. وێنەیەکی گشتیان لەسەر ژیانی ئەوێ وەرگرتووە و بۆ ئەو ماوە کورتە لەوە زیاتر ئەنجام نادرێت. بە داخەوە بۆ خاتوو نوا کە لەکۆتایی گەشتەکەیدا حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە و کێشەی زۆری بۆ دروستکردین، دوای ئەوەی چەند جارێک خۆی لە ئێمە ونکرد و دۆزیمانەوە بۆ رۆژی کۆتایی بە یەکجاری دیارنەما و نەمانزانی بۆ کوێ چوو. دادگا دەتوانێت لەهەموو تیمەکە بپرسێت و هیچ هەڵەیەک لەلایەن ئێمە رووی نەداوە و ئەوەی هەیە تەنها بڕیاری یەکجاری خۆی بوو بۆ نەگەڕانەوە. بۆیە نەمانتوانی هیچی بۆ بکەین.

هەروەها سەبارەت بە نارام لەڕاستیدا لەناوەڕاستی هەفتەدا نیشانەکانی گرژی و سەرئێشە و تێکچوونی باری تەندروستی پێوە دیاربوو. بەداخەوە ئێستا دۆخی تەندروستی جێگیر نیە و پزیشکەکان دەڵێن زۆر ماندوو دیارە و چەند جارێک لەهۆش خۆی چووە. هیوادارین چاکبێتەوە و بتوانێت لێرە ئامادەبێت.

پاش ئەوە دادگا بڕیاریدا گوێبیستی ووتەی یەک بەیەکی تیمەکە بێت جگە لە ووتەی نارام کە بەهۆی خراپی باری تەندروستیەوە ووتەی وەرناگیرێت. دادگا داوای لێکردن هەریەکەیان سەبارەت بە گەشتەکە و کاریگەریەکانی لەسەر پرۆسەی دادگاییکردنەکە ووتەکانیان پێشکەش بکەن.

سەرەتا سەرگۆن هەستایە سەرپێ و ووتی:

**سەرگۆن:**

- دوای ئەم گەشتە بڕیارمداوە بگەڕێمەوە بۆ گوندەکەی خۆم و ژیانێکی ئاسایی و سادە هەڵبژێرم، بۆیە من چی تر نامەوێت وەک ووتەبێژ و ئەندامی دەستەی بەرگری ئەبراهام بمێنمەوە و لێرەدا وازهێنانی خۆم پێشکەش دەکەم. تەنانەت ژیانی ئێرەش بەجێدەهێڵم و دەمەوێت بە ئارامی و ئاسوودەیی دوا ساتەکانی ژیانم بەسەربەرم. لە ئێستادا باوەڕم بە هیچ نەماوە، نە بە ژیانی زۆر و نە بە زیندووبوونەوە و خوداکان، تەنها شتێک کە دەمەوێت ئەوەیە ژیانێکی ئاسایی بژیم. دەمەوێت هیچ زیانێک بە هیچ کەس و تەنانەت بە هیچ ئاژەڵ و گیانەوەرێکی

تر نەگەیەنم. چی تر نامەوێت لەم دادگاییکردنەشدا بەشداربم و هەر بڕیارێک دەردەکات یان بەچی دەگات پەیوەندی بە منەوە نیە. ژیانی مرۆڤ، یان ژیانی خوداکان و ژیانی شاری و...ئەوانەی تر هەمووی بۆ من وەکو یەکە و جیاوازی نیە. دەمەوێت بیمەوە بە هەوا و نەسیمێکی هێواش، گەڵای سەوزی دارێک و قومێک ئاوی کانیاوێک و باڵی مەلێک و هەورێکی سپی ئاسمانێکی شین. بە داوای لێبوردنەوە لەهەر کەسێک بەهۆی منەوە ئازارێکی پێگەیشتبێت چ بە گفتار یاخود بە کردار، ببورن کە لێرەدا بەجێتان دەهێڵم و لێرە نامێنمەوە.

پاش ئەو قسانە سەرگۆن دادگاییکردنەکەی بەجێهێشت و دەستەی بەرگری کەوتنە دواندنی یەکتر و پێکەوە بڕیاریاندا کە نارام بکەن بەووتەبێژی دەستەکە.

پاشان خاتوو "شووکار" هاتەپێشەوە و ووتی:

**خاتوو شووکار:**

- بەداخەوە بۆ سەرگۆن کە ئێرەی بەجێهێشت. ئەوکاتەی لە گەشتەکە لەگەڵمانبوو هێندەی بەشوێن پرسیارەوە بوو هێندە بەدوای وەڵامدا نەدەگەڕا. من ئێستا دەزانم کە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو زۆر خۆشترە لە گەشتی ئایندەیی، چونکە ژیانی ئایندە لەزۆر لایەنەوە ژیانێکی نامۆیە، بۆیە ناهەقی ناگرم دەیەوێت بۆ ڕابردوویەکی پاکیزەیی بگەڕێتەوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی منیش بینیم بەڕاستی ئەزموونێکی سەیربوو کە سەرتاپای جێگای باوەڕ نیە. لەزۆر لایەنەوە گەشتەکە جێگای تێڕامانە. بەڵام ئەوەی من بینیم و پەیوەندی بە بابەتی ئەم دادگایە و پەیامەکەی ئەبراهامەوە هەیە ئەوەیە کە بەچاوی خۆم بینیم مرۆڤ گەیشتووە بە نەمری، ئەو نەمریە نا کە لێرەدا باسدەکرێت، بەڵکو بەجۆرێکی تر نەمری بەدەستهێناوە و ئەو نەمریەش بەشێکی زۆری کردگاری خۆیەتی. بینیمان مرۆڤی ئەوێ بە جەستە دەمرێت، بەڵام بە ڕۆح زیندووە. وە بەجۆرێک زیندووبوونەوەی بەدەستهێناوە، بە دەنگ و ڕەنگ و وێنە دەمێنێتەوە، مردووەکە قسەدەکات و گۆرانی دەڵێت و سەمادەکات. زۆر کەسم بینی لە شاشە و سکرینەکانەوە قسەیان دەکرد و سەمایان دەکرد و دەجوڵانەوە، بەڵام بە جەستە مردبوون. دەوترا ئەو کەسانە مردوون و لەناوماندا نەماون، گوایە ١٠٠

ساڵ بەسەر مردنیاندا تێپەڕبووە، بەڵام ئەوان هەر لەناو ئەواندا مابوونەوە و گۆرانیان دەوت و ووتاریان دەدا و دەستیان ڕادەوەشاند و خەڵکی تەماشایان دەکردن.
ئەوانەی بینیم بەجۆرێک زیندووبوونەوە و بەهەشت بوو. وەکچۆن ئێمە لەڕێگەی نوسینەوە زیندووبوونەوەمان داهێنا، ووشەکانی خۆمان خستە سەر تەختە قوڕینەکان و بەنەمری هێشتمانەوە، یان لەزماندا ووشەیەکمان دادەهێنا و بەهۆی بەکار هێنانەوە ووشەکانمان زیندوودەکردەوە، بە هەمان شێوە زیندووبوونەوە زۆر پێشکەوتووە و بووە بە حەقیقەت. ئەو سەرزەمینە پڕبوو لە رۆحی زیندوو، دەنگەکان وەک خێو لەگەڵ خەڵکدا دەژین، وێنەکان هەم جوڵاو، هەم نەجوڵاو هەبوون و لەهەموو شوێنێک بوون.
هەروەها لەوێ هەر مرۆڤ ناژی، بەڵکو هەموو شوێنەکان پڕاوپڕن لە خواوەند. لە هەموو لایەکەوە قسەت لەگەڵدەکەن و وەک خواوەندەکانی خۆمان بێدەنگ نین، خواوەندەکانی ئێرە بە زمانی خۆی قسەدەکات و دەبێت زۆر هەوڵ بدەیت تا لێی تێدەگەیت، بەڵام خواوەندی ئەوێ بە زمانی خۆت لەگەڵت دەدوێ، لەهەموو جێگایەک هەیە، هەموو کون و قوژبنێک پڕیەتی لە خواوەندی جیا جیا و لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە زۆربەیان لە خزمەتی مرۆڤدان. چونکە مرۆڤ لەوێ زۆر شت دەزانێت، بۆیە لەبری ئەوەی ئەو خزمەتی خوداکان بکات، زۆربەی خوداکان خزمەتی ئەو دەکەن.
شارەکان پڕ پڕن لە خەڵک و وەک شارە مێرووله دامەزراون. لەوێ ژنان بەئەزموونێکی زۆر خراپدا تێپەڕبوون و زۆر ماف و دەسکەوتیان هەبووە بۆ هەزاران ساڵ لەدەستیانداوە، وەک ئەوەی پەیامەکەی ئەبراهام لێرە داوای کردووە بەو جۆرە ژیانیان کردووە، بەڵام خۆشبەختانە دواتر زۆر ماف و دەسکەوتیان بەدەستهێناوەتەوە و تاڕادەیەکی باش هاوسەنگی گەڕاوەتەوە و من و خاتوو نوا زۆر بەوە خۆشحاڵ بووین.. من وەک ژنێک بینیم بەشێک لە ژنانی ئەوێ وەک مێ خوداکان دەژین، زۆر بەشکۆ و بەدەسەڵاتەوە هەن و دێن و دەچن، تەنانەت پیاوان هەندێکجار دەیانپەرستن.
دەسەڵاتی مرۆڤ و تواناکانی زۆر زیادی کردووە. جگە لەوەی شارەکان زۆر گەورەبوون و هەندێک لە بیناکان سەریان لەناو هەورەکاندایە هێندە بەرز و

درێژن، دەبینین مرۆڤ لەوەش زیاتر رۆیشتووە و بە ئاسماندا دەفڕێ! وەک خودا باڵیان هەیە، وەک ماسی دەچنەژێر ئاوەوە، وەک هەوا دێن و دەچن. ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە نەماون، هەموو ئەستێرەکان هاتوونەتە سەر زەوی و ئاسمانی ئەوان بێ ئەستێرەیە. لەڕاستیدا شەو و رۆژ گۆڕاوە، ئاسمان و زەوی بوون بەیەک و وەک لای خۆمان زەوی و ئاسمان لە یەکتر دوورنین، پەیوەندی خوداوەندەکان و مرۆڤ بەڕادەیەک زۆرە کە ناتوانیت لەیەکیان جیابکەیتەوە، وای لێهاتووە نازانیت کامە خواوەندە و کامەیە مرۆڤ. مانگ دابەزیوەتە سەر زەوی و بووە بە دەیان هەزار مانگ.

بەداخەوە ئاژەڵەکان زۆر داماون، سروشت رەتێنراوە و هێندە مرۆڤ زۆرە زەوی هەڵیناگرێ. لەسەر سەرچاوەکانی ئاو و خۆراک و ووزە و زۆر شتی تر وازیان لە خوداکان هێناوە و شەڕ بە یەکتری دەفرۆشن. یان یەکتری دەپەرستن یان یەکتری دەکوژن.

لەوێ زۆربەی خواوەندەکان فەرمان ناکەن، مرۆڤ فەرمان بە خواوەندەکان دەکات و بڕیاریان بۆ دەدات، تەنانەت ژنەکان لەوێ منداڵیان نابێت، تۆوەکانی خۆیان هەڵدەگرن و دەیدەن بە خواوەندەکان و داوایان لێدەکەن منداڵیان بۆ هەڵگرن لە رەحمیاندا و منداڵەکانیان ببێت و بۆیان گەورەبکەن.. هەر مرۆڤێک لەوێ کۆمەڵە خواوەندێک لە خزمەتی دایە. هەریەکەیان لەبری دوو چاو سەدان چاوی هەیە، زۆر دوور دەبینێ، لەبری گوێیەک سەدان گوێی هەیە. خودای دەنگ زۆر شتی بۆ کردوون و نازانم بۆچی خوداکانی ئێمە ئەوەیان بۆ نەکردووین.

یەکێک لە باکور و یەکێک لە باشور، تەنانەت یەکێک لەژێر ئاو و یەکێک لە ئاسمانە بەڵام لەگەڵ یەکتر پەیوەندی دەگرن و دەنگ و رەنگیان بەیەک دەگات و قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن. بە هەوایی و لەدوورە شت دەجوڵێنن، بیر لەشتێک دەکەنەوە و دەسبەجێ شتەکە لەبەردەمیاندایە. وەک خوداکان فەرمان دەردەکەن و جێبەجێدەکرێت. لای ئێمە هەر مرۆڤێک یەک جەستە و یەک گیانی هەیە، بەڵام لەوێ هەر مرۆڤێک یەک جەستە و دەیان و بگرە سەدان گیانی هەیە. یەک مرۆڤ لە دەیان شوێن بوونی هەیە. نازانی لەگەڵ کام رۆحیان قسەبکەیت و پەیوەندی بگریت.

بەڵام ئەوە هەموو شت نیە.. دیمەنی زۆر تاریک و ترسناکیشم بینی. لەمێژە خواوەندەکانی ئێمە جگە لە سوود زیان بە مرۆڤ ناگەیەنن. بەڵام ئەوەی من بینیم ئەوەیە کە خواوەندەی نوێ دروستبووە کە گیانی نیە. بەپێچەوانەی خودا پڕ لە گیانەکانی خۆمانەوە ئەوانەی درووستبوون دڵیان لە بەرد و لە ئاسنە. بە خوێنی مرۆڤ دەژین و جگە لە کارکردن و ڕەنج و ماندووبوون هیچی تریان لە مرۆڤ ناوێت. ئەو جۆرە خودایەکی نەبینراوە و نادیارە، بەڵام لەهەموو شوێنێکە بووە بەمشەخۆر بەسەر هەموو گیانێکی زیندووەوە.

هەندێک لەوان لە ئاسمانەوە ئاگر دەبارێنن، وەک هەژدیهاکان بە ئاگر خەڵک دەسوتێنن، بە یەک خولەک و تەنانەت لە یەک چرکەدا لەناوت دەبەن.

کۆمەڵە خودایەکی تر هەن گەورە و ترسناکن، نەک زیندووخۆر بەلکو مردووخۆریشن و وێنەیەکی زۆر ناشرین و باوەڕ پێنەکراون، بە چاوی خۆم بینیم دۆزەخێکیان بۆ مرۆڤ دروستکردووە کە تەنانەت لە وێناکردن و خەیاڵی فراوانی ئێمەشدا نەبووە. ئەو جۆرە خودایانە بێزت لێیان دەبێتەوە، نەک هەر شایانی پەرستن نین بەڵکو شایانی نەفرەت لێکردنن. مرۆڤ بەدەستیانەوە گیری خواردووە و زۆرترین هەوڵی بۆ ئەوەیە لەو جۆرە خودایانە ڕزگاری بێت. بەپێی تێگەیشتنی من هێشتا نەیتوانیوە ئەو کارە بکات. ڕەنگە گرنگترین گۆڕانکاری داهاتووی ئەوان ئەوە بێت کە مرۆڤ و خودا بچوکەکان پێکەوە یاخی ببن و شۆڕشێک دژی ئەو جۆرە خودا گەورە و ترسناکانە هەڵگیرسێنن.

پاش تەواوبوونی قسەکانی شوکار نۆرە هاتە سەر ئەبراهام..

**ئەبراهام:**

- من چوونم بۆ گەشتەکە بەکارێکی سەرکەوتوو دەزانم و ئەزموونێکی ناوازە بوو. تەنها یەک بڕگە و وێستگەم دیووە. نازانم باوەڕ بەوە بکەم ئەوەی بینیم ئایندەی ئێمە بوو یان هی خەڵکی تر و شارستانیەتی تر، یان جۆرێک لە خەو و جادوویەک بوو. بەڵام ئەوە دەکەم بە گریمانە کە ئەوەی بینیم ئایندەی ژیانی ئێستای ئێمە بوو.

لەو گەشتەدا سەرەتا زۆر دڵخۆش بووم بینیم پەیامەکەم بۆ یەکتاپەرستی بەهەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە و گشتگیربووە و بووە بە ئاینی زاڵی مرۆڤەکان. زۆر حەزمکرد رائیل ببینم کە خۆی بە دواهەمین پەیامبەر دەناسێنێت تا بزانم چۆن لەگەڵ خودا پەیوەندی گرتووە و چی پێووتووە و بۆچی بەو جۆرە باسی ئلۆهیم دەکات.

هەڵبەت کە سەرەتا خۆشحاڵبووم زۆربەی خەڵک باوەڕی بە یەکخودایی هەیە، دواتر نائومێدی یەخەی گرتم و بۆم دەرکەوت ئەوە تەنها رواڵەتی مەسەلەکەیە. یەکتاپەرستەکان بەسەر رەوت و ئاین و مەزهەبی جیاوازدا دابەشبوون و لەهەموو شتێکدا لێکجیاوازن و تەنها لە ناوهێنانی یەک خودادا یەکن. پەیامبەر نەماوە و مرۆڤ خۆی لە بری خودا قسەدەکات و شتەکان دەنوسێت و دایدەنێت. لەبری ئاسوودەیی و ئارامی پێم وایە ئەوەی بینیم بریتی بوو لە دۆزەخێکی گەورە. رەنگە خودا لەبری دۆزەخی ئاسمان بڕیاری دابێت هەموویان لەسەر زەوی بخاتە ئەو دۆزەخەوە. چونکە خەڵک بەناوی خوداوە لە دژی خودا دەجوڵێنەوە و لەبری ئەوەی ئەوان خزمەتی خودا بکەن بەپێچەوانەوە خودا بۆ خزمەتی خۆیان بەکاردەهێنن. دەتوانم بڵێم مرۆڤەکانی ئەوێ زۆربەیان لەجەوهەردا بێ باوەڕن، خوداپەرستی زۆر کەمە یان لەوێ مرۆڤ شتی تر دەپەرستێ کە من نازانم چی بوون. هەرچەند پەرستن زیادی کردووە و کەمی نەکردووە، بەڵام مرۆڤ هەموو شتێک دەپەرستێ خودا نەبێت. کاتێک باسی خوداپەرستی دەکات بۆ ئەوەیەتی پەرستنەکانی تری پێ بەهێزبکات.

خوداکەی من نازانم چۆن لەگەڵیان دەدوێ و چۆن لەگەڵیان رەفتاردەکات چونکە لەمبارەیەوە هیچی پێ نەووتووم و دەبێت دواتر پرسی پێ بکەم. رەنگە هەمووانی بە نەفرەت کردبێت یان بەجۆرێکی تر مامەڵەیان بکات کە بۆ من روون و دیار نیە. هەریەکە لە شوێنی خۆیدا بووە بە خودایەک، یان خۆی لە خودا بە کەمتر نازانێت. ژن هەوساری پچڕاندووە و لە مێ خوداکانی ئێرە دەسەڵاتی زیاترە. نازانم ئەگەر ئەو ژیانە ڕاست بێت چۆن تا ئێستا خودا ئەوەی قبووڵکردووە و هەمووانی تەفرو تونا و نغرۆ نەکردووە. دیارە زانیاری لای من نیە و لای خودای گەورەیە و هیوادارم بە زوویی زانیاری تەواوم بداتێ.

بۆیە ئەو قسانەی ئێستا دەیکەم تەنها قسەی خۆمن و قسە و پەیامی ئلۆهیم نین.
ئەوەی من بینیم ئەوەبوو مرۆڤ و خەڵک و سروشت و گەردوون و زۆر شتی تر گۆڕاون و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئێرەدا بەراوورد ناکرێت. ئەو دەسەڵاتانەی مرۆڤ هەیەتی زۆر زۆرە و هەموو سنورێکی بەزاندووە و لە دژی خۆی و لە دژی ئاژەڵان و زیندەوەران و سروشت و خودا بەخراپی بەکاریان دەهێنێت. دڵنیام دەبێت مرۆڤ بەجۆرێک لەجۆرەکان لە سنورێکدا بوەستێنرێت و زیاتر نەڕوات و خودا دەبێت کارێک بکات لەوبارەیەوە کە نازانم چۆن و بەچ شێوەیەک دەبێت. لەبەرئەمانە پێموایە دەبێت و پێویستە وەک پەیامبەر بمێنمەوە و سنورەکان دیاری بکەم و پەیامەکانی خودا بگەیەنم بە خەڵک و لەمکارەدا پەشیمان نیم.
بەڵام کاتێک زۆربەی ئەو دیمەنانە دەبینی باشترە چاوت بنوقێنی وەکئەوەی کە نەت دیبێ، باشترە هەرگیز بیری لێ نەکەیتەوە. من نایشارمەوە تووشی خەمۆکی و شۆک و پەشۆکاوی بووم و نازانم بڵێم چی، نازانم مرۆڤ چۆن گەیشتووە بەو قۆناغە و بەچیدا تێپەڕبووە. بەڵام دەزانم چارەسەر خوداپەرستی ڕاست و دروستە و ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەو دۆخەی دروستبووە ئەوە بێت کە مرۆڤ لەوانە دوورکەوتۆتەوە، خۆی لێ بووە بە خودا و هەموو زەوی داگیرکردووە، یان پەیامبەرەکان بەشێوەیەکی هەڵە پەیامی خودایان بڵاوکردبێتەوە و پەیامەکان پیسکرابن و لەبری پەیامی خودایی پەیامی شەیتانی بە مرۆڤ گەیشتبێت. ئەوەتا پەیامی یەکخودایی رائیل بەشێوەیەکە جێگای سەرسوڕمانە و خوداکەم ئلۆهیم لە شێوەی بوونەوەری ئاسمانیدا وێنادەکات و پەیامی یەکتاپەرستی کردووە بە پەیامێکی سەیر و سەمەرە و بەناوی یەکخوداییەوە قسەدەکات بەڵام زۆرتر لە پەیامی بێ خودایی و بێ باوەڕی و شەیتانیەوە نزیکە نەک پەرستنی ئلۆهیم.
بۆیە وەکخۆم بڕیارمداوە ئەوانەی بینیم زۆربەیان لە مێشک و بیرەوەری خۆمدا بسڕمەوە و تەنها کۆمەڵە دیمەنێکم لەلای خۆم پاراستووە کە دەتوانم بۆ گەیاندنی پەیامەکەم زیاتر کەڵکی لێوەربگرم.
لەم ماوەیەدا زۆر هەوڵمدا پەیوەندی لەگەڵ خوداکەی خۆم بکەم، ئیلهامی لێوەربگرم یان زانیاری زیاترم بداتێ لەبارەی ئەو دیمەنانەوە کە بینیم، بەداخەوە تا ئەم ساتە ئیلهامم پێنەگەیشتووە و هیچ نێردراوێکی نەناردووە بۆ لام، تەنها لە

خەودابووم داوای ئەوەم لێکراوە لەسەر پەیامی خۆم بەردەوام بم. بۆیە من بەردەوامم لەسەر پەیامی خۆم و ئەگەر ئێوەش دادگاییکردنم درێژە پێدەدەن من چارەیەکم نیە.

**لۆگال:**

- دیارە ئەوانەی لە گەشتەکەدا بوون جیاوازن لە بیرکردنەوە و تێگەیشتنەکاندا و ئەمەش ئاساییە بەلای منەوە، هەرچەند خۆشبەختانە وەک یەک تیم پێکەوە کارمانکرد و جیاوازیمان نەبوو، بەڵام بەڕاستی بەزەییم بەخۆماندا هاتەوە و هەموومان هەستمان بە نامۆییەکی زۆرکرد و ئەمەش وایدەکرد زیاتر پێکەوە بمێنینەوە و ناکۆکیەکان وەلابنێین تا زیاتر تێبگەین لە شتەکان. هەولماندا ئەوانەی دەبینرێت وەکخۆی لێی تێبگەین تا سوودی لێوەربگرین. دوو زەمەن و چەرخی تەواو جیاواز بوونیان هەیە و زۆر بە دژواری دەتوانین باسی بەراووردکردن بکەین و بە پێی زمان و تێگەیشتنی ئێمە ئەوانەی لەو سەردەمەدا هەن هیچ وەسف و لێکدانەوەیەک نایگرێتەوە و ووشەکانی زمانی ئێمە لاڵە لە ئاست وەسفکردنیاندا. ئێمە لەزۆر رووەوە، بەتایبەتی لە رووی تەکنیک و کەرەسە ومالسازی و شارسازی و پەیوەندیەکانەوە زۆر لەو سەردەمە دواکەوتووترین، بەڵام پێم وابێت لەڕووی مرۆییەوە لە هەندێک لایەنەوە لەوان پێشکەووتووترین.

ئەوەندەی پەیوەندی بەم دادگایەو پەیامەکەی ئەبراهامەوە هەیە سەرەتا دەمەوێ بلێم فرەخودایی بەم شێوەیەی ئێستای ئێمە لەو شارستانیەتەدا کە ئێمە بینیمان نەماوە، بەجۆرێک پەیام وبانگەشەکەی یەکتاپەرستی لەفۆرم و شێوەی جیاوازدا گشتگیربووە، ئەگەر لای ئێمە کۆمەڵە کەسێکی کەم لایەنگری بێت ئێستا بە ملیارەها کەس خۆیان بە یەکتاپەرست یان یەکخودا دەزانن. ئاراستەی خەڵک بۆ ئەوەی شوناسی گشتی و شوناسی یەکگرتوویی ئاینیان هەبێت و وەک هاوئاین سەیری یەکتربکەن، هەروەها شەڕ و جەنگی ئاینی یەکتاپەرستەکان لە دژی فرەخودایی بووە بەهۆی لەناوچوونی فرەخودایی پێشوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا خودی یەکتاپەرستی بەجۆرێک بووەتەوە بە فرەخودایی کە لە زۆر رەنگ و فۆرمەوە ئاکام و دەرئەنجامی زۆر خراپ و زیانباری لێکەوتۆتەوە. جیاوازی

پەیامی یەکتپارستەکان لەگەڵ ئەمەی ئەبراهام ئاسمان و ڕێسمانی نێوانە. هەروەها جیاوازی پەیامبەرەکانیش لەگەڵ یەکتر هەروەهایە.

ئەوەی من بینیم تەواو جیاوازە لەوەی لێرە لەم دادگایەدا دەگوزەرێت و هەیە. هەزارارن پەیامبەر لە دوای ئەبراهام هاتوون و مردوون و گوایە دواهەمینیان موحەمەد ناوێک بووە، لەوە بە دوا پەیامبەری تر نەهاتووە و زیاتر لە ١٥ سەدە تێپەڕبووە، بەپێی تێگەیشتنی باو خودای یەکتاپەرستەکان هیچ پەیامبەرێکی تری نەناردووە و خوداکەی ئەبراهام لەو ماوەیەدا هیچ قسەیەکی نەگەیاندووە بە کەس، گوایە کۆمەڵە دەقێک نوسراوە و تەواو. لەسەر ئەو دەقانەیش هەندێک دەڵێن ئەوانەی نوسراون پەیامی خودان و هەندێکی تریش دەڵێت ئەوانە مرۆڤەکان نوسیوویانە و گۆڕیوویانە و هەمووی قسە و پەیامی ئەو نیە..

بەهەرحاڵ هەندێک پێیانوایە خودای یەکتپارستەکان جیهانی ئەوانی بەجێهشتووە و وازی هێناوە. ناهەقیشیان نیە کە وادەڵێن، ئاخر ناکرێت بۆ ماوەی ١٥٠٠ ساڵ هیچ قسەیەکی نەکردبێت، یان پەیامێکی نەناردبێت. لەو بۆشاییەدا کە دروستبووە، لەسەر پەیام و قسە و دەقە کۆنەکان شەڕیانە و هەریەکە لەڕێگەی خۆیەوە لێکی دەداتەوە. کۆمەڵێک هەیە پێیانوایە چی تر خودا بێدەنگ نابێت و پەیامبەرێکی تر دەنێرێت و ناوی "مەهدی"یە، وە ئەو مەهدی ناوە چاوەڕوانکراوە بەم زوانە پەیدادەبێت و ڕزگاریان دەکات. لەبەرئەوەی ئەو مەهدی ناوەیش هیچ دەنگ و ڕەنگێکی نیە جاروبار کەسێک وەک پەیامبەری چاوەڕوانکراو خۆی دەناسێنێت و پاش ماوەیەک دەکوژرێت. کەسانێکی تریش وەک پەیامبەر بانگەشەیان کردووە بەڵام یان کوژراون یان نەفی و دەربەدەر و ڕاونراون کە دواهەمینیان کەسێک بووە بەناوی (بەهائوڵا- بەهائیەکان). پێشەوا ئاینیەکان خۆیان ناونانێن پەیامبەر بەڵام بەکردەوە هەرکەس لەجێگەی خۆیەوە بووە بە پەیامبەر! قسەکانیان و ووتەکانیان بەناوی خودا و پەیامبەرەوە دەکەن و لەبنەڕەتدا قسە و پەیامی خۆیانە و هاوکات وەک پەیام وسەرچاوە وەردەگیرێت و بەکردەوە بوون بە جێگرەوە و نوێنەرە جیاوازەکانی خودای یەکتپارستەکان. بۆیە هەزاران کۆمەڵە و دەستە و لایەن هەیە کە هەریەکەیان خۆی بە یەکتاپەرستی ڕاستەقینە و نوێنەری خودایەکی ڕەسەن دەزانێت و ئەوانی تر، واتە یەکتاپەرستەکانی تر، بە لادەر و گومڕا.

لەلایەکی ترەوە ئاین و بازرگانی و کەسابەت تێکەڵبووە و بەرژەوەندی جیاوازی هەر لایەک گەیشتووە بەجێگایەک نوێنەرەکان شەڕیانە و بە دەیان مەزهەب و ڕێبازی ئاینی و تایەفەیان دروستکردووە و یەکتپارستەکان بەناوی جیاوازەوە بە هەزاران جەنگی ئاینی و مەزهەبی و تائیفیان هەڵایساندووە بۆ لەناوبردنی یەکتر. لەسەریەک پەرستگا لە شارێکدا کە ناونراوە شاری پیرۆز(قودس) سێ ئاینی یەکتاپەرست (جولەکە، کریستیان، موسوڵمان) شەڕیانە و هەریەک ئەو پەرستگایە بە موڵک و جێگای خۆی دەزانێت.

هەروەها ئاگاداربووین کەسێک هاوشێوەی ئەبراهام پەیدابووە و ناوی "رائیلە" و خۆی کردووە بە پەیامبەرێکی نوێ و هێشتا لە ژیاندایە، ئەو دوای ٤٥٠٠ ساڵ بانگەشەی یەکتاپەرستیەکی نوێ دەکات و خوداپەرستی گۆڕیووە بە خودا-گەردوونی، گوایە لە ئاسمانە دوورەکانەوە خودای گەردوونی هەیە بەناوی ئلۆهیم و ئەوی کردووە بە پەیامبەر و ئیلهامی بۆ دەنێرێت، خەڵکێکی بەرچاویش دوای کەوتوون و باوەڕیان پێکردووە و بزووتنەوەی ڕائیلیەکان گەشەی کردووە.

فرەخودایی نەماوە بەڵام لە واقعدا فۆرمی گۆڕاوە و مرۆڤ لەژێر ناوی پەرستنی خودادا خەریکی فرەخودایی و دروستکردنی خودایەکە کە لەمێشک و بیری خۆیدا وێنای کردووە. زۆرینە یەکتاپەرستن، بەڵام هەریەکەیان خودایەک دەپەرستن. خودا تاک وتەنهاکەی هەرکەسێک جیایە لەوی تر. تێکەڵەیەک لە خودا و لە مرۆڤ دروستبووە. ڕێبازێکی ئاینی هەیە پێی دەڵێن کریستیانەکان و پێیانوایە یەکخودای تاک و تەنها هەیە بەڵام ئەم خودایە کوڕێکی بووە ناوی عیسایە، هەر لە کریستیانەکانیش هەن پێیان وایە عیسی کوڕی خودا نیە بەڵکو نوری ئەوە. هەندێک ئاینی تریش هەن کە نیمچەئاسمانین وەک بوزیەکان کە وەک یەکتاپەرست ڕەفتاردەکەن بەڵام بەجۆرێک پێیان وایە خوداکەیان پێشتر مرۆڤێک بووە و پاشان بووە بە خودا و وەک خودا دەیپەرستن. مرۆڤیش هەیە وەک خودای تاک و تەنهای لێهاتووە و بەو جۆرە دەپەرسترێت (کۆنفۆشیۆسیەکان).

کۆمەڵێکی تر هەیە بەخۆیان دەڵێن ئیسلامی و یەکتاپەرستن و بە دەیان لق و مەزهەبی جیاوازیان هەیە و پێیان وایە خوداکەی ئەوان تاکە خودایە، باوەڕیان بەو خودایانە نیە کە ئاینە یەکتاپەرستەکانی تر باسی دەکەن، وە پێیان وایە کە ئاینی

ئەوان تەنها ئاینی ڕاستەقینەیە و دەبێت ئەوانی تر هەموو باوەڕی پێبهێنن. تەنانەت بەشێک لەوان هەرکات دەسەڵاتیان هەبێت یەکتاپەرستەکانی تر بە کافر و بێ باوەڕ دەزانن و وەک مەڕ سەریان دەبڕن.
ئەوەی من بینیم و بەرچاومان کەوت بەرهەم و دەرئەنجامی شێتخانەیەک بوو کە یەکتاپەرستەکان دروستیان کردووە، جەنگی ئاینی و مەزهەبی و ئەفسانە و جادووەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو شارستانیەتەی داغکردبوو، کۆمەڵگا لەبری جێگایەک بۆ خوداپەرستی گۆڕیوویانە بە جێگایەک بۆ شێتخانەی ئاینی. مرۆڤەکان ئازاری یەکتری دەدەن و دۆزەخ بۆ یەکتری دروست دەکەن، یان کاتێک شوێنێک خۆشدەکەن بۆ خۆیان وەک بەهەشت دروستیدەکەن و گوێ نادەن بەوانی تر. قسەکەی ئەبراهام کە گوایە لە ئاسمان لەلای خودایەکی تاقانە بەهەشت و دۆزەخ دروستکراوە مرۆڤ خۆی لەسەر زەوی دروستیکردووە بەو جیاوازیەوە کە تەنها یەک بەهەشت و یەک دۆزەخ نیە، بەڵکو لەهەموو شوێنێک هەیە و دەبینرێت، بۆ هەرلایەک دەڕۆیت هەم بەهەشتی لێیە و هەم جەهەنەم. زۆر خەڵکیش هەن لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا گیریان خواردووە. ئەوە خودایەک نیە بڕیاردەدات کە بچن بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ، ئەوە کەمینەیەک لە مرۆڤەکانن کە وەک خودا ڕەفتاردەکەن و ئەم و ئەو یان هەندێکجار هەزاران و دەیانهەزار کەسیش دەنێرن بۆ دۆزەخ یان بۆ بەهەشت.
لەبەرئەو هۆیانە بەشێکی بەرچاوی خەڵک زیاتر لەو جۆرە ئاین و خوداپەرستیانە دوورکەوتۆتەوە و لێی تێگەیشتووە. بەشێکی بەرچاو لەئێستادا هیچ باوەڕێکیان نیە، هیچ خودایەک ناپەرستن و لەم ڕوانگەیەوە بەخۆیان دەڵێن بێ باوەڕ. ژیانی شارستانی زۆر گەشەیکردووە و لە ژیانی ئاینی جیابۆتەوە. بیرکردنەوە لە فۆرمی ئاینی و خوداییدا نەماوە و شێوەی تری هەیە. مرۆڤ بەزۆر شتی ترەوە خەریکە کە هیچ پەیوەندیەکی بە ئاین و خوداپەرستیەوە نیە، وەک وەرزش، مۆسیقا و سەما و گەشت و...زۆر چالاکی تر.
لەو سەردان و گەشتە کورتەدا ئەوەی بینیم ئەوەبوو کە نە خودا ماوە و نە مرۆڤ. جاران دەیانووت خوداکان مرۆڤ لەناودەبەن و ئاخرزەمان بەڕێوەیە، بەڵام

لەڕاستیدا مرۆڤ خوداکانی لەناوبردووە. زەمانی خوداکان لە مێژە تەواوبووە. بەڵام ئەوەش خەریکە دەبێت بەڕاستی کە زەمانی مرۆڤیش تەواوبووە.
ئەم گرفتەی ئێمە بەدەستیەوە گیرمان خواردووە لە کۆتایی هاتندایە. هەم مرۆڤ بووە بە خودا و هەم خوداکانیش بوون بە مرۆڤ. پێموایە بوونەوەر و ڕەگەزێکی نوێ لە خوێنی خوداکان و لە مرۆڤی پێشوو درووستبووە و خەریکە مێژووی ڕابردوو، یان ئەوەی ڕوویداوە دەیسڕێتەوە. ئەو سەردەمەی من بینیم نە مێژووی مرۆڤ بوو، نە مێژووی خودا، پێموابێت پەیامێک نەماوە و پەیامبەر پێویست نیە.. چونکە ئایندە نە دەبێت بە مێژووی مرۆڤ و نە دەبێت بە مێژووی خودا.
ئەبراهام خۆی دەزانێت بەڵام دوای بینینی ئەو سەردەمە پێم وابێت دەبێت لەوە تێگەیشتبێت کە سەردەمی پەیامبەری بەسەرچوو بوو. من نازانم بۆچی ئەبراهام دەیەوێت بەردەوام بێت تا وەک یەکەم پەیامبەر و باوکی هەموو پەیامبەران بمێنێتەوە.
دواقسەم بۆ ئەو ئەوەیە داوای لێدەکەم زیاتر بیر لە پەیامەکەی بکاتەوە، پێم وایە لێی پەشیمان بێتەوە و ئەو بەرپرسیارێتیە نەخاتە ئەستۆی خۆی باشتربێت، چونکە بەلای منەوە مەترسیدارە و هیوادارم خۆیشی پەشیمان بووبێتەوە یان لانی کەم پەشیمانی دەربڕێت لە زۆر لایەن و بەشی پەیامەکەی. ئەوەتا لەناو یەکتاپارستەکاندا کەسانێک پەیدابوون باوەڕێکی دیاریکراویان هەیە و بەهیوای چوون بۆ بەهەشت خۆیان دەکوژن و لەگەڵ خۆکوشتنی خۆیاندا ژن و مندال و خەلکی ئاسایی دەکوژن و تاوانی گەورە دەکەن بۆ پاداشتی خودایی!
بەڵام ئەگەر ئەو شارستانیەتە کێشەی پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ و شەڕی خوداکان و مرۆڤەکانی نەماوە بەدەست زۆر گرفت و کێشەی ترەوە گیری خواردووە کە زۆر بەکەمی لەم گرفت و کێشانەی ئێمە دەچێت. ڕاستە مرۆڤ زیادیکردووە و وەک خاتوو شووکار ووتی شارەکانیان بووە بە شارە میروولە، بەڵام مرۆڤ بوونەوەرێکی گەورەیە و میروولە نیە، بۆ خۆراک وەرگرتن و بۆ ژیانکردن سەرچاوەو ئاو و خۆراک و کەرەسەی زۆری پێویستە و ئەوانەیش واتە ژیانکردن لەسەر حسابی ئەوانی تر، واتە داگیرکردنی زیاتری سروشت و بەکارهێنان و ڕەتاندنی خاک و قڕکردنی گیانلەبەران و خواردنی زیاتری ئاژەڵان

و لەناوبردنی رووەک و دارستانەکان و ...تاد، ئەمانەش هەموو پێکەوە واتە کاولکاری و قڕکردنی ئەوانی تر. بۆیە جۆرە جیاوازەکانی ئاژەڵ و باڵدار و گیانەوەرانی تر کەمبوونەوەتەوە، زۆر دارستان لەناوچووە، سەرچاوەکانی ئاو پیسبوون و ئاوی شیرین کەمبۆتەوە و ترشەڵۆکی دەریا و زەریاکان زیادی کردووە. بەڵام مرۆڤ بەردەوامە لە داگیرکاری، جگە لەسەر زەوی ژێر ئاو و ئاسمانیش پڕبووە لە مرۆڤ، بۆ هەرشوێنێک دەچیت مرۆڤی لێیە و هەموو سەر زەویان داگیرکردووە و پلانیان هەیە بڕۆن بۆ ئاسمانە دوورەکان و لەوێ وەک خودای ناو چیرۆکە ئاینیەکان نیشتەجێ بن و وەک ئەوان لە ئاسمان بژین.

پاش هەموو ئەوانەی بینیم و چاوم پێکەوت، ئەو تەمەنەی ماوومە بەشی ئەوە ناکات بیر لە دیمەنە جیاوازەکانی بکەمەوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەڵێم کە من وەکخۆم ئێستا باوەڕم گۆڕاوە، پێم وایە خودا بەو مانایانەی پێشوو نەماوە و تەواو بووە، بەشێک بووە لە هزر و تێگەیشتنی خۆمان.

ئەمە بەو مانایە نیە ئێمە رەشبین بین یان خراپ و نیگەتیف بیربکەینەوە، بەڵام بەو مانایەیە ژیان هیچکات بەپێی لێکدانەوە و وێناکردن و خەیاڵی ئێمە ناڕوات. بە دەیان ئاین بۆ یەکتاپەرستی هەوڵیان داوە بەڵام گەیشتوونەتەوە بە فرەخوداییەکی نوێ کە خودی یەکتاپەرستەکان دروستیان کردووە و لەزۆر شتدا لەوەی پێشوو دەچێت. تۆ شتێکت دەوێ و شتێکی تر بەدەست دەهێنیت کە لەهەندێک رووەوە لەوە دەچێت کە تۆ داوات کردووە و لەزۆر رووی ترەوە جیاوازە لەوەی خواستراوە. تۆ بۆ شتێک هەوڵدەدەیت و ئەوەی دەستت دەکەوێت زۆر کەم لەوەدەچێت کە تۆ دەتەوێ، بۆیە هەرگیز بە رەزامەندی ناگەین و ناچارین سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە. خودی مرۆڤایەتی لە هزر و بیری خۆیدا بۆ شتێک هەوڵیداوە، بەڵام بەرهەمێکی چنیوەتەوە جیاوازە لەوەی خوازیاری بووە. هەرچەند رەوڕەوەکە نەوەستاوە بەڵام هەرجارێک دوو هەنگاو چۆتەپێشەوە هەنگاوێکیش گەڕاوەتەوە بۆ دواوە. جاروباریش بازدان روویداوە و هیچ پێشبینیەک نەهاتۆتەدی.

من لەم روانگەیەوە وای دەبینم پێویستمان بەوەیە شارستانیەت چەمکی خودا و مرۆڤ تێپەڕێنێت و بەجۆرێکی تر رێکبخرێتەوە، ژیانی زیندوو ببێت بە بنەما و سەکۆی هاوبەشمان. نە مرۆڤپەرستی، نە خوداپەرستی، نە مردووپەرستی و

هەموو پەرستنەکانی تر دادمان نادات، بەڵکو ژیانخوازی و هەوڵ بۆ پاراستنی ژیانی هاوبەش و ژیانی هەمووان لەسەر ئەم شوێنەی کە پێی دەوترێت هەسارەی زەوی پێویستە پەیامی هاوبەشی هەموومان بێت..

ئەمەی ووتم بەپێی تێگەیشتنی ئەم چاخەی ئێمە رەنگە وەک پەیامێک دەربکەوێت، بەڵام بەلای منەوە گرنگە و رەنگە پابەندی و لێپرسراوێتی هەموان بێت یان پەیامی هەر کەسێک بێت روو بە ئەوانی تر. ئەگەر ئەمە پەیامەکە بێت ئایندەی دوورتر چی تر روودەدات نازانم. بریا بمانتوانیایە سەفەر و گەشتێکمان بۆ ٥٠٠٠ ساڵی داهاتوو بکردایە. ئەوکات دەمانزانی کە ژیان بەو جۆرەی کە ئێستا هەیە و درێژەی کێشاوە نەماوە یان نامێنێت.

من لەلای خۆمەوە بەجۆرێکی تر دەستپێبکەمەوە و بەرەو باشتر هەوڵدەدەم. پێموایە ئەو گەشتە لەروویەکی ترەوە بۆ من بەسوود بوو، منی بەو باوەڕە گەیاند کە هەر مرۆڤێکی پێگەیشتوو دەبێت هاوشێوەی ئەبراهام پەیامی خۆی هەبێت. وەکچۆن گرنگی بە ژیانی خۆی و خێزانی و دەوروبەری دەدات و پەیامی بۆی هەیە، بەهەمان شێوە بۆ ئەوانی تریش خۆی بە لێپرسراو بزانێت و خاوەنی پەیام بێت نەک بۆ خوداپەرستی بەڵکو بۆ ژیاندۆستی. بەم مانایەی من دەیڵێم هەر مرۆڤێکی پێگەیشتوو پێویستە لەلای خۆیەوە ببێت بە پەیامبەرێک. کاتێک زۆرینەمان بووین بە پەیامبەر ئەوکات پێکەوە دەگەین بە پەیامێکی گشتی مرۆیی شایستە و گونجاو بۆ رێکخستنی ژیانی گشتیمان.

*** *** ***

پاش ئەوەی دادگا گوێی لە ووتەی هەموو تیمی گەڕیدەکان گرت، دەستەکە کەوتنە دواندنی یەکتر و پاش کەمێک مشت ومڕ ئاراک روویکردە هەموان:

**ئاراک:**

- لەبەر جیاوازی تێگەیشتن و ڕاکان سەبارەت بە گەشتەکە، وە لەبەرئەوەی کە ئەبراهام لەووتەکانیدا سووربوونی خۆی لەسەر پەیامی پێشوو دووپاتکردەوە، بۆیە دادگا بەپێویستی دەزانێت دادگاییکردن درێژە پێ بدات تا گەیشتن بە بڕیاری کۆتایی.

پاشان ئاراک ڕوویکردەوە ئەبراهام:

**ئاراک:**

- تۆ وەک خۆت سووری لەسەرئەوەی ئەو کارانەی کردووتە بەشێک بووە لە پەیامێکی ئاینی یەکتاپەرستانە و لێی پەشیمان نیت؟

**ئەبراهام:**

- من ئەوەی کردوومە بەشێک بووە لە پەیامی یەکتاپەرستی و لێی پەشیمان نیم.

**ئاراک ڕوویکردە دەستەی سکاڵاکاران:**

- ئێوەش هێشتا لەسەر سکالای پێشووتان بەردەوامن؟

**لۆگال:**

- ئەگەر ئەبراهام پەشیمان نەبووبێتەوە و ئەو دووکارە بە تاوان نەزانێت بەڵێ لەسەر سکاڵاکەمان بەردەوامین. ئەگەر پەشیمانی دەربڕێت ئەوکات سکاڵاکە دەکێشینەوە.

**ئاراک ڕوویکردە ئەبراهام:**

- تۆ پەشیمانی لەو کارە دەردەبڕی کە کردووتە؟

**ئەبراهام:**

- من پێم وایە ئەوەی کردوومە گەیاندنی پەیامێک بووە و تاوانێک نیە. بۆیە پەشیمان نیم لە گەیاندنی پەیامی خۆم و بەردەوامم.

پاش گوێگرتن لە دواووتەی ئەبراهام، دەستەی دادوەری کەوتنە دواندنی یەکتر، دەستەی دادوەری پێی وابوو ئەوە کۆتایی لێکۆڵینەوە و تاووتوێکردنی بەڵگەکان و دادبینیەکانە، بۆیە قۆناغی کۆتایی دادگاییکردنی ڕاگەیاند.

**ئاراک ڕوویکردە دەستەی سکاڵاکاران:**

**ئاراک:**

- ئێوە دوای بەڕێوەچوونی دادگاییکردن و ڕوونبوونەوەی مەسەلەکان سوورن لەسەر سکاڵاکەتان؟ وە ئەگەر وایە جگە لە دەقی سکاڵانامەی سەرەتا قسەیەکی زیاترتان هەیە پێشکەشی دادگای بکەن؟

**لۆگاڵ:**

ئێمە داوای مۆڵەتێکی دوو ڕۆژە دەکەین بۆ ئامادەکردنی دواووتەی خۆمان لەسەر دۆسیەکە.

**پاشان ئاراک ڕوویکردە دەستەی بەرگری:**

- ئێوەش داوای مۆڵەت دەکەن وایە؟

**کەسێک لە دەستەی بەرگری هەستایە سەرپێ:**

- بەڵێ بەڕێزان وایە، وویستمان ئەوەش بڵێین کە بەمەبەستی چاکبوونەوەی نارام و ئامادەبوونی هەردەبوو دادگاییکردنەکە دوابخرێت بۆ کاتێکی تر.

**ئاراک:**

- زۆرباشە تا هەفتەیەکی تر هەموو تیانوسەکانی خۆتان ئامادەبکەن و پێشکەش بە دادگای بکەن و بە ئاگاداری هەموو خەڵک دەگەیەنرێت.

هەروەها دادگا ڕوویکردە **ئەنجومەنی ڕاوێژکاری** دەستەی دادوەری و ڕایسپاردن لە ماوەی دواخستنی دادگاییکردنەکاندا ئەوانیش مشتومڕ و دواندنی یەکتر تەواوبکەن و بڕیاری پێشنیاری خۆیان لەسەر بابەتەکە بخەنەڕوو، وە ڕاسپێردران بە ووردبینیکردن و تاووتوێی بەڵگەکان و پاشان دیاریکردنی بژاردەکان و بڕیارەکان تاکو ببێت بە هاوکاری دادگا بۆ بڕیاردانی کۆتایی لەم کێشەیەدا.

دوای هەفتەیەک دادگا بەهەمان دەستوری پێشوو پێکهاتەوە.

**ئاراک** ڕوویکردە دەستەی سکاڵاکاران:

- ئەم دادگایە لەبەر مۆڵەتپێدانی ئێوە و ئەوانی تر هەفتەیەک دواکەوتبوو، فەرموون ووتەکانتان پێشکەشبکەن.

لۆگاڵ و سەرجەم ئەندامانی دەستەی سکاڵا هەستانە سەرپێ، لۆگاڵ دەستیکرد بە پێشکەشکردنی ووتەکانی:

**لۆگال:**

- بەڕێزان:

ئێمە سوورین لەسەر سکاڵای پێشوومان و بۆ دادگا دەرکەوت ووتەکانمان پاڵپشتی یاسایی هەیە و هەموو بەڵگەکان بۆ تاوانبارکردنی ئەبراهام بۆ هەردوو ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی بەردەستە و خراوەتەڕوو، لەهەمووی گرنگتر ددانپیانانی خۆیەتی لەم داوایەدا، پاشان پەشیمان نەبوونەوە لەو کارانەی ئەنجامیداوە و سووربوونی لەسەر ڕاست و ڕەوابوونی. ئەمانەش پاڵپشت بە ماددەی ٩ وە ماددەی ١١ لە کۆدە شارستانی و سزاییەکان پێویستە سزابدرێت، ئەو کردەوانەی کردوویەتی هیچ ڕەوایەتیەکی نیە و ئەگەر سزای بۆ دیاری نەکرێت گەیاندنی پەیامی ئاینی دەبێت بە بەهانە بۆ تەشەنەکردنی تاوان..

هەروەها ئەم سزادانە دەبێت بە ڕێگر لەبەردەم تەشەنەکردنی کاریگەرییە خراپەکانی بانگەشەکەی لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی و لەو گەشتەدا کە بۆ ٤٥٠٠ ساڵی داهاتوو ڕێکخرا دەرکەوت ئەوەی ئەبراهام بەناوی پەیامی یەکتاپەرستی دەیەوێت بڵاوییکاتەوە و بیکات بە پەیامی ژیانکردن کاریگەری زۆر خراپ و زیانبەخش لەسەر مرۆڤ و ژینگە و کۆی ژیانی گشتی بەجێدەهێڵێت.

پاشان **نارام** وەک دەستەی بەرگری ووتەکانی خۆی پێشکەشکرد:

**نارام:**

- دادگای بەڕێز:

لە میانەی دادگاییکردنەکەدا بە دووروودرێژی ئەوە روونکرایەوە ئەبراهام تۆمەتبارکراوە بەئەنجامدانی دوو تاوان لەکاتێکدا هەردووکیان بە تاوان ئەژمارناکرێت. ئەو ددانی نەناوە بە تاواندا، هەرچەند بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە هەستاوە بەو کردەوانە و ئەنجامیداون و لێی پەشیمان نیە، بەڵام لەڕوانگەی ئەوەوە و بەپێی باوەڕ و ئایدیای ئەو هەردوو کردەوەکە بە تاوان ئەژمارناکرێن. بۆ دادگای بەڕێز روون و ئاشکرایە کردارێک بە تاوان ئەژماردەکرێت کاتێک پایەیەکی مەعنەوی و هزری هەبێت، کەسەکە بە ئەنقەست بیەوێت زیان بگەیەنێت و تاوان ئەنجامبدات. گەر کەسێک بریار و ئیرادەی بەدەستی خۆی نەبێت هەرچەند

کردەوەکەی تاوان بێت وەک تاوانبار ئیدانەناکرێت. تۆمەتبار خودا فەرمانی پێکردووە ئەو کارە بکات و ئەوەی کردوویەتی لە بنەڕەتدا بڕیاری خۆی نەبووە، بەڵکو جێبەجێکردنی فەرمان و بڕیارێکی خودایانە بووە و مەبەست لێی گەیاندنی پەیامێکی ئاینی بووە. بۆیە کاتێک کردەوەکەی بە تاوان ئەژماردەکرێت کە ئەو لە فەرمان و بڕیاری خودای تاقانە لای دابێت، بەلام ئەو ڕاستەوخۆ جێبەجێکاری بووە. بۆیە کردارەکەی هەرچەند لە ڕواڵەتدا وەک تاوان ببینرێت بەڵام لە ناوەڕۆکدا و لەسەر پایەی مەعنەوی تاوانێک ڕوونەداوە و لە هەموو لێدوانەکان و ووتەکانیدا ئەمە بۆ دادگا خراوەتەڕوو کە ئەو فەرمانی خودای جێبەجێکردووە. هەروەها سەربڕینی ئاژەڵ کاتێک بکرێت بە قوربانی بۆ خودا، نابێت بە تاوان، کاتێک تاوانە کەسەکە بۆ گۆشتەکەی سەری ببڕێت و مەبەستی قڕکردن و لەناوبردن بێت، بەڵام کردەوەکەی ئەبراهام بۆ ڕازیکردنی خودا و دابەشکردنی گۆشتەکەی بووە بەسەر خەڵکی هەژاردا و مەبەست لێی دەوڵەمەندبوون و لەناوبردنی سامانی ئاژەڵەماڵیەکان نیە. دواجار پێگەی مرۆڤ لەلای خودای پەروەردگار زۆر لە پێگەی ئاژەڵ بەرزترە ئیتر بۆچی مرۆڤ خۆی بکات بە قوربانی خوداکان لەکاتێکدا دەتوانێت ئاژەڵێک بکات بە قوربانی.

بۆیە لەسەر ئەو دوو بنەمایەی سەرەوە و پاڵپشت بە دادپەروەری خودایی داوا لە دادگای بەڕێز دەکەین ئەو دوو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە ڕەتبکاتەوە و ئەبراهام ئازاد بکرێت.

**دادگا** دوای خوێندنەوەی هەموو تیانوسەکان بۆ دواجار ڕوویکردە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دەستەی دادوەری:

**ئاراک:**

- ئێوە بە چ بڕیارێکی پێشنیارکراو گەیشتوون؟

خاتوو شووکار هەستایە سەرپێ:

**خاتوو شووکار:**

- ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لەسەر پەڕاوەکە چەند کۆبوونەوەیەکی کرد و سەدان کەس تیایدا بەشداربوون. لە کۆبوونەوەی کۆتاییدا بە ئامادەبوونی نزیک بە ٧٠٠

کەس دەنگدان بۆ دەرکردنی بڕیاری شیاو بەڕێوەچوو. لەکۆی ٧٠٠ کەس ٦٠٠ کەس دەنگیداوە بە تاوانبارکردنی ئەبراهام بۆ هەردوو تۆمەتەکە. ٦٥ کەس دەنگی پووووچەڵ هەبوو، وە ٣٥ دەنگ لەگەڵ ڕەتکردنەوەی هەردوو تۆمەتەکە و ئازادکردنی ئەبراهامدا بوو.. تۆمارەکە پێشکەش بە دادگا دەکەین. زۆرینەی دەنگەکان لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەبراهام تاوانباربکرێت وبەڵگەی پێویست لەبەردەستدایە بۆ تاوانبارکردنی. بۆیە داواکارین دادگا بەپێی یاسا بەرکارەکان سزاکانی خۆی بەسەر تۆمەتباردا بسەپێنێت. بەڵام پاڵپشت بە کۆبوونەوە و ڕا جیاوازەکان پێشنیارمان وایە دادگا بڕیاری سزایی جۆراوجۆر دیارییکات و تۆمەتبار سەرپشک بکات بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لە سزاکان. ئەمەش بۆ ئەوەی هاوسەنگیەک دروستبکرێت لە نێوان سزادان و قبووڵکردندا، سزادان بەجۆرێک بێت مرۆڤەکان ئارەزوومەندانە هەڵی بژێرن و بواربکاتەوە کەسەکان بەخێراترین شێوە لە مرۆڤێکی تاوانکارەوە بکاتەوە بە مرۆڤێکی بەسوود.

***　　***　　***

پاش ئەوەی دادگا کۆتایی هێنا بە پرۆسەی دادگاییکردن ماوەی سێ ڕۆژی دیاریکرد بۆ خوێندنەوەی بڕیار. دوای سێ ڕۆژ دادگا دواکۆبوونەوەی خۆی گرێدا و بڕیارەکانی بە ئامادەیی و ئاشکرا خوێندەوە:

**ئاراک:**

- لەسەر سکاڵای دەستەی سکاڵاکاران، وە پاشئەوەی ئەم دادگایە هەستا بە دادگاییکردنی ئەبراهام و تاووتوێکردنی بەڵگەکان و گوێبیستی شاهیدەکان بوو، وە ووتەی تۆمەتبار و دەستە و لایەنەکانی وەرگرت و کەسانی سێیەمی بۆ ڕوونکردنەوە هێنایە ناو دادگاوە، وە پاش ئەوەی دوو تۆمەت ئاراستەکراو و بۆ هەردووکیان هەموو ڕێکارە یاساییەکان تەواوکراون، ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئیدانەکردنی تۆمەتبار ئەبراهام و سزادانی بەگوێرەی یاسا و کۆدە بەرکارەکان. لەبەرئەوەی خۆی ددانی ناوە بەهەردوو تاوانەکەدا و بەپێی ووتەکانی خۆی ئەو دوو کارەی بە ئەنقەست ئەنجامداوە و پێشتر بیری لێکردۆتەوە و پلانی بۆ داناوە. ئەگەرچی دەڵێت مەبەستەکەی جێبەجێکردنی فەرمانی خودا و گەیاندنی پەیامێکی

یەکتاپەرستانەی ئاینی بووە، بەڵام ناکرێت هەر کەس تاوان بکات و بڵێت کاری خۆم نەبووە و خودا پێی کردووم و فەرمانی پێداوم، وە بە گریمانەی ئەوەی خودایەک داواکاریەکی لەو جۆرە لە مرۆڤێک بکات، مادام ئەو مرۆڤە خۆی خاوەنی بڕیار و ئیرادە و هۆش و ژیریە دەتوانێت داوای ئەو خودایە بۆ تاوانکردن و زیانگەیاندن بە کەسانی تر یان بە بەرژەوەندی گشتی ڕەتبکاتەوە و بە گوێی نەکات، وە بژاردەی ئەوەی هەیە واز لەو خودایە بهێنێت و خودایەکی تر بپەرستێ کە داواکاری لەو جۆرەی نەبێت. وە لەبەرئەوەی ئەم شارستانیەتەی ئێمە لەسەر بنەمای هاوژیانی و پێکەوەیی دامەزراوە و ناکرێت خوداکان ئەم پەیوەندیە تێکبدەن و ژیانی ئاینی ببێت بەهۆی تێکدانی ژیانی شارستانی، وە لەبەربوونی ددانپیانانی تۆمەتبار بە هەردوو ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵی، وە هەروەها پاڵپشت بە ووتەی شاهیدەکانی ناو داواکە، وە دوای لێکۆڵینەوە لە پاڵنەرە ماددی و مەعنەویەکانی هەردوو تاوانی ئەنجامدراو، بۆ ئەم دادگا گشتی و جەماوەریە دەرکەوت تۆمەتبار هەستاوە بە پەلاماردان و تێکدانی پەرستگای گشتی شار و شکاندنی سومبول و پەیکەرەکانی، بەپێی ماددەی ژمارە ٩ لە کۆدە شارستانیەکان ئەو کارە بە تاوان ئەژماردەکرێت هۆکارە بۆ تێکدانی پەیوەندیە مرۆییەکان و ژیانی شارستانی شاری ئور و شیاوی ئەوەیە پاڵپشت بە ماددەی ١٥ ی هەمان یاسا سزابدرێت . هەروەها دەرکەوت تۆمەتبار بە ئەنقەست هەستاوە بە سەربڕینی ئاژەڵێکی ماڵی بەرهەمدار کە بەپێی یاسا دەبێت هەموو هاوشاریەکان ئەو جۆرە سامانە بپارێزن (ماددەی ١١ لە کۆدە شارستانیەکان و سزاکانی لە ماددەی ٢٢ و ٢٥ دا. بۆیە لەبەربوونی هەموو ئەو بەڵگانە بۆ تاوانبارکردنی ئەبراهام لە هەردوو ئەو تۆمەتەدا کە خراوەتە پاڵی ئەم دادگایە بڕیاریدا بە:

**- سەبارەت بە تۆمەتی یەکەم:**

ئیدانەکردنی ئەبراهام و دیاریکردنی دوو سزا بۆ تاوانبارکراو بەمجۆرەی خوارەوە و سەرپشککردنی لە هەڵبژاردنی یەکێکیاندا:

**یەکەم:** ١٠ ساڵ سزای خزمەتکردنی کۆگای گشتی شار.

**دووەم:** بەجێهێشتنی هەتا هەتایی ئەم شارە و هەموو قەڵەمڕەوەکانی دەوروبەری و رووکردنە ناوچەی تر بۆ ژیانکردن.

***سەبارەت بە تۆمەتی دووەم:**

- ئیدانەکردنی ئەبراهام بە سزای پێبژاردن و ناچارکردنی بە پێدانی ٧ سەر مەڕ و پێشکەشکردنی بە دەسەڵاتی شار تاکو بۆ خزمەتی خێزانە کەمدەرامەتەکان تەرخانبکرێت.

ئەم دوو بڕیارە شیاوی پێداچوونەوە و تانەلێدانە. تاوانبارکراو، هەروەها دەستەی بەرگری و دەستەی تاوانبارکردن ماوەی ٣ رۆژیان لەبەردەستدایە بۆ دەربڕینی ڕاووبۆچوونیان بۆ تانەلێدان لە بڕیارەکە. گەر هەر لایەک بڕیاریدا تانە لە بڕیارەکان بدات ئەم دادگایە ئاگاداربکاتەوە بۆ روونکردنەوەی چۆنێتی و شێوازی تانەلێدان و گرتنبەری ڕێکارەکانی.

***　　***　　***

دوای دەرچوونی بڕیار و تەواوبوونی مۆڵەتی سێ رۆژەی تانەلێدان، دیسانەوە دادگا پێکهات و گوێبیستی لایەنەکان بوو.

**ئاراک** روویکردە لایەنەکانی داواکە، دەستەی سکاڵاکاران و دەستەی بەرگری و تۆمەتباری داواکە، بۆ تۆمارکردنی دوا ووتەکانیان سەبارەت بە پێشکەشکردن و وەرگرتنی تۆماری تانەلێدان لە هەردوو بڕیاری دادگا. ووتەبێژی دەستەی سکاڵاکاران هەستایە سەرپێ:

**لۆگال:**

- هەرچەند هەردوو بڕیارەکە سزای سووکی بۆ تۆمەتبار دیاریکردووە، بەڵام لەبەرئەوەی پابەندی یاسا کارپێکراوەکانە تانەی لێنادەین و قبووڵی دەکەین.

پاشان نۆرە هاتە سەر دەستەی بەرگری و تۆمەتباری دۆسیەکە.

نارام وەک ووتەبێژی نوێی دەستەی بەرگری وەڵامیدایەوە:

**نارام:**

- سەرەڕای تێبینیەکانمان لەسەر دادگا و پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەڵام دوای ووتووێژ لەگەڵ ئەبراهام و مشت ومڕ و دواندنی یەکتر ڕێککەوتین تانە لە بڕیارەکان نەدەین. پێبژاردنەکە قبووڵ دەکەین و ئامادەی دەکەین. سەبارەت بە بڕیاری یەکەم تاوانبارکراو ئەبراهام سزای دووەم هەڵدەبژێرێت.

**ئاراک ڕوویکردە ئەبراهام:**

- ئەبراهام ڕازی بوونت بە هەردوو بڕیارەکەی دادگا کارێکی باشە، هۆکاری ئەوەی سزای سووک بەسەرتدا سەپێنرا بۆ ئەوەبوو هانت بدەین سزای یەکەم هەڵبژێریت و خزمەتی ئەم شارستانیەتە بکەیت و ڕێگای چاکسازیکردن و گۆڕانکاری و بانگەواز بۆ چاکەکردن و خێری گشتی تیایدا هەڵبژێریت. بەڵام بە داخەوە تۆ ڕێگای دووەمت هەڵبژارد. وەک دواووتە دەکرێت هۆکاری قبووڵکردنی سزای دووەمی بڕیاری یەکەم و ڕەتکردنەوەی سزای یەکەم ڕوونبکەیتەوە؟

**ئەبراهام:**

- قبووڵکردنی سزای دووەم ئاکامی ووتوێژ بوو لەگەڵ دەستەی بەرگری و مشت ومڕ و ڕاوێژ بوو لەگەڵ خوداکەی خۆم، من لەماوەی دواخستنی ئەم دادگاییکردنەدا پەیوەندیم بە خوداکەم ئلۆهیمەوە کرد و ئەو دڵنیایی زیاتری پێبەخشیم. بەو باوەڕە گەیشتووم زۆر دژوارە ئەم شارستانیەتە وێرانبووەی ئێوەم پێ ئاوەدان بکرێتەوە. خودای تاقانەم فەرمانی بە پەیامبەرەکەی خۆی کردووە لێرە بڕوات، بەڵێنی پێداوم زەوی و خاک و گەل و مەملەکەتێکی نوێ و ناوازە و شارستانیەتێکی تری نموونەییم بۆ دروستبکات کە تەنها یەک خودای تاک و تاقانە تیایدا بپەرسترێت و فرەخودایی تیادا نەبێت. من شوێن ئەو بەڵێنە دەکەوم و دڵنیام خوداکەم نائومێدمان ناکات. بۆیە لەگەڵ پەیڕەوکاران و هاوەڵانی یەکتاپەرستدا بەکۆمەڵ ئەم شارستانیەتەی ئێوە بەجێدەهێڵین و دەکەوینە ڕێ بەرەو ئەو زەویە چاوەڕوانکراوەی بەڵێنمان پێدراوە.

***  ***  ***